حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو.

# تەریقەتەکانی سۆفیگەری لە ئێران لە سەدەکانی(٨-٩ک/١٤-١٥ز)

# تەریقەتی سەفەوی بە نموونە

توێژینەوەیەکە

**سەرکۆ ناجی جبار**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست

بەسەرپەرشتی:

**پرۆفیسۆر د.کەیوان ئازاد ئەنوەر**

١٤٤٤ھ ٢٠٢٣ز ٢٧٢٢ک

رەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار(سەرکۆ ناجی جبار) بە ناونیشانی(تەریقەتەکانی سۆفیگەری لە ئێران لە سەدەکانی(٨ و٩ک/ ١٤و١٥ز) تەریقەتی سەفەوی بە نموونە) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ڕێکەوت: ١٧/ ١١/ ٢٠٢٣

**بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

واژۆ:
ناو: پ.د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن
سەرۆکی بەشی (مێژوو).
ڕێکەوت: ١٧ / ١١ / ٢٠٢٣

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (سەرکۆ ناجی جبار) بە ناونیشانی(تەریقەتەکانی سۆفیگەری لە ئێران لە سەدەکانی( ٨و٩ک/ ١٤و ١٥ ز)تەریقەتی سەفەوی بە نموونە)مان خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی(                ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. عطا عبدالرحمن محی الدین
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٦ / ٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. قادر محمد حسن
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام
ڕێکەوت: ١٨ / ١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. جومعە سمین قادر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام
ڕێکەوت: ١٨ / ١ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١٨ / ١ / ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی-پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. پاڤی جمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت
١٦ / ٢ / ٢٠٢٣

# ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە:

- بەو کەسانەی لە هەستی کورد بوون تێدەگەن.
- بەوکەسانەی دەبنە جێگەی ئومێد لەوپەڕی نا ئومێدیدا.
- بەو کەسانەی بەڕێگەیەکی ڕاست بە مەبەستێکی دروست دەگەن.
- بە سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەمان.
- بەسەرجەم مامۆستایانمان لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنماندا.

# سوپاس وپێزانین:

❖ سوپاسی بەڕێز (پ.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر) دەکەین کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتەئەستۆ و بەسەرنج و تێبینیەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندکردم.

❖ سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو(پ.د.پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولرەحمان) و بەڕێز (پ.ی.د.هاوار کمال میرزا عبدالله) بۆ هاوکاری و ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆمان.

❖ سوپاس بۆ مامۆستایانی بەرێزمان لە بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی.

❖ سوپاس بۆ هەموو هاوڕێیانی خۆشەویستمان لەم قۆناغەی خوێندنی ماستەر ئەوانیش مامۆستایان (نیهاد جەلال، ڕێکەوت عەزیز، ئامانج نیعمەت، ئاکۆ حەیدەر، بەرهەم موحەمەد، بیلال حەمە سالح، شیرین سابر، ئاشتی جەمال و هێشو سەلاح) .

# لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| **هێما کوردییەکان:** | |
| وەرگێڕان | و |
| لاپەڕە | ل |
| چاپ | چ |
| **هێما عەرەبییەکان:** | |
| الطبعة | ط |
| الجزء + مجلد | ج |
| بدون سنة | ب.س |
| الصفحة | ص |
| **هێما ئینگلیزییەکان:** | |
| لاپەڕە- Page | P. |

# ناوەڕۆك:


| لاپەڕە | ناونیشانەکان |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی:** |
| ١٠ | **دەروازە:** چەمک و ڕیشەی تەریقەتی سۆفیگەریی لە ئیسلامدا و قۆناغەکانی گەشەسەندنی |
| ٢٠ | **بەشی یەکەم: ڕەوشی سۆفیگەریی و پەیوەندییەکانی بە شیعەگەرییەوە لە سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) .** |
| ٢١ | باسی یەکەم: ڕەوشی سۆفییگەری و تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە ئێران لەسەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز)دا. |
| ٤١ | باسی دووەم: پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی و شیعەگەریی لە ئێراندا لە سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) |
| ٥٦ | **بەشی دووەم: تەریقەتی سەفەوی لە دامەزراندنیەوە هەتا سەردەمی (شیخ جونەید) لەنێوان سالآنی (٧٠٠_٨٥١ک/١٣٠١_١٤٤٧ز)** |
| ٥٧ | باسی یەکەم: دامەزراندنی تەریقەتی سەفەوی لەلایەن (شێخ سەفییەدین ئەردەبیلی/٦٥٠_٧٣٥ ک/١٢٥٢_ ١٣٣٥ز). |
| ٧٧ | باسی دووەم: ڕەوشی تەریقەتی سەفەوی پاش کۆچی دوایی (شێخ سەفییەدین)هەتا سەردەمی (شێخ جونەید) لەنێوان سالآنی (٧٣٥_٨٥١ک ک/١٣٣٥_١٢٤٨ز) |
| ٩٤ | **بەشی سێیەم: سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی سەفەوی لە سەردەمی (شێخ جونەید ) تاکو دامەزراندنی دەوڵەت لە سەردەستی شا (ئیسماعیل)لە نێوان سالآنی (٨٥١_٩٠٧ک/١٤٤٧_١٥٠١ز).** |
| ٩٥ | باسی یەکەم: تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی (شێخ جونەید٨٥١– ٨٦٤ک/١٤٤٧–١٤٦٠) |
| ١١١ | باسی دووەم: تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی شێخ حەیدەر و پێشکەوتنی بزووتنەوەی سیاسی سەفەوی (٨٦٤ _٨٩٣ ک/١٤٦٠_١٤٨٨ز). |
| ١٢٦ | باسی سێیەم: (ئیسماعیل)وگەیاندنی بنەماڵەی سەفەوی بە دەسەڵات (٨٩٢_–٩٠٧ک/١٤٨٧_١٥٠١ز). |
| ١٤١ | **ئەنجام** |
| ١٤٥ | **لیستی سەرچاوەکان:** |
| أ-ب | **ملخص:** |
| II-I | **Abstract** |

# پێشەكی

## گرنگی توێژینەوەكە:

سۆفیگەریی یەكێكە لە لایەنە پێكهێنەرە گرنگەكانی مێژووی ئیسلام، بەوەی لە سەردەمانێكی زووەوە لەنێو موسڵمانان‌دا سەریهەڵداوە، بە سەرهەڵدانیشی بووەتە هۆكاری گۆڕانكاری لە مێژووی موسڵمانان‌دا، و ئەوگۆڕانكاریانەش بەسەر ئەوكۆمەڵگەیەدا هاتووە كاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی سۆفیگەریی بەجێهێشت، بەجۆرێك كاتێك بواری بۆ ڕەخسا لەسەرانسەری كۆمەڵگەی موسڵمانان‌دا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، هەرچەندە سۆفیگەریی بەتەنها پەیوەست نەبووە بە كۆمەڵگەی موسڵمانانەوە، بەڵكو بونێكی مێژوویی بووە و لەناو كۆمەڵگەكانی دیكەدا بەرچاوكەوتووە، بەواتایەكی دیكە لە بیروباوەڕەكانی كۆنتر لە ئاینی ئیسلامی وەك ئاینە ئاسمانییەكانی (جولەكە،مەسیحی(زەردەشتی، مانی، مەزدەكی، بودایی و هیندۆسی) بواری تایبەتی بۆ كراوەتەوە و ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، لەناو كۆمەڵگەی موسڵمانانیشدا كۆمەڵێك لە موسڵمانان ئەو ڕێگەیان گرتووەتەبەر بۆ گەیشتنیان بە مەبەستە ئاینیەكانیان، پاشان بەشێوەیەكی فراوان لە ناوچەجیاجیاكاندا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە.

ئێرانیش وەك یەكێك لەو ناوچانە هەر لە سەرەتای گەیشتنی ئاینی ئیسلام، سۆفیگەریی بەشێوەیەكی فراوان بۆتە ڕێچكەی ئایینداری دانیشتوانەكەی، پێدەچێت ئەمەش لەبەرئەوە بووبێت كە خەڵكی ناوچەكانی ئێران لەسەردەمێكی كۆنەوە لەگەڵ سۆفیگەریی شارەزاییان پەیدا كردبێت، ئەم شارەزاییەش بۆ پێش ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، هەر ئەمەش وایكردووە كە ئێران ببێتە ناوەندێكی گرنگی سۆفیگەریی ئیسلامی.

سەرەڕای بەربەست و ئاستەنگەكانی بەردەمی، بەڵام ئەم ڕەوتە درێژەی بە ڕێگای خۆیداوە، هەندێكجاریش كاریگەری لەسەر پێكهاتەكانی دیكەی كۆمەڵگە دروستكردووە، ئەمەو لە مێژووی خۆیدا چەندین بابەت و هۆكار كاریگەریان لەسەری بەجێهێشتووە، ئەم كاریگەرییانەش بە ئاشكرا یان شاراوە بووە و هەندێكجار كارلێكی لەگەڵ ڕەوتە جیاوازەكانی دیكەدا هەبووە بەناچاری سۆفیگەری لەگەڵ گروپەكانی دیكەدا لە بواری كۆمەڵایەتی فیكریدا كەوتووەتە ململانێوە، لەڕاستیشدا لەم كارلێكەی سۆفیگەریی زەمینەیەك بۆ چەقبەستوویی یان گەشەسەندن فەراهەمكراوە، زەمینەی وەك تێڕوانینی خاوەن دەسەڵاتەكان بۆ سۆفیگەریی، میواندۆستی سۆفییەكان وتێروانینی خەڵكی بۆیان، هەمووشیان فاكتەری گرنگ بوون بۆ گەشەسەندن یان پاشەكشەی جەماوەری سۆفییەكان لە قۆناغە جیاجیاكاندا، دەكرێت بوترێت لەناو ئەو ڕووبەڕووبونەووانەدا پەیڕەوكارانی شەریعەت كاریگەرترین ئەودەستانە بوون، كە لە بەرامبەر

گەشەی سۆفییەکاندا لە ئاستی فکری و پراکتیکیداوەستاونەتەوە. لەلایەکی دیکەوە سۆفییەکان بەهۆی ئەوکاریگەرییەی کە لەناوخەلکیدا هەیانبووە، بێبەری نەبوون لە دژایەتیکردنیان لەلایەن دەسڵاتدارانەوە، هەندێک جار بەئاشکرا ڕوبەڕویان وەستاونەتەوە و سنوریان بۆ چالاکییە سۆفیگەرییەکان داناوە، ، هەندێک جاریش دەسەڵاتدارەکان خۆیان بە کەسانی نزیک لەسۆفییەکان نیشان داوە.

هەڵبژاردنی ئێران وەک ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەبەر گرنگی ناوچەکەیە بۆ سۆفیگەری لەسەردەمی پێش ئیسلام، دواتریش لەسەردەمی ئیسلامدا، کە خاوەنی ڕوبەرێکی فراوانبووە، لە هەڵکەوتەیەکی گرنگی جوگرافیدا کە خاڵی گرێدانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بووە بە کیشوەری ئەوروپاوە، بەشێوەیەکی گشتی سنوری ئێران دیاریکراوە بەوەی لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ کەنداوی عەرەبی(فارسی) و زەریای هیندی، و روباری جیحون و سند لە خۆرهەڵات و باکوڕی خۆرهەڵاتەوە سنور دیاری دەکەن، دەریای خەزەر وچیاکانی ئەلبورز دەبنە کۆتا سنوری لە باکورەوە، و ڕوباری فوراتیش وەک سنوری خۆرئاوای ئێران دیاریکراوە،و بەدرێژایی مێژووش ئەم سنورانەی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە،هەندێکجار چەند ناوچەیەکی گرنگی دەوروبەری بەشێکبوون لە ئێران، بەڵام لە پاش گەیشتنی ئاینی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی ئێران ئاماژە بووە بۆ ناوچەکانی (ئەرمینیا، ئازەربایجان، ئاران، بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان ، فارس، خۆراسان، قومس، دەیلەم، تەبەرستان، خوزستان، کرمان، سیستان، بلوجستان )

ئەم هەموو هەرێمە لە ئێران خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ فرەجۆی و هەبونی چەندین نەتەوە و رەگەز و بیرو باوەڕی جیاجیا لەو ڕوبەرە فراوانەدا، لەبەر ئەوە ئەو پانتاییە فراوانەش بووەتە ناوەندێکی گرنگ بۆ سۆفیگەری و تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، توێژینەوەکەی ئێمە مەبەست لێی باسکردنی سۆفیگەرییە لە سەرجەم ناوچەکانی ئێراندا، وباسکردنی ئەو تەریقەتە سۆفیگەرییانەی کە لە سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) لە سەرانسەری ئێراندا شوێنکەوتەیان هەبوو، نەک بە تەنها ئەو تەریقەتە سۆفیگەریانەی کە لەوێ سەریانهەڵداوە .

بەو پێشینە مێژووییەی سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) بۆ تەریقەتە سۆفیگەرییەکان سەردەمێکی گرنگ بووە بەتایبەت لە ئێراندا، چونکە سۆفیگەریی گەیشتۆتە سەردەمی زێڕینی خۆی و ڕۆڵێکی فراوانی لە کۆمەڵگەی ئێراندا گێڕاوە، بەئاستێک بەدرێژایی ئەو دووسەدەیە ناوچەکانی ئێران بوونەتە ناوەندێکی گرنگ بۆ تەریقەتە سۆفیگەرییەکان و گەشەکردنیان، دەتوانرێت ئەو دوو سەدەییە بەماوەییەکی پڕچالاکی دابنرێت بۆیان، هاوکات بوار بۆ شیعەکانیش کراوەتەوە بۆ ئەوەی چالاکی خۆیان ئەنجام بدەن، چونکە هەمان هۆکارەکانی گەشەسەندنی سۆفیگەریی لەوکاتەدا، یارمەیدەربوون بۆ چالاکبونەوەی شیعەکان، ئەم

ڕەووشەش نزیکبوونەوەی نێوان شیعەگەری و سۆفیگەریی هێناییە ئاراوە، ئەم نزیکبوونەوەیەش چەندین بزووتنەوەی دژ بە دەسەڵاتی لەناو خانەقاکاندا دروستکردووە .

هەرچەندە ئەوبزووتنەوانە هەندێکیان بە خێرایی لەناوچوون، بەڵام بزووتنەوەیەی تەریقەتی سەفەوی دروستیکرد، خۆڕاگرانە بەردەوام بوو هەتا بەئامانجەکانی گەیشت، چونکە توانی سود لە ڕەوشی گونجاوی سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) وەربگرێت، هەتا گەیشتنی بەدەسەڵات، دەتوانرێت بگوترێت ئەو تاج و تەختەی شا (ئیسماعیل)لە ساڵی (٩٠٧ک/١٥٠١ز) هێناییە ئاراوە، بەرهەمی هەوڵی شێخەکانی سەفەویی و شوێنکەوانیان بوو ، کە سەرەتاکانی سەدەی (٨ک/١٤) وە لەسەر دەستی (شێخ سەفییەدین)ەوە دەستپێکردبوو، لەڕێگەی بەرەنگار بونەوەی ستەمەوە ، بەپشت بەستن بە بیرو باوەڕەکانی شیعە، وئەو موریدانەی بەشێوەیەکی دڵسۆزانە شوێن فرمانەکانی شێخەکانیان کەوتن، کە وەک پەرستراوێک دەیانڕوانییە شێخەکان تەریقەتی سەفەوی، ئەم شێخانەش ئەوانیان دەخستە خزمەتی ئارەزووە سیاسیەکانیانەوە، تا دواجار سەفەوییەکان گەشتونەتە دەسەڵات.

هەرچەندە مێژووی بنەماڵەی سەفەوی پێش (شێخ سەفییەدین) یش کاریگەر هەبووە، دەکرێت وەک یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی تەریقەتی سەفەوی سەیر بکرێت، کە بەڕەچەڵەک کورد و سەربە ئاینزا شافعی سوننی بوون، بەڵام کاتێک (شێخ سەفییەدین) تەریقەتی سەفەوی دامەزراند، بنەماڵەکەیان زیاتر ناسرا و نەوەکانی (شیخ سەفییەدین) توانیان خۆیان و بنەماڵە و پێکهاتەکانی ئێران و دەوروبەری لەدەوری تەریقەتێکی سۆفیگەریی کۆبکەنەوە و ڕابەرایەتیان بکەن، کە وەک تورک و زیندووکەرەوەی ئاینزای شیعە دوانزە ئیمامی، و نوێکەرەوەی زمان و ئەدەبی فارس ناسران .

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

کۆمەڵێک هۆکار هاندەری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوون وەک لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی یەکێک لە ڕێگاکانی ئایینداری کە(سۆفیگەریی)یە، لەناوەندێکی گرنگی بواری سۆفیگەریی ئیسلامی کەناوچەکانی(ئێرانە)ە، لەقۆناغێکی گرنگی مێژووی جیهانی ئیسلامی کە سەدەکانی(٨-٩ک/١٤-١٥ز)ە، هەروەها دەرخستنی ڕەگ ورەچەڵەکی ناڕوون وشێوێنراوی بنەماڵەی سەفەوی، ورێکخستنەوەی ئەو ناڕونیانەی کە سەبارەت بە ئاینزای ڕاستەقینەی تەریقەتی سەفەوی لە ئارادایە، ئێمە ویستومانە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەمانەوە، ڕاستی ئەو بابەتانەبەپشتبەستن بەسەرچاوەی بەردەست بخەینەڕوو، لەگەڵ ئەمانەشدا دەرخستنی قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەم تەریقەتە لە پەیدابوونییەوە هەتا گەشتنیان بە دەسەڵاتێکی سیاسی، نەبونی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت وگشتگیر سەبارەت بە تەریقەتی سەفەوی گرنگترین هۆکار بووە بۆ هەڵبژاردنی ئەم

بابەتە، هەرچەندە لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دراون سەبارەت بە دەوڵەتی سەفەوی بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانە زیاترجەختیان لەسەر سەفەوییەکان کردوەتەوە پاش دامەزراندنی دەوڵەت نەک ڕەیگ و ڕەچەڵەک و قۆناغەکانی گەشەسەندنی تەریقەتەکە.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی لایەنێکی گرنگی بواری دینداری ئەویش بواری تەسەوف و تەریقەتی سۆفیگەرییە لە ئێراندا لەسەدەکانی(٨_٩ک/١٤_١٥ز) دا، ڕوونکردنەوەی خاڵێکی گرنگ و دەرخستنی ئەو ڕاستیەی کە بنەرەتی تەریقی سەفەوی و بنەماڵەی سەفەوی دەگەڕێنەوە سەر نەتەوەی کورد، ئاماژەدان و شیکردنەوەی ئەو ڕێگاو قۆناغانەی کە گیرانەبەر بۆ گۆرینی تەریقەتی سەفەوی لە تەریقەتێکی سونی مەزهەبەوە بۆ تەریقەتێکی شیعە مەزهەبی دوانزە ئیمامی، قۆناغەکانی گەشەسەندن و ئەوگۆڕانکارییە ئاینی وسیاسیانەی بەسەر ئەم تەریقەتەدا هاتوون، هەتا ئەوکاتەی کە گەیشتوون بە دەسەڵات.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم تـــوێژینەوەیەدا پشـــتمان بەرێبـــازی تـــوێژینەوەیەکی مێژوویـــی –شـــیکاریی بەسـتووە, کە بەکـار دەهێنرێـت بـۆ شـیکاریکردنی چـۆنێتی ڕۆڵـی تەریقەتەکـان لە ئێرانـدا و ڕیشـــەی دەرکەوتـــن و چـــۆنێتی گەشتنەدەســـەڵاتی ســـەفەوییەکان و گـــۆڕینی مەزهەب لە ســـوننەی ســـۆفییەوە بـــۆ شـــیعەی دوانـــزە ئیمـــامی, دیـــارە ئەمەش بەشـــێوازێکی زانســـتی پشت بەستوو بە سەرچاوەی جۆراوجۆر هاتووەتە بەرهەم.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

بەشیوەیەکی گشتی هەرتوێژینەوەیەک کۆمەڵێک ئاستەنگ دێتەبەردەمی، توێژینەوەکەی ئێمەش بە هەمان شێوە کۆمەڵێک ئاستەنگ وبەربەستی هاتوەتە پێش، بەڵام ئەم بەربەستانە نەبونەتە هۆکارێک کە کاریگەری بکەنە سەر توێژینەوەکەو لەبەهاکەی کەم بکەنەوە، لەو گیرو گرفتانەی هاتوونەتە بەردەم توێژینەوەکەمان، جۆراو جۆری و زۆری ڕوداوەکان وئاوێتەاویی بابەتەکان، و هەروەها جۆراوجۆری گێرانەوەی ڕوداوەکان لە سەرچاوەکاندا، ئاوێتەبونی ڕوداوە مێژووییەکان لەگەڵ بابەتی ئەفسانەییەکان، کەجیاکردنەوەی ئەم ڕوداوانەی گرانتر دەکرد.

## پلانی توێژینەوەکە:

دابەشکراوە بۆ دەروازەیەک وسێ بەش بەم شێوەیە دەروازە: بەناونیشانی چەمک ڕیشەی سۆفیگەریی لە ئیسلامدا وقۆناغەکانی گەشەسەندنی، کە باس لە مێژووی سەرهەڵدانی

سۆفیگەریی ئیسلامی دەکات، هەروەها سەرچاوەکانی چەمکی سۆفیگەریی، وڕنکردنەوەی ووشەکانی (صوفی)و(تصوف) لە ئیسلامدا، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەندنی سۆفیگەریی ئیسلامی لە سەرهەڵدانیەوە هەتا قۆناغەکانی دواتر.

بەشی یەکەم: کە(ڕەوشی سۆفیگەریی وتەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە ئێراندا لە سەدەکانی (٨-_ ٩ک/١٤_-١٥ز)داوپەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەری لەم قۆناغەدا) دابەشی دووباس کراوە، لە باسی یەکەمدا بەناونیشانی (ڕەوشی سۆفیگەریی وتەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە ئێراندا لە سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز)دا)، ئەم باسە دابەشی سێ تەوەرکراوە لە تەوەری یەکەمدا ڕەوشی سۆفیگەریی لە ئێراندا پێش سەدەی (٨ک/١٤ز)، لە تەوەری دووەمدا باسی ڕەوشی سۆفیگەریی و هۆکارەکانی گەشەسەندنی ئەم ڕەوتە لە سەدەکانی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) کراوە، لەتەوەری سێیەمدا باسی گرنگترین تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی ئێران کراوە لە سەدەکانی (٨_-٩ک/١٤_١٥ز)دا، هەر لەم بەشەدا باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ پەیوەندی نێوان شیعەگەری وسۆفیگەریی و بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەریی لە ئێراندا لە ماوەی نێوان سەدەکانی(٨ک/١٤ز و٩ک/١٥ ز)دا)وئەم باسەش دابەشی سێ تەوەرکراوە، لەتەوەری یەکەمدا باسی پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەری پێش هاتنی مەغۆلەکان، تەوەری دووەم تایبەتکراوە بە پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەری لەئێراندا لە سەدەکانی(٨_-ک/١٤_-١٥ز) دا، تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ ئاکامەکانی نزیک بوونەوەی شیعەگەری وسۆفیگەریی لە هەردوو سەدەی(٨-٩ک/١٤-١٥ز).

بەشی دووەم: بە ناونیشانی سەرهەڵدانی تەریقەتی سەفەوی لەسەردەستی (شێخ سەفییەدین)و ڕەوشی تەریقەتەکە لە پاش مەرگی هەتاسەردەمی شیخ جونەید، کە دابەشی دووباس کراوەوهەرباسێکیش دابەشی چەند تەوەریەک کراوە، باسی یەکەم: بەناونیشانی (سەرهەڵدانی تەریقەتی سۆفیگەریی سەفەوی لەسەردەستی شێخ سەفییەدین)، کە دابەشی دوو تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم بنەماڵەی سەفەوی پێش دامەزراندنی تەریقەتی سەفەوی، تەوەری دووەم تەریقەتی سەفەوی لە دامەزراندنییەوە هەتا کۆچی دوایی شێخ سەفییەدین ئەردەبیلی، باسی دووەم لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی نەوەکانی (شێخ سەفییەدین)کە بەسێ تەوەر باسی سێ کەسایەتی لە نەوەکانی شێخ سەفییەدین کراوە کە ئەوانیش (شێخ سەدەردین، وخواجە عەلی، وشێخ ئیبراهیم)ناونیشانی باسەکەش بریتیەلە(تەریقەتی سەفەوی لەپاش کۆچی دوایی شێخ سەفییەدین).

بەشی سێیەم و کۆتایی لە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (تەریقەتی سۆفیگەریی سەفەوی لە سەردەمی شیخ جونەیدەوە هەتا دامەزراندنی دوەڵەت(٨٥١-٩٠٧ ک/١٤٤٧-١٥٠١ز) . دابەشمان کردوە بۆ سێ باس، باسی

یەکەم ئاماژە دەکات بۆ ڕوداوەکانی سەردەمی شێخ جونەید، و باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ ڕەوشی تەریقەتی سەفەوی لەسەردەمی شێخ حەیدەرو کورەکانی هەتا ڕۆیشتنی (ئیسماعیل) بۆ لاهیجان، باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ سەردەمی (ئیسماعیل) ی کوڕی شێخ حەیدەر هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی.

ماوەتەوە بڵێین کۆی ئەو باسانە بە گەڕانەوە بۆ ژمارەیەک سەرچاوە و ژێدەر بەرهەم هاتووە بە سێ زمانی(فارسی و کوردی و عەرەبی )نوسراون بەهیوای ئەوەی ئەم نامەیەمان کەلێنێکی زانستی لە کتێبخانەی ئەکادیمی کوردی پڕبکاتەوە.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوە بەستراوە کە هەمووسەرچاوەکان لەجێگەی خۆیاندا سودیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە، بەڵام لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو سەرچاوانە بکەین بایەخی سەرەکیان هەبووە لە نوسینی توێژینەوەکەدا، لە کتێبە ڕەسەنەکاندا وەک کتێبەکەی دەروێش (توکلی بن اسماعیل بن بزاز اردبیلی) ناسراوبە(ابن بزاز) بەناونیشانی (**صفوة الصفا**) کە نوسەر موریدی شێخ سەفییەدین بووە، وبیست وچوار ساڵ دوای کۆچی دوایی (شێخ سەفییەدین) ئەم کتێبەی نوسیوە، کە نوسەرەکەی باس لە ژیانی (شێخ سەفییەدین) دەکات لەگەڵ بەشێک لە خەلیفەکانی، لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی ئەم کتێبە لەژێر بیروباوەڕی ئاینی دەسەڵاتدارەکانی سەفەویدا دەستکاری کراوە، بەڵام دەستنووسێکی لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە، لەساڵی(١٣٢٩ە) ، کەسێک بەناوی(ئەحمەد کوڕی کەریم) دەستنوسێکی لە شاری(مومبا)یلە وڵاتی هندستان دەستکەوتووە، لەساڵی (١٣٧٣ە) نوسەری ئێرانی (غلام رضا طباطبائی) ئەم بەرهەمەی رێکخستوەتەوە، و ئێمەش بەکارمان هێناوە بۆ توێژینەوەکەمان ، سەڕای بە پێزی کتێبەکە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە، بەڵام ئەم کتێبە لایەنگری وپیا هەڵدانی زۆری تێدایە لە بابەتاکانیدا و هەندێکجار ڕوداوی دورلەڕاستی وئەفسانەیی باس دەکات.

دوای ئەویش سەرچاوەکان کتێبی(**سلسلة النسب صفویە**)ە، کە نوسەرەکەی کەسێکە بەناوی(شێخ حسین شیخ ابدال پیرزادە زاهیدی)ە، کە هاوسەردەمی(سلێمان شای) سەفەوی بووە، کتێبەکە باس لە ڕەچەڵەکی سەفەوییەکان دەکات، هەتا سەردەمی(سلێمان شای)سەفەوی، هەرچەندە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە بەڵام کۆمەڵێک جیاوازی هەیە لە بابەتەکانیدا لە گەڵ سەرچاوەکانی دیکەدا، لە نموونەی ئەو جیاوازیانە ئەوەیەکە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی باب وباپیرانی شیخ سەفییەدین، لەپاش ناوی (فیروزشاهی زیرین کلاە ابن محمد ابن شرفشاه) بەبێ ئەوەی ئاماژە بدات بە ووشەکانی (الکردی السنجانی)کە بەکار هێناوە، کەچی لەسەرچاوەکانی دیکەدا بە ئاشکرا بەم شێوەیە داڕێژراوە (فیروزشاە زیرین کلاە الکردی السنجانی)، دیارە پێدەچێت لەسەر خواستی دەسەڵاتداری سەفەوییەکان بەم شێوەیە داڕێژرابێت، هەروەها چەند بابەتێکی گرنگ سەبارەت بە تەریقەتی سەفەوی لەم کتێبەدا باس نەکراوە، لەوانە سەردەمی (شێخ ئیبراهیم) زۆر بەکەمی ئاماژەپێداوە، هەروەها بابەتی (شێخ جەعفەر)سەفەویش بەهەمان شێوە پشتگوێ خستووە، سەرەڕای ئەوەش کە بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ بنەچەی سەفەوییەکان ئەژمار کراوە.

کتێبەکەی (**امیر محمود خوداندمیر**) بە ناو نیشانی (**تاریخ حبیب السیر**)، کە ئەم بەرهەمە لە سەدەی دەیەمی کۆچی نوسراوە، لە چوار بەرگدا چاپکراوە، بەرگی چوارەمی زۆر گرنگی داوە بەبابەتی سەفەوییەکان و ڕەچەڵەک و سەرهەڵدانیان، بەشێوازێکی سادەو ڕەوان نوسراوە، وزانیاری بەپێزمان لێیەوە دەستکەوتووە، بۆ توێژینەوەکەمان، هەروەها کتێبی(**جهانگشای خاقان**)سەرباری ئەوەی کە نوسەرەکەی نەناسراوە، و لە ساڵی (٩٤٥-٩٥٥ک/١٥٣٨-١٥٤٨ز)

نوسراوە، ناوەڕۆکەکەی ڕاپۆرتێکە کە وردەکاری ژیانی (ئیسماعیل) دەخاتەڕو، لەگەڵ باسکردنێکی کورتی باب باپیرانی، نوسەرەکەی بەشێوەیەکی فراوان کتێبی (تاریخ حبیب السیر)ی بەکار هێناوە تەنانەت لە هەندێک بابەتیدا ووشە بە ووشە کۆپی کردوە، بەڵام سەرچاوەیەکی بەپێز وگرنگ بووە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە بەتایبەت لە ڕوداوەکانی پەیوەست بە (شێخ جونەید و شێخ حەیدەر و (ئیسماعیل) ).

یەکێکی دیکە لەسەرچاوەکان کتێبی بەناوبانگی (**احسن التواریخ**) لە نوسینی (حسن بیگ روملو)ە کە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ بابەتەکەی ئێمە، کە بەشێوەی یەک لەدوای یەکداهاتنی ساڵەکان باسی ڕوداوەکان دەکات، بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژینەوەکەی ئێمە، بەتایبەت لە سەرەتای بەشی دووەمەوە، هەتا کۆتایی توێژینەوەکە.

یەکێکی دیکە لەسەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکەمان کتێبی(**عالم ارای امینی**) لە نوسینی (فضل الله بن روزبهان خنجی)ە، کە دەتوانین لە ریزی ئەو کتێبانە هەژمار بکرێت کە دژبە سەفەوییەکان نوسراوە، وکاتێک لەساڵی ( ٨٩٦ک/ ١٤٩٠ز) نوسەر ئەم کتێبەی نوسیوە پێشکەشی (بایسنقر)ی کوڕی سوڵتان یەعقوبی کردوە کە دوژمنی بنەماڵیی سەفەوییەکان هەژمار کراوە، لەبەرئەوەی نوسەری کتێبەکە دەمارگیری بۆ ئاینزای سوننی هەبووە، لە بیروبۆچونەکانیدا بەسوکاییەتیەوە باسی شێخ جونەید وشێخ حەیدەر کردوە، ئەمەش دیوێکی تری ژیانی سەفەوییەکانی خستوەتە روو.

جگە لەمانە کتێبی (**خلدبرین**)کە لە نوسینی (میرزا محمد یوسف قزوینی)ە، کە ناسراوە بە(والە) کە لەساڵی(١٠٧٨ک/١٦٦٧ز) نوسراوە، کە کتێبەکەی دابەشی (٨) بەش کردوە ناوی ناوە (روضە)، روضەی هەشتەم تایبەتکراوە بە پاشایانی سەفەوی و تێیدا باسی ڕەگ ورەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوی دەکات، کە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمەکەی ئێمە، هەرچەندە نوسەری کتێبەکە سودی لە کتێبەکانی وەک(صفوۃالصفا، تاریخ حبیب السیر، احسن التوریخ، عالم ارای عباسی) وەر گرتووە، بەڵام لە بایەخی خۆی لەدەست نەداوە.

(**فتوحاتی شاهی**) یەکێکی ترە لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە کە بەرهەمی (صدرالدین سلطان ابراهیم امینی هروی)ە کە لە ساڵی (٩٢٧ک /١٥٢٠ز) دەستی بە نوسینی ئەم کتێبە کردوە، کە مێژوویەکی گشتگیرەو لە بەشی یەکەمدا باسی (شێخ زاهید) و(سەفییەدین وسەدرەدین وخواجە عەلی) دەکات، و دواتریش باس لە ڕوداوەکانی پەیوەست بە هاتنی شا (ئیسماعیل) ودامەزراندنی دەوڵەتەکەی کراوە، کەبەشێوەیەکی گشتی بۆ بابەتی پەیوەست بە تەریقەتی سەفەوی سودێکی زۆری دەبێت.

کتێبی (**روضة الصفویه**) نوسەری ئەم کتێبە (میرزا بیگ الحسن الحسینی الجنابندی)یە، کە کتێبەکە باس لە پاشاکانی سەفەوی دەکات هەتا ساڵێک پێش کۆچی دوایی کردنی شا عەبباسی یەکەم، ئەم کتێبە ناوەڕۆکی سەرچاوەکانی دیکە دوبارە کردوەتەوە، لەبەر ئەمەش زانیاری تازە بۆ ئێمە زیاد نەکردوە.

کتێبی (**تاریخ عالم ارای صفوی**)کە ئەویش نوسەرەکەی نادیارە، یەکێکی دیکەیە لەو سەرچاوانەی کە بۆ توێژینەوەکەمان بەکارمان هێناوە، ئەم بەرهەمە بەشێوەی داستانی مێژوویی ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە، وباس لە ڕوداوەکانی سەردەمی (ئیسماعیل) دەکات، وجارێکی تر بەناونیشانی(**عالم ارای شاە اسماعیل**) چاپکراوەتەوە، لەم کتێبەدا ئێمە سودمان لە هەندێک بابەتی تایبەت بە ڕوداوی شەڕەکان وەرگرتووە، بەڵام ئەم کتێبە زۆرراکانی باوەرپێکراو نین وناتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ بەرهەمەکانی وەک(تاریخ حبیب السیر، جهانگشای خاقان).

هەروەها سەرچاوە هاوچەرخەکانیش بۆ توێژینەوەکە بایەخێکی زۆریان هەبووە، لەو سەرچاوانە کتێبەکانی (عبدالحسین زرین کوب) بەتایبە هەردوو بەرهەمی(جستجودر تصوف ایران، دنبالە جستجودر تصوف ایران)کە بەشێوەیکی بابەتیانە باس لە سەفیگەری دەکەن لە ئێراندا، بۆ توەێژنەوەکەی ئێمە لە بەشی یەکەمدا بەکار هاتوون، هەروەها یەکێکی دیکە لە کتێبە هاوچەرخەکان کە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژینەوەکەی ئێمە کتێبی (مکتبهای عیرفان دردورانی ایسلامی) لە نوسی(عبدالرفیع حقیقت) ناسراو بە (رفیع) کە سەرچاوەییەکی گرنگ بووە بۆ بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان، هەروەها کتێبەکەی(مصطفی کامل الشیبی) بەناو نیشانی (تشیع والتصوف تا اغاز سدە دوزدهم هجری) بەشێوەیەکی فراوان لە بەکار هاتووە بۆ باسی دووەم لە بەشی یەکەم ئەم توێژینەوەیە، بەتایبەت لە بابەتی پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەری دا. کتێبەکەی خۆرهەڵاتناس (والتر هینتس) کە وەرگێڕاوە بۆ زمانی فارسی بەناونیشانی (تشکیل دولت مللی در ایران حکومت دولت اق قوینلو ظهور دولت صفوی) ئەم بەرهەمە سودێکی زۆری هەبووە بۆ توێژینەوەکەمان بەتایبەت لە بابەتەکانی تایبەت(بە شێخ جونید و شێخ حەیدەر) ی سەفەوی.

## دەروازە

# چەمک وڕیشەی تەریقەتی سۆفیگەریی لە ئیسلامدا و قۆناغەکانی گەشەسەندنی

ووشەی سۆفی ئاماژەیە بۆ کەسانێک کە پەیرەوی ڕێگایەکن و سەربە ئاراستەیەکن ئەو ئاراستەیەش پێی دەگوترێت سۆفیگەریی, سۆفیگەرییش ئاماژەیە بۆ شێوەی ژیانی ئەو کەسانەی کەپێیان دەوترێت (سۆفی). دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی ووشەکانی (سۆفی) و (سۆفیگەریی) و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ووشانە بیرو ڕای جیاواز خراوەتە روو, بەگشتی سەرچاوەی ووشەکانی (سۆفی) و (سۆفیگەریی) پەیوەست دەکەنەوە بە ووشەکانی (صوفی) و (تصوفی) زمانی عەرەبی، ئەو چاوگانەی لەلایەن شارەزایان و توێژەران, بۆ ووشەکانی (صوفی و تصوفی) عەرەبی خراوەتە ڕوو, جۆراو جۆرن و تا ئیستاش هاوڕابوونێک لەسەر بنەرەتی دروستبوونی ووشەکانی(صوفی و تصوف) نەهاتووەتە ئاراوە, واتا بۆ ریشەی ئەم چەمکانە و مێژووی سەرهەڵدانیان چەند بیر و بۆچونێک لەمبارەوە خراوەتەڕوو.

(ئیبنولجەوزی) سەرچاوەو بنەڕەتی ووشەی (صوفي), کەوەک بنەڕەتێکیشە بۆ ووشەی (تصوف), پەیوەست کردوەتەوە بە کەسێکەوە بەناوی (غوث بن مر) کەیەکەمین کەس بووە پێش ئیسلام خۆی وەقفی خودا کردووە, بوتە خزمەتکاری کەعبەی پیرۆز, ئەم کەسە نازناوی (صوفة) بووە, لەپاش ئەمە ئەوانەی وەک ئەو بوون پێیان دەوترا (صوفية)[1]. هەندێکی تر ووشەی صۆفی دەبەستنەوە بە گروپێک لەموسڵمانانی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ), کەپێیان دەگوترا (اهل الصوفه[2]), بەڵام (ئیبن تەیمیە) پەیوەستکردنەوەی ووشەی (صوفي) بە (ئەهلی صوفە) بەناراست دەزانێت, پێی وایە ئەگەر (صوفي) لە (اهل الصوفة) وەرگیرایە ئەوا لە جیاتی ووشەی (صوفي) ووشەی (صفي) بەکار دەهات[3]. ئیبن تەیمیە لەگەڵ وەش ئەو ڕایەی پێ ڕاست نییە کە سۆفییەکان لە نەوەی (صوفة بن اد طنجة)ن, کەسەرۆک هۆزێکی عەرەبییە و

---

[1] تلبيس ابيليس، دارالوطن للنشر ,٢٠٠٦، ج١، ص٩٢١.

[2] (اهل الصفة): بەکۆمەڵێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ )دەوترا، کە جێگەیەکیان لە تەنیشت مزگەوتەکەی پێغەمبەر هەبوو لە مەدینە و بە خێروخێرات ژیاون لەبەر هەژاری، ژمارەیان بەدیاریکراوی نەزانراوە، بەڵام دەوترێت (٤٠٠) کەس بوون، لەناویشیاندا ( سەلمانی فارسی و بیلالی حەبەشی و ئەبوو هریرە و.....)هەبوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە/ (ابن تيمية: اهل الصفة واحوالهم، تحقيق: مجدي فتحي السيد، ط١، دارالصحابة للتراث، مصر، ١٩٩٠ م، ص٢١).

[3] مجموع فتاوى، جمع عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع ملك فهد للطبع، السعودية، ١٤٢٥، ج١١، ص٦.

لەگەڵ هۆزەکەی لە نزیک مەککە نیشتە جێ بوون, هەروەها پێی وایە ئەو هۆزە ئەوەندە ناسراو نەبوون کەناوی سۆفی بدرێتە پاڵیان[١]، بۆچونێکی دیکە لەبارەی سەرچاوەی ناوی (صوفی و تصوف) ئەوەیە کە دەڵێت بنەڕەتی ئەم ووشانە (صوفی) لە (صاف) و هەروەها (تصوف) لە (صفاء)ی عەرەبییەوە هاتوون, کە لە زمانی کوردیدا بەواتای خاوێنی و ساف و ڕونی دێن, چونکە سۆفییەکان لە کۆنەوە تاکو ئەمرۆ گرنگییەکی تایبەت دەدەن بە خاوێنکردنەوەی ڕۆح ودڵ[٢].

هەرچەندە هەندێک لە توێژەرە خۆرهەلاَتناسەکان هەوڵدەدەن بنەڕەتی ووشەکانی(صوفی و تصوف) ببەستنەوە بە ووشەی (سۆفیا) ی یۆنانیەوە[٣]، بەلاَم لە ڕوی ماناوە ئەم دوو ووشەیە دورن لە یەکترەوە[٤]. لێکۆڵەری هاوچەرخ (لویس ماسینۆن) ئەوەی بەراست زانیوە کە ناوی سۆفی لە (صوف) واتە خوری وەرگیراوە، لە مبارەیەوە دەڵێت: ((پێویستە هەمووڕایەکانی دیکە ڕەتبکرێنەوە، چونکە پێی وایە ووشەی سۆفی لەجل وبەرگی خوری دروستکراو وەرگیراوە) )[٥]،هەروەها پێی وایە کە سەرچاوەی سۆفیگەریی ئیسلامیش سۆفیگەری ئاینی مەسحییە[٦].

لەگەڵ ئەو هەموو ڕایانەدا, ڕای بەهێز و باوەڕپێکراو کە ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە کە سەرچاوەی ووشەی (صوفی) لە ووشەی (صوف)ی عەرەبیەوە هاتووە, کەلەزمانی کوردیدا بەواتای (خوری) دێت, چونکە پەیرەوانی تەریقەتی سۆفیگەریی پۆشاکی لەخوری دروستکراویان پۆشیوە, ئەمەشیان بە نیشانەی دەستهەڵگرتن لە دنیا زانیوە, و پێیان وابووە جل وبەرگی لە خوری دروستکراو پۆشاکی پیاوچاکان و پێغەمبەران بووە[٧], هەرچەند هەمووسۆفییەکان ئەم کارەیان بە پێویست نەزانیووە[٨].

---

[١]ابن تيمية: مجموع فتاوى, ص٦ .

[٢] ئەمجەد شاکەلی: خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری وتەریقەتی نەقشبەندی، چ١، چاپخانەی هاوسانی، تاران، ٢٠١٩ , ل٣٢.

[٣] جرجي زيدان: تاريخ التمدن الاسلامی،مؤسسة هنداوی،القاهرة،٢٠١٢م،ج١،ص٤٥.

[٤] آنا ماري شيميل: الابعاد الصوفية فى الاسلام و تاريخ تصوف، ترجمة: محمد اسماعيل، رضا حامد، ط١، المنشورات الجمل، بغداد، ٢٠٠٦، ص١٩.

[٥] ماسينون و مصطفى عبدالرزاق: التصوف، لجنة الترجمة: دائرة المعارف الاسلامية، ط١، دار الكتاب اللبنانية، ١٩٨٤، ص٢٥.

[٦] هەمان سەرچاوە ، ص٢٨.

[٧] ابو نصر سراج الطوسي: اللمع في التصوف، دارالكتب الحديثة مكتبة المثنى, بغداد، ١٩٦٠، ص ٤٠ -٤١.

[٨] ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، تحقيق، خليل شحادة، ط٢، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨، ص٦١١.

هەرچەندە سۆفیگەریی یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی خوداپەرستی لە ئیسلامدا, بەڵام تا ئیستا نەتوانراوە پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بدۆزریتەوە و هەوڵدان بۆ کاریکی لەمجۆرە سەختبووە, چونکە سۆفیگەریی بەردەوام لەگۆڕاندایە و بەپێی سەردەم و شوێن گۆرانکاریی بەسەردا هاتووە, ئەمە وایکردووە لە سەرهەڵدانی سۆفیگەریی ئیسلامی بەپێی سەردەمەکان هەتا ئەمڕۆ پێناسەگەلێکی جیاواز بخرێتە ڕوو, کە بەرجەستەکەری سەردەم و ڕەوشی تەریقەتی سۆفیگەریی ئیسلامي بوون لە قۆناغی جۆراو جۆرەکاندا.

(محیّدین ئیبن عەرەبی٦٣٨ک/١٢٤٠ز م)وتویەتی :(پیاوانی تەریقەتی پەروەردگار وتوویانە سۆفیگەری ئاکار و هەڵسوکەوت و ڕەفتارە, هەربۆیە هەرکەس ئاکار و هەڵسوکەوت و رەفتاری لە تۆ زیاتر و بەرزتر بوو, ئەوا لە سۆفیگەریشدا لەتۆ زیاتر و بەرزترە)[1].

(ئیبن خەلدون٨٠٨ک/١٤٠٥ز م) پێی وابووە سۆفیگەریی لەو زانستە شەرعیە بەدیهێنراوانەیە کە گەلی موسڵمانان بەدەستی هێناوە و لە بنەرەتیشدا تەریقەتی پیاوچاکانی پێشینە و گەورە هاوەڵان و شوێنکەوتووان بووە, هەروەها تەریقەتی راستی و هەقیقەتی چینە باشەکانی دوای ئەوانیش بووە, بنەرەتی سۆفیگەریی بەردەوامی مانەوەیە لە سەرپەرستشی خودای مەزن و یەکلایی بونەوەیە بۆی, و ڕوو وەرگێڕانە لە دنیاو خۆشییەکانی[2].

هەرچەندە سەرەتاکانی ناوی سۆفی بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی دەگەڕێتەوە, بەڵام تاکو سەردەمانێکی دواتر هیچ گروپ و دەستەیەک بەناوی گروپی سۆفییەکان یان تەریقەتی سۆفیگەریی دەرنەکەوت, لەبەرئەوەی لە سەرتاکانی سەردەمی ئیسلامدا کاتێک پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لە ژیاندا بوو, موسڵمانان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا سەرقاڵی دینداری و جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکانیان بوون, و هەمووشیان یەک گرووپ بوون بەبێ ئەوەی ببنە چەند گروپ و پارچەیەکەوە[3]، بەڵام دواتر لە سەردمی هاوەڵانی پێغمبەر(د.خ)و لە پاشاندا شوێنکەوتوانی هاوەڵاندا و ئەوانەی لە پاش ئەوان هاتن ڕەووشەکە گۆڕا, موسڵمانان بەزۆری بەرەو دونیاویستی رۆیشتن, بەتایبەتی دوای کرانەوەی موسڵمانان بەروی ناوچەکانی دەوروبەردا,و چونەدەرەوەیان لە ناوچەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی, وئەو فراوانبونە بەرچاوەی

---

[1] الفتوحات المکیة، دارالکتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٩م، ج٣ , ص٤٠. عەبدوڵا ئەحمد محمد: تەسەوف وسۆفیگەری سەرهەڵدان وقۆناغەکانی گەشەکردنی، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستانی بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ،سلێمانی، ٢٠٢٠،ص٥.

[2] مقدمة ابن خلدون ,دار القلم، بیروت, ١٩٨٤م، ص٤٦٧.

[3] محمد ابو زهرة: الوحدة الاسلامیة، دار الرائد العربی، بیروت، ب.س، ص٥٨.

سنوری موسڵمانان لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ڕاشیدین و ئومەوی و عەبباسیدا هاتە ئاراوە, ئەوە بووە هۆی ئەوەی بەشێک لە موسڵمانان زیاتر سەرقاڵبوون بەدنیا هەڵبژێرن, وهەروەها لە پاش سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان موسڵمانان ڕەوشێکی هێنایەئاراوە کە کۆمەڵێک لە موسڵمانان پەیدا بوون و پێیان دەوترا (زوهاد, عباد) کە دنیایان پشت گوێخست و زیاتر گرنگیان بە دینداری دەدا, و ڕۆژی دواییان کردە ئامانجی سەرەکی خۆیان[1].

ئاینداریی موسڵمانان لە سەرەتادا بەجۆرێک بوو کە بەیەکەوە, بەبێ جیاوازی روبەروی هەر کێشەیەک دەبوونەوە کەبهاتایەتە ئاراوە هەروەها لە پێناو چاککردنی رەوشی موسڵماناندا و لە بەرژەوەندی ئاینی ئیسلام و موسڵمانان تێکڕا بە شدار بوون لەغەزاکردنی ناوچەکانی دیکەدا, بەڵام پاشتر کۆمەڵێک پەیدا بوون کە لە ترسی خوداو لە پێناو پاراستنی خودا ڕۆژی دوایی, بیر لە گۆشەگیری و وازهێنان لەدنیا بکاتەوە, ئەمەش بەسەرەتای سەرهەڵدانی سۆفیگەریی لە ئیسلامدا دادەنرێت, پاشان ئەم زاهید و عابدانە وردە وردە لەبابەتی نێوەند گیری کە ئیسلام زۆر جەختی لە سەرکردووەتەوە کاریان دەکرد, و تەریقەتەکەیان شێوازێکی تری وەرگرت کە هەندێکجار دووربووە لە ڕێنماییەکانی خودی  ئاینی ئیسلام, لەم بارەیەوە دەوترێت (جاحز و ئیبن جوزی) باسی زیاتر لە چل کەسیانکردووە کە ئاینداری روکەش و ناخیان ئەنجام داوە, بەڵام زیاتر گرنگییان بە دینداری ناواخنی داوە کە ئەمانە جۆرێک بوون لە سۆفی لەوانە (ئەبو زەری غەفاری٣٢ک/٦٥٢زم, وەیسی قەرەنی٣٥ک/٦٥٥زم, حوزەیفەی یەممان٣٤ک/٦٥٤زم و سوهەیبی رۆمی٣٧ک/٦٥٧زم)[2].

لە کۆتاییەکانی سەدەی (٢ک/٨ز) و بەماوەیەکی کەم پێش ساڵی (٢٠٠ک/٨١٥ز) لەگەڵ دەرکەوتنی چەند گروپێکی دیکەی ئیسلامی سۆفییەکانیش دەرکەوتن, کەشێوەیەکی تایبەتیان هەبوو, کە لە رەفتار و روکاری دەرەوەیاندا لەخەڵکی دیکە نەچوون, ئەمانە ناوی سۆفییان لێنراوە کە زۆربەیان جل وبەگی خورییان دەپۆشی بەهۆی هەرزانی و سادەییەوە, هەروەها دورلەخەڵکی لە هەندێک ناوچەی دورەدەست لە بیابان و دەشت و ئەشکەوتەکان دوور لە ئاوەدانی دەژیان و گەراون[3].

---

[1] قاسم غنی: بحث در اثار و افکار واحوال حافظ, چ٢، چاپخانه ایکان، تهران، ١٣٩٩م، ص٥٧٢.

[2] فریدالدین العطار: تذكرة الاولياء، ترجمة: محمد الاصيلي الوسطاني الشافعي، تحقيق: محمد اديب الجادر، ط١، دار مكتبي للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠٠٩م, ص٨٣.

[3] ابوقاسم عبدالكريم القشيري: الرسالة القشيرية, تعليقات: زكريا بن محمد الانصارى، دار جوامع الكلم، القاهرة، ب.س، ص٧؛ غنی: بحث در اثار و افکار و احوال حافظ، ص٥٧٥.

هەر لە سەدەی (٢ک/٨ز) بۆ یەکەمین جار جێگەیەکی تایبەت بە سۆفییەکان دروستکرا لە ناوچەی (رملە) لە (فەلەستین) لە سەردەستی گەورە سۆفی ئەو سەردەمە (ئەبوهاشمی کوفی١٦٢ک/٧٧٨زم)[١], هەرچەندە ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی سۆفییەکان نیشتەجێ بکات و پابەندیان بکات بە جێگەیەکی تایبەتەوە, چونکە تا سەردەمانێکی دواتر سۆفییەکان لەگەڕان و هاتووچۆدا بوون و لەسەر خێرو یارمەتی موسڵمانان ژیاون, لە بەناوبانگترین سۆفییەکانی ئەوکاتە (ئیبراهیم ئەدهەم١٦٢ک/٧٧٨زم) و (زوئەلنونی میسری)بوون[٢].

لەم کاتەدا سۆفیگەریی بەتەواوەتی پێ نەگەیشتووە, هەروەها کاریگەری دروست نەکربووە، تەنانەت لە سەر ڕەگەزە سەرەکییەکانی عیرفان وەک (یەکتاپەرستی) و (عەشقی خودایی) توێژینەوەو بەدواداچوون نەکراووە، جگە لەوەی هیچ شتێکی نوێ زیادی نەکرد لەسەر بنەمای سۆفیگەریی, سۆفییەکان زیاتر خەریکی دابران و دنیا نەویستی و قەناعەت بوون, تەنها عارفێک زیاتر لەسەر (عەشق و خۆشەویستی خودایی) قسەی کردبێت, و کەمتر گرنگی بابەتی (دنیا نەویستی) و (قەناعەت) دابێت, (رابیعەی عەدەوی١٨٩ک/٨٠٤ز م) بوو[٣].

لە سەدەی (٣ک/٩ز) سۆفیگەریی پێی نایە قۆناغێکی دیکەوە, کە دواتر بە قۆناغی زێڕین ناسرا, لەم قۆناغەدا سۆفییەکان لە چوار چێوەی لەخەڵک دابران و پەرش و بڵاوی و دونیا نەویستی و دورە پەرێزی هاتنە دەرەوە, سۆفییەکان بێدار بوونەوە و رویانکردە خەڵکی و قسەکردن دەربارەی عەشق و خۆشەویستی خودایی و خزمەتکردنی خەڵک و قوربانی بەخۆدان و گرتنەبەری رێگایەکی تەواو عاریفانە. (جونیدی بەغدادی) و (بایەزیدە بوستامی) لە دامەزرێنەرانی ئەم قۆناغەی سۆفیگەریی بوون, لەم قۆناغەدا سۆفییەکان بایەخیان دا بە ڕامان و بیر کردنەوە و سەرنجدان و ئیدی خاکیبوون و دونیا نەویستی بووە میتۆدێکی ڕۆحی[٤].

هەرلەسەدەی (٣ک/٩ز) سۆفییەکان دەستیانکرد بەخوێندنی زانستە جۆراو جۆرەکان و رێنوێنیکردنی خەڵکی و لەگەڵ ئەمانەشدا نوسینی ژمارەیەک پەرتووک و لێکدانەوەی قورئان و فەرمودە و وتەو بیروڕای زاناو پیاو چاکان و شێخە گەورەکانی ئیسلام دەرکەوت, سۆفییەکان

---

[١] غنی: بحث در اثار و افکارو احوال حافظ، ص٥٧٥.

[٢] ئەمین شێخ علاء الدين نەقشبەندی: تەصەووف چی یە ؟، کتێبخانەی بێخود، سلێمانی،٢٠١٥ز، ص٣٠٩.

[٣] عبدالرحمن بدوي: شهيدة العشق الاهي رابعة العدوية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٢م، ج٢، ص٦٥-٧٥.

[٤] محمد بن علي التهانوي: كشاف اصطلاحات، الفنون والعلوم، تقديم واشراف و مراجعة: رفيق الاعجم، ج٢، مكتبة لبنان للانتشارات، بيروت، ١٩٩٦م، ص٧١١.

بەتەواوەتی لەدەوری یەکتر کۆبوونەوە و وازیان لە پەرتەوازەیی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا هێناو شاری (بەغداد) یان کردە ناوەندێکی سەربەخۆ بۆ کۆبوونەوەکانیان[١].

لەم سەردەمەدا گۆرانکاریەکی باشتر رویدا و سۆفیگەریی گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر، یەکێک لە گۆرانکارییە گرنگەکانی ئەم قۆناغە ئەوە بوو زمانی عیرفانی چووەتە ناو بابەتی سۆفییەکان بەشێوەیەکی خێرا بڵاوبوەتەو,هەروەها سەرەتای سەرهەڵدانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان بۆ ئەم سەردەمە دەگەرێتەوە، لەم بارەیەوە (هجویری) ئاماژەی بە چەند تەریقەتێکی جیاواز کردووە, هەرچەندە ئەم تەریقەتانە زۆر سادە بوون و شێوەیەکی فراوان و خاوەن خانەقای بەناوبانگ نەبوون، بەڵام بەناوی جیا جیا هەبوون وەک (محاسبیە، قصاریە، تەیفوریە، بەستامیە، سهیلیە، حلیمیە، خزاریە، خفیفیە و سیاریە) [٢].

لەکۆتاییەکانی سەدەی (٣ک/٩ز) لە سەردەستی بەشێک لە سۆفییەکان بناغەی بیرو باوەڕی (وحدة الوجود) دانرا لە ڕێبەرە بەناوبانگەکانی ئەم رەوتە (حوسەینی کوری مەنسوری بەیزاوی) کەبە (حەللاج) ناسرابوو, کەخاوەنی وتەبەناوبانگەکەی (اني انا الحق) بوو, لە بواری سۆفیگەریدا ئەم وتەیەی بەوپەڕی خۆشەویستی خودایی دادەنرا, هەرلەسەر ئەم وتەش لەسێدارەدرا [٣]. لە دوای لەسێدارەدانی حەللاج ڕێبەرانی سۆفیگەریی ئەوسەردەمە, سۆفی و پەیڕەوانیان ئاگادار کردەوە, کە نهێنیەکانیان بپارێزن و لەدڵی خۆیادا بیهێڵنەوەو بۆ کەسی باس نەکەن و بێدەنگی هەڵبژێرن[٤].

لە دوای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە, تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە گەشەکردن و بەرەوپێشچونی فراواندا بوون لەسەردەستی کۆمەڵێک کەسایەتی دیاری ئەم سەردەمەی سۆفیگەریی وەک (ئەبوبەکری شیبلی)و(ئەبوتالبی مەککی)و(ئەبولحەسەنی خرقانی)کۆمەڵێک پەرتوکی بواری سۆفیگەریی نوسران. لەسەدەکانی (٤_٥ ک/١٠_١١ز) زۆربەی ڕێبەرە گەورەکانی سۆفیگەریی کەوتنە چالاکی بۆ بڵاوکردنەوەی هزری سۆفیگەریی ئیسلامی, هەر لەم دووسەدەیەدا سۆفیگەریی گەیشتە ئاستی پێگەیشتن و کامڵبوون و بناغەسەرەکیەکانی

---

[١] عبد المنعم الحفني: معجم المصطلحات الصوفية، دار المسيرة للطباعة، عمان، ١٩٨٧م، ص ١٢٦.

[٢] علی بن عثمان هجويری: كشف المحجوب، بەكوشش: ذوكو فسكى، تهران، ١٣٥٨، ج١, ص٢١٩.

[٣] طه عبدالباقي سرور: الحسين بن منصور الحلاج شهيد التصوف الاسلامي (٢٤٤_٣٠٩ )، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، ٢٠١٢م، ص٢٧.

[٤] فرحناز رفعةت جو: العرفان الصوفي عند جلال الدين الرومي، ط١، دار الهادي، بيروت، ٢٠٠٨، ص٢٤٧.

سۆفیگەریی دانران و شێوازی بیرکردنەوەی گەورە شێخەکانی ئەم تەریقەتە دەرکەوت و کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان[١].

لەم دووسەدەیەدا خانەقاکان دەرکەوتن ولەناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەوە، و بوونە جێگەیەک بۆ کۆبونەوە و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینەکانی سۆفییەکان و دەروێشەکان، لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک لە سۆفییەکان لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام دوورکەوتوونەتەوە لەوانە (ئەبولعەباسی قسابی ئامولی)[٢] و (ئەبولقاسمی کرگانی) کە بەلایەنگرانی شەیتان ناسرابوون[٣]. لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک هەبوون کەپابەندییان بە شەرعی ئاینی ئیسلامەوە هەبووە، و هەوڵیانداوە بەماکانی ئاینی ئیسلام وەک خۆی جێبەجێ بکەن، لە گرنگترین ئەو کەسانەش (ئیسحاق کازونی، و ئیبن باکویە) بوون، لە بەرئەوەی کە (شێخ ئیسحاق) غەزای دژی کافرەکان کردووە و ململانێ و دژایەتی زەردەشتیەکانی کازۆنیی کردووە نازناوی (شێخ غازی) یان پێبە خشیوە[٤].

لەسەدەی (٦_٧ک/١٢_١٣ز) سۆفیگەریی بەرەو پێشچونی زۆری بەخۆوە بینی, سەرباری ئەوەی ژمارەیەک زۆر کتێب لەو بارەیەوە نوسران, ژمارەیەکی زۆریش لە بەرهەمی ئەدەبی وەک شعرو پەخشان, لەلایەن سۆفییە عاریفەکانی ئەوسەردەمەوە نوسران و بۆ یەکەمجار بابەتی (حکمەتی ئیشراق) لەسەردەستی (شێخ شەهابەدین سوهرەوەردی°)ەوە هاتە ئاراوە[٦]. لەسەدەی (٧ک_١٣ز) لە سەردەستی (محیەدین ئیبن عەرەبی) لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی (عیرفان) و (حیکمەتی ئیشراق) بابەتێک بەناوی (عیرفانی زانستی) هاتە ئاراوە[٧]. پاشان قوتابخانەی

---

[١] عبد المنعم الحفني: معجم المصطلحات الصوفية، ص٦٩.

[٢]زهرا زارع: جایگاه ابوالعباس قصاب املی در تبرنامه شیخ اشراق، فصلنامه علمی، پژوهشی پژوهشنامه ادیان، سال ٩، شماره١٨، پاییزو زمستان، ١٣٩٤، ص٢٩.

[٣] عين القضات همداني: نامها، علینقی منزوی وعفیف عسیران، تهران، ١٣٦٢، ج١، ص٩٧.

[٤] محمود بن عثمان: فردوس المرشديه، به كوشش: ايرج افشار، تهران، ١٣٥٨، ج١، ص١٨٠-١٨٥.

° ناوی( شهاب الدين يحى كوری حبش كوری اميرک ابوفتح سهروردی)یە، ناسراوە بە (شێخی ئیشراق) ، (شێخی کوژرا وشێخی شەهید)یشی پێدەوترێت ، لەساڵی (٥٤٩ک/١١٥٥ز)لە زنجانی ئێران لە دایک بووە، و لەساڵی ( ٥٨٧ک/١١٩١ز) لە قەڵای حەلەب بە فەرمانی سەلاحەدینی ئەیوبی دەکوژرێت. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(شمس الدين محمد تبريزي:مقالات،تصحيح وتعليق:محمد على موحد،انتشارات خوارزمى ،تهران،١٣٦٩،ص٢٩٥-٢٩٦).

[٦]عەبدوڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی: نەقشبەندی ونەقشبەندییەکان، چ١،چاپخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجە، ٢٠١٨، ل٤٠.

[٧] هەمان سەرچاوە، ص٤١.

(مەولەوی ئێرانی دەرکەوت), گرنگیەتی تایبەتیان دەدا بە (دونیا نەویستی) و (خوداپەرستی) (یادی خودا) , پاشان هەر لە سەدەی (٧ک /١٣ز)سۆفیگەرییی زانستی لە قوتابخانەکانی وەک قوتابخانەی (جەلالەدینی رۆمی), لە پاڵ زانستەکانی دیکەدا دەخوێنران و توێژینەوەیان لەسەر دەکرا[١].

ئەو دوو سەدەیە گرنگترین سەردەمەکانی سۆفیگەریی ئیسلامی بوون، چونکە پەیدابوونی زۆربەی شێخە گەورەکان تەریقەتی سۆفیگەریی لەماوەی ئەو دووسەدەیەدا بوون، ڕێکخستنەوەی خانەقاکان، و شکڵگیریی و بڵاوبونەوەی سۆفیگەریی لەجیهانی ئیسلامی هەر لەوکاتەدا بوو. ڕەوشی سیاسی جیهانی ئیسلامی لەم کاتەدا گرنگترین هۆکاری یارمەتیدەری پەرەسەندنی سۆفیگەریی ئیسلامی بوون، ، لەبەرئەوەی کە خەلیفەو دەسەڵاتدارو وەزیرەکان ڕێزی زۆریان لە شێخ و سۆفییەکان دەگرت و پارێزگارو پاڵپشتی زۆریان لێدەگرتن.

لە ئاستی خیلافەتدا هەریەک لە (موستەنجد٥٥٥_-٥٦٦ک/١١٦٠_١١٧٩ز) و (موستەنسر٦٢٣_٦٤٠ک/١٢٢٦_-١٢٤٢ز)و لەسەرئاستی دەسەڵاتی باڵا (سوڵتان تغرل ٤٢٩_٤٥٥ک/ ٩٩٥_١٠٦٣ز)ی سەلجوقی، و لە وەزیرەکان وەک (نیزامولمولکی توسی ٤٠٨_٤٨٥ک/١٠١٧_-١٠٩٢ز) ، ژمارەیەک خانەقایان دروستکردووە و گرنگیەکی تایبەتیان بە دروستکردنی خانەقا داوە، وە لە ناوچەکانی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی کە لە ژێر دەسەڵاتی (سەلاحەدینی ئەیوبی) و پاشان نەوەکانی کەهەڵگری ئایینزای شافیعی بوون، گرنگییەکی تایبەتیان بە بواری سۆفیگەریی داوە، و هەر لەم چوارچێوەیەشدا ژمارەیەک خانەقایان دروستکردووە[٢]. هەر ئەم گرنگی پێدانەی بواری سۆفیگەریی لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە، بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر خانەقا بڵاوبووەوە و نیزامی خانەقاکان پەرەیان سەند، و بواری ئابووری خانەقاکان باشتر بووە، لەپاڵ خوێندن و خوێندەواریدا، خانەقاکان بوونە خاوەن مەراسیمی ئاینی تایبەت بە خۆیان، ورێژی گرنگیپێدانی خانەقاکان بووە هۆی زیاد بوونی ژمارەی سۆفی و پەیرەوکارانی بواری سۆفیگەریی، هەر ئەو زیاد بوونەی ژمارەی سۆفییەکان وایکرد خانەقا بۆ ژنە سۆفییەکانیش بێتە ئاراوە، کە خودی ژنان خۆیان سەرپەرشتیان دەکرد، لە بەناوبانگترین رباتی

---

(١) شهاب الدين عمر السهروردي: عوارف المعارف، تحقيق: توفيق علي، احمد عبد، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ٢٠١٤م، ص١٢٥.

(٢) احمد بن علي المقريزي: المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار ، بە کوشش: محمد زينهر و مديحة شرقاوى، القاهيرة، ١٩٩٨، ج٣، ص٥٧٠.

تایبەن بە ژنان (بغدادیە) لە قاهیرە بەسەرپەرشتی (زینب بنت ابو برکات)و خانەقای (فاطمە الرازیە) لە بەغداد[1].

پەرەسەندنی خانەقاکان و زۆربونی ژمارەی سۆفییەکان زیادبوونی ژمارەی شێخەکانی بواری سۆفیگەریی بەدوادا هات، و هەندێک لەم شێخانەش تەریقەتی تایبەت بەخۆیان دامەزراند لەوانە (ئەبونەجم سوهرەوەردی٦١٨ک/١٢٢١زم، و شەهابەدین سوهرەوەردی٦٣٢ک/١٢٣٤زم) کە دامەزرێنەرانی تەریقەتی (سوهرەوەردییە) بوون، و (نەجمەدین کوبرا٦١٨ک/١٢٢١ز م) بنیادنەری تەریقەتی (کوبرەویە) بوو, (عەبدولقادر گیلانی٥٦١ک/١١٦٥ز م) بنیادنەری تەریقەتی (قادری) و (خواجە ئەبو یەعقوب هەمەدانی) بنیادنەری تەریقەتی (خواجەگان) ، و (روزبەهانی بقلی شیرازی) دامەزرێنەری تەریقەتی (روزبەهانی) , ئەم پێشکەوتنەی سۆفیگەریی لەسەدەی (٦_٧ک/١٢_١٣ز) بەواتای ئەوە دەهات کە جیهانی ئیسلامی سۆفیگەریی قبوڵکردووە لە نیوەی دووەمی سەدە(٧ک/١٣ز) بە دواوە ڕەوشی جیهانی ئیسلامی بەگشتی گۆڕانی بەسەرداهات بەهۆی هێرشی مەغۆلەکان و دەست بەسەرداگرتنی بەغدای پایتاختی خیلافەتی عەباسی، ڕەوشی سۆفیگەریش گۆرانکاریەکی زۆری بەسەردا هات، چونکە پیش هاتنی مەغۆلەکان لە زۆربەی شارو ناوچەکان شێخ و سۆفی و خانەقا بونی هەبوو[2]، وەبەگەشتنی مەغۆلەکان بە هەیەک لەم ناوچەو شارانە ژمارەیەک سۆفیان کوشت، و دەستیشیان لە کوشتنی شێخەکان نەدەپاراست و (نەجمەددین کبرا) ش نموونە ئەو شێخانە بوو کە مەغۆلەکان کوشتیان[3]،هەروەک ژمارەیەک سۆفییەکان توشی ئاوارەیی هاتن، و ژمارەیەک لە پەیرەوکارانی بواری سۆفیگەریی بەرەو ناوچەکانی هیند هەڵاتن وەک (شێخ نەجمەدین رازی)[4].

بەڵام ئەم ڕەووشە زۆری نەخایاند و سۆفیگەریی گرنگی پەیدا کردەوەو و جاریکی تر سۆفیگەریی لەناو چینەکانی کۆمەڵگە، سۆفییەکان بە ئاشکرا دەستیانکردووە بە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمەکانی بواری سۆفیگەریی، لەبەرئەوەی کە ئیلخانیەکان بەشێک بوون لە مەغۆلەکان چونە ناو بواری سۆفیگەریی، و سەرکردەکانی ئیلخانی وەک (غازان خان ٦٩٤– ٧٠٣ ک/١٢٩٤_١٣٠٣ز) و (ئەلجایتو ٧٠٣ – ٧١٦ ک/١٣٠٣_١٣١٦ز) و (ئەبو سەعید ٧١٧ – ٧٣٦

---

[1] سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في تاريخ الاعيان، تحقيق:مسفر بن سالم بن عريج الغامدي،منشورات مركزاحياء التراث الاسلامي،مكة المكرمة،١٩٨٧م،ج١،ص١٢٦.

[2] غنی: بحث در آثار و افکار و احوال حافظ، ص٤٩٧.

[3] عبدالله بن نجم رازی: مرصاد العباد، ج١ ، ص ١٩–٢٠.

[4] نورالدين عبدالرحمان جامي: نفحات الانس من حضرات القدس، مقدمه و تصحيح وتعليقات: محمودعابدی، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٧٠، ج١، ص٤٢٧.

ک/١٣١٧_١٣٣٥) و وەزیرەکانیان وەک (رەشیدەدین٧١٨ک/١٣١٨زم) و کورەکەی (غیاسەدین٧٣٦ک/١٣٣٥زم) بوونە بەشێک لە بواری سۆفیگەریی و پەیوەندیان لەگەڵ شێخ و سۆفییەکان پەیدا کردووە و گرنگییان بە خانەقاکان داوە[1] .لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیلخانیەکاندا لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبوو چەندەها خانەقاو تەکیە و گۆشەی شێخ و موریدەکانیان هەبوون، وبەئازادی ڕێورەسمی تەریقەتیان بە ئەنجام گەیاندووە، و گرنگییان بە دروستکردنی خانەقا و تەکیە داوە و بایەخیان بە شێخ و پەیرەوانی بواری سۆفیگەریی داوە[2].

لە دوای روخانی عەبباسیەکان سۆفیگەریی پێی نایە قۆناغێکی دیکەی، و کەسایەتیە گەورەکانی ئایینزای شیعە کەوتنە جموجوڵ و چەند تەرقەتێکی سۆفیگەریی شیعە مەزهەبیان دامەزراند[3]، لەم قۆناغەدا دەسەڵاتدارەکان توانییان شیخەکان لەخۆیان نزیک بکەنەوە و لە خزمەتی خویاندا بەکاریان بهێنن، نموونەی بەکارهێنانی تەریقەتی (حروفیە) لە لایەن فەرمانرەواکانی قەرەقۆینلو [4].

هەرچەندە لەسەردەمەکانی پێشوتردا پێویستبووسۆفییەکان ماڵی دنیاییان نەوێت، لە دوای هاتنی دەسەلاتی ئیلخانان، گۆرانکاری بەسەر ئەوبیرو باوەرە کۆنەی جاراندا هات، و بیرو باوەرێکی دیکە هاتە ئاراوە کە دەکرێت سۆفی ماڵ وسامانی هەبێت، بەڵام نابێت رۆحی دڵبەستەی ئەو سەروەت و سامانە بێت و دەبێت ئەو سەروەت و سامانە کە کەسی سۆفی بەدەستی دێنێت بەڕێگەیەکی دروست بێت، وە کەسی ساماندار نابێت خۆی بە خاوەنی ئەو سەروەتە بزانێت، و بە ڵکو دەبێت خۆی بە بەرێوەبەری ئەو سامانە بزانێت کە خودا خستویەتی بەردەستی، و جگە لە سەرفکردنی برێکی پێویست لەو سامانە بۆ خودی سۆفییەکە،ئەوەی ئەمێنێتەوە لەوسامانەی دەستی دەکەوێت دەبێت بیبەخشێت[5]. لەنموونەی ئەم سۆفییە دەرەبەگایەتی وەک (شێخ عوبەیدوڵا) کە نازناوی (خواجە ئەحرار) بووە، لەساڵی (٨٦٠_ ٨٩٦ ک/١٤٥٥_١٤٩٠ز) شێخێکی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی بووە و کەسایەتییەکی گرنگ و

---

[1] رشيد الدين فضل الله همدانی: تاریخ مبارک غازانی، داستان غازان، تصحیح: کارل یان، مطبعه ستیفن اوسین، هیتفۆرد، ١٩٤٠م، ص ٢٠٩-٢١٥.

[2] رابیعە فەتاح خۆشناو: کوردستان لە سەردەمی قەرەقۆینلو ئاق قۆینلو، چ١،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٠،ل٤٢٢.

[3] کامل مصطفی الشیبي: الفکر الشیعي والنزعات الصوفیة حتی مطلع القرن الثانی عشر الهجری، ج١ ، ص٩٢ ؛ شیرین بیانی: دین و دولت در ایران عهد مغول، چ٣، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، ١٣٨٩، ج٢،ص٤٨٢.

[4] خۆشناو: کوردستان لە سەردەمی قەرەقۆینلو ئاق قۆینلو، ل٤٢٣.

[5] عبدالرفیع حقیقت(رفیع ): مکتبهای عیرفانی دردوران اسلامی، چ١، چاپخانەی احمدی، تهران، ١٣٨٣،ص٢٣٠.

کاریگەری بووە لە بواری سیاسی کەلە سەردەمی حکومەتی تەیمورییەکاندا بووە، خاوەنی ڕێژەیەکی زۆر سەروەت وسامان بووە[١].

[١] رفیع: مکتبهای عیرفانی دردوران اسلامی، ص٢٣٣.

# بەشی یەکەم:

## ڕەوشی سۆفیگەریی و پەیوەندییەکانی بە  شیعەگەرییەوە لە سەدەکانی (٨-٩ک/١٤-١٥ز) .

## باسی یەکەم: ڕەوشی سۆفی وتەریقەتی سۆفیگەریی لە ئێراندا لە سەدەکانی (٨-٩ک/١٤-١٥ز).

### تەوەری یەکەم: ڕەوشی سۆفیگەریی لە ئێراندا پێش سەدەی(٨ ک /١٤ز):

ناوچەکانی ئێران پێش گەیشتنی ئایینی ئیسلام وسەرهەڵدانی سۆفیگەریی ئیسلامی، جۆرە شارەزاییەکیان لەسەر سۆفیگەریی هەبووە، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆرهەبووە لەنێوان ئەو سۆفیگەرییەی پێشتر لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەبووە لەگەڵ سۆفیگەریی ئیسلامی، بەڵام ئەم ئاشناییە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە بڵاوبوونەوەی سۆفیگەریی ئیسلامی لە ئێراندا، ئەوەش وایکردووە دواتر ئێران ببێتە پێگەیەکی گرنگی سۆفیگەریی ئیسلامی[١].

لە ئێراندا پێش گەیشتنی ئایینی ئیسلام، سۆفیگەریی لەو بیروباوەڕە ئایینیانەی لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا هەبوون سەرچاوەی گرتبوو، وەک ئایینەکانی(زەردەشتی، مانی ومەزدەکی)، یان ڕێگەی ئاوێتەبوونی ئێرانیەکان لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەی ئێران، وەک ناوچەکانی هیند و چین لەخۆرهەڵاتەوە کە پێگەی ئایینەکانی (تاویی و بودایی) بوون، لەگەڵ ناوچەکانی (ئاناتۆلیا و شام)، کە پێگەیەکی گرنگی ئایینەکانی (جوو و مەسیحی) بوون، هەریەک لەو بیروباوڕانە خاوەنی تەریقەتی سۆفیگەریی خۆیان بوون [٢].

ئەو پێشینەیەی کۆمەڵگەی ئێران لە سۆفیگەرییدا یارمەتیدەرێکی گرنگبووە لە گەشە سەندنی سۆفیگەریی ئیسلامی، بەشێوەیەک بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی سەر مەشقی تەریقەتی سۆفیگەریی بوون لە ئیسلامدا، دانیشتوانی ئەو ناوچانە بوون، کە پێشتر دەسەڵاتی (ساسانییەکان) یان تێدا هەبووە[٣]، کە دەکاتە خاکی و ڵاتەکانی عێراق و ئێرانی ئەمڕۆ، لەوانە وەک (ئیبراهیم ئەدهەم١٦٢ک/٧٧٨ز م، حەسەنی بەسری١١٠ک/٧٢٨ز م، ئەبوهاشمی کوفی ١٦٢ک/٧٧٨ز م و شەقیق بەلخی ١٩٤ک/٨٠٩زم) کەئەم کەسایەتیانە لە سۆفییەکان یەکەمینەکانی

---

[١] غنی: بحث دراثاروافکارواحوال حافظ, ص٥٦٤.

[٢] عبدالحسین زرین کوب: جستجو در تصوف ایران ,چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٥٧، ص١-٣.

[٣] سەبارەت بەوەی کە کێ یەکەمین کەسە کە ناوی سۆفی لێنراوە دکتۆر ئەلشیبی دەڵێت (لێکۆڵیاران ڕایان جیایە لەسەر ئەوەی یەکەم کەس کێیە کەبەسۆفی ناسراوە، ئایا (جابری کوڕی حەیان)ە(١٩٤ک/٨١٠ز)، یان (ئەبوهاشمی کوفی) لەساڵی(١٥٠ک/٧٦٧ز )یان ساڵی(١٦٢ک/٧٧٨ز) کۆچیدوایکردوە، یان (عەبدەکی سۆفی )لەساڵی(٢١٠ک/٨٢٥ز) کۆچی دوایکردوە، کە هەرسێ کەسایەتیەکەش خەڵکی شاری کوفەن، هەرکامێکیان بێت گرنگ ئەوەیە کەشاری کوفە لەعیراق یەکەم پێگەی سۆفیگەرییی ئیسلامیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە/ (کامل مصطفی الشیبي: الصلة بین التصوف والتشیع، ط٣، دارالاندلس للطباعة و النشر و التوزیع، بیروت،١٩٨٣, ص٢٨٧).

ئیسلامی بوون و بڵاوە پێکەری تەریقەت و سۆفیگەری بوون، ئەوسۆفیگەرییەش خاڵی هاوبەشی لەگەڵ سۆفیگەریی سەردەمی ساسانی هەبووە[١]، ئەمەش توێژەرانی سۆفیگەریی وعیرفانی ئێرانی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە سەرچاوەی سۆفیگەریی ئیسلامی لە بنەڕتدا دەگەڕێتەوە سەر ئایینی مانی[٢]، و بنەڕیتەکەیان لە ئایینی زەردەشتی و بیروباوەڕە کۆنە ڕۆحانیەکانی هیندستان وەرگرتووە، هەر لەبەر ئەمەش زۆرینەی ڕابەرانی سۆفیگەریی ئیسلامی لە مێژوودا لەدایکبووی ناوچەکانی ئێران بوون[٣]، و بەتایبەتی خۆراسان ناوچەیەکی گرنگی ڕەوتە عیرفانیەکان بووە، هەروەها کاریگەریەکانی راهیبە مەسیحیەکان بەسەر سۆفیگەریی ئیسلامی تەنها لەو ناوچەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی وبەشێک لە عیراقدا بووە، ئەم کاریگەریەش لەسەرئێران کەمتربووە[٤]، تەنانەت بیرۆکەی خانەقا و تەکیە لە (خانگاه)ی فارسیەوە وەرگیراوە، کە ئەو ووشەیە پێشتر بۆ شوێنی خوداپەرستی پەیڕەوانی ئاینی مانی بەکار هاتووە[٥].

یەکەمین کەس لە ئێراندا لە سەردەمی ئیسلامدا لە بواری سۆفیگەریی ناوی هاتبێت، (ئیبراهیم ئەدهەم) سۆفی بەناوبانگی خەڵکی خۆراسانە، پاش ئەویش هەریەک لە (شقیق بەلخی)، (فەزلی کوڕی عەیاز) بوون، هەرچەندە سۆفیگەریی لەسەر دەستی ئەم کۆمەڵە سۆفیە نەگەیشووەتە ئاستی پێگەیشتن، بەڵام دەسپێکێکی گرنگ بووە بۆ سۆفیگەریی ئیسلامی لە ئێراندا، لە سەدەی (٣ک/٩ز) سۆفیگەریی ئیسلامی لە سەردەستی سۆفیە ئێرانیەکانی وەک (جونەیدی بەغدادی ومەنسوری حەلاج) گەشتە لوتکە، و پاشان لە سەردەستی (بایەزیدی بوستامی) لە ناوچەکانی ئێران پەرەی پێدراوە، و بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی (٣ک/٩ز) سۆفییەکانی ئێران لە ناوچەی خۆراسان بناغەی بیروباوەڕی (وحدة الوجود)یان دانا بەم ڕوداوەش، سۆفیگەریی ئیسلامی لە ئێران بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینی، و یەکێک لەو پێشکەوتنانە دروستبونی (خانەقا) بوو، وەک شوێنێک بۆ کۆبونەوەی سۆفییەکان، و جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینیەکانیان، کە دواتر ئەم خانەقایانە لە سەدەکانی (٤_٥ک/١٠_١١ز) بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیانکرد[٦]، بیرۆکەی (خانەقا) یەکەمجار لە ناو گروپی سۆفیگەریی (کرامیان) لە ناوچەی (سیستان) سەریهەڵداوە، گروپی (کرامیان) ئاماژەیە بۆ

---

[١] زرین کوب: جستجو در تصوف ایران, ص١.

[٢] ابراهیم الدسوقي شتا: التصوف عند الفرس، دارالمعارف، القاهرة، ب.س، ص١٦.

[٣] جەمال حسێن: دەرکەوتنی تەسەوف، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە ٦٨-٦٩، ساڵی پانزەهەم، ٢٠١٥، ص١٠٩.

[٤] سعید نفیسی: سرچشمه تصوف درایران، کتاب فروشی فروغی، تهران، ١٣٦٨، ص٤٨.

[٥] هەمان سەرچاوە، ص١٠٣.

[٦] رسول جعفریان: تاریخ ایران از اغاز اسلام تاپایان صفویان، چ٣، نشر علم، تهران، ١٣٩٣، ص٤١٥.

شوێنکەوتوانی (محمدی کوڕی ئیکرام) کە بەیەکێک لە گروپە یەکەمینەکانی بواری سۆفیگەریی لە ئێران لە قەڵەم دراوە[1].

لە سەدەی(٤ک/١٠ز)ش سۆفیگەریی لە ئێراندا پەرەسەندنی زۆری بەخۆوە بینی و بە درێژایی ئەو سەدەیە سۆفیگەریی بەڕونی لە کۆمەڵگەدا ڕەنگیدایەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی (٤ک/١٠ز) وردە وردە قوتابخانەی عیرفانی (خۆراسان) بەسەر قوتابخانەی عیرفانی شاری (بەغداد) سەردەکەوت، و بەڕادەیەک ناوچەی (نیشابور) لە (خۆراسان) تاکو سەدەی(٧ک/١٣ز) بووە پێگەی سەرەکی عیرفانی ئیسلامی، لە سەدەی (٥ک/١١ز) ش بابەتی سۆفیگەریی چووە ناو زمانی فارسی وەک زاراوە، نوسراوگەلێکی زۆری عیرفانی و سۆفیگەریی بەزمانی فارسی بڵاوکرایەوە، گرنگترینیان (بەیتەکانی باباتاهیر٤١٠ک/١٠١٠زم) و(چوارینەکانە ئەبوسەعید ئەبوئەلخەیر٣٥٧ک/٩٦٧زم)[2]. تەنانەت لەو دوو سەدەیەدا کۆمەڵێک سۆفی بەناوبانگ دەرکەوتوون، کە لە بواری سۆفیگەرییدا خاوەن پلەوپایەی بەرز بوون، کۆمەڵێک بەرهەمی نوسراویان بەجێهێشتووە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان بینیووە لەبەرە و پێشبردنی سۆفیگەرییدا، هەر لەم دوو سەدەیەدا کەسایەتییە گەورەکانی سۆفیگەریی دەستیانکردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانیان لەبواری سۆفیگەریی و ڕێنمونیکردنی پەیڕەوەکارەکانیان، لەوانە (ئەبوحەسەنی خەرقانی٣٥١ک/٩٦٢ز م، ئەبوبکر شیبلی٣٣٤ک/٩٤٥ز م، ئەبوحەسەنی غەزنەوی٤٦٥ک/١٠٧٢ز م) بەهاتنی سەدەی (٦ک/١٢ز)ش سۆفیگەریی زیاترچووە ناو ئەدەبیاتی فارسی و بەشێوەیەکی دیار پێگەی خۆی پەرەپێدا، سۆفییەکان توانیویانە هۆنراوەکان لە کوڕی دەسەڵاتداران بهێننە دەرەوە و بۆمەبەستی عیرفانی و ئاکاری بەرز و پەروەردەی سۆفیانە بەکاری بهێنن[3]، هەروەها توانیان شێوازێکی نەرمونیانتر ببەخشن بە بابەتی هۆنراوەکان، زۆربەی نوسراوەکان بە زمانی فارسی سادە نوسراون، هەندێک جار ئاوێتە بە پەخشانی سەرنجڕاکێش و جوانی و عەشق کراون، لەنموونەی بەرهەمی عاشقانەی عاریفان (عبهر عاشقين) بەرهەمی (روزبەهانی بقلی شیرازی) ، و(تمهيدات) بەرهەمی (عەینلقضاتی هەمەدانی) بوون، هەرچەندە بابەتی هۆنراوەی فێرکاری لە بەرهەمەکانی (ئەبو سەعید ئەبولخیر) دا هەبوون، بەڵام باشترین نموونە بۆبابەتی هۆنراوەی فێرکاری زانستی (حەدیقەی سەنایی) عاریفی بەناوبانگ (عەتتار نیشاپوری) ، بەرهەمی (مەسنەوی)ەکەی (مەولەوی) بوو.

---

[1] جعفريان: تاريخ ايران از آغاز اسلام تاپايان صفويان ,ص٤١٥ -٤١٦.

[2] عبدالحسين زرين كوب: ارزش ميراث صوفيه، اميركبير، تهران، ١٣٨٢، ص١٤١-١٤٣.

[3] ذبيح الله صفا: تاريخ ادبيات ايران، تهران، ١٣٦٣، ج٢, ص ٣٦٩.

ئەم بەرەو پێشچوونە گەیشتە ئەوەی، پێش دەسەڵاتی مەغۆلەکان و بەتایبەتی لەدوای سەدەی(٥ک/١١ز) بەدواوە، سۆفیگەریی لە جیهانی ئیسلامی بگاتە ئاستێکی باشترو خاوەنی هەبێت، و کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر لایەنی روحی موسڵمانان دابنێت، هەرئەمە وایکردووە ئەو دەسەڵاتانەی دەهاتن، پێگەی سۆفییەکان لە بەرچاوبگرن، تاکو بتوانن سوود لە پێگەی سۆفییەکان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەیان وەربگرن، وەک چۆن وەزیری سەلجوقی (نیزامەلمولک) ئەمەی بەشێوەیەکی سیاسیانە ئەنجام داوە[١].

لە پاش نەمانی دەسەڵاتی سەلجوقی لە ساڵی (٥٩٠ ک/١١٩٤ز) ، سۆفییەکان و شێخەکانی سۆفیگەریی پێگەو پلەی خۆیان پاراست، ئەو گۆرانکاریەش لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا لە بواری سیاسیەوە هاتبووە ئاراوە، هیچ کاریگەریەکی لە سەر پێگەی سۆفیگەریی لەناو خەڵکیدا نەبوو، لەبەرئەوەی کە سۆفیگەریی لەڕوی ئایینیەوە کاریگەری لە سەر دڵ و دەرونی خەڵکی دانابوو، ئەمەش وایکردبوو لە کۆتایی دەسەڵاتی عەبباسیەکاندا، خەلیفەکان نزیکایەتییان لەگەڵ سۆفییە دیارەکان پەیداکردوە، وخەلیفە(ناسرەدینولا ٥٧٥_٦٢٢ک/١١٨٠_١٢٢٥ز) شوێنکەوتنی خۆی بۆ سۆفیگەریی دەرخستووە[٢].

لە سەدەی (٧ک/١٣ز) کاتێک و لاتی ئێران کەوتە بەر شالاوی مەغۆلەکان، ناوچەکە بووە مەیدانی جەنگی هۆزەکانی مەغۆل، و ناوچەکانی ئێران بەرەو گۆڕانکاری هەمەلایەنە هەنگاویان دەنا، ئەوەش کاریگەری لەسەر سۆفیگەریی بەجێهێشت[٣]، شێخەکانی سۆفیگەریی لە سەرەتای دەسەڵاتی مەغۆلەکاندا، لە هەوڵی ئەوەدابوون کە نەکەونە ململانێی دەسەڵاتداران و سیاسیەکان، بەڵکو مەبەستیان بوو ببنە پەناگەیەک بۆ موسڵمانان، لەڕێگەی خۆگونجاندنیان لەگەڵ مەغۆلەکان[٤]. ئەمەش خزمەتێکی باشتری پێگەی سۆفیگەریی دەکرد، پێش هێرشی مەغۆلەکان، لە بەشێکی ناوچە جیاوازەکانی ئێران سۆفی وشێخ وخانەقا بونیان هەبووە، بەلام بەگەیشتنی مەغۆلەکان بۆ ئێران، بوونە جێگەی مەترسی بۆ سەر پەیڕەوکارانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، لە

---

[١] ریاض عبدالحسین راضی البدراوي: مكانة التصوف في مجتمع دولة مغول فارس والعراق(٦٥٦-٧٣٨ ه), لارک للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية.العدد ٢٣ ,٢٠١٦، ص١٢٤.

[٢] محمد مفيد الياسين: الحياة الفكري في العراق في القرن السابع الهجري، دار تحرير للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص٥٩-٦٢.

[٣] يوگني ادواردويچ: تصوف و ادبيات تصوف، ترجمه: سيروس ازدى، چ١، تهران ١٣٥٦، ص٩٤ ؛ زرين كوب: ارزش ميراث صوفيه، صص١٣٠-١٤٤.

[٤] پريسا قربان نژاد: مرورى كوتاه برنقش اجتماعى-فرهنگى متصوفه در اذربيجان دوره مغول، پژوشگاه علوم انسانى ومطالعات فرهنگى پرتال جامع علوم انسانى، سال سوم، شماره١٠، زمستان، ١٣٨٥، ص١٩-٢١.

سەرەتای هێرشەکانیاندا ژمارەیەک سۆفیان کوشت لە ناو ئەو کوژراوانەش دا (شێخ نەجمەدیین کوبرا و شێخ عەتتار نیشاپوری) هەبوون[١].

چونکە لە سەرەتادا مەغۆلەکان لە ناوچەکانی ئێراندا، لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەدا بوون لە خەڵکی ئەو شار و ناوچانەی بەئاشتی خۆیان ملکەچی دەسەڵاتی ئەوان نەکردبوو، بەڵام ئەو شارو ناوچانەی خۆیان ڕادەستی مەغۆلەکان کرد بە ئارامی مانەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی کە بەدەسەڵاتی مەغۆل ڕازی نەبوون دوچاری وێرانکاری و کوشتار هاتن، زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئەو سەردەمی هەرێمی خۆراسان وێران و تاڵانکران، ومەغۆلەکانیش تۆڵەی خۆڕاگریان لەدانیشتوانەکەیان کردەوە، وتەنانەت هەوڵیاندا کەئەو نارەزایەتیانە لاوازبکەن کەدژیان بەرپا دەکرا، لەم بوارەشدا شارەکانی وەک (بەلخ ونیشاپور) چەندین شاری تر زیانی زۆریان بەرکەوتووە و خەڵکی کوژران و ئاوارەبوون[٢]، سۆفیگەرییش لەم چوارچێوەیەدا زیانێکی زۆری بەرکەوت، مێژوونوسێک ئاماژەی بەوەداوە ((ئەگەر هەزارساڵ دوای هێرشی مەغۆلەکان هیچ ڕووداوێک ڕوی نەدابایە، هێشتا ڕەوشی ناوچەکان نەدەگەڕایەوە پێش هێرشی مەغۆل))[٣]، ئەوەش بەواتای ئەوەی کەزیانێکی زۆر بەرژیان و ئاوەدانی دەردەخات لەو ناوچانەدا، ئەم کوشتارەی مەغۆلەکان مەترسی خستە سەر ژیانی سۆفیگەریی، و بووە هۆی ئاوارەبونیان، بەرەو ناوچەکانی (هیندستان) لە خۆرهەڵات و (ئاناتولیا) لەخۆرئاوا[٤]، بەو شێوەیە مەغۆلەکان لە ناوچەکانی ئێران بۆماوەی چەندساڵێک بوونە مایەی گیروگرفت لە بەردەم پەیڕەوکارانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، هەرئەمەش کۆچی سۆفییەکانی بەدوای خۆیدا هێناوە، و لە ئەنجامی ئەمە سۆفیگەریی ئێرانی بەشێکی گوازراوەتەوە بۆ ناوچەکانی هیندیستان[٥]، بە ئاوێتەبوونی ئەم سۆفییانە لەگەڵ کۆمەڵگەی هیندستان، بۆتەهۆی هاتنەئارای جۆرێکی نوێ لە سۆفیگەریی، کە ئاوێتەیەک بووە لە سۆفیگەریی هیندی و ئێرانی[٦].

---

[١] رشيدالدين فضل الله همداني: تاريخ مبارک غازاني، به کوشش کارل يان، لندن، هردفۆرد، ١٩٤٠، ص٥١٦ ؛ غياث الدين همام الدين خواندمير: تاريخ حبيب السير،چ٤، انتشارات خيام، تهران، ١٣٨٠، ج٣، ص٣٦.

[٢] على محمد الصلابي: دەوڵەتی مەغۆل وتەتار لەنێوان بڵاوبونەوەو تێکشکاندا، و، ئەبوبکر رسول محمد، دارالمعرفة، بيروت، ٢٠١٠، ل١٥٠-١٨٥.

[٣] حمدالله مستوفى القزويني: نزهت القلوب، بەاهتمام: گی لسترنج، دنيای کتاب، تهران، ١٣٦٢، ص٢٧.

[٤] محسن فتاحی، علی آقانوری: ناکار فرهنگی و اجتماعی تصوف عصر صفويان و نقش ان در تحکيم موقيعت فقيهان شيعه، پژوهشنامه اماميه، سال اول، شماره ٢، پایز و زمستان، ١٣٩٤، ص٦٨.

[٥] موحمد پیری: پنابردن ایرانیان به سرزمین هیند هەنگامی یورش مغولان، فصلنامەی مطالعات شبه قاره دانشگاه سیستان و بلوجستان، سال ششم، شماره ٢٠، زمستان، ١٣٩٣، صص٧٧-٨٠.

[٦] عبدالله مبلغی آبادانی: تاریخ صوفی و صوفیگری، چ١، انتشارات صر،تهران، ١٣٧٣، ج١، ص٢٠٩.

له گەیشتنی مەغۆلەکان بەخاکی ئێران لە ساڵی (٦١٦ک/١٢١٩ز) هەتاکو ڕووخانی خیلافەتی عەبباسی لە ساڵی (٦٥٦ ک/١٢٥٨ز)، بەماوەیەکی پڕ لە ئاژاوە و ململانێ دادەنرێت، چونکە هیچ دەسەلاتێک لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا نەیتوانی جێپێی خۆی قایم بکات، ئەمەش وایکردووە ناوچەکە بەناجێگیری بمێنێتەوە، سۆفیگەریی جگە لە پاشەکشە و چاوەڕوانی لەو ڕەوشە هیچ ڕۆڵێکی نەبێت[1].

لە پاش ڕوخاندنی دەسەلاتی عەبباسیەکان، کۆمەڵگەی موسڵمانان کەوتە ژێر دەسەلاتی هێزێکی نا موسڵمان کە مەغۆلەکان بوون، دەسەلاتدارانی مەغۆل شارەزایی تەواویان لە ئایینی ئیسلام نەبوو[2]، بەلام ئازادی ئایینی لە لای ئەوان شتێکی ئاسایی بوو، ئەمەش دەرفەتێکی باشبوو بۆ ئەوەی وردە وردە سۆفییەکان ببنەوە بەخاوەنی ئەو پلەو پایەی کۆمەلایەتیەی کە پێشتر هەیانبوو، ئەو ڕەوشە خراپەی سۆفییەکان هەروا بەردەوام نەبوو، لە بەر چەند هۆکارێک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پێگەی سۆفییەکان بەهێزتر دەبوو، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی لەم بارەیەوە ڕۆڵییان بینی بریتی بوون لە:ـ -

**یەکەم:** لەبەرئەوەی ڕووخانی خیلافەتی عەبباسی بەواتای لاوازی پێگەی ئایینزای سوننی دەهات، چونکە عەبباسیەکان پەیڕەوکاری ئایینزای سونە بوون، لەم بارەدۆخەشدا جیهانی ئیسلامی پێویستی بە جێگرەوەیەک هەبوو، تاکو بتوانێت جێگەی خیلافەتی عەبباسی بگرێتەوە، لەم کاتەشدا سۆفییەکان باشترین گروپ بوون بتوانن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ، لە بەرئەوەی بەشێکی سۆفییەکان سوننە بوون و پەیوەست بوون بە پێشەواکانیانەوە نەک دەسەلاتدارەکانەوە.

**دووەم:** هێرشی مەغۆلەکان کۆمەڵگەی موسڵمانانیان دوچاری شپرزەیی و ڕەوشێکی نائومێدی کردەوە، موسڵمانان پێویستیان بەوە هەبوو کە لەو ڕەوشە ڕزگاریان ببێت، لەبەرئەوەی سۆفییەکان پێگەو پایەی باشیان مابوو، کاریگەرترین گروپ بوون لە پاش ڕوخانی خیلافەتی عەبباسی، ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، سۆفیگەریی ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی، پاراستنی یەکبوونی موسڵمانان، هێشتنەوەی پێگەی ئایینی ئیسلام لەکۆمەڵگەدا، لەکاتێکدا بەهاتنی مەغۆلەکان ئەم پێگەیە لاواز ببوو.

[1] جعفريان: تاريخ ايران...، ص٦٠٠.

[2] بياني: دين ودولت درايران عهد مغول، ص٢٥٦.

**سێیەم:** هەرچەندە مەغۆلەکان کاریگەری خراپیان لەسەر موسڵمانان بەجێهێشت، بەڵام ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە ئەوان ئازادییان لە بواری ئاییندا پەیڕەوکرد[١]، ئەمەش یارمەتی زۆری سۆفییەکانی دەدا کە بتوانن بە ئاسانی بیروباوەڕەکانیان بڵاوبکەنەوە و بیگوازنەوە بۆ ناوخەڵکی، لەبەرئەوەی پێشتر فەقیهەکانی جیهانی ئیسلامی ڕێگرییان لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان دەکرد[٢]، سۆفییەکان توانیان سود لەم دۆخە ببینن وخۆیان ڕێک بخەنەوە، وا نیشانی بدەن سۆفیگەریی بەشێکی جیانەکراوەی ئایینی ئیسلامە و دەیان توانی لە چەند ڕێگەیەکەوە کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە دروستبکەن، ئەمەش وایکرد سۆفیگەریی ببێتە خاڵێکی گرنگ بۆ ئەو هێزانەی دەسەڵاتیان دەگرتەدەست.

بە هۆی ئەوە دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی سۆفیگەریی لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی عەبباسیەکان، هەموو جیهانی ئیسلامی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ئەمەش ئەو بیرو باوەڕەی لە لای مەغۆلەکان دروست کردووە، کە سۆفیگەریی هێزێکی کاریگەری جیهانی ئیسلامیە و ناتوانن ئەم گروپە لە بەرچاو نەگرن، هەروەها درکیان بەوەکردووە کە سۆفییەکان پێگەی ئایینیان لە کۆمەڵگەی موسڵمانان لە چاو گروپەکانی دیکە بەهێز تربووە، لە تەواوی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی شوێنکەوتەیان هەبووە، هەروەها سۆفییەکان بەبەراورد بە گروپەکانی دیکە زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕ و ئایینەکانی دیکەدا گونجاو بوون، ئەمەش لەگەڵ بیرو باوەڕی ئازادی ئایینی مەغۆلەکان یەکی دەگرتەوە، جگە لەوەی کە مەغۆلەکان شارەزاییەکیان لەگەڵ سۆفیگەریی هەبووە، چونکە سەربە ئایینی (شامانی[٣]) ونزیک لە سۆفیگەریی بوون[٤].

---

[١] منوچهر مرتضوی: مسائل عصر ایلخانان، چ١، انتشارات بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ١٣٨٥ه، ص٢٥٩.

[٢] یاسین محمد مفید: الحیاة الفکري فی العراق في القرن السابع الهجري، ص٥٩-٦٢ ؛ عمر سلیم عبدالقادر، متصوفة بغداد في القرن السادس الهجري /الثاني عشر المیلادي، ط١، دارالمامون، عمان، ٢٠٠٩م، ص١.

[٣] شامانی یەکێکە لە ئاینەکانی سەرەتاییەکانی باکوری ئاسیاو ناوچەی سیبیریا ،کە تایبەتمەندە بە بوونی جیهانێکی پەردە پۆش، وپشتبەستوو بە بیرو باوەڕی دنیای خواوەند و جنۆکە ورۆحی باب و باپیران و کە ئەو دنیایە تەنها وەڵامی شامان دەداتەوە، وە هەر ئەویش دەتوانێت چارەسەری نەخۆشی و دۆزینەوەی نهێنی شتەکان و کۆنترۆڵکردنی ڕوداوەکان بکات، کە پراکتیکییەو باس لە پێداویستییە ماددییەکانی ئەو کەسانە دەکات باوڕییان پێی هەییە، لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە لە چین ناسراوە، دواتر گوازراواەتەوە بۆ ناو نەتەوەی تورک و بەشێک لە هۆزە کانی مەغۆل. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(یونس خضری محمود:الدیانة الشامانیة والشامان عندالمغول حتی وفاة جنگیز خان،مجلة الدراسات التاریخیة والحضاریة المصریة،العدد ١٢،ج١،ابریل ٢٠٢٢م،ص١٨).

[٤] جۆرج لاین: عصر المغۆل، تعریب: تغرید الغضبان، ط١، مشروع کلمة، ابوظبي، ٢٠١١م، ص٢٥٢ -٢٥٣.

لەبەر ئەو هۆکارانە مەغۆلەکان هەستیان کردووە سۆفییەکان چینێکی گرنگن، ودڵنیابوون لەوەی کە یارمەتیدەرێکی باشیان دەبن لە حوکمڕانیکردنی کۆمەڵگەی موسڵماناندا، لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە گرنگیان بەسۆفییەکان دا[1]، هەوڵیاندا پێگەی سۆفییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بهێڵنەوە، لە چاو گروپە ئایینیەکانی دیکە ڕەفتاری نەرم لە بەرامبەریان بنوێنن، لە کاتێکدا پێشتر مەغۆلەکان ئەم شێوازە گرنگی پێدانەیان بەرامبەر هیچ گروپ و لایەنێک جێبەجێ نەکردبوو، چونکە مەغۆلەکان بەشێوەیەکی یەکسان حوکمڕانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان دەکرد، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان ئایین و ڕەگەز و نەتەوەکاندا[2].

ئەو ڕێز و پێگەیەی لە سەردەمی مەغۆلەکاندا بە سۆفییەکان درا تەنیا لە ئاستی سیاسیدا نەبووە، بەڵکو لە ئاستی چینی گشتی و چینە باڵاکانیشدا هەبووە، ئەمەش وایکردووە دەسەڵات و پێگەی ئابووری پەیدا بکەن و ناوچەیەکی فراوان لە عێراقی عەرەبی و فارس بکەنە موڵکی خانەقاکان، کە زۆر زیاتر بوو لە موڵکی سۆفییەکانی سەردەمی عەبباسی و سەلجوقی[3]، لە ئاکامدا پاش هێرشی مەغۆلەکان پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوەبینی لەڕووی کاریگەری و گرنگی پێگەکەی لە ناوجیهانی ئیسلامیدا، ئەم گرنگییەش لە سەردەمی دەوڵەتەکانی مەغۆل (ئیلخانی و تەیموری) زیاتر دەرکەوت.

## تەوەری دووەم: ڕەوشی سۆفیگەریی لە ئێراندا لەسەدەکانی (٨-٩ک/١٤- ١٥ز).

مەغۆلەکان پێش ئەوەی دەستبگرن بەسەر بەغدادا توانیان لە ناوچەکانی ئێران دەوڵەتێک دابمەزرێنن بەناوی دەوڵەتی (ئیلخانی)، کاتێک مەغۆلەکان لە ساڵی (٦٥٤ک/١٢٥٦ز) ئەم دەوڵەتەیان دامەزراند، ناوچەکانی ئێران بوونە پێگەیەکی گرنگی بواری سۆفیگەریی، لە بەرئەوە دەتوانرێت سەردەمی دەسەڵاتی ئیلخانییەکان بەسەردەمێکی گرنگی سۆفیگەریی دابنرێت، چونکە تەریقەتە سۆفیگەرییەکان بوونە خاوەنی پەیڕەوکارێکی زۆر، هەرچەندە سەردەمی ئیلخانی زیاتر بایەخ بەلایەنی ڕوکەشی سۆفیگەریی دراوە، بەڵام دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتی ئیلخانی وەک (غازان خان ٦٩٤ک_ ٧٠٣ک/١٢٩٥ _١٣٠٤ز)، و (ئەلجایتۆ ٧٠٣–٧١٦ک/١٣٠٧_١٣١٦ز) ، و (ئەبو

---

[1] ادوارد براون: تاريخ الادب في ايران من االفردوسي الى سعدي، تعريب: ابراهيم امين شورابى، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ٢٠٠٤م، ص٦٢٢.

[2] جۆرج لاين: عصر المغۆل، ص٢٥١ ؛ عباس العزاوي: تاريخ العراق بين احتلالين، چ١، مطبعة بغداد، بغداد، ١٩٣٥، ص٣٦ ؛ جعفر حسين خصباك: العراق في عهد المغول الايلخانيين، ط١، مطبعة العانى، بغداد، ١٩٦٨، ص١٨٧.

[3] محەمەد مفيد الياسين: الحياة الفكرية في العراق، ص٥٨ ؛عمر سليم عبدالقادر التلل: متصوفة بغداد في القرن السادس الهجري، ص٣٩.

سەعید ٧١٦_ ٧٣٦ک//١٣١٦_١٣٣٥ز) ، و وەزیرەکانیان (ڕەشیدەدین ٧١٨ک/١٣١٨زم) ، وکوڕەکەی (غیاسەدین ٧٣٦ک/١٣٣٥زم) یارمەتیدەر و هۆکاری سەرەکی گەشەسەندنی سۆفیگەریی بوون لە ئێراندا[١]، لەبەرئەوە لە سەردەمی دەسەڵاتداری کردنیاندا خانەقاکان لە برەوسەندن و زیادبووندا بوون و لە زۆربەی شارەکانی ئێران خانەقا هەبووە، وەک شارەکانی (تەبریز، ئەردبیل، هەمەدان، سمنان، ئەمول، هرات، کرمان شیراز، و چەند شارێکی تر)، ئەم خانەقایانە لەلایەن هەردوو وەزیری ئیلخانی (ڕەشیدەدین و غەیاسەدین) وە وەقفکراون بۆ سۆفییەکان ، ئەم دوو وەزیرە و خودی (غازان خان)ی دەسەڵاتداری ئیلخانی بەردەوام سەردانی ئەم خانەقایانەیان کردووە، هەتاکو لە کەم وکورتیەکانی بکۆڵنەوە[٢]، ئەوەش وایکردووە گرنگیپێدان و گەشەسەندنی خانەقاکان بەیەکێک لە تایبەتمەندیە سەرنج ڕاکێشەکانی ژیانی ئایینی سەردەمی ئیلخانییەکان دابنرێت، لە سەردەمی ئیلخانییەکاندا سەرەڕای ئەوەی خانەقاکان لە ڕوی ژمارەوە لە زیادبووندا بوون، لە هەمان کاتدا لە ڕووی ئەرکەوە لە پەرەسەندندا بوون، چونکە ببونە جێگەیەک بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان چینە جیاوازەکان وەک سیاسی و سۆفییەکان و پیاوانی دەسەڵاتدار وچینی گشتی، جگە لەوانە خانەقاکان ئەرکی خوداپەرستیکردن و خوێندن و خوێندەواریان لە ئەستۆدابووە[٣]، لەبەرئەوە بەردەوام پێویستیان بە فراوانکردن بووە هەم لەڕوی ڕوبەرەوە هەم لە ڕوی ژمارەوە، لەبەرئەوەش لە هەمووناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیلخانی بنیاتنرابوون، فراوانبوون وئاوەدانی خانەقاکان لەم سەردەمەدا بەواتای برەوی سۆفیگەریی دێتە هەژمار[٤]، ئەم خانەقایانە وەک ناوەندێکی بچوک وابوون، پێکهاتوون لە مزگەوتێک بۆ خوداپەرستی وگەرماوێک، و گۆڕی شێخە سۆفییەکان، کە پاش کۆچی دواییان لە خانەقاکان نێژرابوون، پاشان موریدەکانیان بۆ سەردانیکردنی گۆڕی ڕێبەرەکەیان چوونەتە خانەقاکان[٥]، لەو سەردەمەدا ئەو ڕێوڕەسمانە لە خانەقاکاندا ئەنجام

[١] ولي محمد احمد وند: تصوف و قدرت سیاسی بررسی رابطه سیاسی در عصر ایلخانان، چ١، نشر تاریخ ایران، تهران، ١٣٩٩، ص٢١-٢٢.

[٢] عبدالرفیع حقیقت(رفیع): مکتبهای عرفانی در دوران اسلامی، چ١، انتشارات کومش، تهران، ١٣٨٣ه، ص٢٣٣.

[٣] منوچهر مرتضوی: تصوف دردوری ایلخانان، نشریه زبان و ادبیات دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز، شماره ٤٢، پایز ١٣٣٦، ص ٢٩٧-٣٣٧.

[٤] ابن بطوطە لە سەفەرەکەیدا بۆ ناوچەکانی ئێران، ئاماژە بە خانەقا و ڕێوڕەسمەکانی دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە / ابن بطوطه: سفرنامه، ترجمه: محمد علی موحد، انتشارات بنگاه ترجمه و نشرکتاب، تهران، ١٣٤٨ه، ج٢، ص ٢٤٤-٢٧٨.

[٥] سید جلال موسوی: تصوف عصر صفوی و ادبیاتی آن دوره، چ١، مؤسسه انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٩٦ه، ص١٤.

دراون گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و شێوازی جۆراوجۆر و فراوانتری وەرگرتووە، ئەمەش پلەوپایەی شێخەکانی بواری سۆفیگەریی زیاتر بەرزکردۆتەوە[1].

بەدەر لە فراوانبوون و زیادبوونی ژمارەی خانەقاکان، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گەشەی سۆفیگەریی و زۆربوونی ژمارەی سۆفییەکان و شوێنکەوتوانی سۆفیگەریی، زۆربوونی ستەمی دەسەلاتدارانی ئیلخانی بوو بەرامبەر بە چینی گشتی، لەبەرئەوەی ئەو ستەمەی مەغۆلەکان لە سەرەتای هێرشەکانیان لە ناوچەکانی ئێران دروستیانکرد، لە سەردەمی دەوڵەتی ئیلخانی بەردەوامی هەبووە، بەهۆی ئەوەی سروشتی ستەمکاری و نادادپەروەری زاڵبووە، ژیانیان لە خەڵکی ژێر دەسەلاتیان گرانکردووە، ئەو زیادە باج وکارە زۆرەملێیەی کە ئیلخانییەکان بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندویانە، خەڵکیان ناچارکردووە ناوچەکانیان بەجێبهێڵن، و ئەمەش زەویە کشتوکاڵیەکانی بێ بەرهەم هێشتووەتەوە، بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەژاری، ئەم ڕەوشەش بەدرێژایی ماوەی دەسەلاتی ئیلخانی بەردەوام بووە[2]، کە خەڵکی گشتی توشی نائومێدی کردبوو، لە ڕەوشێکی لەم جۆرەدا، خەڵکی زیاتر چاویان لە خانەقا و تەریقەتە سۆفیگەرییەکان بووە لەوەی بتوانن ببنە پەناگە بۆیان و لەو ڕێگەیەوە بتوانن داوای مافی خۆیان بکەن، لەبەرئەوە خەڵکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕویان لە خانەقاکان کردووە، چونکە خانەقاکان بونەتە جێگەیەک بۆ کەسانی ستەم لێکراو، و ئەوکەسانەی کە هێزی سیاسی و سەربازی پێشوتریان لە دەستچووبوو[3]، شێخەکان دەیانتوانی پارێزگاریان لێبکەن، خانەقاکانیش بونەتە ناوەندێکی ڕوحی، وتوانیویانە سەرنجی خەڵکی ئازارچەشتوو ڕابکێشن.

دەتوانرێت بگوترێت لەگەڵ زیادبونی ستەم و زۆرداری دەسەلاتدارانی ئیلخانی لە ناوچەکانی ئێراندا، ژمارەی ئەو کەسانەی ڕوویان لە سۆفیگەریی کردووە لەزیاد بوندا بوون، لە هەمان کاتتدا ئەو بابەتانەش کە پەیوەندیان بە سۆفیگەرییەوە هەبووە وەک تەریقەتەکان و خانەقاکان لە فراوانبوندا بوون، بە کۆتاییهاتنی دەسەلاتی ئیلخانی لە ساڵ (٧٣٦ک/١٣٣٥ز) بۆ ماوەی(٤٠) ساڵ، واتە تاکو دامەزراندنی دەوڵەتی تەیموری لە ساڵی (٧٧١ک/١٣٦٩ز[4])، لە ناوچەکانی ئێران کۆمەڵێک یاخی بوون و ململانێی سیاسی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، ئێرانیان بەرەو ناسەقامگیری و ئاژاوەگێڕی زیاتر بردووە، هەرچەندە ئیلخانییەکان بە دەسەلاتێکی بێگانە

---

[1] احمد علی رجایی: فرهنگ اشعار حافظ، چ٢، انتشارات علمی، تهران، ١٣٦٤ه ،ص ٤٥٦.

[2] عدالحسین زرین کوب: روزگاران، نشر سخن، تهران، ١٣٧٨، ص٥٤٤-٥٤٥.

[3] رضا شعبانی: مبانی تاریخ اجتماعی ایران، انتشارات قومس، تهران، ١٣٦٩، ص١٩٩.

[4] لوسین بوا: تاریخ مغول (تیموریان)، ترجمة: محمود بهفروزی، ویرایش دوم، انتشارات آزادمهر، تهران، ١٣٨٩، ص٢٨.

هەژمارکراون سەبارەت بە جیهانی ئیسلامی و ئێران، بەڵام بە کۆتایی هاتنیان نەک ڕەوشی موسڵمانان باشتر نەبووە، بەڵکو کۆمەڵگە زیاتر بەرە و داروخان ڕۆیشتووە.

لەڕەوشێکی ئاڵۆزدا، جارێکی دیکە سۆفیگەریی دەبووە جێگەی گرنگیپێدانی خەڵکانی بارگرانی ئەوسەردەمە، دەتوانرێت بگوترێت لە ڕەوشیکی کۆمەڵایەتی خراپدا خەڵکی ئێران بەتەواوەتی سۆفیگەرییان پەسەند کرد و پاشان وەریانگرت، لە بەرئەوەی سۆفیگەریی وەک ڕزگارکەر، لەکاتی زیادبونی ستەمە کۆمەڵایەتیەکان لێی ڕوانراوە، بەردەوام خەڵکانی ئازاردراو ڕویان لە خانەقاکان کردووە، ژمارەی خانەقاکان بەردەوام لە زیاد بوندا بوون، خەڵکی زیاتر پەیوەست دەبون بەخانەقاکان و تەریقەتە سۆفیگەرییەکانەوە، چونکە بانگەشەی برایەتی و لێخۆشبونیان دەکرد، و خەڵکی چێژیان لە یارمەتی و پاکی سۆفییەکان و ڕێبەرەکانیان وەرگرتووە[1].

تەنها هۆکاربۆگەشەی سۆفیگەریی خراپی ڕەوشی سیاسی نەبوو، بەڵکو ڕۆڵی سۆفییەکان و چالاکیان لەو سەردەمەدا هۆکارێکی گرنگی دیکە بوو بۆ ئەوەی بەردەوام تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە گەشەکردندابن، ئەرکی ڕێبەرەکانی سۆفیگەری و ئەوهەڵوێستانەی کە هەیانبووە، کاریگەری گرنگی هەبووە لەسەر گەشەکردنی سۆفیگەریی، چونکە ئەرکی شێخەکان بەتەنها لە چوارچێوەی ئامۆژگارییکردنی سۆفییەکان بۆ خوداپەرستی وخزمەتکردنی خەڵک بۆ دورکەوتنەوە لە خراپەکارییە ئەخلاقیەکاندا نەمایەوە[2]، یان ئەرک شێخەکان تەنها لەو ئاستەدا نەمایەوەکە ژیانێکی زاهیدانە هەڵبژێرن، بەڵکو ئەرکەکەی گۆڕانکاری بەسەرداهات، لە پاڵ ئەو ئەرکانەدا دەستیانکرد بە ناڕەزایەتی دەربڕین و وەستانەوە بەڕوی ستەم و خراپی سیاسەتی ئەو سەردەمە[3]، ئەم دیاردەیەش لە سەردەمی دەوڵەتی تەیمورییدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت،

---

(1) منوچهر پارسا دوست: مغولان و نقش آنان در به قدرت رسیدن صفویان، مجله بخارا، شماره ٤٣، مرداد و شهریور، ١٣٨٤، ص١٠٧ – ١١٨.

(2) محسن کیانی: تاریخ خانقاه در ایران، چ١، انتشارات طهوری، تهران، ١٣٦٩، ص٢٠.

(3) سۆفیگەریی هەرلەسەرەتاوە پیوەست بوە بە ڕەخنەو ناڕەزایەتیەوە، لەرۆژانی پاش کۆچی دوایی پێغمبەر(د.خ )، بەشێک لە هاوەڵان خۆیان لەژیانی سادە دوورخستەوە، و گروپێکیش وەک ناڕەزایەتی لەبەرامبەریان، شێوازی زاهیدانەی ئاینیان گرتەبەر، لەگەڵ بەردەوامی زیادبوونی گرنیدان بەشتەمادییەکان لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەوی وعەبباسی، سۆفیەکان بەردەوام بون لەدورکەوتنەوەی ژیانی دونیا، بەمجۆرە دەکرێت ڕۆڵی سۆفییەکان هاوشێوەی بزووتنەوە دژە بە زوڵمەکان هەژماربکرێت، تەنانەت هەندێک جار سۆفیگەرییی وەک یەکێک لە هۆکارەکانی بزوتنەوی شعوبییە تەماشاکراوە، هەر لەبەرئەمەش بەردەوام بزووتنەوەیەکی جەماوەری بووە ، ئەو هێزە جەماوەریەی سۆفیەکان وای لە شێخەکان کرد توانای وتنی نەخێرو ڕەتکردنەوەی قسەی کەسانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیان هەبێت، لەم جۆرە هەڵسوکەوتەی شێخەکانی

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سۆفیگەریی ڕۆژ بە ڕۆژ شوێنکەوتەی زیاتر بێت تەریقەتە سۆفیگەرییەکان ژمارەیان زیاتربێت.

لە سەردەمی دەوڵەتی تەیموورییدا (٧٧١_ ٩١١ک/١٣٧٠_ ١٥٠٦ز) ، هەمان ئەوهۆکارانەی کە لە پێش ئەواندا هەبوون بۆگەشەی سۆفیگەریی هەر بەردەوام بوون، لەبەرئەوەی ئەو ئازارانەی خەڵکی لە پێشوتردا دەیانبینی لە سەردەمی تەیموورییدا بەردەوامبوون، ئەوەش خەڵکی زیاتر بەلای سۆفیگەرییدا ڕاکێشاوە، بێگومان شێخەکانی سۆفیگەری لە ڕەوشێکی وەهادا ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بەجێگەیاندووە، و بەشێوازی جۆراو جۆر ڕەفتاریان کردووە، هەندێکیان بەبێ ناونیشان لە دوری کۆمەڵگە ژیاون، لە نموونەی ئەمانە (کەمالەدین ئەبولوەفا و شێخ مەحمود عەتتار)، تەنانەت ترسیان هەبوو لەڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتداران، بەڵام برێکی دیکە لە شێخەکان وەک (شێخ ئەمینەدین کازۆنی و مەمدوح حافز) وهاوشێوەکانیان لەپێناو لابردنی ستەم لەگەڵ فەرمان ڕەواو بەرپرسەکاندا کۆبونەتەوە[(١)].

دەرئەنجامی گەشەی سۆفییەکان پێش سەردەمی دەوڵەتی تەیموری، و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی کە ڕویان لە سۆفیگەریی دەکرد، بووەهۆی زیاد کردنی کاریگەری تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی ئەوکاتە، چونکە ببونە جێگەی گرنگیپێدانی کەسانی دەسەڵاتدار و کەسانی سیاسی، ئەمەش پەیوەندی نیوان سۆفییەکان و سیاسیەکانی زیاترکردووە، بەمەش بەرژەوەندی سۆفییەکانی لە ناوسیاسەت زیاتر کردووە، ئەم بەرژەوەندیەش پێشتر لەسەرەتای هێرشی مەغۆلەکانەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام لە سەردەمی دەوڵەتی تەیموری گەیشتوەتە ئاستێکی باڵاتر، و بەردەوام بووە هەتا ئەوکاتەی دەوڵەتی سەفەوی لە ناو خانەقاکاندا سەری هەڵداوە.

بەتەنیا پێگە جەماوەری سۆفییەکان هۆکار نەبووە بۆ پێشکەوتنی ڕۆڵی سیاسییان، لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزگرتن لە پێگەی سۆفییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە هۆکاری گرنگ بوون بۆزیاد کردنی پێگەکەیان، (تەیمورلەنگ) کە دامەزرێنەری دەسەڵاتی تەیموری بوو، کاتێک شارێکی داگیر کردووە، سەردانی گەورەکانی ئەوشارەی کردووە، و سەردانی گۆڕی سۆفییە ناودارەکانی کردووە داوای لێخۆشبون و سەرکەوتنی لێکردوون[(٢)]، وەک خۆی باسیکردوە ((بە هەمووپەرۆشیەکی خۆیەوە هەڵسو کەوتی لەگەڵ پیرو شێخەکاندا کردووە، سادات، زانا، پیرو

---

سۆفیگەرییی چەندجارێک بەرچاودەکەوێت لە سەرەتای هاتنی مەغۆلەکان و پاش دامەزراندنی دەسەڵاتەکەشیان بۆ زانیاری زیاتر بروانە/ (سعید نفیسی: سرچشمە تصوف در ایران، ص٥٥ ؛ ریاض عبدالحسین راضي البدراوي: مكانة التصوف في مجتمع مغول فارس والعراق (٦٥٦_٧٣٨ ه) (دراسة تاريخية) ,لارک الفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية, العدد ٢٣, ٢٠١٦ م, ص١٣١_١٣٦ ).

(١) غنی: بحث در آثار و افکار و احوال حافظ، ص١٠٦٣.

(٢)نظام الدين شامی: ظفر نامە، تصحیح: فلکس تاور، چ١، کتابخانە دولتی پراگ، ١٩٥٦، ص ٧٢.

ڕۆشنبیر و هاوەڵانم هەڵبژارد، سەرم دانەواند بۆیان، ڕێزم گرتن چومە دڵی هاوەڵان و لەناو دڵەکاندا بەدوای بویریدا گەڕام ئەوەم کردوو داوای لێبوردنم لە رۆحە بەختەوەرەکەیانکرد) )[١].

پەرۆشی تەیمور بۆ شێخەکان تەنها بۆ دەرخستنی تواناو دەسەڵاتی خۆی نەبوو، بەڵکو بۆ خزمەتی دەوڵەتەکەی بوو، تاکو بتوانن هەموان لە ژێر سایەی دەسەڵاتەکەی هەموان بە ئاسودەیی بژین، لەم پێناوەشدا گرنگی بەوان داوەو بژێوی ژیانی بۆ دابین کردوون، چەندین شوێنی لەژێر دەسەڵاتەکەی لەگوند وکێڵگە و زەوی وزار کڕیوە، وەقفی کردوەتە سەر خانەقاکان و شێخەکانی سۆفیگەریی[٢].

لە راستیدا بەهێزی کەسایەتی (تەیمورلەنگ)، لە بواری سیاسیدا ڕێگربووە لە وەی سۆفییەکان بزووتنەوەی سیاسی ئەنجام بدەن، بەڵام بە مردنی تەیمو هەلی بۆ سۆفیگەریی سیاسی رەخساند، چونکە دوای مردنی تەیمورو جێنشینەکانی هەمان هێزودەسەڵاتی ئەویان نەبوو[٣]، لەبەرئەوەش لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران بزووتنەوە سۆفیگەرییەکان دەستیان بەچالاکی وجوڵە کرد، لەم زەمینەیەدا بزووتنەوەکانی (حروفیە، نوربەخشی، سەفەوی) سەریان هەڵداوە.

سەرباری ئەوەش لەم قۆناغەدا مەیلی سۆفییەکان بۆ سیاسەت تەنها لەبەرئەو زەمینەسازیە نەبوو کە لە ئارادابوو، بەڵکو هەندێک لە تەریقەتەکانی وەک (نوربەخشی و سەفەوی) بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای پێویستی گرتنەدەستی دەسەڵات بە ئاراستەی دەسەڵات دەڕۆیشتن، لە سەردەمی حوکمڕانی (تەیمورلەنگ و شاهروخی کوڕیدا) واتا لەنێوان ساڵانی (٧٧١ک/١٣٧٠ز) هەتا (٨٥٠ک/١٤٤٧ز) ، سۆفییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە پشتیوانی خەڵک و سەرکردەی بزووتنەوە دژە بە حکومەتەکان[٤]. بەڕادەیەک سۆفییەکان  گەیشتنە ئەو پێگەیەی کاتێک دەچوونە ناو ململانێیەکی دەسەڵاتەکانەوە، کاریگەرییان لە بەرژەوەندی لایەنگرەکانییان دروست دەکرد، نموونەی ئەم جۆرە پشتگیرییە، لایەنگری (خواجە محمد پارسا)کە سەربە تەریقەتی نەقشبەندیبووە بۆ (میرزادە شاهروخ) لە بەرامبەر (میرزادە خەلیل)، کە هەردوکیان میرزادەی تەیموری بوون، هەرچەندە ئەم شێخە نەقشبەندیە لە خاکی میرزا خەلیلدا بوو، بەڵام لایەنگری (شاهروخ) بوو، لە ناو مزگەوتی (بوخارا) هەڕەشەکانی شاهروخی بۆ خەڵکی

---

[١] ابو طالب حسینی تربتی: تزوکات تیموری، چ١، کتاب فروشی اسدی، تهران، ١٣٤٢, ص١٦٦.

[٢] شیخ حسین فرزند شیخ ابدال زاهدی: سلسلة النسب صفویه، چاپخانه ایرانشهر، برلین, ١٣٤٣. ص٤٨.

[٣] هانس روبرت رویمر: ایران درعصرجدید (تاریخ ایران از١٣٥٠-١٧٥٠ه)، ترجمة: آذر آهنچی، چ٢، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨٥، ص٢٩-٤٠.

[٤] زرین کوب: عبد الحسین زرین کوب: دنباله جستجو درتصوف ایران ,چ٣ ,چاپخانه سهپر ,تهران ,١٣٦٩ ه، ص٢٠٦.

خوێندووەتەوە، تەنانەت کاتێک (شاهروخ) ویستویەتی دەست بەسەر شاری بوخارادا بگرێت، وئەم شێخە دەستی لە هاندانی خەڵکی دژی (میرزا خەلیل) هەبووە، وسەرەنجام بووەهۆی شکستی (میرزا خەلیل) لە ململانێی بەرامبەر (شاهروخ[١]).

لێرەوە دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتی تەیموری بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکانیان هەوڵیانداوە سود لە پێگەی شێخەکانی سۆفیگەریی وەربگرن، وەک ئەوەی (سولتان ئەبوسەعید٨٥٤ _ ٨٧٣ک/١٤٥٠_١٤٦٨ز) توانیەتی لە ساڵی(٨٥٥ک/١٤٥٢ز) سود لە شێخەکانی سۆفیگەریی وەربگرێت لەنێویاندا (ئەبوعوبیدوڵای ئەحرار)[٢]، کەیەکێک لە هۆکارە سەرکیەکانی گرتنەدەستی دەسەڵات بووە لەلایەن (ئەبوسەعید)ەوە، تەنانەت پاش ئەوەی (ئەبوسەعید) دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، پشتگیری ئەو شێخەی بەکاردەهێنا بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتەکەی[٣].

بەکوتی بەدرێژایی سەدەی (٩ک/١٥ز) کۆمەڵگەی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی تەیموریەکان دوچاری ڕەوشێکی خراپ هاتووە، بەتایبەت شوێنگرەوەکانی (تەیمورلەنگ)، چونکە وڵاتی ئێرانیان توشی پارچەپارچە بوون کردوەتەوە، لە بەرئەوەی هیچ دەسەڵاتدارێکی بەهێز نەبووە بتوانێت، لە دژی گروپە دەسەڵاتخودازەکان هەنگاوی کرداری بگرێتەبەر و بنەبڕیان بکات و کاریگەریان نەهێڵێت، لەبەر ئەمەش گروپە دەسەڵات خوازەکانی وەک (ئاق قۆینلو ، قەرەقۆینلو ، موزەفەری و جەلایریەکان) بە شێوەیەکی فراوان چالاکیەکانیان دەبینران[٤]، لەو ڕەوشە ئاڵۆزەشدا خەڵکی زیاتر بەرەو سۆفیگەریی دەچوون و پێگەی شێخەکانیان بەرز دەنرخاند.

## تەوەری سێیەم: تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی ئێران لەسەدەکانی(٨-٩ک/١٤-١٥ز)دا:

بەهاتنی مەغۆلەکان و دەوڵەتە پاشکۆکانیان پێگەی سۆفیگەرییان بردە ئاستێکی بەرز، ئەم پێگە بەرزەی سۆفیگەریی، لەبەر پێشینەی پێگەی سیاسی سۆفییەکان نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی کاریگەری ئەو بیروباوڕە بووە کە بناغەی سۆفیگەریی لەسەر بنیاتنراوە، کە بریتیبووە لە کرانەوە بەرامبەر هەموو ئایین و بیر و باوەڕە جیاجیاکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆبەدور گرتنیان لەمشتومڕی کینە هێنەر، وململانێ دروستکەر، لەگەڵ ئەمەشدا بانگەوازی سۆفییەکان بۆ

[١] فخرالدین صفی: لطائف الطوائف، بەاهتمام: سید ابراهیم نبوی، چ١، انتشارات روزنه، تهران، ق١٣٧٨،ص٦١-٦٢.

[٢] هەمان سەرچاوە، ص٥١٩.

[٣] معین الدین محمد اسفزاری: روضات الجنات فی اوصاف مدینة هرات، چ٢، با تصحیح و حواشی و تعلیقات: سید محمد کاضم امامی، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٣٨، صص(١٧٧-١٧٩).

[٤] مسعود محمدی: تحولات سیاسی اجتماعی و اقتصادی ایران در دوره تیموریان و ترکمانان، انتشارات مبنای فرد، تهران، ١٣٩٦، صص٣٤-٥١.

ژیانێکی سادە و زاهیدانە و دور لە ململانێ لە ناوکۆمەڵگەدا، کە لەلای زۆرینەی چین و توێژەکانەوە پەسەندبوون، هەروەها شێخەکانی سۆفیگەریی کە زیاتر خاوەن دەسەڵاتێکی روحانی بوون، لە هیچکام لە گروپە ئایینیەکانی دیکە خاوەنی پێگەیەکی ڕوحانی لەوشێوەیە نەبوون لەو سەردەمەدا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سۆفیگەریی جێگەیەکی گەورە بەدەست بهێنێت لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەوسەردەمەدا، کە سەرچاوەی گرتبوو لە پەیوەندی دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ شێخەکانی سۆفییەگەری، و ئەو پیرۆزیەی کە کۆمەڵگە بە سۆفییەکانی بەخشیبوو، ئەو پشتگیریەی لە زیندوکردنەوەی ڕێوڕەسم و بۆنەکانی سۆفییەکان دەکرا، لەگەڵ ئەویارمەتیە ئابووریانەی کە لەلایەن چینە جۆراوجۆرەکانەوە پێشکەشی خانەقاکان دەکرا، ئەمانە بونە هۆی دروستبوون و گەشانەوەی ژمارەیەک تەریقەتی سۆفیگەریی، کە چالاکانە سەرقاڵی جێبەجێکردنی کاروباری سۆفیگەریی خۆیان بوون، لە تەواوی ناوچەکانی ئێراندا بڵاوبوونەوە، بەجۆرێک هەرکەسێک پەیوەستبووە بە شێخێکەوە و پەیڕەوی تەریقەتی ئەو شێخەی کردووە لە ژێر ڕێنمایی ئەودا بوو، شێخەکان لە زاناکان و ئیمامەکان پێگەیان زیاتربووە، تەنانەت هەندێکجار لە سوڵتانەکانیش قسەیان زۆرتر ڕۆشیووە، لە گرنگترین تەریقەتەکانی ئەوکات کە لە ئێراندا هەبوون و خاوەن شوێنکەوتە بوون و چالاکبوون بریتی بوون لە: -

**یەکەم/ تەریقەتی نیعمەتوڵاهی**: ئەم تەریقەتە یەکێکە لە تەریقەتەکانی ئێران کە لە سەدەی (٨ک/١٤ز) لەسەردەستی عاریف و شاعیر و سەیدی بەناوبانگ (نعمەتوڵای کرمان٧٣٠_٨٢٠ک)ی دامەزراوە، لە هەردووسەدەی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) یەکێکبووە لە تەریقەتە چالاکەکانی سەربە ئایینزای شیعە[1]، لە بەرئەوەی کە(شا نیعمەتوڵا) لە لایەن (سوڵتان شاهروخ ٨٠٨_٨٣٩ک/١٤٠٦_١٤٣٨ز) لە دەوڵەتی تەیموری، و سوڵتان (دەجان ئەحمەد٨٢٦_٨٣٩ ک/١٤٢٥_١٤٣٨ز) دەسەڵاتداری هیندستان پشتیوانی کراوە، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ بڵاوبونەوەی تەریقەتەکە لەناوچەکانی ئێران وهیندستان، لەپاشاندا چەند لقێک لەم تەریقەتەدروست بوون[2]، لە ئەنجامی پەرەسەندنی گروپە سۆفیگەرییە شیعەکان، و دروستبوونی ململانێ لە نێوانیاندا، تەریقەتی نیعمەتوڵاهی لە سەدەی (٩ک/١٤ز) لە ململانێدابووە لەگەڵ تەریقەتی سەفەوی لە پێناو گەشەپێدانی پێگەی تەریقەتی خۆیان بەدەستهێنانی شوێنکەوتەی زیاتر.

---

[1] عبدالله مبلغی آبادی: تاریخ تصوف و صوفیگری، انتشارات حر، قم، ١٣٧٦، ج٢، ص٦٢٠.

[2] عبدالرفیع حقیقت: تاریخ عرفان و عارفان ایرانی از بایزید بسطامی تا نورعلیشاه گنابادی، انتشارات کومش، تهران، ١٩٧٧،ص ١٦.

**دووەم/ تەریقەتی بەگتاشی:** تەریقەتێکی سەربە ئایینزا سوننەیە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی (٨ک/و١٤ز) لەسەردەستی کەسایەتیەک بەناوی (حاجی بەگتاش) دامەزراوە،کە ناوی تەواوی(محمدی کوڕی ئبراهیم کوڕی موسای خۆراسان)ییە و لە خۆراسانەوە هاتوەتە ئانا تولیا و لە ناوەڕاستی سەدەی ٧ک/١٣ز مردووە، و پێی وابووە کە سودو بەهای هەموئایینیەکان وەک یەکن[١]، و هەچەندە تەریقەتەکە سەربە ئایینزای سوننە بووە، بەڵام لە بیروباوەڕو ڕێوڕەسمەکانیاندا زۆر نزیکبووە لە ئایینزای شیعە، جل وبەرگیان زیاتر ڕەنگی سپیان پۆشیوە و کڵاوی سپییان لە سەر کردووە[٢].

**سێیەم/ تەریقەتی رفاعی:** لەلایەن (ئەحمەد رفاعی٥١٢_٥٧٨ک / ١١١٨_-١١٨٢ز) دامەزراوە، هەرچەندە (ئەحمەد رفاعی) لە شاری (بەسرە) لەدایک بووە[٣]، بەڵام دواتر تەریقەتەکە پەرەی سەندووە و لە ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا بڵاو بۆتەوە، لە ماوەی نێوان هەردوو سەدەی (٧_٨ک/ ١٣_١٤ز) لە ناوچەکانی ئێران بۆتە خاوەن شوێنکەوتەیەکی زۆر، بە یەکێک لە تەریقەتە سۆفیگەرییە چالاکەکان دادەنرێت لەوسەردەمەدا، بنەڕەتی ئەم تەریقەتە دەبەسترتێتەوە بە شێخ (مەعروف کەرخی)[٤].

**چوارەم/ تەریقەتی قەلەندەری:** سەرچاوەی دەرکەوتنی ئەم تەریقەتە وڵاتی هیندستانەو، دواتر لە ئێران بڵاو بۆتەوە و ڕێوڕەسمی تایبەت بەخۆیان هەبووەو بەزۆری لە کۆمەڵگە دابراوبوون، کەسێک بەناوی (جەمالەدین ساوەیی) بە دامەزرێنەری ئەم تەریقەتەدانراوە[٥].

**پێنجەم/ تەریقەتی چەشتیە:** بنەرەتی ئەم تەریقەتە دەگەرێتەوە بۆ کەسایەتیەک بەناوی (موعینەدین چشتی) کە لە ساڵی (٦٣٤ک/١٢٣٦ز) کۆچی دوایکردوە، ومێژوونوسان بنەچەی (موعینەدیین چەشتیان) گەڕاندوەتەوە سەر (ئیبراهیم ئەدهەم) گەورە سۆفی ئیسلامی، ناوەندی تەریقەتی چەشتی شاری (هەرات) بووە، هەرچەندە زۆربەی چالاکیەکانی لە هیندستان بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی (٧ک/١١٣ز) هەتا (٩ک/١٥ز) خاوەنی شوێنکەوتەیەکی بەرچاو

---

[١] حقیقت: مکتبهای تاریخ عرفان وعارفان ایرانی، ص١٢١.

[٢] ابادی: تاریخ تصوف و صوفیگری، ص٣٨٧.

[٣] یونس الشیخ ابراهیم السامرائي: السید احمد الرفاعي، ط٢، مکتبة الشرق الجدید، بغداد، ١٩٨٨، ص٩-١٤.

[٤] جامي: نفحات الانس، ص٣٩.

[٥] ابن بطوطة: رحلة ابن بطوطة (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الاسفار)، دار بیروت، بیروت، ١٩٩٧، ص٣٣-٣٤.

بووه، له گرنگترین پەیڕەوکارەکانی (ئەمیر خەسرەو دەهلەوی) شاعیرو (ئەشرەفەدین سەنایی) خاوەنی کتێبی (لطایف اشرەفی) بووه[١].

**شەشەم/ تەریقەتی جەلالیە:** بنەرەتی ئەم تەریقەتە گەڕێنراوەتەوە سەر کەسێک بەناوی (جەلالەدین بوخاری ٧٠٧ک_٧٨٥ک/١٣٠٧_١٣٨٣ز)، هەندێکجار بە (مخدوم جیهانیان) ناویان دەرکردوە، ئەم تەریقەتە سەر بە ئایینزا شیعەن، پەیڕەوانی ئەم گروپە زۆر رەچاوی ڕێساکانی ئیسلامیان نەکردوە، وەک تەریقەتەکانی دیکە پابەند نەبوو بە درێژکردنەوەی ریش و قژیان، ئەو بەخششانەی دەستیان کەوتووە پێشکەشی گەورەی تەریقەتەکیان کردووە، لەسەدەکانی (٨ک/١٤ز)و(٩ک/١٥ز) بەدرێژایی ناوچەکانی هیندستان هەتاکو ئاسیای ناوەراست چالاکی سۆفیگەرییان هەبووه[٢].

**حەوتەم/ تەریقەتی قادری:** شێخ (عەبدولقادری گەیلانی٤٧١_-٥٦١ک و١٠٧٧-١١٦٦ز) ڕێبەرو دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە بووە، کە کوردێکی خەڵکی گوندی (گەیلانی) نزیک (کرماشانە)، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کوردستان، هەر لە تەمەنێکی کەمەوە چووەتە شاری بەغداد بەمەستی خوێندن، پاشان هەرلەبەغداد وانەی گوتووەتەوە، لە فەتواکانیدا هەوڵیداوە لە نێوان ئاییىزاکانی (شافعی وحەنبەلی)دا میانگیری بکات[٣]، ئەم تەریقەتی لە سەدەکانی (٧ک/١٣ز) هەتا سەدەی (٩ک/١٥ز) لەگەشەسەندنی بەردەوامدا بووە لە ناوچەکانی ئێران، بەڵام لە دوای ئەوەی سەفەویەکان دەسەڵاتیان دامەزراند، لە بەر ئەوەی پەیڕەوکارەکانی تەریقەتی قادری سەربە ئایینزای حەنبەلی بوون، و سەفەویەکانیش شیعە بوون، شوێنکەوتوانی تەریقەتی قادری لە ئێران دەرکراون و چالاکیەکانیان سنوردار کراووە، پەیڕەوکارەکانیان ڕەنگی سەوزیان وەک هێمای خۆیان زانیووە[٤].

**هەشتەم/ تەریقەتی سهرەوەردی:** لەلایەن شێخ (عومەرسوهرەوەردی٥٣٩_٦٣٢ک/١٢٣٤_-١١٥٥ز) کە دەکاتە برازای گەورە سۆفی ئیسلامی شێخ (عەبدولقادری کوڕی عەبدوڵڵای سوهرەوەردی ٤٩٠-_٥٩٢ک/١٠٩٧_١١٦٨ز) ، لەسەدەی(٧ک/١٣ز) ئەم تەریقەتە دامەزراوە[٥]، هەچەندە (شێخ عومەر) لە (سهرەوەرد) لە دایکبووە، بەڵام دواتر بۆخوێندن کۆچی کردوە بۆ بەغداد، ولەوێ پێگەیەکی گرنگی بۆخۆی پەیداکردوە، و (تەریقەتی سوهرەوەرد) ی دامەزراندوە،

---

[١] جوزقانی،عبدالرئوف نصیری و دیگران: سیر تاریخی _فکری طریقت چشتیه (از اغاز تا پایان اعتلا آن)،مجله خراسان بزرگ ، سال ششم، شماره(٢١)زمستان ،١٣٩٤،صص١٠٧_١٢٠.

[٢] حقیقت: مکتبهای عرفان در دوران اسلامی، ص١٦٨.

[٣] ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چ٣، سەنتەری برایەتی، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٨.

[٤] حقیقت: مکتبهای عرفان در دوران اسلامی، ١٤٧.

[٥]شمس الدین الذهبی: سیراعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، بیروت، ٢٠٠١، ج٢٢، ص٣٣.

له پاشاندا له ناوچەکانی ئێران شوێنکەوتەی تەریقەتەکەی زۆربووە، له گرنگترین شوێنکەوتووەکانی  ئەم تەریقەتە (شێخ زاهید[١]) بووە کە مامۆستا و شێخی (سەفییەدین ئەردەبیلی) دامەزرێنەری تەریقەتی سەفەوی بووە[٢].

**نۆیەم/ تەریقەتی کوبرەوی:** له لایەن شێخ (نەجمەدین کوبرەوی خوارەزمی) له ساڵی (٦١٨ک /١٢٣٠ز) دامەزراوە وتاکو سەدەی (٩ک/١٥ز) له ناوەڕاستی ئاسیا پەڕەوکاری هەبووە، (شێخ نەجمەدین) له سەرەتاکانی تەمەنی بەمەستی خوێندن زۆربەی شارەکانی ئێران گەڕاوە، له پاش دامەزراندنی تەریقەتەکەی ژمارەیەکی باش شوێنکەوتەی بۆ تەریقەتەکەی بەجێهێشتووە، له گرنگترین پەیڕەوکارەکانی وەک (محمد عەتتار) و (نەجمەدین رازی) و (موحەمەد بەلخی) ناسراو بە (مولوی)، ئەو گەشەسەندنەی تەریقەتی کوبرەوی لەسەدەی شەشەم وحەوتەمدا وایکردبوو، ترس له لای دەسەڵاتدارانی سیاسی ناوچەکە دروست ببێت، و بڕیاری دورخستنەوەی (شێخ مەجدەدین بەغدادی) بدرێت بۆ دەرەوی ناوچەکانی ئێران، کە یەکێک بوو له کە سایەتیە گەورەکانی تەریقەتەکە[٣].

**دەیەم/ تەریقەتی نوربەخشی:** دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە (موحەمەد نوربەخش٧٩٥_٨٦٩ک) سۆفی سەربە ئاییزای شیعە بوو، موحەمەد له ساڵی (٧٩٥ک/١٣٩٢ز) ناوچەی (کوهستان) له دایک بووە، له بەرئەوەی له تەمەنی منداڵیدا کەسێکی زیرەک و لێهاتوو بووە و له هەمانکاتدا ناوی هاوشێوەی مەهدی چاوەڕوانکراوبووە، له سەرداوای شێخ (خواجە ئیسحاق)ی مامۆستای (شێخ موحەمەد نوربەخش) ی دامەزرێنەری تەریقەتی نوربەخشی، بزووتنەوەیەکی سیاسی پێکهێناوە دژی تەیموریەکان، و له ڕێگەی سۆفیگەرییەوە ویستویەتی پێگەی عەلەوی خۆی راست بکاتەوە، و لەم ڕێگەیەوە خەڵکی بەگشتی وسۆفییەکان بەتایبەتی بەلای خۆیدا رابکێشێت، جەماوەرێکی زۆر له دەوری خۆی کۆبکاتەوە، دروشمی بزووتنەوەی نوربەخشی له بەرکردنی جلی ڕەشبووە، له سەدەی (٨و٩ک/١٤و١٥ز) کاریگەریەکی گەورەی له ناوچەکانی ئێراندا

[١] شێخ زاهد گیلانی: ناوی تەواوی (تاج الدین ابراهیم بن روشن امیر بن بابل بن الشیخ بندار الکردی السنجانی الگیلانی الحنفی )ئیبن بزاز ڕەچەڵەکی پەیوەست دەکاتەوە بە جونەیدی بەغدادیەوە، له ساڵی (٦١٥ ک /١٢١٩ز) له گوندێک بەناوی( سیاه وود ) له دایک بوە، خوێندکاری یەکێک له نەوەکانی جونەیدی بغدادی بوە، وله سەر کاری چاندنی برنج بوە بۆ بژێوی ژیانی، لەمانگی ڕەجەبی ساڵی (٧٠٠ ک /و مانگی ئازاری ١٣٠١ز) کۆچی دوایی کردوە. بۆزانیاری زیاتر بروانە/ (ابن بزاز: ضفوةالصفا، ص٧٥ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویە، ص(٣٩،٢٨).

[٢] ابن بزاز: صفوة الصفا، تصحیح: غلامرضا طباطبائی مجد، چ١، انتشارات تابش، تبریز، ١٣٧٣، ص١٨٥-١٨٦؛ یونس ابراهیم السامرائي: تاریخ الطرق الصوفیة، مکتبة الشرق الجدید، بغداد، ١٩٨٨، ص٧١.

[٣] حقیقت: مکتبهای عرفان در دوران اسلامی، ص١١٩-١٢٠.

دروستکردبوو، گەورەیی پێگەی شێخ (محمد نوربەخش) لەناو شوێنکەوتوانیدا وایکرد کە (شاهروخ) دەسەڵاتداری تەیموری، لە جیاتی کوشتن و لەناوبردنی، بڕیاری دورخستنەوەی بدات، چونکە لە تۆڵەی لایەنگرانی ترساوە، شێخ محمد لە ساڵی (٨٦٩ک/١٤٦٤ز) کۆچی دواییکردوە، بەڵام پاش کۆچی دوایی کردنی بزووتنەوەکەی هەربەردەوامبووە.

**یازدەیەم/ تەریقەتی نەقشبەندی:** لە لایەن (بەهائەدین محمد ٧١٧_٧٩١ک /١٣١٨_١٣٨٩ز) دامەزراوە، وبەوپێیەی لە ڕێوڕەسمەکانیاندا پتر پابەندی شەریعەت بوون، ئەوەی ئەم تەریقەتە جیا دەکاتەوە لە تەریقەتەکانی دیکە، ئەوەیە پەیڕەوکارانی بنەڕەتی خۆیان پەیوەست دەکەنەوە بە(ئەبوبەکری سدیق) خەلیفەی یەکەمی موسڵمانانەوە[١] خەڵکی زیاتر رویان لێکردووە، و لەناوخەڵکی سادەدا بڵاو بۆتەوە، وهەر بۆیە پەیڕەوکارانی هەردوو ئایینزای شیعە وسوننی شوێنکەوتەی ئەم تەریقەتە بوون[٢].

**دوازدەیەم/ تەریقەتی حروفیی:** تەریقەتێکی سەربەئایینزای شیعەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی (٨ک/١٤ز) لە لایەن کەسێک بەناوی (فەزلوڵا ئستراباد‌ی) دامەزراوە، ئەم تەریقەتە گرنگیان بە بنەمای زۆرپیرۆزکردنی مرۆڤ داوە، ولە لێکدانەوەی خەوندا شارەزابوون، دامەزرێنەرەکەی داوای لە (تەیمورلەنگ) کردوە باوەڕبەتەریقەتەکەی بهێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، لەبەرئەوەی زۆرچالاک بووە لەساڵی(٧٦٩ک/١٣٩٤ز) (فەزلوڵا ئستراباد‌ی) لەلایەن (میرانشای تەیمورییەوە)وە کوژراوە[٣].

**سێزدەیەم/ تەریقەتی مولویە:** دامەزرێنەرەکەی (جەلالەدین موحەمەد بەلخی) هکەبە (مەولەوی) ناسراوە، خانەقای سەرەکی ئەم تەریقەتە لە شاری (قونیا) بووە، شیخی تەریقەتەکە لەوێ ژیاوەو و پاشان مەزارگەکەشی هەر لەو شارە بووە، تەریقەتێکی بەناوبانگ بووە، و لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێراندا شوێنکەوتوو یەکی زۆری هەبووە، بەڵام بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی وردە وردە چالاکیەکانیان کەمی کردووە، لەبەر کاریگەری بیروباوەڕەکانیان لە سەردەمی (شاتەهماسبی یەکەم) ی سەفەوی موریدەکانیان لە ئێران درکراون [٤].

**چواردەهەم/ تەریقەتی شازلی(شازلیة):** دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە کەسێکە بەناوی (ئەبو حەسەن شازلی مەغریبی) وعارفی سەدەی(ک/١٣ز) بووە، لەساڵی (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) کۆچی

---

[١] سليمان المدني: الموسوعة الصوفية ،ط١، دارالحكمة،دمشق،٢٠٠٧،ص١٥٤.

[٢] محمد احمد درنيقية: الطريقة النقشبندية واعلامها، مطبعة جروس برس، طرابلس، ١٩٨٧، ص١٨-٢٠.

[٣] بوساني: مادة حروفية، دائرة المعارف الاسلاميه ترجمة العربية، القاهرة، ١٩٣٣، ج١٤، ص١٢٦-١٢٧ ؛ حقيقت: مكتبهاى عرفانى در دوران اسلامى، ص١٦٩.

[٤] آبادانى: تاريخ تصوف و صوفيگرى، ص٥٤٠-٥٤٩.

دوایکردووه، تەریقەتەکەی لەناوچەکانی باکوری ئەفریقا سەری هەڵداوە[1]، ولەسەدەی (٧-
ک/١٣-١٥ز) لە ئێران پەیڕەوکاری هەبووە[2].

---

(1) محمد بوزينة: ابو حسن شاذلی، ط١، دارالتركي للنشر، ١٩٨٩، ص١٣-١٥.

(2) حقيقت: مكتبهای عيرفان در دوران اسلامی، ص ١٢٥.

## باسی دووەم: پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەریی لە ئێراندا لە سەدەکانی(٨-٩ک/١٤-١٥ز)

### تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەری پێش ڕوخانی خیلافەتی عەبباسی:

نزیکایەتی سۆفیگەریی و شیعە تایبەت نیە بە سەردەمی مەغۆلەکان و ساڵانی دوای ئەوان، بەڵکو ئەو پەیوەندییە پێش سەردەمی مەغۆلەکان، لە ڕێگەی هەندێک داب و نەریت و چەمکەوە بوونی هەبووە. بەگشتی سۆفییەکان پێداگریان کردووە لە سەر پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ سەرکردە ئایینییەکانی شیعە, ڕەنگە ئەمە پێداگری ئەوان بوبێت بۆ لابردنی تۆمەتی بێ ئایینی لە دژی سۆفییەکان، لەگەڵ باسکردنی مێژووی سۆفیەکان لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ بیروباوەڕەکاندا،سەرەڕای جیاوازییەکانیان لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵ بکرێت کە بونەتە هۆکاری سەرەکی بۆنزیکایەتی شیعە و سۆفی.

**یەکەم:** دەتوانرێت ئاماژە بە داب و نەریتی پۆشینی جل وبەرگی لەخوری دروستکراوبکەین کە بە بڕوای شیعەکان و سۆفییەکانیش ئەم داب و نەریتە ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەریت و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانیهەروەک لە (ئەبوموسا ئەشعەری)ەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(د.خ) خۆی جل وبەرگی لەخوری دروستکراوی لەبەر کردوە[1]، هەروەها لە(حەسەن بەسری)ش دەگێڕنەوە کەوتویەتی: ((حەفتا کەس لە گەورەکانی هاوەڵانم بینی کە هیچ جل وبەرگێکیان نەبوو جگە لەجل وبەرگی لەخوری دروستکراو))[2].

**دووەم:** زۆرجار سۆفییەکان ئیمامەکانی شیعەیان بەبنەڕەتی خۆیان زانیوە و بەچەند پشتێک خۆیان پەیوەستکردوەتەوە بەم ئیمامانەوە، هەر لەبەر ئەمە ئەگەر لە کە کتێبی سۆفییەکان ورد ببینەوە بەشێوەیەکی بەر چاو ستایشی ئەو ئیمامانە بەدی دەکرێت[3]، یەکێک لە باشترین

---

[1] ئیبن خەلدون لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: "سۆفییە کان ئەو پۆشاکانەیان لەبەریانکردووە کەعەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە گەیشتووە بە حەسەن بەسری بەخشیوەو بەڵێنیان لێ وەرگرت بۆ ئەوەی پابەندبن بە تەریقەتەوە، بە گوێرەی بۆچوونی ئەوان، لە ڕێگەی (حەسەن بەسری)ەوە بە (جونەیدی بەغدادی) گەیشتووە.(مقدمة ابن خلدون، ص٤٦٥)

[2] زرین کووب: ارزش میراث صوفیە، ل٤٢.

[3] بۆ نموونە عەتارلە بەرهەمە بەناوبانگەکەی (تذکرة الاولیا ) ناوی ئیمام جەعفەرصادق و ئیمام محەمەد باقر (ع.س) ڕازاندوە بەکۆمەڵە پیا هەڵدانێک، بەهۆی ئەو پێگەیەی کە ئیمامەکان (ع.س) لە تێگەیشتنی سۆفیدا هەیە. سەرەتا کتێبەکەی بە باسکردنی ئیمام (جەعفەرصادق) دەستپێکرد و لە ستایشی ئەودا وتویەتی: ئەو سوڵتانەی

بەڵگەکان کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرهەڵدانی ئەم تەریقەتە سۆفیگەرییانە سەرچاوەی گرتووە لە پەروەردە ئیمامەکانی شیعە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو تەریقەتانە جگە لە(نەقشبەندییە)نەبێت, پەیوەست بونی خۆیان بۆ یەکەم (ئیمامی شیعەکان عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دوپات دەکەنەوە[١].

**سێیەم:** یەکێکیتر لە هۆکارەکانی نزیکی بیروباوەڕی سۆفی وشیعەکان، پەیوەستە بە بابەتی پێگەی (ئیمامی) شیعەکان، وبیری (ویلایەت) لەلای سۆفییەکان، ئیمام ژیانێکی جاویدانی هەیە دیدگای شیعەکان، پێگەی وەلییەتی سۆفییەکانیش بەردەوامە، و هەمان گرنگی هەیە، ئەم چەمکە فاکتەرێکی زیندووە، وماوەتەوە لە ئیسلامدا کە هۆکاری گەیشتنی مرۆڤە بە جیهانی باڵا لە فەرمانڕەوا ئەم بابەتە بۆتە جێگەی سەرنجی سۆفیگەریی[٢]، لەم ڕووەوە لێکچوون لە نێوان پێگەی (ئیمام) لە دیدی شیعە و شێخ و (وەلی) لە تەریقەتی سۆفیگەرییدا دروستبووە بەم پێیەش ئەوەیە کە لە لای شیعە و سۆفیی خاوەنی ماناکە لە ئیمام و وەلی گرێدراوە بەیەکترەوە.

سەبارەت بە مێژووی پەیوەندی نێوان شیعە و سۆفی، هەرچەندە پێدەچێت شیعە تا سەدەی پێنجەم هیچ پەیوەندییەکی بە پۆلە جیاوازەکانی سۆفیگەرییەوە نەبووبێت، چونکە ناتوانرێت هیچ بەرهەمێک بدۆزرێتەوە کە هەمان کاتدا تایبەتمەندی شیعە و سۆفیی هەبێت[٣]، هەرچەندە لە کۆی (١٢٠٠)کەسایەتی سۆفی کە(خواجە عەبدوڵڵا ئەنساری ٤٨١ک/١٠٨٨ز) باسیکردوون، تەنها دوو کەسیان شیعە بوون، یەکێکیان بەناوی (ئیبراهیم بن سەعد) بووە، ئەوی دیکەیان (حەمزە عەلەوی) کە خاوەن کەرامات بوون[٤], بەڵام ئەمە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندی نێوان سۆفی و شیعە، جگە لەمە دەتوانرێت تەریقەی (کبرویە) وەک نموونەیەکی گرنگی کردەیی ئەو پەیوەنییە باس بکرێت پێش سەدەی (٨ک/١٤ز) بە پێی ئەوەی باسکرا، هاوتەریب لەگەڵ ڕۆژانی مەغۆلەکان، ئەم باسە لە سەر وەلییەت و مەیلی شیعە وردە وردە ڕێگەی خۆی کردە ناو وتە و هەلومەرجی سۆفییەکان و تەشەنەی کرد, بۆ نموونە لە دۆسیەی (نەجمەدین کوبرا) لە ساڵی( ٦١٨ک/١٢٢١ز) کە لە لایەن مەغۆلەکانەوە کوژراوە، مەیلی ئەو بەرە

---

میللەتی مستەفایە، ئەو بەڵگەیەی دەسەڵاتی پێغەمبەرانە، ئەو زانایەو چاکەکارە، ئەو بەرهەمی دڵەکانە، ئەو هەلگری عەلی، ئەو میراتگری پێغەمبەر.(العطار: تذکرة الاولیاء , ص١١).

[١] محمد حسین طباطبائی: رسالت تشیع دردنیای امروز، (گفتوگویی دیگرباهانریکربن)ومقدمەوتوضیحات ازعلی احمدمیانجی، هادی خسروشاهی، پیشگفتار ازهانری کربن، دفتر نشرفرهنگ اسلامی، تهران، ١٣٧٠، ل٩٩.

[٢] سید حسن نصر: تشیع وتصوف ترجمة: غلام رضا عنوانی، مندرج درعرفان ایران مجموعەمقالات(٧)، گراوری وتدوین مصطفی ازمایش، حقیقت، تهران، ١٣٧٩، ص(٣٣-٤٤)

[٣] رسول جعفریان: صفویه در عرصه دین، فرهنگ و سیاست، پژوهشکده حوزه و دانشگاه، قم, ١٣٧٩, ج٢، ص ١٧٢.

[٤] جامی: نفحات الانس، ص٣٩.

و شیعە دەردەکەوێت گرینگی ئەم پرسە لەبەرئەوەیە کە(شێخ نەجمەدین) یەکێکە لە پیرە کاریگەرەکانی مێژووی عیرفان و سۆفیگەریی، لە سۆفیگەرییدا پێگە و کەرامەتێکی بەرزی هەیە و تەریقەتی (کوبرەوی) ە کە لە ناوچەیەکی فراوانی ئێراندا بڵاوبۆتەوە، بەناوی ئەوەوە ناونراوە، لێرەوە دەکرا هەر جۆرە هەڵوێست و باوەڕێکی (شێخ نەجمەدین) و هاوکارەکانی بە لە بەرچاوگرتنی خاکی بەرفراوانی (کوبرەوی)ە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبکرێتەوە تەریقەتەکەی ئەو بە جۆرێک بوو کە لە نێو موریدەکانیدا کۆمەڵێک شیعەی خوراسان وناوچەکانی ئەودیوی دوو ڕووبار (ماوراء النهر) هەبوون[١].

ڕەنگە ئەمە یەکەم بەڵگە بێت بۆ شوێنکەوتووانی بەرفراوانی (شێخ نەجمەدین)، چونکە جیاوازی ئایینی پرسێک نەبووە لە دیدگای ئەودا، و شوێنکەوتووانی تەریقەت لە هەموو نەتەوە و ئایین بوون بەڵام بەڵگە گەلێک هەن کە ئاماژەن بۆ مەیلی تایبەتی شێخ بۆ شیعە لەوانە سەردانی شێخ بۆ کەربەلا[٢]، هەروەها حەمەدوڵڵا موستەوفی ژمارەی موریدەکانی (شێخ نەجمەدین) بە (دوانزە) کەس دادەنێت، بەدووری نازانێت کە ئەوە بەهۆی ئەوەوە بێت کە سەر بە دوانزە ئیمامەکەی شیعە بێت[٣].

چەمکی و یلایەت لە چاوی شیعە و سۆفیگەریی چەمکێکی سەرەکییە کە لەگەڵ ڕووخانی بەغدا، جارێکی تر چووە ناو باسە تیۆریەکانی سۆفییەکانەوە، لە سەردەستی هەندێک شێخی سۆفیگەریی شوێنکەوتووانی وەک (سەعدەدین حەمویە، عەزیزەدین نەسفی، عەلا ئەلدولەی سیمنانی و سەید حەیدەر ئاملی)، توخمی ویلایەت جارێکی دیکە دەرکەوتووەتەوە، و سەکۆی یەکێتی شیعە و سۆفیزم دابینکراوە[٤]، پەیوەندییە تیۆریەکانی چەمکی ویلایەت هاوتەریب لەگەڵ پەیوەندی نێوان شیعە و سۆفیگەریی، ویلایەتی سۆفی باوترین چەمکە کە شێخەکانی ئەو سەردەمە کەم تا زۆر باسیان کردووە لەسەر ئەم بنەمایە بەشێک لە سۆفیەکان پێیان وابوو پێگەی وەلییەت لە پێگەی پێغەمبەرایەتی باڵاترە، بە واتایەکی تر بە بۆچوونی ئەوان پێغەمبەران وەحیان هەیە، وە وەلیش زانستی پێشبینی بەم پێیە بۆ سۆفییەکان جیاوازی نێوان وەلی و

---

[١] زرین کۆب: دنباله جستجو در تصوف ایران، ص٨٩.

[٢] نجم الدین کبری: فوائح الجمال وفواتح الجلال، ترجمه: محمد باقر ساعدی خراسانی، چ١، انتشارات مروی، تهران، ١٣٦٨، ص٢٢٠.

[٣] نزهة القلوب، ص٦٦٩.

[٤] هنری کاربن: افاق تفکر معنوی، داریوش شیگان، ترجمه: باقرپرهام، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٩٢, ص٥٤.

پێغەمبەر ئەوەیە کە، لە نێوان (خزر و موسا) (د.خ) بووە. بەو پێیەی خزر وەلیە و موسا پێغەمبەر بووە، خزر زانستی هەبووە و موساش وەحی[1].

بەم شێوەیە پێش سەدەکانی(٨ک/١٤ز) نزیک بونەوەیەک هەبووە لە نێوان سۆفییەکان و شیعەکاندا کە یارمەتیدەرێکی باش بووە، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەسەردەمەکانی دواتردا ئاوێتەبونێک هاتووەتە ئاراوە و بەرەو ئامانجی سیاسی هەنگاویان ناوە

## تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان شیعەگەریی و سۆفیگەریی لە سەدەکانی(٨-٩ک/١٤-١٥ز)دا.

هێرشی مەغۆلەکان چۆن بووە هۆی فراوانبوون وگەشەسەندنی سۆفیگەریی، لە هەمان کاتدا ئەم هێرشە رۆڵی بنچینەیی هەبوو لە بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی شیعەگەری، چونکە پێش سەردەمی مەغۆلەکان هەمیشە لە ئاڵەنگاریدا بوون لەگەڵ ئایینی باودا، واتە لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینزای سوننی، چونکە بزووتنەوە شیعەگەرییەکان دەرفەتی چالاکی کەمتریان هەبووە خاوەن دەسەڵاتی فراوان نەبوون، بەڵام لەگەڵ لەشکرکێشی مەغۆلەکان بۆسەرخیلافەتی عەبباسی، شیعەگەری پێی ناوەتە ناو گۆڕەپانەکەوە، بە خێرایی فراوان بوو ونزیکەی دوو سەدە و نیو دوای هێرشی مەغۆلەکان ئاینزای شیعە بووە ئاینی باوی وڵاتی ئێران لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا.

مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر بەغداد و لەساڵی (٦٥٦ک/١٢٥٨ز) خەلیفەی عەبباسییان کوشت, لە مێژووی فراوانبوونی شیعەدا ئەم ڕووداوە بوو بە خاڵی وەرچەرخان، دیارەئەمەش لەبەرچەند هۆکاری گرنگ بوو کە ئەمانەن.

**یەکەمیان**: خیلافەتی عەبباسی کە زیاتر لە پێنج سەدە فەرمانڕەوایی خاکی ئیسلامی کردبوو و باڵادەستی ئایینزای سوننی بەسەر ئایینزاکانی دیکەدا جێگیرکردبوو، بەڵام بەم هێرشە شیعەکان کەماوەی پێنج سەدە لە سێبەری باڵادەستی سونەکاندا بوو، بە ئاشکرا چالاکیەکانیان دەرکەوتن.

**دووەم**: جگە لە رووخانی ناوەندی خیلافەتی عەبباسی لە بەغداد، کە لایەنگرێکی گرنگی جیهانی سوننە بوو، وێرانکردنی قەڵاکانی دەسەڵاتی (ئیسماعیل) ی لە ساڵی (٦٥٤ک/١٢٥٦ز)،

---
[1] زرین کۆب: ارزش مراث صوفیه، ص٩١.

مەیدانی بۆ فراوانبوونی زیاتری شیعەی کردەوە لە جیهانی ئەو ڕۆژە[1]، بەم شێوەیە دوو ناوەندی گەورەی ڕکابەری شیعەی دوانزەی ئیمامی کەوتن وشیعەکان لە غیابی ئەم دووانەدا بە تایبەتیش ناوەندی خیلافەتی عەبباسی گەشەیان بەخۆیاندا ئەم ڕەوشە وەک ئەوە وابوو زەمینەی فراوانبوونی شیعە بە یەکجار فەراهەمکرابێت و مێژوو دوای چەندین سەدە دەرفەتی بە شیعە دابێت بۆ بەرەوپێشبردن و دەربڕینی بۆچوونی خۆیان بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی فراوان.

**سێیەم**: لە لایەکی دیکەوە مەغۆلەکان ئازادی و لێبوردەیی بێ وێنەیان لە بواری ئاییندا نیشاندا، و شیعە بەبێ هیچ بەربەستێکی بەهێز دەستی بە بڵاوبونەوەکرد، چونکە خانەکانی مەغۆل هیچ ڕەخنەیەکی تایبەتیان بەرامبەر بە ئایینەکان نیشان نەدەدا[2]، ئەمەش هەلومەرجێکی هێنایە ئاراوە کە نەک تەنها ئاسانکاری بۆ گەشەسەندنی شیعە دەکرد، بەڵکو خۆشگوزەرانی ڕەخساند بۆ هەرجۆرە بیروباوەڕێکی ئایینی باو لەو سەردەمەدا، بەتایبەت لە ئاناتولیا وئێران، کە ئەم ناوچانە بووبوونە ناوچەیەکی تایبەت بەتوانەوەوئاوێتە بوونی بیروباوەڕە ئایینییە جیاوازەکان, دوو پێکهاتەی سەرەکی شیعەکان و سۆفییەکان بوون و لە ماوەی سەدەی (٨_٩ک/١٤_١٥ز) ئەم دوو پێکهاتەیە بەشێوەیەکی فراوان ئاوێتە بوون[3].

**چوارەم:** فاکتەرێکی دیکە ئەوە بوو، کە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی دیکەی پێشتر باسمان کرد، وردە وردە بووە هۆی گەشەسەندنی خۆشگوزەرانی شیعەگەرایی کەسایەتییە کاریگەرەکانی شیعەی وەک (خواجە نەسیرەدین توسی[4]) کە سەرنجی دەسەڵاتدارەکانی مەغۆلەکانیان ڕادەکێشا پەرۆشییان بۆ خواجە و کاریگەری بەرچاوی ئەو و هاوشێوەکانی لە تێڕوانینی فەرمانڕەوا مەغۆلەکاندا کاریگەری گرنگیان هەبووە.

---

[1] شیرین بیانی: دین و دولت در ایران عهد مغول، ج٢، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، ١٣٧١، ص٥٧١.

[2] إيمان طلعت عبدالرزاق الدباغ: نظم المغول الاجتماعية والدينية والعسكرية...، دار غيداء للنشروالتوزيع، عمان، ٢٠١٩، ص٣٥.

[3] علی اکبر افراسیاب پور: عرفان در دوره صفوی، مجله ادیان و عرفان، سال سوم، شماره ٨، تابستان، ١٣٨٥، ص٢١.

[4] ناوی تەواوی(ابو جعفر محمد بن حسن طوسی) لە نێوان سالانی (٥٩٧_٦٧٢ک/١٢٠١-١٢٧٤ز) ژیاوە وەک باس دەکرێت ڕۆڵی هەبووە لە هێنانی مەغۆلەکان بۆسەر جیهانی ئیسلامی، پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ جەنگیزخان، ڕۆڵی هەبووە لەپاراستنی چەندین بابەت ونوسراوی تایبەت بە ئاینزای شیعە لەکاتی هێرشی مەغۆلەکان. بڕوانە/ (جعفریان: تاریخ ایران از آغاز اسلام تاپایان صفویان ,ص٥٨٨ -٥٨٩).

**پێنجەم:** خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا کاریگەر بوون بە بڵاوبوونەوەی شیعەگەری، بە بەڵگەی ئەوەی لە کۆتایی سەردەمی ئیلخانییەکان لە خۆرهەڵاتی ئێران، ڕەخنەی سوننەکان بەرامبەر بڵاوبونەوەی شیعەکان لە زیادبوندا بوو، چونکە کۆمەڵێک لە خەڵکی کە لەو ناوچەکانی ئێران دەژیان وبیروباوەڕی شیعە مەزهەب بوون ، پشتیوانییان لە شیعەکان دەکرد, ئەوگرووپە شیعانە کە زۆرینەیان خوێندەواربوون و بەپێی ئاکاری پیشەکەیان بەلایەنگری لاوازەکان دادەنران، پێگە و کاریگەرییەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتییان هەبوو، بۆیە مەیلی ئەوان بۆ هەر ڕەوتێک دەیتوانی بەهێزتری بکات وکاریگەری باشی لەسەر ئەو ڕەوتە هەبێت، دواجار بە هەموو ئەم فاکتەرانە، شیعەگەری هێندە بەهێز بوو و گەیشتە ئاستێکی کاریگەر، کە شافعییەکانیش بەهۆی لێکچوون ونزیکیی بیروباوەڕەکانیان لەگەڵ شیعە، ئایینزاکەیان گۆڕی وڕوویان لەئایینزای شیعە کرد[١]. بەم شێوەیە ڕێگای فراوانبوونی شیعە زیاتر بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەرفەتی بەرەوپێشچوونیان بۆ دەڕەخسا.

ڕووخانی ناوەندی خیلافەت نەک هەر بووە هۆی گەشەکردن و فراوانبوونی سۆفیگەریی و شیعە، بە بڕوای (الشیبی)، بوونی ناوەندی خیلافەتی عەبباسی، ئاستەنگێک بوو لەبەردەم نزیکیی ئەو دووانە، کە لەگەڵ لەناوچوونی ئەم ناوەندە لە لایەن مەغۆلەکانەوە لە ئەنجامدا نزیکی هەردووکیانی لێکەوتەوە[٢]. ئەم قسەیە تاڕادەیەک دروستە، چونکە پێش ڕووخانی ناوەندی خیلافەت، وەک پێشتر باسکرا شیعە ئەو دەرفەتە فراوانەیان نەبووە کە بە شێوەیەکی گشتگیر خۆیان دەربخەن و چالاکی ئەنجام بدەن، بەجۆرێک کە بتوانرێت تواناکانی پێوەندی لەگەڵ ڕەوتەکانی دیکەدا تاقیبکەنەوە، لەوانە سۆفیگەریی, لەسەر ئەو بنەمایە پێش ئەم قۆناغە، هەرچەندە ناوی هەندێک لە عەلەوییەکان وەک سۆفی ڕاستەقینە ناو هێنرابوون، بەڵام وەک (الشیبی) ئاماژەی بۆ کردووە، ((هەمیشە ژمارەی ئەو عەلەویانەی کە پەیوەندییان بە سۆفییەوە کردووە زۆر کەم بووە بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشگێڕان و فەقێناسان))[٣]، دەکرێ بگوترێ کەچەند بوارێک هەبووە لە هەردوو شیعە و سۆفیگەرییدا کە لە یەکتر نزیکی کردنەوە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە دوای لەشکرکێشی مەغۆلەکان، لەگەڵ هەوڵی سۆفی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بەهۆی ڕووخانی خیلافەتەوە و سەریهەڵدا، و شوێنی چۆڵی پێگەی خەلیفە لە

---

[١] ابوقاسم طاهری: تاریخ سیاسی و اجتماعی ایران ازمرگ تیمور تا مرگ شاه عباس، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،١٣٨٠، ص١٥٧.

[٢] کامل مصطفی الشیبی: تشیع و تصوف تا اغاز سده دوزدهم هجری، ترجمه علیرضا ذکاوتی قراگزلوانتشارات امیر کبیر، تهران. ١٣٥٩، ص٢.

[٣] هەمان سەرچاوە، ص٦٦.

جیهانی ئیسلامی، و هەبوونی پێگەی (وەلی) لەلایەن سۆفییەکان، لە هەمان کاتدا ئامادەیی بیروباوەڕی ( ئیمام) لەلای شیعەکان،سەرەڕای جیاوازییەکانیان ئەم دوو پێگەیە بەڵام جۆرێک لە هاوشێوەیی و نزیکبوون لە یەکترەوە, نزیکی و هاوتەریبی سۆفیگەریی و شیعە بە تەواوی دەهێنایە ئاراوە، هەروەها ڕۆحی لێبوردەیی سۆفییەکان و لە هەمان کاتدا باڵادەستی تیۆری شیعە بەسەرئاییینزای سوننە لەو کاتەدا، نزیکایەتی زیاتری هێناوەتە ئاراوە، کە بە ناچاری پێویستی بە هاوتەریبکردن هەبووە لە ڕەوشیی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی سەردەمەکە[١], جگە لەوەش لە ژێر کاریگەری داگیرکاری مەغۆلەکاندا، هەندێک ڕەوتی ئایینی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە پاش ئەوەی کە (ئیسماعیل) یەکان کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هات شوێنکەوتووانیان هەندێکیان کۆمەڵگەی نهێنییان پێکهێناوە و دواتر وەک زنجیرەی سۆفیگەریی یان وەک لقێکی نوێ لە زنجیرەی ئامادەی شیعە دەرکەوتوون[٢]، ئەم گرووپە توانیویانە لە ڕێگەی هەندێک لە چەمکەکانی شیعەوەکاریگەری دروست بکەن لە نزیک کردنەوەی شیعەگەری و سۆفیگەریی، لەڕوی چەمکی وەک ئیمامەت و (وەلی)یەت.

هەروەها پۆشاک و مانا ڕەمزییەکەی بە نموونەیەکی دیکەی پەیوەندی نێوان شیعە و سۆفیگەریی دادەنرێت لێکچوونێک کەتێیدا ڕەچەڵەکی سۆفیگەریی بە شیعە دەزانرێت و لە بەرکردنی بەرگی سۆفی لەلایەن (ئیسماعیل) ییەکانەوە دوای ڕووخانی دەسەڵاتەکەیان بە ئاماژەیەک بۆ ئەم ڕیشە هاوبەشەدادەنرێت[٣]. لە هەر حاڵەتێکدا، بەبێ گوێدانە دروستی و نادروستی شیعە و سۆفیگەریی لەگەڵ یەکتردا، بە تایبەت دوای سەردەمی مەغۆلەکان، زەمینەیەک بۆ بەستنەوەی شیعە و سۆفییەت دابین کراوە و سەرەڕای بوونی پێشینەیەک لە پەیوەندیی ئەو دووانە، پەیوەندییەکەیان زیاتر بووە وئەم نزیکایەتی و پەیوەندییە بە هەردوو شێوەی تیۆری و پراکتیکی دەرکەوتووە، کە باسە تیۆرییەکان بە بۆچوونی کەسانی وەک سەید (حەیدەر ئامۆلی[٤]) دەربڕدراوە، و فۆڕمی کردەییەکەی لە شێوەی بزووتنەوەکانی وەک (سربداران و حروفییەکان و سەفەویی) جێبەجێ بووە.

---

[١] موسوی: تصوف عصر صفوی و ادبیات آن دورە، ص٣٧.

[٢] نصر: تشیع وتصوف، ص٣٨.

[٣] طباطبائی: رسالت تشیع دردنیای امروز، ص٤٨.

[٤] ناوی تەواوی (بهاءالدین حیدر بن علی بن حیدر علوی کاشانی )ناسراو بە (آملی)لە ساڵی(٧٩٤ک/١٣٩١ز) کۆچی دوایيکردووە، یەکێک بووە لە و کەسانەی کە سەدەی (٨ک/١٤ز) لەڕێگەی بیرو ڕاکانیەوە هەوڵی نزیک کردنەوەی هەردوو بیرو باوەڕی شیعە وسۆفی داوە، لە گرنگترین بەرهەمەکانی (رسالة الارکان، فی فروع

**تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان شیعەگەریی و سۆفیگەریی لە کرداردا پێش سەفەوییەکان (سەربداران و حروفیە) بەنموونە:**

لەپەیوەندی نێوان سۆفیگەریی و شیعەگەری لە ئاستی پراکتیکیدا، لە دوو شێوەدا دەر دەکەوێت یەکەمیان لە شێوەی بزووتنەوەی دژە ستەم و گرنگترینیان بزووتنەوەی (سربداران) بوو، دوەمیان بزووتنەوە دەسەلاتخودازەکانی وەک تەریقەتی (حروفییەوسەفەوی) دەردەکەوێت کەتوانراوە پەیوەندییە تۆکمە بهێنرێتە کایەوە لە نێوان شیعەگەری وسۆفیگەرییدا و لەپێناو ئامانجەکانیاندا هەنگاوی کردەیی بنێن،

هەرچەندە سۆفیەکان کاردانەوەی جیاوازیان بەرامبەر دەسەڵاتداران نیشاندا و بەپێی پێگەی مەعنەوی و کۆمەڵایەتییان پاڵپشتی ستەملێکراوانیان دەکرد، بەڵام هیچ بزووتنەوەیەك لەسەر بناغەی تەریقەت پەیدا نەبوو کە لە ژێر کاریگەری شیعەدا نەبێت، هەروەها وردە وردە بزووتنەوەکانیان دەستپێکرد کە یان ڕاستەوخۆ دژی دەسەڵاتدار و ستەمکاران بوون یان بۆ بەدەستهێنانی تاج و تەختی شانشینی، دامەزران بزووتنەوەی سربداران نموونەیەکی ڕوونی بزووتنەوە دژە ستەمەکانە کە بە دامەزراندنی حکومەتی سربداری کۆتایی هات. بەڵام لە بزووتنەوەکانی سەفەوییە و حەروفیە، سەرکردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەستیان پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی و ئاینی بووە نەک بەتەنها بزووتنەوەیەکی دژبە ستەمکاران، بگرە ئامانجیان سەلماندنی ڕەوایەتی و توانای خۆیان بووە بۆ پێکهێنانی حکومەت لە نێو ئەو بزووتنەوانەی کە ئاماژەیان پێکراوە،

**یەکەم/(سربداران[1])**:هەرچەندە سەرهەڵدانی بزوتنەوەکە هۆکارێکی کۆماڵایەتی بووە، بەڵام یەکێک بوو لەو بزووتنەوانەی کە بە هۆی ئاوێتەبوونی سۆفی و شیعە، سۆفیگەریی هێنایە گۆڕەپانی سیاسی لەگەڵ لەشکرکێشی مەغۆلەکان و دامەزراندنی حکومەتەکانیان، ڕێگەیان بە هەموو جۆرە دڕندەییەک بەرامبەر خەڵک دەدا. وەرگرتنی باجی یەک لە دوای یەک ژیانی بۆ خەڵک ئەوەندە قورس کردبوو کە لە نائومێدیەوە دەبووایە خەڵکی لە دژی فەرمانڕەواکان شەڕ بکەن,

---

شرایع اهل الایمان، جامع الاسرار ومنبع الانوار) کە لەوەی کۆتاییاندا بە تەواوەتی باسی نزیکایەتی نێوان سۆفی و شیعەی دوانزە ئیمامی دەکات (الشیبی: تشیع و تصوف، ص۱۱۳).

[1] (سربداری)بە کوردی بەواتای(شۆڕشگێڕانی خۆبەختکار) دێت، لەساڵی(۷۳۵ک/۱۳۳٤ز) لە خۆراسان لە ڕۆژهەلاتی ئێران ڕاپەڕینێکی جەماوەریان لە دژی دەسەلاتدارانی مەغۆل بەرپا کرد، بەسەکردایەتی کەسێک کە ناوی (شێخ خەلیفەی تەبەرستانی)، توانیان سوپای مەغۆلەکان بشکێنن وله شاری تەبەرستان دەوڵەتێکی شیعەی دوانزە ئیمامی دابمەزرێنن، و لە نێوان سالانی( ۷۳۸ک/۱۳۳۸ز)هەتا ساڵی( ۷۸۸ک/۱۳۸٦ز)فەرمانڕەوایی زۆربەی ناوچەکانی خۆراسانی کردووە.(حسن کریم الجاف: موسوعة تاریخ إیران السیاسي، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، ۲۰۰۸م، صص۳۳۷-۳٤۱).

ئەم بەرخۆدانانە چەندین جار لەلایەن پیشەوەران و جووتیارانەوە هاتبوونە ئاراوە تا بتوانن خۆیان لە ستەم ڕزگار بکەن[١]، لەم ڕۆژانەدا پەیوەندی نێوان سۆفیگەریی و شیعەگەری فراوانتر دەبوون و ئاراستەی ئەم دوو ڕەوتە بە جۆرێک بوو کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە یەکتر نزیک دەبوونەوە. بوونی بیروباوەڕ و مۆدێلی دژە ستەمکاری لە شیعەدا و زیادبوونی نیگەرانی گشتی سۆفیگەریی ئاوێتە بە شیعە، کۆمەڵگەی بەرەو کاردانەوەی دڕندانە و شەڕانگێزانە ئاراستەکرد، کاتێک دوایین فەرمانڕەوای ئیلخانی واتە (ئەبوسەعید بەهادور) هاتە سەر تەخت، خوراسانی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کرد و دایە بنەماڵە مەغۆلەکان[٢]. لە راستیدا لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا ڕەوشی ناڕێک و پێکی ئەو سەردەمە پشێوی زیاتر بوو و قۆناغێکی ئاژاوەی بەدوای خۆیدا هێنا تا (تەیمورلەنگ) هاتە سەر دەسەڵات کە بەهۆیەوە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی خراپتر دەبوو، لەم کاتەدا سۆفییەکی ناڕازی بە ناوی (شێخ خەلیفە)، لە شاری(سبزوار[٣]) دەستی کرد بە نارەزایەتی دەربڕین دژی دەسەڵاتی ئیلخانی، سەرەتا لە مزگەوتەکان و خانەقاکاندا بە کاروباری خوێندنەوە سەرقاڵبووە, پاشان خوێندنەکەی بەجێهێشتووەو بۆتە دەروێش، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی لە یەکێک لە هاوەڵەکانی کراوە سەبارەت بەوەی کە سەر بە کام لە ئایینزاکان بووە، لەوەڵامی دا دەڵێت ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین لەوئایینزایانە باڵاترە [٤]. ڕووداوەکانی دواتری ژیانی (شێخ خەلیفە) دەریخست کە ئەوەی ئەو ڕاپەڕینی لەبەرامبەردا بەرپاکرد لە ئایینزاکان باڵاتر بوو، ئاینزا شیعەی ئیمامی بوو کە دواتر لە شێوەی بانگەوازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمکار دەرکەوت، لە شاری (سبزوار) نیشتەجێ دەبێت کە یەکێک بوو لە ناوەندە دیارەکانی شیعە، و ڕێگای دەروێشەکانی گرتەبەرو لە ساڵی(٧٣٣ك/ ١٣٣٧ز)دەستی بە ڕاپەڕینەکەی کرد، و لە مزگەوتی ئەو شارە نیشتەجێ بوو، زۆری نەخایاند کە خەڵکێکی زۆر بوون بە مورید و باوەڕداری[٥].

---

[١] ایلیاء لویچ پطروشفسکی: نهضت سربداران خراسان، ترجمه: کریم کشاورز، انتشرات پیام، تهران، ١٣٥١، ص٤١.

[٢] بیانی: دین و دولت در ایران عهد مغول، ج٢ ، ص٧٥٧.

[٣] شاری( سبزوار) یان (بیهق) دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئێران و لە ناوەڕاستی چوار شاردایە بە ناوەکانی (قوچان، نیشاپور، شهرود، کشمه). یەکێکە لە شارە پێشەنگەکانی شیعەگەرایی لە ئێراندا، کە سەرەتای شیعە گەری تێیدا دەگەڕێتەوە بۆسەرەتاکانی دەرکەوتنی شیعەگەری لە ئێراندا لەبەر ئەوەش بوەتە ناوەندێکی گرنگی شۆڕشی سربداران.(مجید افلاکیان و مهدی پیشوایی: عوامل مؤثر ورود گسترش تشیع امامی در (بهیق)سبزوار ازاغاز حتا حمله مغول، پژوهش تاریخ در اینه، سال هشتم، شماره ١، بهار ١٣٩٠، صص٣٩-٦٤).

[٤] محمد بن خاوندشاه بن محمود (میرخواند): تاریخ روضة الصفا فی سیرة الانبیاء و الملوک والخلفا، تصحیح: جمشید کیان فر، انتشارات اساطیر، تهران، ١٣٨٠، ج٨ ،ص٤٥٠٠.

[٥] مینو صدرزاده: تحلیلی بر ماهیت حکومت سربداران بیهق، تاریخ پژوهی، سال ششم, شماره، ٢٠، پاییز ١٣٨٣, ص١٠١.

هەڵبژاردنی شاری شیعەنشینی (سبزوار) بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی، هەروەها بەژداری جەماوەریی بەرفراوانی سەربەئاییزا شیعە، ئاماژەیە بۆ مەیلی شیعەگەری ئەو بزووتنەوەیە، لەم ڕووەوە کاردانەوە و ڕەوشی نەیارانی (شێخ خەلیفە)، هەڵسوکەوتی سیاسیی سۆفییەکی شیعە نیشان دەدات، ئەو پروپاگەندەی شیعەی کردبوو وداوای ڕاپەڕینی دژی فەرمانڕەواکان و دەستبەسەرداگرتنی ئیدارەی کاروبارەکان کردبوو کە ببێتە لوتکەی کارەکانی، وردە وردە فەقهەکانی ئاینزای سوننە ئەوکارەیان بە زیان بۆبیروباوەڕی گشتی زانیووە، بۆیە ڕێوشوێنیان لە دژی گرتوەتەبەر، کاتێک هەڕەشە و ئاگادارکردنەوەکانیان کاریگەری نەبوو لەسەر بزووتنەوەکەی، سوڵتان (ئەبوسەعیدی) ئیلخانییان لەدژهانداوە، هەرچەندە هیچ شتێک لە سەرچاوەکاندا باسنەکراوە دەربارەی جۆری تەریقە کەی(شێخ خەلیفە)، بەڵام نزیکی لەگەڵ (عەلا ئەلدولەی سمنانی و شێخ غیاسەدین حەموی)[1]، دەتوانرێت بکرێتە ئاماژەیەک بۆ جۆری تەریقەتەکەی، بەڵام وادیارە ڕەفتاری ناڕەزایەتی و هاندان دژی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە ئەوەندە لە ڕەفتارەکانیدا زاڵ بووبێت، و هەر ئەمەش وایکردووە کە لایەنی سۆفیگەریی بە داپۆشراو مابێتەوە، دوای (شێخ خەلیفە) کەسێکی دیکە بەناوی (شێخ حەسەن جوری) کە یەکێک بوو لە بەناوبانگترین موریدەکانی، درێژەی بە ڕێگاکەیدا، سەرچاوەیەکی نزیک لە سەردەمی (شێخ حەسەن) باس لەوە دەکات کە ئەم کەسە وتاری ئاوێتە بە بانگەوازێک کردووە بۆ تەیارکردن و ئامادەکردنی چەک بۆ ڕاپەڕینەکەی[2]، دەکرێت بوترێت شێوازی سیاسی (شێخ خەلیفە) و جێگرەکەی هاوشێوەیە، سۆفیگەریی سەردەمی (سربداران) سۆفیگەریی خەبات و تێکۆشان بووە[3]. هەروەها شێخ حەسەن جوری جێنشینی (شێخ خەلیفە)، ماوەیەک لە گەشتکردن بە شارەکانی خوراساندا بەسەر بردووە و وەک شێخێک خەڵکی(مەشهەد و نەیشابور و خبوشان و ئەبیورد)ی بانگ کردوو بۆ دژایەتیکردنی ئیلخانییەکان[4]، کردەوەکانی شێخ حەسەن جوری وەک (شێخ خەلیفە) تەنیا لە کردەوەی سیاسیدا قەتیس نەبوو، نموونەیەکی تەواو بوو لە پشت بەستن بە دەسەڵاتی سۆفیگەریی بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسییەکان، بەڵام ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە تەوەری ئەم باسەوە هەیە، کە ئاوێتەبوونی سۆفیگەریی و شیعە و ئارەزووی کاروباری سیاسییە، دەتوانرێت کۆچی دوایی کردنی ئەو وەک نموونەیەک لە کۆچی دوایی کردنە پێشوەختەکانی سۆفیگەریی لە ڕێگای گەڕان بەدوای دەسەڵاتدا دابنرێت، کە دواتر

---

[1] میرخواند: تاریخ روضة الصفا، ج٨، ص٤٤٩٩.

[2] حافظ ابرو: ذیل جامع التواریخ رشیدی، بەاهتمام: خان بابا بیانی، انتشارات آثار ملی، تهران، ١٣٥٠، ص٨٠.

[3] زرین کووب: ارزش میراث صوفی، ص١٢٠.

[4] موسوی: تصوف عصر صفوی وادبیات آن دوره، ص٥٤.

لە هەمان قۆناغدا کەسانی وەک جونەید و حەیدەر سەفەویش بەدوایدا هاتوون.هەرچەندە ئەم جۆرە کردار و ڕەفتارانە بە ڕوونی شیعەی (سربداران) نیشان دەدات، بەڵام لەوە گرنگتر بۆ بابەتەکەمان ڕوونی پرسی ئاوێتەبوونی سۆفیگەریی و شیعەگەری لە بزووتنەوەکەیاند ئاوێتەبوونەی سۆفیگەریی و شیعە.

**دووەم/ بزووتنەوەی (حروفییە):** هەر لەو سەردەمەدا بە سەرکردایەتی(فەزڵوڵلا حروفی ئەسترەئابادی)[(١)] بزووتنەوەیەک هاتە ئاراوە، کە بەهۆی گرنگی وبەهێزی ڕاپەڕینەکەوە، تەیمورییەکان هێزی زیاتریان لە سەرکوتکردنیدا بەکار هێنا, بەگشتی سەرچاوەگەلێکی زۆر لەبارەی ژیان و زانیاریی وردی لەبارەی چارەنووسی بزووتنەوەی حروفییە لە ئێران دوای کۆچی دوایی دامەزرێنەری ئەو بزووتنەوەیە لەبەردەستدا نییە.بەڵام ڕەنگی سیاسی و بانگەشە ئایینییەکانیان کە ناڕەزایەتی زۆری لێکەوتەوە، بە تایبەت کردەوە توندەکانی تیموریەکان دژی ئەوان، بە شێوەیەکی سروشتی لەم بابەتەدا کاریگەر بوون, هاوکات لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە شیعە و سۆفی لە ڕێگەی چەمکەکانی وەک (ئیمامەت) و (ویلایەت)ەوە لە یەکتر نزیک دەبوونەوە و لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی ئاوێتە لە شیعە-سۆفییەکان دروست دەبوون، بۆچوونەکانی شێخ (فەزڵوڵلا حروفی)یش لە ژێر کاریگەری سەردەمەکەیدا بە مەهدی چاوڕوانکراو هەژمار دەکرا . لە سەردەمی خۆیدا سەرنجی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لەم ڕووەوە لە ساڵی(٧٧٦ک/١٣٧٤ز) ی کۆچی دوایی بانگەشەی ئەوەی کرد کە عەبایەکی لە ئیمامی مەهدی وەرگرتووەلە خەونیدا، لەبەرامبەر داواکارییەکی مەهدیدا[(٢)]، بەم خەونە فەزڵوڵلا خۆی لە پێگەی ڕزگارکەردا دەبینی ، ئەو ساڵانەشی بەساڵانی سەردەمی خۆی دەزانی، وەک سەردەمی باڵادەستی خۆی لەیەکی دایەوە[(٣)]، لە نامەیەکدا کە یەکێک لە شوێنکەوتوانی فەزڵوڵلا بەناوی

---

[(١)] ناوی تەواوی(فضل الله بن عبدالرحمن الحسینی)یە لە ساڵی( ٧٤٠ک/١٣٣٩ز )لە ئیستر ئاباد لە خێزانێکی سۆفی دایک بووە، لەسەدەی هەشتەمی کۆچی بزوتنەوەیەکی دژی دەسەڵاتی مەغۆلەکان بەرپا کردووە، و پاش ماوەیەک خۆی بە مەهدی چاوەروانکراو ناساندووە ولەساڵی(٧٨٦ ک /١٣٨٤ز)داوای بەیعەتی لە خاڵکی کردووە، و لە شارە جیا جیاکانی ئێراندا بۆ گەیاندنی بیروڕاکانی لەگەڕاندا بووە، لە بزوتنەوەکەیدا سودی لەبیری مەهدیزمی شیعەو وەلی سۆفی وەرگرتووە، بزوتنەوەی حروفیەکان توانیان بیری سۆفیگەری تێکەڵ بە بیری زیادەڕەوی شیعە کردووە، و لەڕوی سیاسیەوە بەکاریان هێناوە بۆ ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتەکانی مەغۆل، چالاکیەکانیشیان بەتەنها لە ئێراندا قەتیس نەبوو، بەڵکو لە لە ڕۆم وشامیش چالاک بوون.(کلمنت هوارت سر: مجموعە رسائل حروفیە، انتشارات مولی، تهران، ص١٣٦٠).

[(٢)] هلموت ریتر: آغاز فرقە حروفیە، ترجمە: حشمت مؤید، انتشارات فرهنگی ایران زمین تهران، ١٣٨٢، ج١، ص٢٣-٢٤.

[(٣)] الشیبي: تشیع و تصوف، ص١٧٢.

خۆیەوە نووسیبووی، بە ڕوونی خۆی بە مەهدی بەڵێندراو ناوبردووە و..ونوسیویەتی: ((یازدە کەس بە جەستە و ڕۆح شەرەفمەندن و من دوانزەهەمینیانم))[١].

پاشان داویکرد تەیمورلەنگ باوەڕ بە تەریقەتەکەی بهێنێت، تەیمور کە هەمیشە خۆی نیشان دەدا کە پابەندە بە یاسای شەریعەتەوە، بانگهێشتەکەی قبوڵ نەکرد و فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد. بەڵام بیروباوەڕەکانی لەم کاتەدا ڕووبەڕووی دژایەتییەکی توند بووەوە و زانایانی سەمەرقەند و گیلان فەرمانی کوشتنییان دا[٢]. بێگومان ئەم حوکمەی تەیمور پەیوەندی بە بانگەشەکانی بزوتنەوەی حروفیە هەبوو کە بە ناچاری بزووتنەوەی سیاسیی لێکەوتەوە و ناکرێ بە دەرئەنجامی ئیرادەی فەقێیان هەژمار بکرێت. دوای ئەم فەرمانە فەزڵوڵڵا پەنا دەباتە لای (میرانشای کوڕی تەیمور) بۆ ئەوەی گیانی رزگار بکات، بەڵام لەسەر داوای ئەم میرە تەیموریە دوای دەستگیرکردنی لەساڵی ( ٧٩٦ک/١٣٩٣ز) دەکوژرێت[٣]، بەو تایبەتمەندیانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد.

لە ڕاستیدا لە بیروباوەڕەکانیاندا، بە تایبەت لە مەهدیزمەکەیدا، تەریقەتێکی ناڕەزایی لە بەرامبەر فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە و لەسەر بنەمای ئەم بیروباوەڕانە، وردە وردە بزووتنەوەکەی پاڵ دەنا بەرەو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بە پێچەوانەی هەندێک لە تەریقەتەکانی ئەو سەردەمە، بە تایبەت تەریقەتی نەقشبەندییە[٤]، لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی شەریعەت بووە و داواکار لە چوارچێوەی شەریعەتدا پەیڕەوی لە تەریقە کردوە. لە ئاکامدا تووشی وێرانکاری و سەرکوتی توند بوون. حروفییە بەرەو لێواری سەرکوتکردن و تەواوبوون لەناوچوون ڕۆیشتن، لە ئەنجامی ئەم جۆرە ڕووداوانەدا بە ناچاری چالاکییەکانیان بردە دەرەوەی ئێران و وردە وردە ئەناتۆلیا بووە بە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی چالاکییەکانیان. (عەلی ئەلعەلی) کە یەکێکە لە شوێنکەوتووانی فەزڵوڵڵا چەند سەفەرێکی بۆ (ئەنادۆڵ) ئەنجامدا و بە پڕوپاگەندەی خۆی چەندین شوێنکەوتووی لەوێ کۆکردۆتەوە. لە ڕێگەی چالاکی حروفییە

---

[١]هەمان سەرچاوە، ص٢٢٤.

[٢] مصطفی عبداللهی و دیگران: بررسی و جوه تشابه و تفاوت جنبش حروفیه و اخوان صفا، پژوهشهای ادیانی، سال هشتم، شماره ١١، پاییز و زمستان، ١٣٩٩، صص٢٣٤-٢٥٤.

[٣] پیترجاکسۆن ولورنس لاکهارت(ویرستار): تاریخ ایران کمبریج,ترجمة: تیمور قادری، چ٤، مهتاب، تهران، ١٣٨٧، ج٨،ص ٣١٠.

[٤] حسین میرجعفری: تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی اقتصادی و فرهنگی ایران در دوره تیموریان و ترکمانان، دانشگاه اصفهان، اصفهان، ١٣٧٥، ص٧١.

لەو ناوچانەدا، وردە وردە ئاوێتە بوون لە نێوان حاروفییە و بەکتاشییدا ڕوویدا، بەجۆرێک کە دواتر بەکتاشی بوو بە یەکێک لە بڵاوکەرەوەکانی بزووتنەوە حروفییە لەوناوچانەدا[١].

هەرچۆنێک بێت حروفییە لە هەردوو بواری بیروڕا و پراکتیکدا ڕووبەڕووی دژایەتی زانایان و دەسەڵاتداران بووەوە و لە ئێراندا فشارێکی زۆریان لەسەر هەبوو کە بەتایبەتی لەدوای فەزڵوڵا لە شوێنکەوتەکانی درێژەیان بە چالاکییەکانیان دا. لە نێویاندا وەک (مەولانا سەدرەدین , سید ئیسحاق ، ئەمیر عەلی ئەفغانی) مورشیدی خوراسان بوون[٢]. بەڵام لە کۆتاییدا بوونی حەروفیە لە ئێران بووە بە بزووتنەوەیەکی مەترسیدار بۆ دەسەڵات و ئایینزاکانی دیکە، و بەو پێیەی بانگەشەکانیان هەم سیاسەتمەداران و هەم زانایانی شەریعەتی وروژاند، بەڵام ئەو دژایەتیە بەردەوامەی کە دەکران، چالاکییان وردە وردە کەم دەبۆوە و گەیشتە بەربەستی دارمان و لەناوچون، سەرەڕای ئەو دژایەتیەش کە دەکران حروفیەکان بۆماوەی دووسەدە درێژەیان بە بزووتنەوەکەیان دا.

جگە لە سەربداران وحروفیەکان هەرلەسەردەی (٨ک/١٤ز) چەند بزووتنەوەیەک سەریهەڵدا، لەگەڵ بەدیهاتنی هەلومەرجەکان، بە تایبەت لەگەڵ زیادبوونی نزیکیی شیعەگەری و سۆفیگەریی، بە واتایەکی دیکە، تا پرۆسەی شیعەگەری و سۆفیگەریی نزیکتر دەبونەوە، بزووتنەوەی دژە دەسەڵاتەکان زیاتر دەبوون، ئەم بزووتنەوانە هەندێک جار لە شێوەی ڕاپەڕین و هەندێک جاریش لە شێوەی یاخیبوونی بچووکدا بوون کە بە خێرایی لەلایەن تیموورییەکانەوە سەرکوت کراون، تەیمور لە ساڵی (٧٨٩ک/١٣٨٨ز) کۆچیدا یاخیبوونێکی لە ئەسفەهان سەرکوت کرد، کە دەگەڕێندرایەوە بۆ رافیزیەکان و خەواریجەکان و چەند ساڵێک دواتر، یاخیبوونێکی دیکەی لە ئەستراباد سەرکوت کرد، کە لەلایەن دوو عەلەوییەوە دەستی پێکردبوو[٣] لە ساڵی ٧٨٦ک/١٣٨٥ز)ی کۆچیدا سەیدەکانی عەلەوی هەمەدان ، کە هەم سۆفیی و هەم شیعەبوون و ڕاپەڕینیان بۆ ڕێگری لە فشارەکانی سوڵتانی تەیموری ئەنجامدا، لە ژێر دەستی (میر سید عەلی حەمدانی)، یەکێک لە گەورەکانی قروەی بوو، پاشان ڕێگای هیندستانی گرتەبەر و کۆتایی پێهاتووە[٤].

---

[١] روشن خیاوی: حروفیه، تاریخ و عقاید و اراء، انتشارات آتیه، تهران، ١٩٧٩، ص٢٥٥.

[٢] الشيبي: تشيع و تصوف، ص١٧٤.

[٣] هەمان سەرچاوە، ص١٦٢.

[٤] علی اصغر حکمت: نقد احوال آثار عبدالرحمان جام، چ١، انتشارات بی تا، تهران، ١٣٢٠، ص٢٤١.

ئەوانەی لەم کاتەدا بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕان سێ دەستە بوون، یەکەمیان دەستەی ئەوانەی شازادە بون لە لقە جیاوازەکانی هۆزەکانی مەغۆل، خەونیان ئەوەبو کە دەسەڵاتی بەهێزی مەغۆلەکان بگەڕێننەوە، هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ ئەو ئامانجەکە هەیان بوو، و دەستەی دووەم پێک هاتبون لە دەسەلاتدارە خۆجێیەکان و بنەماڵە گەورەکان کە لەبەرگی سەربازیدا خزمەتی دەسەلاتەکانی سەردەمیان دەکرد، و دەستەی سێەم پێک هاتبون لەوانەی کە هاوسۆزی ئایینیان هەبوو وەک سۆفییەکان و گروپە شیعەکان[1].

دەستەی یەکەم و دووەم لەبەرئەوەی نەیان توانی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز دابمەزرێنن، وببنە خاوەن ئەو ناوچە فراوانەی کە پێشتر لەژێر دەسەلاتی مەغۆلەکاندا بوو، بەردەوام لە بچوک بونەوەدا بون و سەرەنجام یەک لە دوای یەک لەناو چوون.

لەهەمان کاتدا تەریقەتە سۆفیگەرییەکان وشیعەگەریەکان خاوەن پێگەیەکی جەماوەری فراوان بوون، ئەو نزیکایەتیەش کە لەنێوانیاندا هاتبووە ئاراوە، خانەقاکان ببونە جێگەی خەڵکانێکی ناڕازی لە بارەدۆخی خراپ، کە ئامادە و ژێر فەرمان شێخە کانی تەریقەتبوون، کە دەکرا وەک سەروەتێکی مرۆیی گرنگ سەیر بکرێن، لەلایەکی ترەوە ئەو گرنگی پێدانەی، دەسەلاتدارەکان بە شێخ و سۆفییەکان، تەریقەتە سۆفیگەرییەکان ببونە خاوەنی ئابووریەکی بە هێز، ئەمە سۆفییەکانی گەیاندە ئەو قۆناغەی لە پەنای شیعەکاندا بیر لە هەنگاوی کردەیی بکەنەوە بۆ بەدەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی.

لەبەرئەوەی کە سۆفیگەریی لە بنەڕەتەوە بزووتنەوەیەکی سیاسی نەبوو، چونکە سۆفییەکان لەوکەسانە بوون کە لە سیاسەت خۆیان بەدور گرتبوو لە بابەتی سیاسی وبیرو باوەڕەکانیان خزمەتی بەدەستهێنانی دەسەلاتیان نەدەکرد، بەلام لە بەرامبەردا بیرو باوەڕی شیعەکان لە سەرەتاوە بەمەستی بەدەستهێنانی دەسەلات هەوڵی گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراوی خیلافەت و بەدەست هێنانەوەی مافی ئیمامەت و دامەزراندی دەسەلاتێکی شیعە بوو، وە بزووتنەوەکەیان لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی دەسەلاتی سیاسی بۆ بنەماڵەی ئالوبەیت دامەزرا بوو ، ئەم بیرو باوەڕانەش خزمەتی ئەو کەسانەی دەکرد کە خواستی بەدەست هێنانی دەسەلاتیان هەبوو لە ناو خانەقاکاندا.

لە بەرئەمەش رۆژ بە رۆژ خواستی نزیک بونەوەی سۆفییەکان لە شیعەکان زیادی دەکرد، هەندەێکیشیان بیروباوەڕە سۆفیگەرییەکەیان گۆڕی بۆ شیعە گەری لە پێناو بەدەستهێنانی

---

[1] روبرت: ایران در عصر جدید، ص١١.

دەسەڵاتی سیاسی و لە گرنگترین نموونەش تەرەیقەتی سەفەوی بوو کە تەریقەتێکی سۆفیگەریی بە ئایینزا شافیعی بوو، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ گۆرانکاری بەسەر بیرو باوەڕکانیاندا هات و بونە تەریقەتێکی ئایینزا شیعی و لە پاشاندا تەریقەتەکە گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی و هەتا توانیان دەوڵەتێکی بەرفراوان لە ئێراندا بەرپا بکەن، ئایینزای شیعەی دوانزە ئیمامی بکەنە بیروباوەڕی ڕەسمی ئەم دەوڵەتە دەتوانرێت بوترێت پەیوەندیی شیعە و سۆفیگەریی لە پراکتیکی شیعەدا یەکێکە لە دەرەنجامە کردارییەکانی ئاوێتەبوونی شیعە گەری و سۆفیگەریی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەکان بوو بە ڕەنگێکی شیعە-سۆفی لە سەردەمی دوای مەغۆلەکاندا، کە دواجار بووە هۆی پێکهێنانی حکومەتی سەفەوی، کە لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی سۆفیگەرییدا دیاری کرد.

# بەشی دووەم:

# تەریقەتی سەفەوی لە دامەزراندنیەوە تاکوسەردەمی شیخ جونەید (٧٠٠-٨٥١ک/١٣٠١-١٤٤٧ز).

## باسی یەکەم: دامەزراندنی تەریقەتی سەفەوی لەلایەن (شێخ سەفییەدین) ەوە (٦٥٠-٧٣٥ک/١٢٥٢- ١٣٣٥ز).

### تەوەری یەکەم: ڕەچەڵەک و بنەماڵەی سەفەوی پێش سەردەمی(سەفییەدین ئەردەبیلی):

ناوی تەریقەتی سەفەوی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (سەفییەدین ئەردەبیلی) کە کەسایەتیەکی ئاینی سوفی و لە پاشاندا شێخێکی تەریقەت بووە، (سەفیەددین) جگە لەوەی دامەزرێنەری تەریقەتی سەفەوی بووە، لە هەمان کاتدا کەسایەتیەکی ئاینی گرنگی سەدەی (٧ک/١٣ز) بووە لە ئیران، و بەتایبەتیش لە ناوچەکانی ئازربایجان، توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو شوێنکەوتە بۆ تەریقەتەکەی کۆبکاتەوە.

سەرەرای ئەوەی (سەفییەدین) لە چەند پشتێک زیاتر لە رەچەڵەکی خۆی شارەزا نەبووە، بەڵام توێژەران بیروڕای جیاوازیان بۆ ڕەگ ورەچەڵەکی خستووەتە ڕوو کە تاڕادەیەک جیاوازن وئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە لە بەرئەوەی (سەفییەدین) وبنەماڵەکەی لە ناوچەیەکی فرەنەتەوەی وەک (ئازربایجان)و بەتایبەتی تر لە دەوروبەری شاری (ئەردەبیل) ژیاون، لە لایەکی دیکە کەمی بەڵگەی ڕون و یەکلاکەرەوە کە ئاماژە بەڕەگ و ڕیشەی بکات، سەرەڕای ئەو هەموو ڕاجیایی و ناڕوونیەیی سەبارەت بە زنجیرەی ڕەچەڵەکی (سەفییەدین) هەیە، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکاندا زنجیرەی ڕەچەڵکی بەم شێوەیە دارێژراوە:

((سەفییەدین کوڕی سەید ئەمین جبرەئیلی کوڕی سەید ساڵحی کوڕی سەید قوتبەدین ئەحمەد کوڕی سەید سەلاحەدین رەشیدی کوڕی سەید موحەمەدی کوڕی سید عوزئەلخەواس کوڕی سەید فیروز شاە زێرین کلاە))ە، هەندێک زیاتر ڕۆیشتون ئەم زنجیرەڕەچەڵەکە درێژکردوەتەوە، وبەستویانەتەوە بە(ئیمام موسای کازم)کە حەوتەمین ئیمامی شیعەکانە، وبەم شیوەیە ئاماژە پێکراوە((سەفییەدین کوڕی سەید ئەمین جبرەئیلی کوڕی سەید ساڵحی کوڕی سەید قوتبەدین ئەحمەد کوڕی سەید سەلاحەدین رەشیدی کوڕی سەید موحەمدی کوڕی سید عوزئەلخەواس کوڕی سەید فیروز شاە زێڕین کلاە کوڕی موحەمەدی کوڕی موحەمەدی کوڕی حوسەینی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی جەعفەری کوڕی محمد کوڕی (ئیسماعیل) ی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەمەد ئەلقاسمی کوڕی حەمزەی کوڕی ئیمام موسای کازم))[1].

---

[1] امیرصدرالدین ابراهیم هروی: فتوحات شاهی (تاریخ صفوی از آغاز تا سال ٩٢٠ ه.ق)، تصحیح: محمد رضا نصیری، چ١، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨٣، ص١-٢.

هەندێکی دیکە ئەم زنجیرە رەچەڵەکەیان درێژتر باسکردوە و لە پاشان بەردەوام بوون هەتادەگاتەوە سەر عەلی کوڕی ئەبوتالیب کوڕی ئەبوتالب[1]، لە کتێبی(سلسلة النسب صفويه) دا کەیەکێکە لە سەرچاوەڕەسەنەکان بۆ ڕەچەڵەکی سەفەوییەکان لە سەفییەدینی (ئەردەبیل)یەوە هەتا دەگاتەوە ئیمام (عەلی کوڕی ئەبی تالب) ی تۆمار کردوە، بەڵام ئەوەی جیاوازە لە سەرچاوەکانی دیکە لە جێگەی (موحەممەدی کوڕی حوسێن) ، (موحەممەدی کوڕی حەسەن) نوسراوە، لە پێش هەموو ناوێکیشدا، ووشەی (سەید)ی بەواتای (سادة) واتە نەوەی پێغەمبەر بەکارهێناوە تا دەگات بە ئیمام موسای کازم[2].

هەرچی کتێبی (صفوة الصفا) یە، کە کۆنترین کتێبە سەبارەت بەڕەچەڵەکی سەفەوییەکان نوسرا بێت، لە سەفییەدین تاکو فیروز شاە زێڕین کڵاە زیاتری ئاماژە پێ نەداوە، بەم شێوەیەڕەچەڵەکی سەفییەدین تۆمار کراوە:((سەفیەددین ئەبوئەلفەتح کوڕی شێخ ئەمینەدین جبرائیل کوڕی ساڵح قوتەبیەدین ئەبوبەکری کوڕی سەلاحەدین ڕەشیدی کوڕی محمد حافز کەلامەللای کوڕی عواز کوڕی پیرۆز الكردي السنجاني))[3].

هەرچەندە هەریەک لەنەتەوەکانی فارس وتورک و ئازەری ویستویانە رەچەڵەکی نەتەوەیی (شێخ سەفییەدین) ببەستنەوە بەنەتەوەکانی خۆیانەوە بەڵگەی جیاجیا سەبارەت بەم پرسە دەخەنە ڕوو، بەڵام بەپێی سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەم بابەتە بەڕونی کوردبونی بنەچەی شێخ سەفییەدین دەرکەوتووە، بۆ نموونە لەو زنجیرە رەچەڵەکەی کە (ئیبن بەزاز) بۆ سەفیەددین دایڕشتووە، بەڕونی کوردبونی بنەچەی سەفەویەکان دەسەلمێنرێت، ئەوەی دەبێتە جێگەی قسە لەسەر کردن و ئاماژەیەکی گرنگە ووشەی (الكردي) و (السنجاني) یە، کە وەک ئاشکرایە ووشەی (الكردي) ئاماژەی بە کورد بوون وشوێنی لە دایکبوونی (فیروزشاە زێڕین کلاە)ی باپیرەی گەورەی سەفەوییەکان. ئاشکرایە ووشەی (الكردي)ئاماژەیە بۆ نەتەوەی کورد، بەو پێیەش بێت فیروز شاە کە باپیرە گەورەی سەفەویەکانە کورد بووە، بەڵام نازانرێت مەبەست لە سنجان کۆێیە؟ هەرچەندە هەوڵدراوە ووشەی سنجان پەیوەست بکەنەوە بە گوندێک بەناوی(سنجان) لەناوچەی (مەر) لە خۆراسان[4]، بەڵام پێناچێت ئەم بیروڕایە ڕاستبێت،

---

[1] اسکندر بیگ ترکمان: تاريخ عالم آرای عباسی, ج١، بەاهتمام: ایرج افشار، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٧، ج١، ص٧ ؛مؤلف ناشناختە: جهانگشای خاقان تاریخ شاه اسماعیل ٩٥٥-٩٤٨ ق، بە کوشش: نعمت احمدی و نیلوفر جفرودی، چ١، نشر تاریخ ایران، تهران، ١٤٠٠، ص٦٠.

[2] زاهدی ,ص١١.

[3] ابن بزاز: تصحح: غلامرضاطباطبائی مجد، چ١، تابش، تبریز، ١٣٧٣ ە، ص٧٠.

[4] محەمەد سهیل طقوش: مێژوی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێڕانی: شاخەوان محەمەد، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٥.

لەبەرئەوەی کە ئەگەر فەیروز شا کورد بێت بۆچی پەیوەست بکرێتەوە بەناوچەی خۆراسانەوە کە تەنها بەشێکی ژیانی لەوێ بەسەر بردووە، و ئەو ماوەیەش کەلەوێ بووە لە گوندێک بەناوی(ڕەنگین) ژیاوە کەدەکرا ناوی ئەوگوندە بکرێتە ناسناوی، بەڵام ڕایەک کەزۆر نزیکە لە ڕاستیەوە ئەوەیە کە ووشەی(السنجان) پەیوەستە بە کوردستانەوە، لەبەرئەوەی لەکوردستان زیاتر لە شوێنێک هەیە کەناوەکەیان زۆر نزیکە لەووشەی(السنجان)، نازانرێت کە ووشەی (سنجان) ئاماژەیە بۆ کام لەم شوێنانەی کوردستان، ئایا مەباست لە گوندی (سنجان) ی نزیک شاری کرماشانە یان مەبەست لە هۆزی بەناوبانگی(سنجاوی) کوردیە، یان ووشەی (السنجان) مەبەست لە (سنجاری) خۆرئاوای شاری (موسڵ)ە، کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، وادەردەکەوێت، ئەم بۆ چوونەی زیاتر نزیکتر بێت لە ڕاستیەوە، لە بەر ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژەبەوە دەکەن، یەکێک لە نەوەکانی (ئیبراهیم ئەدهەم) بەرەو ئازربایجان ڕۆشتووە، و فیروز شای زێڕین کڵاویش لەڕێگەی هەمان کەسەوە گەیشتووەتە ناوچەکانی ئازەربایجان، بە وردی ناوی ئەونەوەیەی (ئیبراهیم ئەدهەم) نازانرێت ؟بەڵام پێدەچێت ئەو کەسایەتییە، میرێکی کورد بووبێت بەناوی (وەهسۆزانی کوڕی مەملانی هەزبانی)، چونکە ئەم سەرکردە لە ساڵی (٤١٦-٤٥١ک/١٠٢٥_١٠٥٩ز)هێرشی بەرفراوانی کردوەتە سەر ئازربایجان ودەکرێت هەمان کات (فیروز شاە) لەگەڵ ئەودا کۆچی کردبێت[١].

گرنگترین بەڵگە سەبارەت بە کورد بونی بنەچەی سەفەویەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (شێخ سەفییەدین)، کە ئەویش پارچەیەک شیعرێکی خودی (سەفییەدین)ەکە مێژوونوسی کورد (مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی) وەک بڵگەیەکی گرنگ هێناویەتی بۆ سەلماندنی کوردبونی شێخ سەفییەدین، خودی شیعرەکەشی لە کتێبی (صفوة الصفا) وەرگرتووە کە شیعرەکە بەم شێوە نوسراوە لەلایەن شێخ سەفییەدینەوە:

((دێرکێن سەربەسەودای ئەگێجێ
دێرکێن چەش چوخوینن ئەسرەیجێ
دێرکێن سەربەئاستانەچ تەدارم
خود نەواچی کووڕبەختی چوگێجێ ؟[٢]))

---

[١] احمد کیسروی: شهریاران گمنام، مؤسسه نگاە، تهران، ١٣٨٥، ص١٦٢ ؛زرار صدیق تۆفیق: کوردوکوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی ١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٠-١٤١.

[٢]هەرچەندە ئەم شیعرە دەوترێت بەزمانی ئازەری نوسراوە بەڵام مەلا جەمیل بە کوردی زانیوە و بەم شێوەیە ڕاڤەی کردوە واتە: دەمێکەولەدێرگاڤێکە سەرلەسەودای تۆدا گێژە.دێروەختێکە چاوفرمێسکی خوێنین ئەڕێژێ، دەمێکەسەرم بە ئاستانەی تۆوەیە، تۆناڵێی بەخت ئەم کەچ وکوڕە چ گێژە؟ (ولاتەکەت باشتر بناسە، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢١).

لەبەرئەوەی کە زمانی کوردی بەشێوەکی فراوان زمانی نوسین نەبووە ونوسەرانیش زمانی کوردیان نەزانیوە، ئەم شیعرانەیان بەزمانی ئازەری لەقەڵەم داوە، (مەلا جەمیل رۆژبەیانی) لە جێگەیەکی دیکەدا لە ١٩٨٩/٦/١٢ کە گۆڤاری کارواندا نوسیویەتی، خۆم گەلێک قەسیدەی کوردی شێخ سەفییەدینم لەدەقێکی دەسنوسی دیکەی کتێبی (صفوةالصفا)دا بینیوە کە لە کتێبخانەی میلی تاراندا پارێزراوە[١].

هەرچەندە ڕای دیکە سەبارەت بە رەگەزی نەتەوەیی شێخ سەفیەددن و بنەچەی سەفەویەکان هەیە، و هەوڵدراوە پەیوەستیان بکەنەوەبەنەتەوەکانی تری وەک (فارس، عەرەب و تورک)، بەڵام هیچکام لە ڕایەکان خاوەنی بەڵگەی بەهێز نین بۆ سەلماندنی بابەتەکەیان.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەچەڵەکی مێژووی بنەماڵەی شێخ سەفیەددین بەم شێوەیەی خودارەوە سەرچاوەکانداڕیز بەندکراوە:

**یەکەم/**فیروز شای زێڕین کڵاه (کڵاوزێڕ): بە پێی سەرچاوەکان بێت کۆنترین کەسی ناسراوی ناو بنەماڵەی سەفەوییەکانە ئاماژەی پێدرابێت[٢]، هەرچەندە هەوڵ دراوە زنجیرەی ڕەچەڵەکی لە دوای فیروزیشا دروست بکەن و بنەچەی سەفەوییەکان بگێڕنەوە سەر ئیمامە شیعەکان، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ڕون و ڕەسەن نیە لە دوای فیروزشاوە ئاماژە بکات بە کەسێکی پێشتر لەو وەک بەرەبابی بنەماڵەی سەفەوی، بەڵام بەپێی یەکێک لە سەرچاوە ڕەسەنەکان، فیروز شا کورد بووە و خەڵکی سنجاربووە، دوای ئەوەی لە ناوچەی سنجار کۆچ دەکات، بەرەو ئازەربایجان و (ئەردەبیل) دەروات، پاش ماوەیەک لەبەرئەوەی کەسێکی ئاژەڵدار بووە و بە دوای لەوەڕگادا گەڕاوە بەرەو (گیلان) ڕۆیشتووە و لە ناوچەیەک بە ناوی (رەنگین) نیشتە جێ بووە[٣]، فیروزشاه سەرەڕای ئەوەی کەسێکی زانا و لێهاتوو بووە، لە هەمان کاتدا کەسێکی دەستڕۆیشتوو، ودەوڵەمەندبووە، ئەمەوای کردوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەدەوری کۆبوونەوتەوە،وادەردەکەوێت ئەو خۆشەویستییەش لەناو خەڵکی ناوچەکەدا وایکردبێت نازناوی (کڵاوزێڕین)یان پێ بەخشیبێت، وپێدەچێت ئەم پێگەیەی وای کردبێت ببێتە خاوەنی جۆرێک لە دەستڕۆیشتووی سیاسی بەڵام هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەمان لەم بارەیەوە لەبەردەستا نیە[٤]،

---

[١] وەرگیراوە لە :(عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چ٣، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٤١).

[٢] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٧٢؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٢؛ خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ، ص٤١٤.

[٣] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٧٢.

[٤] هروی: فتوحات شاهی، ص٣-٤.

هەرچەندە زانیاری زیاتر لە سەرچاوەکاندا دەست ناکەوێت لەسەرفیروزشا، بەڵام ئەوەی ئاماژەی پێدراوە کە لە ناوچەی (گیلان) لەسەدەی (٥ک/١١ز)کۆچیدوای کردووە[١].

**دووەم/** موحەممەد کوڕی فیروزشای زێرین کلاە[٢]: گێڕانەوەکان سەبارەت بەم کەسایەتیە، زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکن، لەتەمەنی (٧) ساڵیدا ون دەبێت، لەدوای ئەوەی خەڵکی بێ ئومێد دەبن لە دۆزینەوەی، پرسەی بۆ دادەنێن، بەڵام لە دوای(٧)ساڵ لە بزربوون لە ناکاو دەردەکەوێتەوە شێوەی جل و بەرگ و کڵاو و جامانەکەی سەری هەمان شێوازی سەردەمی باوکی بووە، خەڵکی بەشێوازی جل وبەرگەکەی، توشی سەرسوڕمان بوون ولەم ڕێگەیەوە ناسراوەتەوە، وئەوەی راگەیاندووە لە ماوەی ئەو(٧) ساڵەی تەمەنیدا لەلای پەری وجن ماوەتەوە وفێری قورئان وزانستی ئاینی کراوە[٣]. زانیاری و ئاماژەی کەم هەیە لەسەرئەم کەسایەتیە جگە لەو زانیاریە کەمانە هیچی دیکە لەسەرموحەمەدی کوڕی فیروزشا لەبەردەستدا نییە.

**سێیەم**/ موحەممەد سەلاحەدین ڕەشیدی کوڕی موحەممەد کوڕی فیروزشاە: لەسەردەمی ئەم کەسایەتییەدا بنەماڵەی سەفەوییەکان گەڕاونەوەتەوە نزیک (ئەردەبیل) و لە گوندی (کلخوران) نیشتەجێ بوون[٤]، هەر لەم ناوچانە خۆیان سەرقاڵ کردوە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێو کردنەوە، (سەلاحەددین ڕەشید) زانیاری فرەی لەبارەوە نیە بەڵام ئاماژە بەوە کراوە کەسێکی ناخ پاک و بێگەرد و خوداپەرست بووە[٥].

**چوارەم/** قوتبەدین کوڕی سەلاحەدین ڕەشید: لە گوندی(کلخوران) ژیاوە و سەردەمی ئەم دا گوندەکەی کەوتووەتە بەر هێرشی خەڵکی گورجستان، کە خەڵکێکی لەو هێرشەدا کوژران و ناوچەکەیان ویران بووە، (قوتەیبەدین) لە ترسی ئەو هێرشە خۆی و بنەماڵەکەی بۆ خۆحەشاردان بەرەو ناوەندی شاری (ئەردەبیل) هەڵاتوون، لەم هێرشدا بە شێوەیەکی پەرجووئاسا ڕزگاریان دەبێت، وقوتبەدیین دەبێتە فریادرەسی کوڕە تەمەن یەک مانگەکەی و

---

[١] زاهدی: سلسلة النسب صفویە، ص١١.

[٢] هەرچەندە پێش محمد ئاماژە بەکوڕێکی دیکەی فیروزشا کراوە، بەناوی(عوض) کە لەدوای باوکی لە گیلانەوە گەڕاوەتەوە ئەردەبیل و لەگوندێک نیشتەجێ بووە،( عبدالحسین نوایی و عباسقلی غفاری فرد: تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرنگی ایران دردوران صفویە، چ٢، انتشارات وزارت فرهنگ وفرهنگ وارشاد ایسلامی، تهران، ١٣٨٥، ص٣٦)، بەڵام لەسەرچاوە ڕەسەنەکاندا ئەمە کەسە بەرچاو نەکەوێت.

[٣] زاهدی: سلسلة النسب صفویە، ص١١؛ ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٧٣.

[٤] ابن بزاز: صفوة الصفا،، ص٧٣.

[٥] هەمان سەرچاوە، ص٧٣.

خێزان و بنەماڵەکەی تەمەنی مەودای ئەوەی پێدەدات نەوەکەی کە دەکاتە (سەفییەدین) ببینێت، هەروەها کە کەسێکی خاوەن پلە و پایە بووە[1].

**پێنجەم/** سەید ئەمین جبرائیل: کەدەکاتە باوکی سەفییەدین دامەزرێنەری تەریقەتی سەفەوی، کاتێک سەفییەدین تەمەنی تەنها (٦) ساڵ بووە، کۆچی دوایی کردوە، سەید ئەمین جبرائیل، لە ژیانیدا کەسێکی سادە و بەبێ ناوبانگ بووە، لە دوای کۆچی دوایی کردنیشی لە کلخوران لە گورستانی گوندەگەی لە نێو خەڵکی ئاسایدا نێژراوە، بەڵام لەسەردەمی نەوەکانیدا، گۆڕەکەی گوازرایەوە بۆشوێنێکی گونجاو، وکراوە بە گۆڕێکی خاوەن گومبەز وزیارەتگا[2].

## تەوەری دووەم: (شێخ سەفییەدین) و گەڕان بەدوای تەریقەتێکی گونجاودا:

(سەفیەددین) بە پێی سەرچاوەکان لەساڵی (٦٥٠ک/١٢٥٢ز) لە گوندی (کلخوران)، بە چەند میلێک لەدوری شاری (ئەردەبیل) لە بنەماڵەیەکی جوتیار لەدایکبووە، خاوەنی (٥) برا و(١) خۆشک بووە، سێ لە براکانی (موحەمەد، سەلاحەدین، (ئیسماعیل) )کەلەسەفیەدیین گەورەتر بوون، ودوان لە براکانی بەناوەکانی (یەعقوب و فەخرەدین یوسف)لە خۆی بچوکتر بوون[3]، لە تەمەنی (٦) ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردوە، پاشان لە لایەن دایکییەوە پەروەردە کراوە[4]، هەرلە منداڵیەوە کەسێکی گۆشەگیر بووە، لەسەرەتای تەمەنیەوە شارەزای زانستی شەرعی و هەندێک لە بابەتە سەرەتاییەکانی خوێندنی ئاینی ئەو سەردەمە بووە، وەک فێربوونی ئەرک و سوننەتەکانی ئاینی ئیسلام، ئەمە جگە لە فێربوونی زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی ومەغۆلی) لەگەڵ هەندێک لەبابەتەکانی ئەدەبیەکان[5].

(سەفییەدین) لە پاش کۆچی دوایی باوکی هەر لە تەمەنی منداڵیدا ئاشنای بابەتی سۆفیەگەری بووە، و هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە سەردانی شێخەکانی ئەم بوارەی کردووە، و لە ئارامگا و گۆری هەندێک لە شێخان، و لە خانەقا و شوێنە پیرۆزەکانی تەریقەتەکانی ئەو

---

[1] محمد نشاطی شیرازی: تذکرة شیخ صفی الدین اردبیلی، چ١، پخش کتب اسلامی و انسانی، تهران، ١٣٨٨ ه، ص٣٧.

[2] آدام الثاريوس: سفرنامه آدام الثاريوس ايران عصر سفوى از نگاه يک المانى، ترجمه: احمد بهپور، انتشارات ابتکار نو، تهران، ١٣٨٥، ص١٣٣.

[3] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٨٠.

[4] زاهدی: سلسلة النسب صفويه,ص١٦.

[5] زرين کوب: دنباله جستجو درتصوف ايران, ص٦١.

سەردەم پەرستشی ئەنجامداوە[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (سەفییەدین) خواستی بیرکردنەوە لە بواری سۆفی گەریەتی و گەڕان بە دوای پرسیاری دینی، و بواری سۆفیگەریی هەبووە، پاش ماوەیەک گەران لە ناوچەکانی (ئەردەبیل) و زیاتر بونی خواستەکانی بۆ بواری سۆفیگەریی و بواری زانستی دینی و دروستبوونی پرسیار گەلێک لەو بوارانەدا، دیارە کە سەفییەدین هەستی بەوە کردوە کە شارەزایان و زانایانی ئەو سەردەمی (ئەردەبیل) لە ئاستی خواستە زانستیەکانی ئەودا نەبوون، ئەمەش ئەو هەستەی لە لا دروستکردووە کە شاری (ئەردەبیل) بەرەو شاری (شیراز) بە جێ بهێڵێت[2].

ئەو کۆچکردنەش لەسەر پێشنیاری یەکێک لە براکانی بووە کە لە شاری (شیراز) سەرقاڵی بازرگانی بووە، کاتێک (سەفییەدین) تەمەنی تەنها (١٤)ساڵبووە، براکەی ئامۆژگاریکردوە، (ئەردەبیل) بەرەوشاری (شیراز) بەجێبهێڵێت[3]، هەر چەندە لەڕێگادا سەردانی چەند شێخێکی کردوە لە شارەکانی(قەزوین و ئەبهر)، بەڵام ئەوانەی بە مورشیدێکی گونجاو دانەناوە، چونکە ناوبانگی (شێخ نجیبەدین بزغش)ی بیستبوو، کاتێک کە گەیشتە شیراز (سەلاحەدین)ی برای پێشوازی لێکردوە و هەواڵی ئەوەی پێ ڕاگەیاندووە، کە (شێخ نجیبەدین) کۆچی دوایی کردوە، ئەم هەواڵە مایەی دڵتەنگی بووە بۆسەفییەدین[4]، مەرگ ڕێگەی نەداوە لە شیراز، سەفییەدین و(شێخ نجیبەدین) چاویان بەیەک بکەوێت، بەڵام چاوی بە چەند زانایەکی خاوەن پلە و پایەی ئەو سەردەم کەوتووە، وەک زانا و شاعیری ناسراوی ئێرانی (سەعدی شیرازی) و (روکنەدین باداوی)، کە پێشنیاری ئەوەیان بۆسەفییەدین کردوە بچێتە لای شێخێکی دیکەی بەناوبانگ و گەورە و گرنگی شیراز بە ناوی (ئەمیر عەبدوڵڵا)[5]، سەفییەدین هەر لە شیراز چۆتە لای (ئەمیر عەبدوڵڵا) و بەسەر هاتی خۆی بۆباسکردوە، بەڵام (ئەمیر عەبدوڵڵا) ئاماژەی بەوە کردوە، کە زانست و توانای ئەو دیاریکراوە، شوێنکەوتوانی تا سنوورێکی دیاریکراو دەتوانێت ئاراستە و ئامۆژگاری بکات، بۆیە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی سەفییەدین لەلای (ئەمیرعەبدوڵڵا) وەچنگ ناکەوێت[6] (ئەمیر عەبدوڵڵا) ئامۆژگاری سەفییەدین دەکات تا بچێتە لای زانا و شێخێکی

---

[1] کریم نجفی برزگر: تاریخ تحولات سیاسی اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در دوره صفویه، چ٣، انتشارات دانشگاه پیام نور, تهران، ١٣٩٩، ص٣٠.

[2] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٢.

[3] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ،ص٤١٤.

[4]میرزا بیگ جنابدی: روضة صفویه، به کوشش: غلام رضا طباطبایی مجد، چ١، مؤسسه انتشارات وچاپ دانشگاه تهران، تهران، ١٣٧٨ ه، ص٧٢.

[5] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ،ص٤١٤.

[6] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٧٥.

ناوداری دیکەی ئەو سەردەم لە ناوچەی (گیلان)، چونکە پێوا بووە، تەنها ئەوشێخە دەتوانێت لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەڵامی پرسیار وداواکارییەکانی (سەفییەدین) بداتەوە، ئەوشێخەش (زاهیدگیلانی) بووە.

پاش ماوەیەک سەفییەدین بەبێ ئۆمێدی لە شیرازەوە گەراوەتەوە (ئەردەبیل) دوای (٤) ساڵ, یەکێک لە کەسە نزیکەکانی بە ناوی(موحەممەد ئیبراهیم) کەبەمەبەستی بازرگانی ڕوی لە گیلان کردوە، بۆتە شوێنکەوتەو موردی (شێخ زاهید گیلانی) ، کاتیک گەڕاوەتەوە (ئەردەبیل) خەڵکی پێشوازییان لە (موحەممەد ئیبراهیم) کردوە، وە یەکێک لەوانەی چووەتە لای موریدەکەی (شێخ زاهیدگیلان)ی، سەفییەدین بووە، کاتێک پرسیاری پێگەو پلەی (شێخ زاهید)ی لە (موحەممەد ئیبراهیم) کردوە، ئەویش لەوەڵامدا پێگەی زانست وپلەوپایەی ئایینی (شێخ زاهید)ی بۆ(سەفییەدین)ی ڕونکردۆتەوە، (سەفییەدین) بەم وەڵامانە بیرکردنەوەی دەگۆڕێت و بریاردەدا بە زویی بەرەو (گیلان) بڕوات[1]، هەر بۆیە سەرمای زستان و ڕێگریەکانی کەسانی دەوروبەری نایانتوانی ببنە ڕێگر لە بەردەم گەشتکردنی سەفییەدین بۆ گیلان، پاش ماوەیەکی درێژخایەن گەیشووەتە گیلان، وبەرەوئەو گوندەڕۆیشتووە کە (شێخ زاهید)ی لێنیشتەجێ بووە بە(ناوی هلیەکران)، خۆی گەیاندووەتە خانەقا و شوێنی شێخی گیلانی، بەڵام موریدەکانی (شێخ زاهید) بە سەفییەدینیان ڕاگەیاندووە کەناتوانێت لەوکاتەیا چاوی بە شێخەکەیان بکەوێت، لەبەرئەوەی سەردانەکەی کەوتووەتە مانگی ڕەمەزان و لەڕەمەزاندا شێخ دەستوری وابووە کە تا یەکەم ڕۆژی جەژن کەسی نەدەبینی[2]. بەڵام بەپێچەوانەوە بە گەیشتنی (سەفییەدین) (شێخ زاهید) ڕێگەی دا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و ئەوەی بە بیری خۆێندکارەکانی هێنایەوە، کە پێش چەند ساڵێک باسی ئەوەی بۆ کردوون کە کەسێک لە (ئەردەبیل)ەوە دێت و بە جل وبەرگێکی لە خوری دروستکراوەوە، ئەمە هەمان ئەو کەسەیە کە ئاماژەی بۆ کراوە[3].

(شێخ زاهید)ی گەیلانی لە ماوەی مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا جارێکی دیکە چاوی بە سەفییەدین کەوتووە لە چلە خانەکەی خۆیدا لە گوندی (هلیەکران)، کە پێشتر ئەم شێوازە ڕوێنەدا بوو لە مانگی ڕەمەزاندا (شێخ زاهید) چاوی بە کەس بکەوێت[4]، لە پاشاندا (شێخ زاهید) ئەوی سپاردووە و بەیەکێک لە موریدانی بە ناوی (موحەمەد خەلیلان)، کە ئەرکی سەرپەرشتی

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٢٠-٢١.

[2] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص١١٣.

[3] مؤلف ناشناخته: عالم آرای صفوی، به کوشس: یدالله شکری، چاپخانه داور پنا، تهران، ١٣٥٠، ص١٣.

[4] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٨.

کردن و دابینکردنی جێگە و شوێنی مانەوەی لە ئەستۆ گرتووە هەتا ئەو کاتەی مانگی ڕەمەزان تەواو بووە[١].

پاشان (شێخ زاهید) گرنگی بە (سەفییەدین) داو (سەفییەدین)یش خۆی هەوڵێکی زۆریدا، هەتا وەکو بتوانێت ببێتە جێگەی گرنگی پێدانی زیاتری (شێخ زاهید)، لە هەمان کاتدارۆژ بەڕۆژ ئەو هەوڵ و توانایەی سەفییەدین، ئەوەی خستە پێش چاوی (شێخ زاهید)، کە سەفییەدین دەتوانێت ببێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ بەڕێوەبردن و بەرەوپێش بردنی کاروباری تەریقەتەکەی، لە یەکەمین هەنگاودا (شێخ زاهید) متمانەیدابە (سەفییەدین)و کردی بە خاوەنی پێگەیەکی گرنگ، ناردییە شاری (مراغە)بۆ ئەوەی بتوانێت خەڵکی پەروەردە و فێری تەریقەتەکەی بکات[٢]، هەرچەندە (سەفییەدین) ئەم کارەی لەسەرەتادا رەتکردەوە، وبەبیانووی ئەوەی لەتوانای ئەودانییە، ئەرکی فێرکردنی خەڵکی شاری مراغە لە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئەوان زاناوشارەزان وپێویستیان بە (سەفییەدین) نیە، بەڵام (شێخ زاهید) پێی ڕاگەیاندووە کە ئەوە بەرپرسیارێتییە و نابێت خۆی لێ لابدات[٣]، (سەفییەدین) بەو داوایە ڕازیبوو، و بۆ ئەو مەبەستە چووە شاری مەراغە، هەرچەندە سەرەتادا بەشێک لە موریدانی (شێخ زاهید)رازی نەبوون بەوەی لە جێگەی (شێخ زاهید)ئامۆژگاری ئاینی لە (سەفییەدین) وەربگرن، بەڵام (شێخ زاهید) رایگەیاند، کە ئەو بەم کارەی ڕاسپاردووە و هیچ جیاوازییەکی نییەلەگەڵ خودی (شێخ زاهید)و، ڕایگەیاند ئەوجل وبەرگە خودا لەبەرسەفییەدینی کردوەو پیرۆزبێت[٤]، لەم کارەیدا سەفییەدین توانی سەرکەوتووبێت وپێگەی گرنگ بەدەستبهێنێت، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت بەیەکەمین هەنگاوی سەرەتایی و رێگەخۆشکەربۆ دەرکەوتن ودروستکردنی تەریقەتی سەفەوی دابنرێت.

یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانەی زۆر گرنگ بوو، پێگەی سەفییەدین هێندەی دیکە لە زیاتر جاران بەرەو پێش برد، هاوسەرگیری کردنی سەفییەدین بوو لەگەڵ کچێکی (شێخ زاهید)[٥]، و ئەوەی لەوە زیاتر ئەم کارەی گرنگترکرد، ئەو وتانەی (شێخ زاهید) بوو کە ڕایگەیاند و هیوای خواست بەوەی کوڕێکیا ببێت و (بیبی فاتیمە)ی کچی و (سەفییەدین)ی زاوای ببنە جێگرەوەی

---

[١] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص١١٨ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٢٧.

[٢]هروی: فتوحات شاهی ,ص ٢٠.

[٣] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٨٢.

[٤] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص١٤٥.

[٥] محمد محسن مستوفی: زبدة التواریخ، به کوشش: گودرزی و بهروز، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ١٣٧٥، ص٤١.

خۆی و(سەفییەدین)[١]، کە ئەوەش ئاماژەییەکی گرنگی (شێخ زاهید) بوو بۆ ئەوەی لە دوای خۆی تەریقەتەکەی داوەتە دەستی سەفییەدین ونەوەکانی، لە دوای ئەم ئاماژە ڕونانەوە هەندێک لە موریدانی نارەزایەتی ئەوەیان دەربڕی کە (شێخ زاهید) پێویستە (جمالەدین)ی کوڕی بکاتە جێگرەوەی خۆی نەک سەفییەدین، چونکە بڕوایان وابووە کە بەو شێوەیە تەریقەتەکەی لە بازنەی خێزانی و بنەماڵەی ئەوان دەردەچێت و دەچێتە ناو بنەماڵەیەکی دیکەوە کە بنەماڵەی (سەفییەدینی) (ئەردەبیل)ەوە[٢]، پاشان (شێخ زاهید) بۆئەوەی بۆ بیسەلمێنێت کە (سەفییەدین) بۆجێگرتنەوەی زیاتر لە پێشترە[٣]، تاقیکردنەوەیەکی لە نێوان (جەمالەدین)ی کوڕی و (سەفییەدین)ی زاوایدا ئەنجامداوە، بەم کارەی بۆ لایەنگرانی روونکردۆتەوە کە (سەفییەدین) لە پێشترە و لە هەمانکاتدا گرنگترە بۆ تەریقەت وموریدانی نەک (جمالەدین)ی کوڕی، ئەوەش بووەتە مایەی دڵخۆشی و ئاهەنگگیرانی کەسانی نزیکی (سەفییەدین) و خەلکی (ئەردەبیل)، ئەوەی زیاتر سەفییەدینی بردە پێشەوە لە کاروباری تەریقەتەکەیدا ئەوە بوو نوێژی جەژندا کاتێک خەڵکی کۆبونەوە، (شێخ زاهید) دەستی سەفییەدین (ئەردەبیل)ی بەرز کردەوە ولە بەردەم خەڵکیدا وتی:(ئەمە دەستی منە هەر کەس لەسەر ئەم دەستەباوەڕ بهێنێت باوەڕداری منە، هەر کەسێک باوەڕداری منە باوەڕداری ئەویشە، من سەفیم و سەفی منم)[٤]، ئەمەش کارێکی بەڵگە نەویست بووە، بۆ ئەوەی لە دوای (شێخ زاهید)، (سەفییەدین) دەبێتە شێخی تەریقەت و جێگرەوەی.

پاش ئەوەڕوداوانە لەسەر داوای (شێخ زاهید)، (سەفییەدین) بەرەو (ئەردەبیل) گەرایەوە، هەتاوەکو بتوانێت ئامۆژگاری خەڵکی بکات و بانگەوازی تەریقەتەکەیان پێ بگەیەنێت، لەم ماوەیەدا، هەرکاتێک پێویستی بکردایە سەردانی شێخەکەی دەکرد بۆ گیلان، جا بەمەستی هەواڵ پرسین بوایە یان پرسیار کردن لە هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە تەریقەتەکەیان [٥].

گەڕانەوەی سەفییەدین بۆ(ئەردەبیل) و سەرقاڵبوونی بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکی، قوناغێکی نوێ و گرنگ بووە، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی سەفییەدین بتوانێت خانەقا و موریدی تایبەت بەخۆی هەبێت و خۆی ناسناوی شێخ بە دەست بهێنێت، راستە ئەو هێشتا بەشێک بوو لە تەریقەکەی ی(شێخ زاهید)، بەڵام ئەو دەیتوانی بە شێوەیەکی ئازادانە کاروبارەکانی

---

[١]محمد یوسف واله اصفهانی: خلدبرین (ایران در روزگار صفویان)، به کوشش: هاشم محدث، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ١٣٧٢ , ص٢٩.

[٢] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص٢٣.

[٣] واله اصفهانی: خلدبرین، ص٣٠ ؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص٢٣.

[٤] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٨٤ ؛هروی: فتوحات شاهی، ص٢٢.

[٥] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ، ص٤١٧.

بەڕێوەبەریت و بۆ هەندێک شتی پێویست بگەڕێتەوە بۆلای (شێخ زاهید) و هەر لەم ماوەیەدا، توانیویەتی ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکە بکاتە موریدوشوێنکەوتەی خۆی، وئیتر وردە وردە پەل وپۆ و شێوەی تەریقەتێکی نوێ دەرکەوت، وخاوەنی تایبەتمەندی نوێ بوو، و هەمووشی لە دەوری کەسێک کۆبوونەوە، خاوەنی چەند پێگەو ڕەوایەتییێک بوو کە (شێخ زاهید) وەک جێگرەوەیەکی خۆی پێی بەخشی بوو، لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگە دێتە پێشەوە کەچی وایکرد (شێخ زاهید) سەفییەدین بکاتە جێگرەوەی خۆی وە ئەم میراتە گرنگەی لە دوای خۆی نەداتە دەست کوڕکەی یان کەسێکی دیکە لە خوێندکارانی؟

دیارە سەفییەدین کۆمەڵێک تایبەتمەندیەکی هەبوو لە ئەوانەی دیکە دا بوونی نەبوو، بۆ نموونە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی (شێخ سەفییەدین) بریتیبوو لەو پێگەو پلە و پایەی کە لە بواری ئایینیدا هەیبوو، لەبەرئەوەی لە منداڵییەوە لەسەری راهاتبوو کە ئەرکە ئایینیەکانی خۆی بە جوانی و ڕێک و پێکی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەرکە ئایینیەکانی بە هەمیشەیی لە کارە لە پێشینەکانی بووە، دیارە بۆ جێگرتنەوەی پیاوی ئاینی وبوون بە شێخێکی تەریقێکی ئایینی دەبێت پێگە و پلە و پایەی ئایینی لە سەرەکیترین ئەو خاڵانە ببێت کە لە پێشچاو دەگیرێن، هەروەها جگە لەمە خۆی کەسێکی لێهاتوو بوو، ڕێنمونیکارێکی  سەرکەوتوو بووە لە نێو خەڵکدا، لە ئەنجامی ئەو ئەزموونە زۆرەی پێی گەیشتووە، هەروەک سودی زۆری وەرگرت لەو ماوەیەی کە لە شاری مراغە وەک نێردراوی (شێخ زاهید) مایەوە، لە لایەکی دیکەوە هاوڕایی و نزیکی بیرو بۆچوونی (سەفییەدین) لەگەڵ (شێخ زاهید) هۆکارێکی دیکە بوو چونکە لە تەواوی سەردەمی (شێخ زاهید) هیچ ڕایەکی پێچەوانەی نەبوو لە هەمانکاتدا ڕێزێکی زۆری بۆ  هەبووە و هەمیشە خەڵکی بەئاراستەی شوێنکەوتنی ئەو هاندەدا هیچ کاتێکیش هەوڵی بۆ جێگرتنەوەی ئەونەداوە، و تەواوی فەرمانەکانی (شێخ زاهید)ی جێبەجێ کردوە، گوێڕایەڵی تەواوی بۆی بووە، هەر ئەمەش وای لە (شێخ زاهید) کردوە بڵێت (من سەفیم و سەفی منم)[1] ، ئەمە جگە لە و زیرەکی و لێهاتوویی، سەفییەدین لە وەرگرتنی ئامۆژگاریەکانی (شێخ زاهید) هەیبوو، دوای ئەم ڕوداوانە (شێخ زاهید) بەرەو ناوچەی شروان ڕۆیشتووە[2]، لە بەرئەوەی پیری و نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیووە[3]، ئیتر کۆچیدوایی کردنی لە ماوەیەکی نزیکیدا لەلای خەڵکی و موریدانی شتێکی ڕوون بوو، هەر ئەمەش وای کردوە، موریدان و کەسانی دەوری (شێخ زاهید) بیریان لەوە کردوەتەوەکە گۆڕەکەی لە کوێی دەبێت، هەرئەمەش وای لە (شێخ زاهید)کرووە وەسیەت

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفويه، ص٨٤.

[2] خواندمير: تاريخ حبيب السير، ج٤ ، ص٤١٧.

[3] تركمان: تاريخ عالم آراى عباسى, ج١، ص٢٣.

بکات لە شوێنێک بەناوی (سیاەرود)لەگەیلان بنێژرێت[1]، هەر لەبەرئەمەش کاتێک کۆچی دوایی کردوە لە ساڵی (٧٠٠ک/ ١٣٠١ز)و لە تەمەنی (٨٥)ساڵیدا، دوای ئەوەی لە لایەن سەفییەدینەوە کاری شوشتن و کفن کردنی بۆ ئەنجام دەدرێت، لە لایەن موریدان و لایەنگرانیەوە لەو شوێنەی خۆی پێشتر داوایکرد بوو نێژراوە[2].

## تەوەری سێیەم: قۆناغی دامەزراندنی تەریقەتی سەفەوی (٧٠٠-٧٣٥ک/١٣٠١-١٣٣٤ز).

لە دوای کۆچی دوایی (شێخ زاهید)، سەفییەدین ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی زۆر کەوتە ئەستۆی، لە ئەنجامی ئەو میراتەی لە تەریقەتەکەی (شێخ زاهید) بۆی بەجێمابوو، کە لە ئەستۆگرتن و بەڕێوەبەردنی تەریقەتێکی گەورەی خاوەن چەندان مورید و سۆفی خۆی دەبینییەوە ، کە پێویست بووە کۆمەڵێک کاری گرنگ ئەنجامبدات هەتاوەکو بتوانێت ئەو دەرفەتە مێژووییە بقۆزێتەوە، وئەویش ببێتە شێخێکی گەورە، و خاوەن پێگەی ئاینی تایبەت بە خۆی، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک کارو شۆێنی گرنگی گرتە بەر:

**یەکەم / دانانی بناغەی تەریقەتی سەفەوی.**

سەفییەدین کاتێک چووە ناوچەی گەیلان و لەسەر دەستی (شێخ زاهید) بووە پەیڕەو و کارگێڕی تەریقەتەکە، لە ماوەی (٢٥) ساڵدا، واتە نێوان ساڵانی(٦٧٥ک/١٢٥٢ز) تاکو ساڵی ٧٠٠ک/١٣٠١ز) توانی کۆمەڵێک کاری گرنگ ئەنجام بدات و ببێتە جێگەی متمانەی شێخەکەی، و دواتر ببێتە جێگرەوەی ئەو، لە هەمان کاتیشدا دەبوو خاوەنی موریدی تایبەت بەخۆی، وردە وردە تەریقەتەکەی سەفییەدین ڕێگەی بە تەریقەتی زاهیدی چۆڵ دەکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەریقەتی زاهیدی پاشەکشەی دەکرد و لقی تەریقەتی سەفەوی گەشەی دەکرد، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕۆژگاردا خەڵکی لە جیاتی گیلان رویان لە (ئەردەبیل) دەکرد وەک ناوەندێکی ئاینی، زۆربوونی موریدانی (شێخ سەفییەدین)ی بە تەنها لە (ئەردەبیل) و دەوروبەری نەبوون، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ناوچەکانی بە ناو و ناوبانگی (شێخ سەفییەدین)ئاشنا ببوون هەر ئەمە وایکرد کە (شێخ سەفییەدین) تەریقەتێکی سۆفیگەریی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت و دواتر ئەم تەریقەتە بگەیەنێتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و شام وئاناتولیا[3].

---

[1] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ، ص٤١٨.

[2] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٩٢.

[3] ڕاجر سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، و: سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٤٠.

**دووەم/ دروستکردنی تۆڕێکی ڕێکخراو بۆبڵاوکردنەوەی تەریقەتی سەفەوی**: جێدەستی (شێخ سەفییەدین)بە تەنها لەدروستکردنی تەریقەتی سەفەویدا نەبوو، بەڵکوو گەورەترین کارێک کە کردی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی تەریقەتەکەی بوو، وە ناردنی نوێنەر بووبۆ ناوچە دووره دەستەکان لە ئێران و دەرەوەی ئێران، سەفییەدین پێگەیەکی ئایینی دانا بە ناوی (خەلیفە) کە ئەرکی گەشەپێدانی و سەرپەرشتی کردنی موریدانی تەریقەتەکەیان لە ئەستۆ دا بووە، ناوچە دوور دەستەکان، ئەم خەلیفانە لە سەرتاسەری ناوچەکانی ئێران و ئازەربایجانی ئێستادا بڵاوبوونەوە، هەروەها لە خۆرئاواش ژمارەیەکی زۆریان لە شام و ڕۆم و فەلەستین و میسر دەگەڕان، هەتا وەکو توانیان ژمارەیەکی زۆر مورید پەیدا بکەن[(١)]، ئاماژە بەوە کراوە لە سەردەمێکدا (شێخ سەفییەدین)خاوەنی (٢٠٠٠) موریدی خاوەن کەمال بووە، ئەمەش لە ئەنجامی کاری خەلیفەکانیەوە بووە کەلە ناوچە جیاجیاکاندا دای نابوون[(٢)].

**سێیەم/ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگر و مورید بەلای خۆی و تەریقەتەکەیدا**، لە ئەنجامی کاریگەری نۆێنەران و موریدانی (شێخ سەفییەدین) کە لەڕێگەی جۆراوجۆروە و لە شوێنە جیاجیاکانی ئێران و جیهان وەک ناوچەکانی ئازەربایجان و ئیسفەهان، گیلان، شیراز، کوردستان، شروان، دیاربەکر، ئاناتولیا، بەلخ و بوخارا بڵاوبوونەوە، لەم ناوچانە خەڵکێکی زۆر هاتبوونە ناوتەریقەتەکەی شێخ سەفییەدینەوە، لەسەر دەستی نۆینەرەکانیەوە باوەڕیان هێنابوو بە تەریقەتەکەی، دەربارەی ژمارەی موریدان و شوێنکەوتوانی (شێخ سەفییەدین) زۆر بۆچوونی جیاجیا هەیە، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە جارڕێکیان(شێخ سەفییەدین) داوایکرد موریدەکانی لە هەموو ناوچەکانەوە بێن بۆ (ئەردەبیل)، دوای کۆبوونەوەیان هەموو مزگەوت و خۆێندگە و شۆێنە ئاینییەکانیان پڕ کرد بوو، هەمووڕۆژێک نانی(٥٠٠٠)کەس دروست دەکرا هێشتا هەر بەشی ئەو ژمارە زۆرەی لەلایەنگرانی نەدەکرد[(٣)]، هەروەها جارێکیان (ئەمیر چوپان٧٢٨ک/١٣٢٧ز م) وەزیری ئیلخانی، لە (شێخ سەفییەدین)دەپرسێت، ئایا سەربازەکانی من زیاترن یان شوێنکەوتوانی تۆ، (شێخ سەفییەدین)وەڵامی داوەتەوە کە شۆێن کەوتوانی من زیاترن، وە لەبەرامبەر یەک کەس لە سەربازانی تۆمن سەد مورید و شۆێنکەوتەم هەیە، ئەمیر چوپان وەڵامیدایەوە کە قسەکەی شێخ ڕاستە، چونکە لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکەی ئەودا کە سنورەکەی لە روباری (جەیحون) هەتا نزیک (مصر)بووە، لە هەموو شوێنەکان موریدی شێخ

---

[(١)] علی اصغر رحیم زاده صفوی: شرح جنگها و تاریخ زندگانی شاه اسماعیل، به اهتمام: یوسف پور صفوی، انتشارات خیام، تهران، ١٣٤١، ص١٨.

[(٢)] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ، ص١٨.

[(٣)] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٨٤.

سەفییەدینی بەرچاو کەوتووە[١]، هەروەهاڕایەک هەیە کە (شێخ سەفییەدین) پێش کۆچی دوای کردنی نزیکەی(١٠٠٠٠٠) کەسی شوێنکەوتەی هەبووە[٢].

کۆمەڵێک هۆکار هەبوون کە وایانکردوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بە شێوەیەکی خێرا و فراوان لە دەوری تەریقەتەکەی (شێخ سەفییەدین)کۆببنەوە، کە زیاتر پەیوەندیان بە پێگەی (شێخ سەفییەدین)ەوە هەبووە، لەڕوانگەی ئاینی وکۆمەڵایەتی ئابووری وسیاسیەوە، کە ئەو شوێنکەوتانە بوونەتە هەوێن و هۆکارێکی یارمەتی دەری گەشەکردنی تەریقەتە سۆفیگەرییەکەی شێخ سەفییەدین .

**یەکەم/ پێگەی ئاینی(شێخ سەفییەدین):** ئەو پێگە ئایینیەی کە (شێخ سەفییەدین)بۆ خۆی دروستی کردوە، جێگەی ڕەزامەندی خەڵکی بووە، بە جۆرێک کە پێگە ئاینیەکەی بووە مایەی پەسەندکردنی لە لایەن تاک بە تاکی خەڵکی فرەنەتەوەی (ئەردەبیل) و ئازربایجان، ئەمەش وایکردوە خەڵکی زیاتر و بەگوڕوتینتر ڕوو لە خانەقا و پێگە ئایینیەکانی تەریقەتی سەفەوی بکەن[٣].

**دووەم/ پێگەی کۆمەڵایەتی(شێخ سەفییەدین):** ئەوەی (شێخ سەفییەدین) لەلای خەڵکی خۆشەویست کردبوو، لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بوو، بەهێزی بیر و باوەڕ ئایینەکەی وایکرد کە بەشداری لە پرسەی هەژاران بکات، سەردانی نەخۆشان بکات، بە بێ ئەوەی خۆی لە خەڵکی جیا بکاتەوە هەروەها لە کاتی گفتوگۆدا هەرگیز ووشەی (من) بەکارنەهێناوە و لە جیاتی من (ئێمە)ی بەکارهێناوە، چونکە ئەو پێی وابوو ووشەی (من)خۆویستی دروست دەکات[٤]، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک مەراسیمی وەلا ئەنا وەک دەست و قاچ ماچ کردن، کە لەوسەردەمەدا باوبووە، ئەم کارانە بووە هۆی ئەوەی کە لە ناو خەڵکیدا بە کەسێکی خاوەن توانا و سادە دەربکەوێت، ئەمەش وایکردووە خەڵکی پەیوەندی پێوە بکەن و لەسەر دەستی ئەو باوەڕ بهێنن و ببنە موریدی تەریقەتەکەی[٥] .

**سێیەم/ دەستکراوەیی (شێخ سەفییەدین) لەبواری ئابووریدا:** لەئەنجامی ئەوەی (شێخ سەفییەدین) خاوەنی ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتە بووە، ئەم کەسانەش بەبەردەوامی دیاری

---

[١] سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، ل٤٠.

[٢] رضا قلی خان هیدایت: تذکره ریاض العارفین، بەکوشش: مهرعەلی گرگانی، انتشارات محمودی، تهران، ص١٥٥.

[٣] عبدالحسین زیرین کوب: روزگاران دیگر(از صفویه تا عصر حاضر)، چ١، انتشارات سخن، تهران، ١٣٧٥، ص١٠.

[٤]ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٩٨-٩٩.

[٥] زیرین کوب: دنباله جستجو در تصوف ایران، ص٦٥.

وخێروخێراتیان داوەتە خانەقاکانی (شێخ سەفییەدین) ئەویش کەسێکی دەستکراوە بووە بەرامبەر بە خەڵکی هەژار هەر بۆیە هەرچی دەست بکەوتایە دەیبەخشیە کەسانی کەم دەرامەت جگە لەوەی کە خانەکانی ببونە جێگەی دابەشکردنی خواردن و بەسەر کەسانی فەقیر و هەژار و رێبواران و پەنادانی کەسانی بێ بنەماڵ، ئەمە هەر لە سەردەمی خۆیدا نا بەڵکو لە سەردەمی نەوەکانیشاندا بەردەوامبووە، رایەک هەیە ئاماژە بەوە دەکات لەیەک شەودا (١٠٠)سەر مەر بۆ خۆراکی میوانانی خانەقاکەی سەربڕدراوە [١].

**چوارەم/گرنگی پێگەی (شێخ سەفییەدین) لە بواری سیاسید:** لەبەرئەوەی خاوەنی ژمارەیەکی باش مورید بووە سوڵتانەکان و دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازی نەیان ویستووە، دڵی (شێخ سەفییەدین)لە خۆیان برەنجێت، هەر ئەمە وایکردووە زۆرجار داواکاریەکانی بۆ ئازادکردنی و بواردنی هەندێک لە خەڵکانی و موریدانی رەتنەکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتەی تەریقەتەکەی شێخ سەفییەدین لە ناو چینی سەربازاندا بوون، کە تۆبە و ئامۆژگارییان لە (شێخ سەفییەدین) وەرگرتووە، دەگوترێت جارێکیان (شێخ سەفییەدین)رایەکی پێچەوانەی (غیاسەدین٧١٨_٧٣٦ک/١٣١٨_١٣٣٦ز) وەزیری ئیلخانی دەربڕیوە،ئەمەش گەیشتوەتەوە لای وەزیر، و ڕایگەیاندووە کە (شێخ سەفییەدین ڕایەکی جیای لە من دەربڕیووە، ئەوا من نامەوێت ڕاجیایی لەگەڵ ئەودابکەم، هەتا سەدان هەزار لە موریدەکانی لە خۆم برەنجێنم[٢]).ئەوە جگە لەو ململانێی سیاسی نێوان دەسەڵاتەکان کەلە سەردەم بووە هۆی ئەوەی، هەرکام لەم دەسەڵاتانە هەوڵیانداوە بۆ بە هێزکردنی پێگەی، خۆیان لە نێو خەڵکدا، پەیوەندی باشیان لەگەڵ (شێخ سەفییەدین)هەبێت، بۆ نموونە مەغۆلەکان و ئەو دەسەڵاتانەی دایان مەزراند، هەوڵیان دەدا هەستی خەڵکی ئێران بەلای خۆیان و دەسەڵاتەکەیان ڕابکێشن بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیان لەگەڵ (شێخ زاهید) و پاشتریش (شێخ سەفییەدین)ببەستن.

**ڕێوڕەسمە سۆفیگەرییەکانی تەریقەتی سەفەوی لەسەردەمی شێخ سەفییەدین.**

تەریقەتی سەفەوی لەسەردەمی شێخ سەفییەدین دا، خاوەن کۆمەڵێک ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆی بووە، لەکتێبی(سلسلەی النسب صفویە)بەم شێوە باسی هەندێک لەڕێوڕەسمی ئایینی تەریقەتەکە دەکات لەسەردەمی شێخ سەفییەدیندا،

١_ شێوازی جل وبەرگ: بەم شێوەیە(چل ڕۆژی سەرەتای زستان دەڕۆژی سەرەتای مانگی(ذی الحجە) و دە ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان زیکر کردن هەمووڕۆژێک و بە بەردەوامی بە بەیانیان و ئێواران پێش نوێژی مەغریب یەک سەعات، خوێندنی قورئان دوای

---

[١] الشیبی: تشیع وتصوف، ص٣٧٢.

[٢] صفوی: شرح جنگها و تاریخ زندگانی شاه اسماعیل ، ص٢٥.

نوێژی عەسر، وە زیکر کردن یەکجار بەم شێوەیە بوو (كلمة طيبة لا اله الا الله حق) و دووەمجار کەبەزکری تایبەت بە ناوبانگ بوو بەم شێوەیە بوو(الله حق) ە، کە ئەم زیکرەیان زیکری دڵیشی پێ دەوترێت، چونکە لە دڵەوە دەکرێت و بەندە لەگەڵ خودای خۆی لە دڵەوە پەیویستە [1].

٢_ شێوازی خواردن: سەبارەت بە خواردنی (شێخ سەفییەدین)و پەیرەوان و موریدانی، باس لەوە دەکرێت سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ڕۆژەکانی بەڕۆژووبوون، بەڵام خودادرنی سەرەکی لە خانەقاکانیاندا (شۆربای گەنم)بووە، تەنانەت خودی (شێخ سەفییەدین)دوای بانگی ئێوارە چەند کەوچکێک لەو شوربای گەنمی خوداردوە، چەندڕۆژ جارێک، دوو یان سێ کەوچک خوداردنی سرکە باو بووە، (شێخ سەفییەدین)خۆی کەسێکی کەم خۆر بووە، هەندێک جار لە کاتی وتاردان و خوداپەرستیدا، توشی لەرزین هاتووە و هەستی پێ کراوە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە زیاتر سەرقاڵی زیکرکردن بن، ئەمە جگە لەوەی لەهەندێک کاتتدا قەدەغەی خوداردنی گۆشتی لەسەر پەیڕەوەکانی تەریقەتەکەی کردوە، بەوەی کەنابێت لە نێوان نیوەڕۆ و مەغریبدا گۆشت بخۆن[2]، لەلایەکی دیکەوە لە دوای بانگی بەیانی واتە پێش خۆر هەڵاتن، بە تەواوی بێدەنگ دەبوون، هیچ جۆرە قسەکردنێک نەبوو لە نێوانیاندا، جگە لە زیکرو، تا وەکو ئەو کاتەی بە تەواوەتی خۆر هەڵهاتووە[3].

٣_ شێوازی جل وبەرگ: سەبارەت بە جل وبەرگی پەیڕەوانی و موریدانی تەریقەتی سەفەوی جۆرێکی تایبەتی جل وبەرگی لە خوری دروستکراویان پۆشیووە، کە (شێخ سەفییەدین)بە موریدەکانی رایگەیاندوون، ئەم پۆشینی جل وبەرگی لە خوری چێنراوە تایبەتە بە شوێنکەوتوانی تەریقەتەکەیان و بۆیان ماوەتەوە، و ئەم جۆرە جل وبەرگ پۆشینە، چونکە(شێخ سەفییەدین)کاتێک بۆ یەکەمجار چاوی بە (شێخ زاهید) کەوتووە، هەمان جل وبەرگی پوشیووە.

## بنەچەی ئاینزایی شێخ سەفیەدین :

ئەوەی پێویستە باسی لێوە بکرێت، ئەو پرسیارەگرنگەیە، ئایا ئەو تەریقەتەی (شێخ سەفییەدین)ڕێبەرایەتی دەکرد، لەبنەڕەتدا، ئەم تەریقەتە سەربە چ (ئاینزایەک) بووەلەئاینزاکانی ئاینی ئیسلامدا؟لەم بارەیەوە قسەی جیاواز و بیر و ڕای جۆراوجۆر هەن، ئایا، تەریقەتێک بوووە سەربە ئاییزای شیعی بووەیان، تەریقەتێکی، سوننی ئاییزا هەبووە؟یان ئایا بابەتی سەید

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفويه، ص٣٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٣٧.

[3] هەمان سەرچاوە، ص٣٧.

بوون یان سەید نەبوونی (شێخ سەفییەدین) کە گفتوگۆ و باسێکی زۆر لە سەرە تاچەند ڕاستە, لەم بارەیەوە چەند بۆچونێک هەیە و تائێستا بەتەواوەتی ئەم بابەتە ڕوون نییە.

سەبارەت بە ئایینزای (شێخ سەفییەدین) وتەریقەتەکەی کۆنترین ئاماژەیەک کە کرابێت، بتوانرێت وەک بەڵگە بهێنرێتەوە، ئاماژەکەی (حەمەدولامستەوفی قەزوینی) و لە ساڵی (٧٥٠ک/١٣٤٩ز) کۆچیدوایکردووە، وهاوسەردەمی (شێخ سەفییەدین)بووە، لە گەشتەکەیدا بۆ شاری (ئەردەبیل) ئاماژە بەوەدەکات زۆربەی دانیشتوانی شارەکە بە ئایینزا شافعین و مورید و شوێنکەوتەی شێخ سەفییەدینن[١]دیارە ئەمە ئاماژەیەکی ڕون و گرنگە، و دەبێتە بەڵگەیەکی گرنگ بۆ ئایینزای شێخ سەفییەدین، کە تێدا جەخت لەسەر سوننی بوون و شافعی بوونی ئایینزای (شێخ سەفییەدین)و تەریقەتەکەی وخەڵکی (ئەردەبیل) دەکاتەوە.

لە دوای ئەم ئاماژەیە، نزیکترین ئاماژەیەکی دیکە، کە باس لە ئایینزای (شێخ سەفییەدین)بکات کتێبی (صفوةالصفا)یە، کاتێک پرسیار لە (شێخ سەفییەدین)کراوە دەربارەی ئایینزاکەی، ئەویش لەوەڵامدا وتویەتی کە ئێمە ئایینزای((هاوەڵانمان هەیە وهەرچوارمان خۆشدەوێن ونزابۆهەرچواریان دەکەین))[٢]، بەڵام ئەم لێکدانەوەی جیاجیای کۆکراوە بەوەی کە مەست لە ووشەی (چوار) چی بووە، (میشل مزاوی) ئەوەی خستووەتەڕوو کە مەبەستت (شێخ سەفییەدین)لە ووشەی(چوار) گوزارشتە لە چوارچێوەی ئایینزاکەی ئەهلی سوننەیە، واتە: (حەنەفی، شافعی، مالکی، حەنبەلی[٣]), بەڵام دەکرێت (شێخ سەفییەدین)مەبەستیشی لە ووشەی(چوار) ئاماژە دان بێت، بە چوار خەلیفەکەی راشدین.

لە پاش ئەم دوو ئاماژە، ئەو شەجەرە نامەیە دێت کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویەوە، بۆ بنەماڵەی سەفەوی و بنەچەی سەفەوییەکان نوسراوەتەوە، کە لەناو ئەم شەجەرەنامەدا بنەچەی بنەماڵەی سەفەوییەکان و (شێخ سەفییەدین)دەگەڕێتەوە سەر ئیمامە شیعیەکان و لە پێش هەر ناوێک لە باوانی سەفەوییەکان ووشەی (سەید)ی بۆ بەکار هێناون، وەبە نەوەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ناوی هێناوە[٤]، کە ئەمەش جۆرێک لە بە شیعە دانانی (شێخ سەفییەدین)دادەنرێت .

سەبارەت بە گێڕانەوەی بنەچەی سەفەوی بۆ شیعە، ئەوە شیعە بوون و سەیدبوونی (شێخ سەفییەدین)بابەتێکە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی هاتووەتە ئاراوە، پێدەچێت ئەم

---

[١]نزهة القلوب، ص١٢٩.

[٢]ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٨٨٦.

[٣] میشل م. مزاوی: پیدایش دولت صفوی، ترجمه: یعقوب آژند، چ٢، انتشارات گستره، تهران، ١٣٨٨، ص١٢٥.

[٤] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص١٠-١١.

کارەی سەفەوییەکان بۆ پیرۆز کردنی و بە هێز کردنی دەسەڵاتەکەیان بوویێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە شا (ئیسماعیل)مێژوونووسەکانی راگەیاندووە، بنەچەی سەفەوییەکان ببەستنەوە بە ئیمامە شیعەکان و (شێخ سەفییەدین) بە سەید ئەژمار بکرێت[1].هەرچەندە هەندێک لە توێژەران و نوسەرانی سەردەمی نوێ کەلەم بابەتی سەفەوی کۆڵیونەتەوە، شێخ سەفییەدینیان بە سوننی ئایینزا ناساندوە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی روونیان لەبەردەست بێت بۆسەلماندنی رایەکانیان، تەنیا ئەوە هەیە زۆر بەیان سودیان لە کتێبەکەی (ئەحمەد کیسرەوی) وەرگرتووە. ئەحمەد کیسرەوی هەوڵ دەدات، سەرجەم ئەو دەنگۆیانە بەدرۆ بخاتەوە کە باس لەشیعە بوونی (شێخ سەفییەدین)دەکەن، ولەگەڵ ئەوەشدا بە کۆمەڵێک بەڵگە جەخت لەسەر سوننی بوونی (شێخ سەفییەدین)دەکاتەوە، وەپێی وایە شێخ سەفییەدین، شێخێکی خاوەن تەریقەتی سوننی ئایینزا بووە، لەسەر ئایینزای شافیعی سوننی بووە [2].

بیروبۆچوونی دیکە هەیە پێوایە (شێخ سەفییەدین)تەنها بەڕووکەش خۆی بە سوننی ئایینزا نیشان داوە لە ترسی دەسەڵاتەکانی سەردەمەکەی، وخۆی لەناخی خۆیدا کەسێکی شیعە بووە، هەوڵی داوە خۆی وەک کەسێکی شافیعی ئایینزا نیشان بدات و دیارە ئەمەش لەبەر نزیکی ئایینزای شافیعی بووە لە ئایینزای شیعەوە[3].

## پێگەی ئابووری شێخ سەفیەدین

لە تێڕوانینێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین (شێخ سەفییەدین) سەرەڕای ئەوەی شێخێکی گەورە و بەناوبانگبووە لە بواری ئایندا، بەڵام لە پەنا شێخایەتیەکەیدا کەسێکی ساماندار وخاوەن موڵک بووە، بەواتای ئەوەی جیا لەکاروباری ئاینی تەریقەتەکەی، خەریکی کۆکردنەوەی سەروەت وسامان، وزیاد کردنی ڕوبەری زەوی وزارەکانی بووە، چونکە بە تێڕوانینی ئێمە دەسەڵات وسەروەت وسامانەکەی لەو ڕۆژانەدا سەرنج ڕاکێشە، وسەفییەدین وەک یەکێک لە دەرەبەگە بەناوبانگەکان دەهێنێتە پێش چاو، چونکە زۆربەی کاتەکانی لە سەرپەرشتیکردن و کۆکردنەوەی بەروبومەکانیدا بەسەربردوە, نوسەرێک ئەوە بە باشی دەخاتەروو ئاماژەبەوەدەکات کە سەفییەدین لە سەرەتادا تەنها دووسەر مانگای هەبووە لەگەڵ ڕوبەرێکی کەم لە زەوی کشتوکاڵی، بەڵام لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا بووەخاوەنی روبەرێکی بێ ئەندازە فراوان لە زەوی کە

---

(1) مزاوی: پیدایش دولت صفوی، ص١٢٠-١٢٦.

(2) شیخ صفی و تبارش ١٣٠٥-١٣٠٦، انتشارات کۆلن، المان، ١٩٩٦، ص٧٦-٩٠.

(3) پیتر جکسون و لورنس لاکهارت: تاریخ ایران کمبریج، ترجمة: تیمورقادری، قسمت٢، چ٤، انتشارات مهتاب، تهران، ١٣٩٦، ج٦، ص١٥.

خۆی لە چوارچێوەی (٢٠)گونددا دەبینیەوە[١]، لێرەدا دەکرێت ئەوپرسیارە بکرێت کە چۆن بەخێرایی بووەخاوەن ئەو ڕووبەرە زۆرەی زەوی وزار؟

لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵیی کاروباری شێخایەتیەکەی بووە، لەبەر ئەمە دەتوانرێت بوترێت لێهاتووی (شێخ سەفییەدین) لەوەدابووە، کە توانیویەتی پێگەی شێخایەتی وفیوداڵبوون وموریدوئاغا بوون لە خۆیدا بەرجەستە بکات، وبەئاگاداریەوە تەواوکەری ئەمانە بووە، لەڕێگەی پێگەی شێخایەتیەکەیەوە[٢]، لەهەوڵی پاراستن و زیادکردنی موڵک وماڵ وسامانەکەیدا بووە، لە پێگە فیوداڵیەکەیەوە کەسێکی بەخشندەبووەو بەبێ گوێدانە جیاوازی موریدەکانی خۆی وکەسانی دیکە، پێدەچێت ئەمەش باشترین کاربووبێت لەسەردەمی نائومێدی ونائەمنی وباری خراپی دەروونی سەردەمی ئیلخانییەکاندا, لەپێناوزیادکردنی شوێنکەوتەی خۆی جێبەجێبکات، هەر لەبەر ئەمەش (مستەوفی قەزوینی) ئاماژەبەوەدەکات کە: (شێخ سەفیەددین پیاوێکی خاوەن کات و دڵێکی گەورەیە، وکەمەغۆلەکان پەرۆشییەکی تەواویان بۆی هەیە)[٣]، لەگەڵ ئەوڕەووشەی هەبوو شێخ سەفییەدین هەوڵی دەدا نفوزی خۆی لەنێو خەڵکیدا فراوانتر بکات وپێداچونەوە بە دۆخ و پەیوەندییەکاندا بکات، تائەوڕادەیەی پەیوەندی لەگەڵ گروپەجیاوازەکاندا باشتر کردوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە بەرژەوەندی پێگەکەی خۆیدا بووە.

هەرئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە (شێخ سەفییەدین)ببێتە خاوەن زەوی وزارێکی زۆر لەنەک بەتەنیا لە گۆندی (کلخوران)، بەڵکو لە ناوچە جیاجیاکاندا، وەک بەشێک لە گوندەکانی وەک(سینان، اشرف اباد، گرمرود، جورق، ماجورق، مغان، دیزنیق، الارق[٤])ئەمانە بەشیک بوون لە ناوچەکانی دەوروبەری (ئەردەبیل)، دەکرێت کە لەناوچەی دیکە زەویو زاری هەبوبێت بەڵام لەبەرئەوەی کە هیچ ڕوداووململانێیەک ڕوی نەداوە لەسەریان باسنەکراون، لەبەر گرنگی بابەتی زەوی وزار لەلای شێخ سەفییەدین، وئەوەی دەبێتە هۆکاری ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە هەندێک جار (شێخ سەفییەدین)کەوتوەتە ناکۆکی توندەوە لەگەڵ دانیشتوانی ئەوگوندانە، بۆ نموونە کاتێک (شێخ سەفییەدین)گوندێک دەکڕێت بەناوی (کەزج)، دانیشتوانەکەی ناڕەزایەتیان نیشان داوە، (شێخ سەفیەدیین) لە وەڵامدا پێی گوتون (گزجیەکان) دابنیشن ولاڕێ مەبن[٥]، هەروەها لە گوندەکانی (جوراق وماجوراق) کەسیک دەرکەوتووە کە بانگەشەی ئەوەیکردوە کە

---

[١] پیکولوسکایا و دیگران: تاریخ ایران، ترجمە: کریم کشاورز، انتشارات پیام، تهران، ١٣٤٥، ص٤٧١.

[٢] علی سالاری شادی: بازنگری دراحوال و مناسبات شیخ صفی الدین اردبیلی، مجله علمی-پژوهشی دانشکده ادبیات وعلوم انسانی دانشگاه اصفهان، دوره دوم، شماره ٥٠، پاییز ١٣٨٦، صص٥٦-٦٦.

[٣] تاریخ گزیده، به اهتمام: عبدالحسین نوایی، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٤، ص٦٧٥.

[٤] ابن بزاز: صفوة الصفا، صص(٣٧٠-٤٠٢-٣٩٨-٧٥١-٧٩٧-١٠٠٢).

[٥] شادی: بازنگری دراحوال ومناسبات شیخ صفی الدین اردبیلی، ١٣٨٦، ص٥٧.

پشکی هەیە لە ودووگوندە، و (شێخ سەفییەدین) لە وەڵامدا پێیڕاگەیاندووەکە هیچ پشک ومافێکی نیە[1]، ئەم ڕوداوانە لەسەردەمی سەدرەدینی کوڕی شێخ سەفییەدینیشدا هەبووە[2]، بەجۆرێک ئەگەرلەم ڕوداوانەوە سەیری کەسایەتی شیخ سەفییەدین ودواتریش سەدرەدینی کوڕی بکەین، ڕویەکی تارادەیەک فیوداڵیان هەیە و هیچمان لەسەر شێخایەتیەکەیان دەستناکەوێت، لەبەر ئەمەش دەبێت لە دوو ڕوانگەوە لە ڕوداوەکان بڕوانین بۆ ئەوەی کە ئەوەمان بۆ دەربکەوێت، شێخ سەفییەدین لەناو خانەقاکانی دا شێخێکی خاوەن تەریقەتە، لەدەرەوەی خانەقاکاندا خاوەن کرداریی فیوداڵیە.

دوای نەخۆشکەوتنی (شێخ سەفییەدین)بۆ ماوەی(١٨)ڕۆژ، لە کۆتایی ئەم هەژدەڕۆژە دوای نوێژی بەیانی لە کاتی گەڕانەوەیدا توانای نەماوە خەڵکانی دەوروبەری ویستوویانە بیگەڕێننەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام (شێخ سەفییەدین)ئاماژەی بەوە کردوە کە بیبەنە شوێنێکی دیکەکە ئێستا مەزارگەکەی تێدا ماوەتەوە لە (ئەردەبیل)، خەڵکیش ئەو کارەیانکردوە، لە هەمان ڕۆژ و لە دوو شەممەی ڕێکەوتی (١٢) ی مانگی موحەڕەم ساڵی (٧٣٥ک/١٣٣٥ز) کۆچی دوایکرد و لە هەمان ڕۆژدا لە لایەن یەکێک لە موریدەکانی بەناوی (سید جەمال ئەسفەهان)ی تەرمەکەی کاری شۆردن و کفن کردنی بۆ کراوە، لەڕۆژی دواتر لە (ئەردەبیل) نێژراوە[3].

---

[1] شادی: بازنگری دراحوال ومناسبات شیخ صفی الدین اردبیلی، ١٣٨٦، ص٥٧،

[2] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٧.

[3] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٤ ؛ خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ١٣٨٠، ص٤١٩ ؛ میرزا بیگ جنابندی: روضة الصفویة ,به کوشش، غلامرضا طباطبایی مجد، انتشارات موقوفات دکتر محمود افشار یزدی، تهران، ١٣٨٧، ص٨١.

## باسی دووەم: ڕەوشی تەریقەتی سەفەوی لەپاش (شێخ سەفییەدین)هەتا سەردەمی شێخ جونەید(٧٣٥-٨٥١ ک/١٣٣٥-١٤٤٨ز).

### تەوەری یەکەم /تەریقەتی سەفەوی لەسەردەمی شێخ سەدرەدین موسای کوڕی شێخ سەفییەدین(٧٣٥-٧٩٣ک/١٣٣٥-١٣٩١ز).

(شێخ سەفییەدین) لە دووخێزان پێنج کوڕی هەبووە، سێ لەکوڕەکانی لە(بیبی فاتمە)ی کچی شێخ زاهید بوون، ئەوانیش(ئەبوسەعید، سەدرەدین ومحێدین) بووە، (محێدین)کە لە سەردەمی ژیانی (شێخ سەفییەدین)لە ساڵی (٧٢٤ک/١٣٢٣ز) کۆچیدوایکردوە، لە خێزانەکەی دیکەی کە ناوی (زفارخ) بوو، کەئەم خێزانەی کچی (سلێمانی کلخورانی) بووە، دوو کوڕ و کچێکی هەبوو، کوڕەکانیان بەناوی(علائەدین) و(شەرەفەدین)، کچەکەشیان، ناوی دیارنیە, بەڵام ئەوە زانراوە ، کە شوی بە (شەمسەددین) کوڕی (شێخ زاهید) کردوە.[1]

لە دوای کۆچی دوای (شێخ سەفییەدین)، کوڕەکەی (سەدرەدین) جێگەی گرتووەتەوە ودوای ئەوەی لەسەفەری حەجدا (شێخ سەفییەدین) ئاماژەی بەوەکرد، ئەوسەروەت سامانەی هەیەتی هەمووی دەبێتە موڵکی (سەدرەدینی) کوڕی و هەر ئەویش دەبێتە جێگرەوەی، لە سەرپەرشتیکردنی تەریقەتەکە[2]، ئەم کارەی (شێخ سەفییەدین) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێک هاوسەرگیریی لەگەڵ (بیبی فاتمە)ی کچی (شێخ زاهید) کردوە، (شێخ زاهید) ئەوەی ڕاگەیاندووە لەئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییە نەوەیەک لەدایک دەبێت و دەبێتە جێگرەوەی خۆی و(سەفییەدین)[3]، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە سەرپەرشتیاری تەریقەتەکە دەبێت لە منداڵەکانی کچەکەی (شێخ زاهید) و (شێخ سەفییەدین) بێت[4]، ئەوەی زیاتر هەلی (سەدرەدینی) زیاد کردووە، پاش ماوەیەک لە کۆچی دوایی (شێخ سەفییەدین)، سێ کورەکەی دیکەی کۆچی دواییان کردوە، پاشان سەدرەدین بەتەواوی بووە خاوەن موڵک وماڵ وسەرۆک شێخی یەکێک لە تەریقەتە گەورە و خاوەن موریدەکان[5].

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٣٦.

[2] واله اصفهانی: خلدبرین...، ص٤٢ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٣٦.

[3] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٩٤ ؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٤.

[4] سەبارەت بە دەستوری دانانی شوێنگرەوە لەناو تریقەتی سەفەوی بنەمایەکی دیاریکراوی نەبووە ، لەبەر ئەوەش ئەگەر لەو پرۆسەیە ورد ببینەوە لە هەر سەردەمێکدا جۆرێک بووە، پابەند نەبوون بەوای کە ئایا کوڕی گەورە ببێتە جێگری یان گوری بچوک لە پاش کۆچی دوایی باوکی ، کە لە چەند سەردەمێکدا کێشەی دروستکردووە.

[5] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٣٦.

سەدرەدین لە ساڵی (٧٠٤ک/١٣٠٥ز) لەدایکبووە، لە تەمەنی منداڵیدا لە مزگەوت و لە ناو خانەقاکانی تەریقەتەکەی باوکیدا گەورە بووە، کاتێکیش بۆتە ڕێبەری تەریقەتی سەفەوی تەمەنی(٣١)ساڵ بووە، ناوبراوکەسێکی لێهاتوو بووە، لە بەرەو پێشبردنی و بەڕێوەبردنی تەریقەتی سەفەوی هیچی لە (شێخ سەفییەدین)ی باوکی کەمتر نەبووە، چونکە لە تەمەنێکی کەمەوە لە سەردەمی باوکیدا لە ئەلقەی زیکرەکانی باوکیدا ئامادەیی هەبووە، لەهەمان کاتتدا پشتیوانی لاوەکان بووە، کەسێکی دەستکراوە بووە و خواردنی هەژارانی دابینکردوە، ئەم هەڵوێستانەشی پێگەیەکی گرنگیان پێ بەخشیووە[1]، پێدەچێت ئەمە یەکێک بۆبێت لەو خاڵە گرنگانەی لە (سەدرەدین) دا هەبوبێت و لە کوڕەکانی دیکەی (شێخ سەفییەدین) دا بوونی نەبوبێت، هەرلەبەرئەمەش (شێخ سەفییەدین) بەبێ دودڵی ئەوی کردوەتە جێگرەوەی خۆی، چونکە (سەدرەدین) بە سروشتی خۆی دەیتوانی پەیوندی زیاتر لەگەڵ سۆفییەکان دروست بکات و پەرە بەتەریقەتی سەفەوی بدات.

لە یەکەمین تاقیکردەنەوەدا (شێخ سەدرەدین) لە پاش ئەوەی بووە شێخی تەریقەتی سەفەوی، شەڕ لەنێوان دانیشتوانی دووگوندی نزیک (ئەردەبیل)بەناوەکانی(تول) و(ئالارق) ڕویداوە، کە هۆکاری ئەم کێشەیەش زەوی وزاربووە، هەرچەندەشێخ سەدرەدین لە ڕێگەی ناردنی دووکەس لە ڕیشسپییەکانی تەریقەتی سەفەوی، هەوڵیدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوونەبوون، چونکە دانیشتوانی (تول) ڕازی نەبوون بەئاشتی ئەوکێشەیە چارەسەربکەن، و ئامۆژگارییەکانی شێخ سەدرەدینیان لە بەرچاونەگرتووە، و هێرشیانکردوەتە سەرگوندی (ئالارق)، وسەرئەنجام سەرکەوتوو نەبوون لەوهێرشەیاندا، و دوچاری شکست بوون[2]، لە سەرچاوەکاندا هۆکاری ڕودانی ئەوشکستەی بەسەر دانیشتوانی گوندی (تول)هاتووە، گەڕێنراوەتەوە بۆ ئەوەی کە ئامۆژگارییەکانی (شێخ سەدرەدین) لەبەر چاو نەگیراوە[3].

هەر لەم ماوەیە دا (سوڵتان ئەبو سعید٧١٦_٧٣٦ک/١٣٣٦_١٣١٦ز) کۆچی دوایی کردوە[4]، ئەمەش بۆتە هۆی لێکترازان دەوڵەتی ئیلخانی و دابەشبوونی بۆ چەند دەسەڵاتێکی بچوک، هەروەها بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی دەسەڵاتی چەند خانەدانێک وەک (چوپانیەکان

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٠ ؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٤ ؛ هروی: فتوحات ص٢٦.

[2] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ،ص٤٢٣ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٠.

[3] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٠ ؛ خواندمیر: تاریخ حبیب السیر،ج٤، ص٤٢٣.

[4] علی اکبر ولایتی: ایران از حمله مغول تا پایان تیموریان، چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٩٢، ص٤٤٦.

وجەلایریەکان) کە دەسەڵاتی ناوچەکانی ئەرمەنستان هەتا دەوروبەری گۆمی (وان) یان لەژێر دەسەڵاتدا بووە، لە لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتە تورکمانەکانی وەک (ئاق قۆینلو قەرەقۆینلو)، کە لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی ئێران، و بێگومان لە ناو کێشمەکێشی ئەم هێزانەدا، ئەگەر شێخێکی لێهاتووی وەک سەدرەدین نەبواییە، پێگەی شاری (ئەردەبیل) و شێخانی تەریقەتی سەفەوی دەکەوتە مەترسییەوە، لە ساڵی (٧٣٨ک/١٣٣٨ز) (شێخ حەسەنی چوپان)کە ناسراوە بە (حەسەنی بچوک) هێرشی کردوەتە سەر ئازربایجان و دەستی بەسەردا گرتووە[١]، (ئەردەبیل) وەک هەر ناوچەکانی دیکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی (حەسەنی چوپانی) ،تاکو ئەوکاتەی (حەسەنی چوپانی) لە دەسەڵاتدا بووە، پەیوەندی لەگەڵ (شێخ سەدرەدین) و تەریقەتەکەی لە ئاستێکی باشدابووە[٢]، کاتێک لە ساڵی (٧٤٤ک/١٣٤٣ز) (حەسەن چوپان) کۆچی دوایی کردووە، براکەی کە ناوی (مەلیک ئەشرەف) بووە، دەسەڵاتی کەوتووەتە دەست.

ئەو بەهرە سیاسیەی کە شێخ حەسەنی برای هەیبووە(مەلیک ئەشرەف)نەیبووە، پێدەچێت مەلیک ئەشرەف لە پێگەی(شێخ سەدرەدین) ترسابێت، چونکە شوێنکەوتەیەکی زۆری هەبووە، لەوانەیە ترسەکەی لە وەبووبێت (شێخ سەدرەدین) نیازێکی سیاسی هەبوبێت، هەرچەند (مەلیک ئەشرەف) بەروکەش وادەریدەخست کە (شێخ سەدرەدین)ی خۆشدەوێت، بەڵام پێدەچێت نیەتی دڵی پێچەوانە بووبێت، لەوانەیە ویستی لە ناو بردنی(سەدرەدینی) هەبووبێت، چونکە سەرەتا بانگهێشتی کردووە بۆ تەبرێز، بەگەیشتنی(شێخ سەدرەدین) ، بڕیاریدا سزای (٣) مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێنێت، هەرچەندە (مەلیک ئەشرەف) هەوڵی ژەهرخوارد کردنی (شێخ سەدرەدینی) داوە، بەڵام لەم کارەیدا سەرکەوتوونەبووە، لە بەرئەوەی پاش ماوەیەک خەونێک (بەشێخ سەفییەدین)ەوە دەبینێت بڕیاری ئازادکردنی دەردەکات[٣].

پاش ئازادبوونی(شێخ سەدرەدین)، بەرەو (ئەردەبیل) دەگەڕێتەوە، پاشان جارێکی دیکە (مەلیک ئەشرەف) هەوڵی دەستگیرکردنی (شێخ سەدرەدین) دەداتەوە، بەلام ئەمجارە (شێخ سەدرەدین) بەرەو گیلانی نیشتمانی باپیری دەڕوات، و لە لای خاڵوانی نیشتەجێ دەبێت، لەوێ دەمێنێتەوە تاکو نەمانی دەسەڵاتی (مەلیک ئەشرەف)[٤].دوای ئەوەی کە لە ساڵی (٧٥٩ک/١٣٥٧ز), (جانی بیگ) ئۆزبەکی هێرشی کردوەتە سەر ئازربایجان، مەلیک ئەشرەفی کوشتووە و دەستی بەسەر

---

[١] حسن پیرانیان و دیگران : تاریخ ایران، چ ٤، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٧، صص٧٤٣ –٧٤٤.

[٢] جعفریان: تاریخ ایران ...، ص٦٧٧.

[٣] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٢. ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٤٨٢.

[٤] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ،ص٤٢٣.

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا گرتووە[١]، (شێخ سەدرەدین)ش گەڕاوەتەوە (ئەردەبیل) و لە ڕێنوێنیکردنی خەڵک بەردەوامبووە[٢].

لە گرنگترین کارەکانی (شێخ سەدرەدین) پاش ئەم ڕوداوانە، گەڕاندنەوەی دەرگای مزگەوتی گەورەی (ئەردەبیل) بووە، چونکە ئەو دەرگایە لە کاتی هێرشی گورجییەکان بۆ سەر (ئەردەبیل) لە سەرەتاکانی سەدەی (٧ک/١٣ز) لەگەڵ خۆیاندا بردبوویان، دوای چەند هەوڵێک شێخ سەدرەدین توانی ئەم دەرگایە بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی بۆ مزگەوتی گەورەی (ئەردەبیل)[٣]، بە ئەنجامدانی ئەم کارەی، ئەوەندەی دیکە پێگەی(شێخ سەدرەدین)ی زیاتربەرزکردەوە، لە نێوان خەڵک و شوێنکەوتوانیدا.

کاتێک دەسەڵاتی (جەلایریەکان) گەشتە تەبرێز تارادەیەک دەرگا والا بوو بۆ (شێخ سەدرەدین) بتوانێت بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ سەرپەرشتی و ڕێنمونی کاروباری تەریقەتی سەفەوی و موریدانی بکات، لەو کاتەی لە (گیلان) گەراوەتەوە واتە لە ساڵی(٧٥٩ک/ ١٣٥٧ز)کۆچی هەتا ئەوکاتە کۆچیدواییکردوە لە ساڵی (٧٩٣ک/١٣٩٠ز)، بەسەردەمێکی گرنگ دادەنرێت بۆ (شێخ سەدرەدین)، لەبەرئەوەی توانی بەهەوڵ و توانای خۆی، کۆمەڵێک کاری گرنگ بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی تەریقەتەکەی ئەنجام بدات وبەرەو قۆناغێکی گرنگ ببات، ئەمەش بە بەراورد بە تەریقەتەکانی دیکەی هاوسەردەمی لە ناوچەکەدا زۆر جیاواز بووە، هەر ئەم جیاوازییە بە پێی سەردەمەکانی بەردەوام بووە، تا ئەوکاتەی وایکردوە تەریقەتی سەفەوی دواتر بۆتە تەریقەتێکی باڵادەست لەناوچەکان ئێران .

دەتوانرێت بوترێت سەردەمی سەدرەدین گرنگترین سەردەمی پێشکەوتنی بنەماڵەی سەفەوی بووە،لە راستیدا سەردەمی دامەزراندن و دانانی چوارچێوەو و پەسەندکردنی تەریقەتەکە بووە، لە بەر ئەوەی سەردەمەکەی هاوکاتبووە لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی تەریقەت و شێخایەتی و روخانی دەسەڵاتی ئیلخانییەکان، دەتوانرێت بوترێت لە کاتێکی هەستیاروگرنگدا، لە سەروەسیەتی (شێخ سەفییەدین) تەریقەتەکەی سپێدراوە بە (شێخ سەدرەدین) ئەویش لەڕێگەی کۆمەڵێک هەنگاوی رێکخراو و گرنگ لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی، توانی کۆمەڵێک دەسکەوتی گرنگ بۆتەریقەتی سەفەوی بەدەست بهێنێت، لەگرنگترین ئەوکارانەی کە (شێخ سەدرەدین) بۆ بەرەو پێشبردنی تەریقەتەکەی ئەنجامیدا خۆی دەبینیەوە لە: -

---

[١] پیرانیان و دیگران: تاریخ ایران...، ص٧٥٢.

[٢]خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤،ص٤٢٤.

[٣] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٢٤٢ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٥.

**یەکەم:** یەکێک لە کارە گرنگەکانی شێخ سەدرەدین بۆ سەرخستنی بنەماڵەکەی وتەریقەتەکەی، بنیادنان، دروستکردنی خانەقا و حوجرە، دروستکردنی مەزارگە بوو بۆ ئەندامانی بنەماڵەی سەفەوی کە گرنگترینیان بنیادنانی مەزارێکی گەورە بوو بۆ (شێخ سەفییەدین) باوکی دامەزرێنەری تەریقەتەکە[1]. دیارە ئەم کارەی سەدرەدین بە پشتبەستن بووە، بەوسەروەت و سامانە زۆرەی کە بەهۆی تەریقەکەکەیەوە بەدەستیان هێنابوو کە بەشێکی زۆری لە باوکییەوە بۆ مابووەوە، ئەم شاکارە مەزنەی بریتیبوو لە دروستکردنی مزگەوەتێک لە شێوەی هەشت گۆشەدا، لە چل ژوور پێکهاتووە، بۆ مەبەستی خوداپەرستی موریدان و شوێنکەوتوانی تەریقەتەکە بەکاردەهێنرا، لەگەڵ دروستکردنی دوو قوبەی گەورە لە سەر مزگەوتەکە، بۆ ئەم کارەش شێخ سەدرەدین پێویستی بە (١٠) ساڵ بووە، کە هێندەی دیکە شێخ سەدرەدینی لە دڵی موریدانی و شوێن کەوتوانی تەریقەتەکەی خۆشەویستکرد[2]، هەروەها هەوڵیدەدا ئەو نوسراوەی لە (حیجاز) هێنابوی لە ناو ئەو مەزارگەیە دابنرێت، چونکە دەیوت پەیوەستە بە (فاتمەی) کچی پێغمبەرەوە(د.خ) وبانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئەو دروستی کردووە،[3] ئەم کارەشی پێگەیەکی کۆمەلایەتی گرنگی لە نێو خەڵکیدا دەبەخشییە (سەدرەدین)، بەوەی کەچەند بەتەنگ ئاین وتەریقەتەکەیەوە بووە، لەلایەکی دیکەوە ئەم مەزارگەیە دەبووە پێگەیەکی رەمزی گرنگ بۆ تەریقەتەکەی، ڕۆژانی دواتربووە، ڕوگەیەک کە موریدەکانی تەریقەتی سەفەوی لەهەموو جێگەیەکەوەبۆ سەردانی دەهاتن، دیارە ڕۆڵ وپێگەی ئەم مەزارگەیە بەتەواوەتی سەردەمی نەوەکانی سەدرەدین دەرکەوت، ئەم مەزارگەیەک کە لە سەردەمەکانی پاشتردا گەیشتوەتە ئاستی مەزارگەی ئیمامە شیعەکان ، لە نێوان موریدانی ڕێبازی سەفەویدا.

**دووەم:** کۆکردنەوە و زیادکردنی موڵک وماڵی بنەماڵەی سەفەوی یەکێکی تر بووە لە دەسکەوتە گرنگەکانی بۆ تەریقەتەکە، لەو زەوی وزارودێهاتەی (شێخ سەفییەدین)بۆی بە جێهێشت، کەژمارەیان نزیکەی(٢٠) گوند بووە لە دەوروبەری (ئەردەبیل)، توانی بەشێوەیەکی بەرفراوان زەوی دیکە بکڕێت و وەقفی بکاتە سەر تەریقەتی سەفەوی، دیارە ئەم هەنگاوەی (شێخ سەدرەدین) لە پێناو ئەوەدا بووە کە بەرگێکی ئایینی سۆفیانە ببخشێتە بنەماڵەکەی[4]،

---

[1] جعفریان: تاریخ ایران...، ص٨٢٦.

[2] .ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٤٤٣ .

[3] والتر هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ترجمه: کیکاوس جهانداری، چ٥، انتشارات خوارزمی، تهران، ١٣٦٢ ش، ص١٧.

[4] سید حسن بن مرتضی حسینی استرابادی: از شیخ صفی تا شاه صفی، به کوشش: احسان اشراقی، چ٢، انتشارات علمی، تهران، ١٣٤٤، ص٢٢.

چونکە لە ڕاستیدا بنەماڵەکەی ئەوان، بنەمایەکی فیوداڵ وپارەدار بوون، نەک بنەماڵەیەکی ئاینی، ئەو دەیویست، بەرگێکی سۆفیانە بکاتە بەر بنەماڵەکەیان و ئەو زەوی و زار و موڵکانەی کە هەیان بوو کردی بەناوی تەریقەتەکەوە لە جیاتی بنەماڵەی سەفەوی، لە ڕاستیدا هەردوو کیان یەک شت بوون، بەڵام لەلای خەڵکی، بەوشێوەیە نەدەهاتە پێش چاو.

**سێیەم:** شێخ سەدرەدین توانی بە شێوەیەکی تاکتیکی بانگەشەی (سەید)بوونی بنەماڵەی سەفەوی بکات، لەم کارەشدا سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێنا، کاتێک لە نوسینی کتێبی (صفوة الصفا) کە لەلایەن (ئیبن بەزاز) ەوە نوسراوەو بەشێکی زۆری گێڕانەوەکانی لە شێخ سەدرەدینەوە وەرگرتووە،ئەمەش بووەتە بناغەی بینای بنەماڵەی سەفەوی، لەم کارەیدا سەدرەدین دوو ئامانجی گرنگی هەبوو، یەکەمیان پێگەیەکی گرنگی بۆ بنەماڵەکەی دروست بکات[١]، ، دووەم ئامانجی (شێخ سەدرەدین)، ئەوە بوو کە بتوانێت پێگەیەکی گرنگ بۆ خۆی دروست بکات، بەوە کە بە کەسێکی خاوەن ڕێزوتەقدیر، وکەسێکی خاوەن پێگەی گرنگی ئاینی ، وخۆشەویست بووە لە لای (شێخ سەفییەدین) باوکی کە دامەزرێنەری تەریقەتی سەفەوی بوو، بەوەی لە چەند جێگەیەکی ئەم کتێبەدا بە ئاشکرا ئەو دەقانە بەر چاو دەکەون کە خۆشەویستی (شێخ سەفییەدین) بۆ (شێخ سەدرەدین) دوپات دەکەنەوە[٢], جگە لەوەی هەوڵیداوە ئەوە بخاتە پێش چاو کە کەسێکی خاوەن کەرامات[٣].ئەم گەورە نیشاندانەی سەدرەدین لەم کتێبەدا، جۆرێک بووە لە پیرۆزکردنی خودی خۆی، چونکە هەندێک جار وادێتە پێشچاو، (شێخ سەدرەدین) کەسێکی تەواو تایبەتەو هەندێک جاریش، لە روی گرنگیەوە پێش (شێخ سەفییەدین)کەوتووە.

(شێخ سەدرەدین) بەزیرەکی و هۆشیاری و هەوڵدانی خۆی توانی چەند دەستکەوتێکی ماددی و مەعنەوی گرنگ بوو بۆ تەریقەتەکەی بە دەستبهێنێت، کە هۆکارێکی گرنگبوون بۆ گەشەسەندنی ڕۆژ بە ڕۆژی تەریقەتی سەفەوی ڕەوشە سیاسیەکەی ئەو ڕۆژگارەکە لە ئارادا بوو، لە بەر ئەوەی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی ئەو سنورە لە گۆڕانی خێرا و لە ناوچووندا بوون، هەرچەندە سەردەمی (شێخ سەدرەدین) هاوسەردەمی بزووتنەوەکانی (سربداران ونوربەخشی وحروفی) بووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نیە کە بیسەلمێنیت سەدرەدین نیازێکی سیاسی هەبووبێت، ووەک ئەوان بانگەشەی ڕاپەڕینی کردبێت، هەچەندە توێژەر (الشیبی) پێی وایە ئەگەر کەسێکی وەک (تەیمورلەنگ) دەرنەکەوتایە لەم کاتەدا، و دەوڵەتی تەیموری دانەمزراندایە، ئەوا هەرلەسەردەمی (شێخ سەدرەدین) دەوڵەتی سەفەوی دروست دەبوو، لەگەڵ باسکردنی

---

[١] ابن بزاز: صفوة الصفا، ص٤٤٥.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ص٧٤٥_٧٤٧.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ص٧٨١.

کارەکانی سەفییەدین دەنوسێت((دارێکی بەجێهێشت بۆ ئەوەی کوڕەکەی لەسەری دابنیشێت، بەڵام دیارە هەبوونی تەیمور گۆڕینی ئەم بزووتنەوەیەی بۆ ڕاپەڕینی سۆفی دواخست[1])).

دوای ئەوەی کە تەریقەتەکەی گەیاندە ئاستێکی باڵا لە پاش (٥٨) ساڵ لە شێخایەتی (شێخ سەدرەدین) لە ساڵی(٧٩٣ک/١٣٩١ز) کۆچی دوایی کردوە و لەسەر وەسیەتی خۆی یەکێک لە کورەکانی بە ناوی (خواجە عەلی) کەبە(عەلی سیاپۆش) ناسراوە بۆتە میراتگری ئایینی تەریقەتەکەی و پاشان لە نزیک گۆڕەکەی (سەفییەدین) ی باوکی لە شاری (ئەردەبیل) بە خاک سپێدراوە[2].

## تەوەری دووەم: تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی خواجە عەلی (سوڵتان عەلی سیاپۆش) (٧٩٣-٨٣٠ک/١٣٩٢-١٤٢٧ز).

لە دوای مەرگی شێخ سەدرەدین لەسەر وەسیەتی خۆی عەلی کوڕی جێگای گرتەوە، کە بە خواجە عەلی بە ناوبانگ بوو، نازناوە کەشی (سیاه پوش) بووە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەردەوام بەرگی ڕەشی پۆشیوە[3]، لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی (خواجە عەلی) بریتی بووە لە هەڵگرتنی نازناوی سوڵتان، کە بەواتای سوڵتانی پیاوچاکان بۆیان بەکار هێناوە[4].

خواجە عەلی هاوسەردەم بوو لەگەڵ دەسەڵاتداریکردنی (تەیمورلەنگ)وشاڵاوەکانی تەیموریەکان بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، خودی (تەیمورلەنگ) چاودێری وردی (خواجە عەلی) کردوە، لە ئەنجامی ئەو ڕەوشە خراپەی لە ناوچەکانی ئێران هاتبووە ئاراوە بە هۆی دەسەڵاتی تەیمورییەکانەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنگران و موریدانی تەریقەتی سەفەوی زیاتر بووە، ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی (خواجە عەلی) وتەریقەتەکەی گەورەترکردووە، ئەوچاوپێکەوتنانەی خواجە عەلی بوو لەگەڵ (تەیمورلەنگ)، لەوسەردەمە پڕ ئاژاوە و لەشکرکێشییەکەی تەیمورییەکان بۆسەر ناوچەکانی ئێران و ئازەربایجان.

سەرچاوەکانی تایبەت بە سەفەوی لە گێڕانەوە ئەفسانە ئامێزە کانیاندا باسی ئەوەدەکەن کە (خواجە عەلی) لەتەمەنی شێخایەتیدا، (سێ)جار چاوی بە (تەیمورلەنگ) کەوتووە و وتووێژیان

---

[1] الشيبي: تشيع و تصوف، ص٣٧٦.

[2] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٥.

[3] مؤلف ناشناخته: عالم آرای صفو، ص١٨.

[4] حسن كريم الجاف: الوجيز في تاريخ ايران، مطبعة مؤسسة آراس، اربيل، ٢٠٠٨، ج٣،ص١٥.

کردووه[1]. مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن یەکەم جار کە (خواجە عەلی) و (تەیمورلەنگ) چاویان بەیەکتر کەوتووە، ئەوکاتە بووە کە تەیمور بەناوچەکانی نزیک ڕوباری (جیحون) تێدەپەڕێت وقامچی ئەسپەکەی لێکەوتووە، و کەوتووەتە ئاوی ڕووباری (جیحون)، خواجە عەلی لە پڕ دەرکەوتووە و قامچیەکەی داتەوە دەست، کاتێک (تەیمورلەنگ) پرسیاری ئەوەی لێکردوەئەو کێیە؟ لە وەڵامدا (خواجە عەلی) وتوویەتی، من لە دایک بووی (ئەردەبیل)م، و شوێنی دەرکەوتنم (دزفول)ە وشوێنی ناشتنم (قودس)ی خەلیلە [2].پاشان (خواجە عەلی) ئاماژە دەکات بەوەی کە لەداهاتودا یەکتر دەبیننەوە، پاش چەند ساڵێک جارێکی دیکە کاتێک (تەیمورلەنگ) بەناوچەی(دزفول) تێدەپەڕێت و لە سەر پردەکەی ئەو شارە بیری ڕوداوەکەی چەند ساڵ پێشتری بیردەکەوێتەوە، داوادەکات ئەوکەسەی بۆبدۆزنەوە کە قامچیەکەی بۆدۆزیوەتەوە، دوای ئەوەی کەدەی دۆزنەوە بە بەرگێکی سۆفیانە لە بەردەم (تەیمور لەنگ) دەردەکەوێت، و لەگەڵ یەکێک لە دەروێشەکانیدا، (٣)بەرد دەگرنە تەیمورلەنگ، کاتێک (تەیمورلەنگ) داوای ئەوەدەکات کە بەردی چوارەمیشی تێبگرێت، لەوەڵامدا (خواجە عەلی) ((دەڵێت من سێ لای دنیام دایە دەستی تۆ بەڵام داوای هەموو دونیا دەکەیت)).[3]

گرنگترین و بەناوبانگترین چاوپێکەوتنی (تەیمورلەنگ)و(خواجە عەلی) ئەوکاتەبووە، لەکاتی گەڕانەوەی (تەیمورلەنگ) لە شەڕی(ئەنکەرە[4])لە ساڵی (٨٠٤ک/ ١٤٠٢ز)، دوای ئەوەی (تەیمورلەنگ) لە شەڕەکەدا سەردەکەوێت بەسەر سوڵتان (بایەزیدی عوسمان)ی، لە دوای سەرکەوتنەکەی ژمارەیەک سەربازی تورک بەدیل دەگرێت ولەگەڕانەوەیدا بۆ سەمەرقەند ولەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، کاتێک دەگاتە (ئەردەبیل)،ودەچێتە خانەقای(ئەردەبیل)وخواستی چاوپێکەوتنی لەگەڵ (خواجە عەلی) لە لا دروست دەبێت، بەڵام وادیارە (خواجە عەلی) وەک کەسانی دیکە بەرەو لای تەیمورلەنگ نەچووە، ئەمەش بۆتە جێگەی سەر سوڕمان بۆی، بەڵام

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، صص(٤٦-٤٧-٤٨)؛ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٥؛ مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٧٤.

[2] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٥، مستوفی: زبدة التواریخ، ص١٣٧٥ ؛ واله اصفهانی: خلدبرین، ص٤٥.

[3]مؤلف ناشناخته: عالم آرای صفوی، ص٢١ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٧.

[4] شەڕی ئەنکەرە بە یەکێک لە جەنگە بەناوبانگەکانی نێوان تەیموری لەنگ و سوڵتان بایەزیدی یەکەم لە ساڵی ٨٠٤ک/١٤٠٢ز رویداوە، کە تێیدا تەیمور لەنگ سەردەکەوێت بەسەر سوڵتان بایەزیدی عوسمانیدا، و خودی سوڵتانیش بە دیل بگرێت و لەگەڵ بیبات بۆ سەمەرقند ولە ناو قەفەسێکی ئاسنیندا زیندانی بکات هەتا اوکاتای دەمرێت لە ساڵی ٨٠٥ک/١٤٠٣زدا ، لەپاش ئەو جەنگە کۆمەڵێک کاریگەری وئەنجامی بەجێهێشت لە مێژوی ناوچەکەدا. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە( محمد سهیل طقوش:تاریخ العثمانیین من قیام الدولة الی انقلاب علی خلافه،ط٢،دار الفائس ،بیروت،٢٠٠٨م،ص٦٩-٧٥).

کاتێک چاوی به (خواجه عەلی) دەکەوێت، بەبیری دێتەوە کە پێشتر ئەم کەسەی بینیووە، جاری پێشووتر بەجلی دەروێشی سادە، وئەمجار شێخی تەریقەتێک، ئەمەش تەیمورلەنگ گەیاندووەتە ئەوباوەڕەي کە ئەم شێخە خاوەنی کەراماتێکی ڕۆحی گەورەیە هەر بۆیە داوای لێدەکات زیاتر بەهێزی پێگەی روحی خۆی بۆ دەربخات، و داوای ئەوەی لێدەکات بڕێک ژەهر بخوداتەوە، پاش ئەوەی (خواجه عەلی) کەراماتی خۆی بۆ (تەیمورلەنگ) دەردەخات وبڕێک ژەهر دەخواتەوە، وئەوژەهرە کاریگەری نەبووە لە سەر (خواجه عەلی)، وبەسەلامەتی لێی دەرچووە، هەر لەم دیدارەدا تەیمورلەنگ زۆر بە (خواجه عەلی) کاریگەر دەبێت، داوادەکات شێخ چ داواکاریەکی هەیە لە تەیمور هەتا بۆی جێبەجێ بکات، ،(خواجه عەلی) داوای لێدەکات ئەو دیلانە ئازاد بکات کە لەگەڵی بو[١]، (تەیمورلەنگ) بڕیاریدا ئەو دیلانە ئازاد بکات کە ژمارەیان (٣٠٠) هەزار کەس بووە، و(خواجه عەلی) ڕێگەیدان هەرکام لەو دیلانە دەیەوێت دەتوانێت بۆ ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، و ئەوانەشیان نەگەڕانەوە لە نزیک ئارامگای باوکی لە (ئەردەبیل) ، و دەوروبەری ناوچەی (گەنجەلەگول) نیشتەجێکردن و ناوی لێنان سۆفیە رۆملۆییەکان[٢]. لە داهاتوودا ئەم دیلانە ئازادانە بوونە بە شێک لە تەریقەتی سەفەوی و نەوەکانیان ڕۆلێکی گرنگیان هەبوو لە بنیادنانی دەوڵەتەکەی شا (ئیسماعیل) [٣].هەروەها (خواجه عەلی) داوایکرد بەشێک لەم دیلانە ببنە موریدی خواجه عەلی، و لە هەمان کاتدا سەربازی ئامادەی (تەیمورلەنگ) بن، و دەتوانرێت ئەمەش بەیەکەمین هانگاوی ڕێکخستنی سیاسی تەریقەتی سەفەوی دابنرێت.

هەرچەندە بەسەرهاتی ئەم چاوپێکەوتنانەی نێوان (تەیمورلەنگ)و(خواجەعەلی) لە سەرچاوەکاندا بە جۆراوجۆر نوسراوەتەوە و جیاوازییان تێدایە لەگەڵ ئەوەشدا ڕوداوەکان ئاوێتە بە هەست و سۆزو ئەفسانە کراون، کە لە تێڕوانینی مێژوونوسانەوە جێگە باوەڕ و قبوڵکراونین، لەگەڵ ئەمانەشدا لە ناو هەندێک سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی سەفەوی وتەیموریشدا ئەم چاوپێکەوتنانە ئاماژەی پێنەکراوە[٤]، کە ئەمەش جێگەی گومانە لە سەردەمێکدا کە مێژونوسان چونەتە ناو وردەکاری روداوەکانەوە [٥]، بەڵام ئاگاداری ئەو ڕوداوە نەبوون، کە

[١] مؤلف ناشناختە: عالم آرای صفوی، ص٢٥.

[٢]. زاهدی: سلسلة النسب صفويه،ص٤٨.

[٣] عبدالعزيز سليمان نوار: تاريخ الشعوب الاسلامية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧١، ج١، ص٢٢.

[٤] هروی: فتوحات شاهی، صص(٣٢-٣٣) ؛ جنابندی: روضة الصفويه، ص٩١ ؛ خواندمير: تاريخ حبيب السير، ج٤ ، ص٤٢٤.

[٥] تەنانەت نوسەری کتێبی (عالم ارای عباسی )، کە نوسەرێکی نزیکی بنەماڵەی سەفەوییەکان بووە، گومانی هەیە لەوەی ڕوداوی ئەو چاوپێکەوتنانە لە سەردەمی (خواجه عەلی)دا بوون، لەو بڕوایەدایە ئەو چاوپێکەوتنانە لە سەردەمی (شێخ سەدرەدین)دا بوون.(ترکمان: تاريخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٥)

دەسەڵاتدارێکی گەورەی وەک (تەیمورلەنگ) لەگەڵ شیخێکی ئاینی کۆ ببێتەوەو بڕیاری ئازادکردنی (٣٠٠) هەزار دیل بدرێت، وئەم ڕوداوانە پشتگوێ بخرێت وباس نەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە بەچڕی و بەوردەکاری جۆراو جۆرەوە لەو سەرچاوانەدا باسکراوە کە مێژووی نوسینیان بۆ سەردەمی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی واتە بۆ دوای ساڵی (٩٠٧ک/١٥٠١ز) دەگەڕێتەوە، ئەوەش نوسەرێکی وەک (زرین کوب) ی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کەبڵێت: ((هەم لە ژینگەی تەیموریەکان لە هیندستان وهەم لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی سەفەوەیەکان لە پاش دامەزراندنی دەوڵەت ئەم گێڕانەوانە باوبوون، دیارە ئەمەش بێهۆکار نەبووە، تەیمورییەکان لەهندستان ویستویانە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم گێڕانەوانەوە، دەسەڵات وحکومەتی سەفەوییەکان بگەڕێننەوە بۆ باب وباپیرانیان، هەروەها سەفەوییەکانیش بەهەمان شێوە سودیان لەم گێرانەوانە دەبینی ویستویانە جێنشینەکانی تەیمور لە ژێر پاراستنی رۆحی باوباپیرانیاندا بن، هەروەها سەفەوییەکان لەم ڕێگەییەوە توانیویانە شەرعییەت بۆ ئەو زەوی و زارانە وەربگرن کە دەستیان بەسەردا دەگرت، چونکە لە گێڕانەوەکاندا (تەیمورلەنگ) هەربەئازادکردنی دیلەکان نەوەستاوە لەخزمەتکردنی تەریقەتی سەفەوی، بەڵکو چەندین پارچەزەوی لە ئازربایجان و عیراق بەخشیووە (خواجە عەلی)، کەئەمەش هەلی زیاتری دەرەخساند بۆئەوەی سەفەوییەکان ببنە خاوەنی داهاتێکی زۆر))[١].

پاش ئەم چاوپێکەوتنە نارونە بەپێی سەرچاوەکان، (تەیمورلەنگ) کۆمەڵێک بریاری گرنگی سەبارەت بە لایەنگرانی و موریدانی تەریقەتی سەفەوی دەرکردوە، ئەم بڕیارانە کاریگەریی ئەرێنییان لەسە ڕەوتی تەریقەتەکە و لایەنگرانی و شوێنکەوتوانی هەبوو، وەک

– بریاریدا لەسەر هیچ کەس لاینگرانی بۆیان نییە بارگرانی بۆ لایەنگران ودەروێشانی تەریقەتی سەفەوی دروست بکات.

–لابردنی هەموو باج وسەرانەیەک لەسەر لایەنگران و موریدانی تەریقەتی سەفەوی [٢].

–بێجگە لە زەوی و زارە زۆرەی کە لەناوچەی عیراقی عەجەمی و ئازەربایجان کە بەخشی بە تەریقەتەکەی (خواجە عەلی)، هەموو ئەوزەوی و زارانەی لە (ئەردەبیل) هەبوون کردنی بەناوی تەریقەتی سەفەویەوە[٣].

---

[١] دنباله جستجو در تصوف ایران، صص٦٨-٦٩.

[٢] برزگر: تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی...، ص٣٦.

[٣] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٧٩.

-بابەتی باج و خەراجی لە(ئەردەبیل) دایە دەستی (خواجە عەلی)، وەرگرتن و بەخشینی هەر لە دەست ئەودا هێشتەوە، و بەمەش پێگەیەکی گرنگی دا بە (خواجە عەلی) و تەریقەتی سەفەوی[1].

سەبارەت بە ڕەوتی زیادبوونی موریدان و شوێنکەوتوانی تەریقەتی سەفەوی لەسەردەمی (خواجە عەلی) دا ژمارەیان لە زیاد بوندا بووە، ئەو مەزارگەو خانقایەی کە (شیخ سەدرەدین) دروستی کرد لەسەردەمی (خواجە عەلی) بووە ناوەندێکی گەورەی موریدانی تەریقەتەکە، لە هەمو ناوچەکانەوە خەڵکی بۆ سەردانی مەزارگەی (شیخ سەفییەدین)، و مەزارگە خانەقا دەوڵەمەندەکەی دەهاتن، بەڵام ئەوەی جیاوازە لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە زیاتر خەڵکی خێڵەکی ناوچەکانی (ئاناتۆلیا) ڕویان لە تەریقەتی سەفەوی دەنا و، ئەم خێڵانەش لەسەدەی (٦ک/١٢ز) بیروباوەڕی شیعەگەری لەناویاندا چەکەرەی کردبوو، ئەم بیروباوەڕەش بەردەوام لەناویاندا پەرەیدەسەند، دەکرێت مەیلی (خواجە عەلی) بۆ شیعە هۆکاری سەرەکی بووبێت بۆئەوەی کە ئەم خەڵکانە زیاتر ڕوو لە خانەقان بکەن،

لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی هێنان بەبزووتنەوەو ڕاپەڕینەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمان هۆکارێکی دیکە بووە، وەک کۆتاییهێنان بە (بزووتنەوەی شێخ بەدرەدین[2]) لەساڵی (٨١٨ک/١٤١٥ز) کاتێک ئەم بزووتنەوەیە لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە کۆتایی پێهێنرا، بەشێوەیەکی توند شوێنکەوتووەکانی سەرکوتکران و بەشیکیان بەرەوناوچەکانی ئێران هەڵاتن، بەشێک لەو کەسانە پەیوەندییان بە تەریقەتی سەفەوییەوە کردوە، دەکرێت پەیوەندیکردنی شوێنکەوتوانی (شێخ بەدرەدین) یەکێک بوبێت لەو هۆکارانەی کە وایکردبێت تەریقەتی سەفەوی بەرەو بزووتنەوەیەکی سیاسی هەنگاو بنێت، چونکە بە پێی وتەی(الشیبی) بێت تەریقەتەکەیان بەرەو ڕێکخراوێکی سەربازی بردووە، دەتوانین بڵێین ئەمانە وەک هێزێکی دزەپێکەر بوون کە چونە ناو تەریقەتی سەفەوییەوە، وتەریقەتەکەیان گەیاندە بەربەستتی بزووتنەوەیەکی بەربڵاو، لەم هۆکارانە خودی کەسایەتی (خواجە عەلی) ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، وەک ئەوەی لەسەرچاوەکاندا جەخت لەسەر ئەوەکراوەتەوە کە گەیشتووەتە ئاستی پێشەنگی لە بواری خوداپەرستی وچاکەکاریدا[3].

---

[1] مؤلف ناشناختە: عالم آرای صفوی، ص٢٢.

[2] شێخ بەدرەدین یەکێک بو لە شێخەکانی ناوچەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی ببوە سەرکردەی شۆڕشێکی فکری وئایدۆلۆژی لە ناوچەکان ئاسیای بچوک، لەسەردەمی سوڵتان محمدی یەکەمی عوسمانی لە ساڵی(٨٢١ ک/١٤١٨ز)بەتەواوەتی کۆتایی بە شۆڕشەکەی بهێنرێت. محمد فرید بک المحامی: تاریخ الدولةالعلیةالعثمانیة، ط١، بیروت، ١٩٨٣، ص١٥١.

[3] ترکمان: عالم آرای عباس،ج١، ص١٥؛مؤلف ناشناختە: جهانگشای خاقان، ص٧٤.

ئەم توانا مەعنەوییە لەپاڵ بەهرەی مادیی سەفەوییەکاندا دەیانتوانی ناوەندێکی دەسەڵات لە (ئەردەبیل) دروست بکەن، بەڵام ئەم ناوەندە بە ناچالاکی مایەوە، دیارە هەر ئەمەش وایکردوە کە کەسێکی وەک تەیمورلەنگ تەریقەتی سەفەوی بەمەترسی نەزانێت، لەسەر داواکاری (خواجە عەلی) دیلەکان ئازاد بکات، و ڕێژەیەکی زۆر لە ئیمتیازات بە خواجە عەلی وتەریقەتی سەفەوی ببەخشێت، ئەم پەیوەندییەی (خواجە عەلی) لەگەڵ تەیموریەکان، لە پاش (تەیمورلەنگ) بەردەوام بووە، و سوڵتان (شاهروخ ٧٧٩_٨٥٠ک/١٣٧٧_١٤٤٧ز)لە ساڵی (٨٢٣ک/١٤٢٠ز) کاتێک هێرشی کردوەتە سەر قەرەقۆینلووەکان، سەردانی مەزاری شێخ سەفییەدینی لە (ئەردەبیل) کردوە، و داوای نزای سەرکەوتنی لە (خواجە عەلی) کردوە.

هەندێک لە مێژوو نووسان پێیان وایە کە یەکەمین نیشانەی شیعەگەرایی لە ناوبنەماڵەی سەفەوی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (خواجە عەلی)، گوایە لە نەوەکانی (شێخ سەفییەدین) یەکەمین کەس بووە کە پەیوەندی بە ئایینزای شیعەوەکردووە، بەڕوونی بانگەشەی شیعەگەرایی لە ناو تەریقەتەکەیدا کردوە[١]، دەکرێت دوو بەڵگەی گرنگ بۆ بابەتی شیعە بوونی  بخەینە ڕوو، یەکەمیان پەیوەندی بە پۆشینی بەردەوامی بەرگی ڕەش لەلایەن (خواجە عەلی)وە هەیە[٢]، چونکە ڕەنگی ڕەش نیشانەی شیعەکان بووە، دووەمیان پەیوەندی بەو خەونەوە هەیە کە خواجە عەلی بە نۆیەمین ئیمامی شیعەکانەوە بینیویەتی و ئامۆژگاری کردووە بچێت بەهانای خەڵکی ناوچەی (دزفول)ەوە، لەبەرئەوەی لە ڕێ لایانداوە وگومڕابوون [٣]، ئەم دووخاڵە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە لەسەردەمی (خواجە عەلی )دا پەیوەندی لە نێوان سۆفیگەریی وشیعەگەری زیاتر بووە، هەروەها تەریقەتی سەفەوی سروشتیکی سیاسی و دژەدەسەڵاتی وەرگرتووە.

دەکرێت ماوەی شێخایەتی (خواجە عەلی) بەسەردەمێکی گرنگی دابنرێت لە مێژووی تەریقەتی سەفەویدا، ئەو لە ماوەی (٣٨) ساڵی شێخایەتی توانی تەریقەتی سەفەوی بباتەقۆناغێکی پێشکەوتوو، هەروەهاتوانی پێگەیەکی سیاسی و پاڵپشتیەکەی گرنگ بۆ شوێنکەوتوانی تەریقەتەکەی دەستە بەربکات، لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا  داوایکردوە (ئیبراهیم)ی کوڕی ببێتە جێگرەوەی لە بەڕێوەبردنی تەریقەتەکەی، وپاشان خۆی بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی

---

[١] زرین کوب: دنباله جستجو در تصوف ایران، ص٦٧؛ سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، ص١٥ ؛جمالی: تشکیل دولت صفوی،...، ص٥٨؛مصطفی محمد: تەریقەتی سەفەوی و هەنگاونان بەرەو بنیادنانی دەوڵەت، گۆڤاری مێژوو، ساڵی شەشەم، ژمارە٢١، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٨٩.

[٢] الشیبی: تشیع و تصوف، ص٣٧٧.

[٣] زاهدی: سلسلة النسب صفویە، ص٤٦.

حەج ئامادە کرد، و بەرەو (مەککە) کەوتەڕێ، پاش چەند ڕۆژێک (ئیبراهیم) توانای دوری باوکی نەبوو، ئەویش بەرەو و لای باوکی کەووتووەتەڕێ، لە دوای بەجێ گەیاندنی ڕێوڕەسمی حەجکردن، (خواجە عەلی) و (ئیبراهیم)ی کوڕی بەرەو(قودس)ڕۆیشتوون، لە ساڵی(٨٣٠ک/١٤٢٧ز) (خواجە عەلی)لە (قودس) کۆچیدوایی کردووە، (ئیبراهیم)ی کوڕی ڕێورەسمی شۆردن و کفن کردنی بۆ ئەنجام دەدات، هەر لە (قودس) بەخاک دەسپێرێت، و پاشان مەزارێکی بۆ دروستدەکرێت، بە مەزاری (عەلی العجمی) دەناسرێت[١].

## تەوەری سێیەم: تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی شێخ ئیبراهیم(شێخ شا٨٣٠- ٨٥١ ک/١٤٢٧- ١٤٤٧ز).

(خواجە عەلی) سێ کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (جەعفەر وعەبدولڕەحمان و ئیبراهیم) بوون[٢]، (ئیبراهیم) کە کوڕە بچوکی باوکی بووە، کەپاش چەند ساڵێک شوێنکەوتوانی ناسناوی (شێخ شا)یان پێبەخشی[٣]، بووە جێگرەوەی باوکی و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تەریقەتەکەی گرتە ئەستۆ. ئەویش لە پاش ئەوەی مەراسیمی بەخاکسپاردنی باوکی لە (قودس) تەواوکردووە، بەرەو (ئەردەبیل) گەراوەتەوە هەتا وەکو بتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا ئەرکی ڕێبەرایەتیکردنی تەریقەتەکەی بگرێتە دەست[٤]، پاش گرتنەدەستی کاروباری تەریقەتی سەفەوی لەسەر شێوازی باوک و باپیرانی بەردەوام بوو لەئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی[٥]، بەپێی سەرچاوەکان لەبەرئەوەی (شێخ ئیبراهیم) کەسێک بووە نەخۆش بووە[٦]، ئەمە وایکردوە زیاتر وەک کەسایەتییەکی زاهید و لەسەرخۆ و لەخواترس بێتە بەرچاو نەک وەک شێخێکی خاوەن تەریقەت، پێدەچێت هەرئەوەش وای لەنوسەرەکان کردبێت کە بەکورتترین شێوە لە نوسینەکانیاندا باسی لە ڕۆڵی پێشەوایەتیکردنی تەریقەتەکەیدا بکەن.

(شێخ ئیبراهیم) لە دوای ساڵی (٨٣٠ک/ ١٤٢٧ز) بۆ ماوەی (٢١) ساڵ ڕابەرایەتی تەریقەتی سەفەوی کردوە، لەم ماوەیەدا (تەیموورییەکان) لە خۆراسان و (قەرەقۆینلۆکان) لە ئازەربایجان

---

[١]قاضی احمد بن شرف الدین القمی: خلاصة التواریخ،: ج١، چ٣، مؤسسه انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨٣ ه، ص٧٢ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٤٨.

[٢] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٥٠.

[٣] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٥٠؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٧.

[٤] جنابندی: روضة صفویه، ص٩١.

[٥] استرابادی: از شیخ صفی تا شاه صفی، ص٢٤.

[٦] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٧ ؛ هروی: فتوحات شاهی، ص٣٥ ؛استرابادی: از شیخ صفی تا شاه صفی، ص٢٤.

دەسەڵاتداربوون، بەم پێیە بێت(١٠)ساڵی شێخایەتی (ئیبراهیم) هاوسەردەم بووە لەگەڵ (ئەسکەندەری کوڕی قەرەیوسف) و (١٠) ساڵەکەی دیکەی هاوسەردەم بووە لەگەڵ فەرمانڕەوایکردنی (سوڵتان جهانشای) قەرقۆینلو لە ئازەربایجان[١]، و هەر لەم سەردەمەدا (شاهروخ)ی کوڕی (تەیمورلەنگ) فەرمانڕەوایی ناوچەکانی خۆراسانی کردووە[٢]، لەم دۆخەشدا تەریقەتی سەفەوی لەکات و سەردەمێکی ئارامدا بووە، دیارە ئەمەش بەتەنها پەیوەست نەبووە بە ڕەوشی سیاسییەوە، بەڵکو خودی کەسایەتی (شێخ ئیبراهیم) هۆکاری سەرەکی بووە، چونکە کەسایەتییەکی لەسەرخۆو هێمنی هەبووە، زیاتر هەوڵی خۆگونجاندنیداوە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لەپاش مەرگی باوکی کەسێک بووە هەستی بەلاوازیکردووە، چونکە پێشتر زۆر وابەستەی باوکی بووە، ئەو وابەستەبوونەش کاتێک دەرکەوتووە باوکی بەسەرپەرشتیاری تەریقەتەکەی داناوە، بەرگەی دووری باوکی نەگرتووە و بەرەو(حیجاز) بۆلای باوکی چووە[٣]، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە نەبۆتە مەترسی بۆسەر دەسەڵاتدارەکان، نەترساون کە چالاکی سیاسی ئەنجام بدات، لەبەرئەوە بەفەرمانی (شاهروخ) (شێخ ئیبراهیم) کراوە بە بەرپرسیاری (ئەردەبیل)[٤]، لەلایەکی دیکەوە لەناو زانا و شێخەکانی ئەو سەردەمە (شێخ ئیبراهیم) سەفەوی بەشداری هەڵمەتی (جیهان شا)ی (قەرەقۆینلو) بۆ ناوچەی گورجستان کردووە[٥]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یەکەم کەس بووە لە بنەماڵەی سەفەوی کە چالاکی سیاسی و پێگەی کارگێڕی هەبوبێت، پێدەچێت هەرئەمەش وایکردبێت ناسناوی شێخ شا[٦]، لەبەرئەوەش دەتوانین بڵێین (شێخ ئیبراهیم) کەسێکی لێهاتوو بووە و دڵی دەسەڵاتدارەکانی سەردەمی خۆی ڕاگرتووە.

سەبارەت بەرەوشی بڵاوبونەوەی تەریقەتی سەفەویی لەم ماوەیەدا زانیاری زۆر لە بەردەستدانییە، بەڵام ئەوە دیارە (شێخ ئیبراهیم) لە ڕێگەی کردنەوەی کۆمەڵێک بنکەی تایبەت بەتەریقەتی سەفەوی لە ناوچە جیاجیاکاندا بەناوی (الدواوین الصفوية)، کە لە ڕێگەی خەلیفەکانیەوە سەپەرشتی کراون و تۆڕێکی گرنگی لە دەستەی لایەنگرانی تەریقەتی سەفەوی

---

[١] سید اسماعیل وکیلی: آذربایجان پیش از تاریخ و پس از آن، کتابخانه تخصصی ادبیات، ١٣٦٢، ج١، ص٥٩-٦٠.

[٢] سرجان ملکم: تاریخ کامل ایران، ترجمه: میرزا اسماعیل حیرت، چ١، انتشارات افسون، تهران، ١٣٧٩، ص٣٢٩.

[٣] هروی:فتوحات شاهی، صص٣٥-٣٦.

[٤] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ،١٣٨٠، ص١١.

[٥] برزگر: تاریخ تحولات...، ص٣٧.

[٦] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ١٣٨٠، ص١١.

پێکهێناوه[١]، که چالاکانه سەرقاڵی گەشەپێدان و ڕاگەیاندنی بیر و بۆچوونی تەریقەتی سەفەوی بوون، هەروەها لەڕێگەی پلەدارێکەوە کە پێیدەگوترا (خەلیفەالخلفا) سەرۆکایەتی تۆڕێکی ڕێکخراوی کردووە بۆ بڵاوکردنەوە و سەرپەرشتی کردنی تەریقەتەکە، (خەلیفە الخلفا) بەیاریدەدەر و بریکاری خودی پێشەوای تەریقەتی سەفەوی دانراوە[٢]، ئەرکیشی بریتیبوو لە وەی پەیوەندی نوێی لەگەڵ موریدانیدانی تەریقەتەکە دادەمەزراند، لەگەڵ ڕاکێشانی تەواوی سۆفییەکانی تەریقەتی سەفەوی بۆ ئەوەی بچنە سەردانی مەزارگەی (ئەردەبیل)، لە سەردەمی (شێخ ئیبراهیم) ئەوەندە خەڵکی لە دەوری مزگەوت و خانەقای سەفەوی کۆبوونەوە کە هەموو نەیانتوانیووە بگەن (بەشێخ ئیبراهیم)، هەروەک لە ئاماژەیەکی دیکەی سەرچاوەکاندا جەخت لەوەدەکرێتەوە کە (شێخ ئیبراهیم) لە بواری یارمەتیدانی هەژاراندا تەنانەت پێش باب و باپیرانیشی کەوتووە، لەگەڵ ئەمەشدا خانەقای سەفەوی ئەوەندە دەوڵەمەند بووە، کە لە چێشتخانەکاندا مەنجەڵی زێڕ و زیو بەرچاو کەوتووە و شێخ وەک (شا) دەرکەوتووە[٣].ئەمەش دەرخەری ئەوڕاستیەیە کە لە سەردەمی (شێخ ئیبراهیم)دا تەریقەتی سەفەوی تەریقەتێکی چالاکبووە، و بووەتە جێگەی سەرنجی خەڵکی ڕەشۆک.

کەهەندێک لەهۆکارکانی ئەم چالاکیانە بۆلێوەشاوەیی و لێهاتوویی (شێخ ئیبراهیم) دەگەڕێتەوە، لەو پێناوەدا هەوڵی تەواوەتیانداوە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی پەرۆشی شوێنکەوتوان و موریدانی تەریقەتەکە و پابەندبونیان بەڕێنماییەکانی شێخەکەیان، بەتایبەتی ئەو(دیلان)ەی، کە لەسەرداوای (خواجە عەلی) ئازادکران و ژمارەیەکیان گەڕانەوە ناوچە جیاجیاکانی خۆیان بەڵام هەر پابەند بوون بەوپەیمانەی دابوویان بە (خواجە عەلی) لەوەی مورێدێکی دڵسۆزی تەریقەتی سەفەوی بن، ئەوان زاهید بوون و دابڕابوون، تەنها لە ئێراندا بونیان نەبوو، بەڵکو لە سەرانسەری ئاناتولیا و شام وتەنانەت خاکی بەربەرەکان خاوەن کەرامەت بوون و لە لایەن هەمووخەڵکەوە قەدریان زانراوە و ڕێزیان لێگیراوە.

هەرچەندە سەرچاوەکان بەچەند ئاماژەیەکی کەم نەبێت باسی ڕەوشی تەریقەتی سەفەوی ناکەن لەسەردەمی (شێخ ئیبراهیم)دا تەنها بەچەند ئاماژەیەکی کەم نەبێت[٤]، بەڵام پێدەچێت

---

[١] ایلیا پاولویچ پطروشفسکی: اسلام در ایران از هجرت تا پایان قرن نهم هجری، ترجمه: کریم کشاورز، چ٧، انتشارات پیام، تهران١٣٦٣، ص٣٨٥.

[٢] ثواقب: تاریخ نگاری عصر صفویه و شناخت منابع و مآخذ، ص٧٦٣.

[٣] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٧ ؛هروی: فتوحات شاهی، ص٣٥ ؛ سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، ص٥٠.

[٤] بڕوانە : خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ، ص٤٢٤؛ مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان ، ص٨٠؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٧؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٥٠.

سەردەمی (شێخ ئیبراهم) یەکێک بوبێت لە سەردەمە گرنگەکانی تەریقەتی سەفەوی، لەبەرئەوەی ئەو ئاماژە بچوکانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خەڵکی بەشێوەیەکی فراوان ڕویان لە تەریقەتەکە کردووە، شێخ ئیبراهم وەک حکومڕانی (ئەردەبیل) بووە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێز و پلە وپایەی خۆی و تەریقەتی سەفەوی زیاتر پەرەی سەندووە.[1]

سەرەڕای گرنگی سەردەمی ئیبراهیم، بەڵام سەردەمەکەی بەناڕونی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوانەش لە بەردەستدان زۆریان لە بارەوە باس نەکردوە، تەنانەت نوسەری کتێبی (تاریخ حبیب السیر) تەنها دێڕێکی سادەی باسکردوە لەبارەیەوە[2]، کە ئەمەش جێگەی پرسیارە، دەکرێت بگوترێت هۆکار چییە مێژوونوسەکانی نزیک لە بنەماڵەی سەفەوی باسی (٢١ساڵی سەردەمی شێخایەتی ئیبراهیمیان بەناڕونی هێشتووەتەوە، وبە چەندئاماژەیەکی کورت نەبێت باسی نەکراوە، سەبارەت بەهۆکاری ئەم بابەتە چەند گریمانەیەک خراوەتە ڕوو کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین[3]: –

١_لەوانەیە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە شتێکی گرنگ لەسەردەمەکەیدا ڕوی نەداوە تاکو باس بکرێت، چونکە سەردەمەکەی ئارام بووە لە ڕوی شەڕو ململانێی سیاسیی و ئایینییەوە.

٢_مەیلی (شێخ ئیبراهیم) بۆ ئاینزای سوننە، و پاش ئەوەی کە بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان لە سەردەمی نەوەکانی شێخ سەفییەدیندا، تەریقەتی سەفەوی بەرەو ئاینزای شیعە هەنگاوی ناوە، پێدەچێت لەسەردەمی (شێخ ئیبراهیم)داهەوڵی ئەوە درابێت تەریقەتی سەفەوی بگەڕێنرێتەوە سەرئاینزای سوننەی، واتە بۆسەر ڕێچکەی سەرەکی خۆی، هەر لەبەرئەوە سەرچاوەکان هەوڵیانداوە سەردەمی (شێخ ئیبراهیم) بەناڕونی بهێڵنەوە.

٣_پەیوەندی بەخودی کەسایەتی (شێخ ئیبراهیم) ەوە هەیە کە پێدەچێت کەسێکی لاواز و نەخۆش بوبێت و کۆچیدوایی باوکی کاریگەری زۆری لەسەر بەجێهێشتووە، چالاکیەکانی لە ئاستی پێویستیدا نەبوون.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم ناکرێت بوترێت سەردەمی (شێخ ئیبراهیم) سەردەمێکی ئارام بووە، چونکە ئەگەر لە ڕوداوەکان بڕوانرێت لەو ماوەیەدا پڕیەتی لە ململانێ و کێشمەکێشی سیاسی، لە نێوان هێزە جیاجیاکانی وەک (تەیموری و قەرەقۆینلو و عوسمانییەکان)، ئەم ململانێیەش

---

[1] سیێڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، ص١٦.

[2] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٤.

[3] نصرالله پور محمدی املشی: شیخ ابراهیم صفوی مرشدی گمنام، فصلنامه علمی پژوهشی تاریخ، سال سوم، شماره ١١، ١٣٨٧، ص٤٦.

لەپێناو دەستڕاگەیشتنیان بووە بۆ دەستبەسەراگرتنی زۆرترین خاک لە ناوچەکەدا، لەم بارەشدا شیخ ئیبرایم بە ئاماژەی ناڕون ناوی هاتووە لە پەیوەندی سیاسیەکاندا.

سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەگەر لەبەرئەوەبێت کە (شێخ ئیبراهیم) بانگەشەی ئاینزای سوننەی کردبێت، ئەی چۆن ئەو هەموو موریدە لە سەردەمی ئەودا لەتەریقەتی سەفەوی کۆ بونەتەوە، وپاشان هەر ئەم موریدانە لەسەردەمی جونەیدی کوڕی کۆبونەتەوە، لە کاتێکدا جونەید بانگەشەی شیعەگەرایی کردوە.

سەبارەت بەو خاڵەی کە پێی وایە کەسیەتی ئیبراهیم لاوازبووە، ئەگەر وابوایە لەسەر چ بنەمایەک باوکی ئەوئەرکەی پێسپاردووە، وە ئەگەر کۆچی دوایی کردنی باوکی کاریگەری لەسەری هەبوبێت، چۆن توانیویەتی ماوەی (٢١) ساڵ سەرپەرشتی تەریقەتی سەفەوی بکات.

دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەست بکرێتەوەبە سیاسەتی (شێخ ئیبراهیم)ەوە، لەوانەیە (شێخ ئیبراهیم) خۆی ویستبێتی زۆر کەسێکی دیار نەبێت تا لەبەرچاوی کەسانی دەسەڵاتدار زۆر گەورە دەرنەکەوێت، پێدەچێت مەبەستی بوبێت لەم ڕێگەیەوە تەریقەتی سەفەوی بپارێزێت و نەهێڵێت لەناوبچێت یان لاواز ببێت، چونکە لەو سەردەمەدا زۆربەی بزووتنەوە شیعە سۆفیگەرییەکان سەرکوتکرابوون، وپڕوپاگەندەی (مشەعشەعییەکان[1]) وبۆدامەزراندنی دەسەڵات، جۆرە هەستیارییەکی بۆ بزووتنەوە سۆفیگەرییەکان لە لای دەسەڵاتداران دروستکربووە، پێدەچێت (شێخ ئیبراهیم) ویستی ئەوەی بوبێت بیانوو نەدات بەدەست دەسەڵاتدارانەوە، هەتا لەم نەتوانن دەست بەسەر موڵک و ماڵی بەدەستهاتووی تەریقەتی سەفەویدا بگرن، بۆیە دەتوانرێت بوترێت بزووتنەوەی سەفەوی دوانەکەوت لەسەردەمی (شێخ ئیبراهیم)دا، بەڵکو ئەوسەردەمە بۆتە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان سەردەمی (خواجە عەلی وشێخ جونەید)، و (شێخ ئیبراهیم) بەزیرەکانە زەمینەسازی بۆ چالاکییە سەربازیەکانی شێخ جونەید ئامادەکرد، ئەم کارەشی لەڕێگەی بێلایەنیەوە جێبەجێ کرد.

سەرەرای ئەوەی کە تەریقەتی سەفەوی تاکو سەردەمی (شێخ ئیبراهیم) بووە خاوەن شوێنکەوتەیەکی زۆر، لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمەکەی گونجاو بوو لەڕووی سیاسییەوە بۆ

---

[1] (مشعشعی)کۆمەڵێکی ئاینی بوون سەربە ئاینزای شیعە، لە ناوچەکانی باشوری ئێران وعیراقی ئەمڕۆ سەریانهەڵدا، سەرکردەی ئەم گروپە (سەید موحەمەد کوڕی فەلاحی مەشەعشەعی )بوە، لەساڵی (٨٤٠ک/١٤٣٦ز) دەوڵەتێکیان دامەزراندووە، و شاری (حەوێز )پایتەختیان بووە، ئەمانە شیعەی دوانزە ئەمامی بوون، سەرکردەکەیان خۆی بە جێگری ئیمامی زەمان ناساندووە، لە سەردەمی دروست بونیانەوە بونەتە جێگەی مەترسی بۆ دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بەتایبەت دەسەڵاتە سوننیەکان، لە ساڵی (٩١٤ک/١٥٠٨ز) لەلایەن شا ئیسماعیل دەست بەسەر پایتەختەکەیاندا گیراوە.(محمد حسين الزبيدى: امارة المشعشعين، مركز دراسات عيلام، بغداد، ١٩٨٢، صص٧-١٢).

ئەجامدانی چالاکی، بەڵام ئەم چالاکییە ئەنجام نەدرا، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی سیاسی سەفەوییەکان یەک هەنگاو دوابخات, (شێخ ئیبراهیم) لە ساڵی(٨٥١ ک/١٤٤٧ز)، کۆچیدوایی کردوە، لە نزیک مەزاری باپیرانی لە (ئەردەبیل) بە خاکسپردراوە[١]، لە پاش خۆی جونەیدی کوڕە بچوکی لە جێگەی گرتەوە، و سەردەمێکی نوێ لە ململانێی ناو بنەماڵەی سەفەوی سەری هەڵدا.

---

[١] زاهدی: سلسلة النسب صفويه,ص٦٥؛ تركمان: تاريخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٧؛ عبدالحسين نوايی و عباس قلی غفاری فرد: تاريخ تحولات سياسی، اجتماعی، اقتصادی وفرهنگی ايران در دوران صفويه، چ٢، انتشارات وزارت فرهنگی و ارشاد اسلامی، تهران، ١٣٨٥، ص٤٥.

## بەشی سێیەم:

## سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی سەفەوی لەسەردەمی شێخ جونەید هەتا دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر دەستی (ئیسماعیل)

## (٨٥١-٩٠٧ک/١٤٤٧-١٥٠١ز).

## باسی یەکەم: تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی (شێخ جونەید٨٥١–٨٦٤ک/١٤٤٧-١٤٦٠ز):

### یەکەم: سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوبنەماڵەی سەفەوی(٨٥١–٨٥٣ک/١٤٤٧–١٤٤٩ز).

شێخ ئیبراهیم باوکی (شێخ جونەید)، (٦)کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (ئەبو سەعید، سەید ئەحمەد، بایەزید، خواجەجان میرزا، خواجەگی و جونەید)، جونەید کە بچوکترینیان بووە لە لایەن باوکیەوە کراوەتە جێگرەوەی خۆی[1]، بەڵام (شێخ جەعفەر)ی برای (شێخ ئیبراهیم) بە بیانووی ئەوە کە (شێخ جونەید) تەمەنی کەمە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ببێتە گەورەی تەریقەتەکە و لەم چوارچێوەیەشدا (جیهان شا)ی قەرەقۆینلۆ کچێکی خۆی لە کوڕێکی شێخ جەعفەر مارە کردووە، ئەوەش ئەو هەستەی پێداوە کە (شێخ جەعفەر) شایەنی سەرپەرشتی کردنی تەریقەتی سەفەویەو، نەک (شێخ جونەید)ی برازای[2].

سەردەمی (شێخ جونەید) قۆناغێکی نوێ بوو سەبارەت بەتەریقەتی سەفەوی، چونکە لەسەردەمی ئەودا بەکرداریی تەریقەتی سەفەوی چووە ناو سیاسەتەوە، (شێخ جونەید) کاتێک کاروباری تەریقەتەکەی پێ سپێردرا گەنجێکی تەمەن بیست ساڵ بوو، وەک باب و باپیرانی دەستیکرد بە بەرەوپێشبردنی تەریقەتی سەفەوی، لەو پێناوەشدا ئامادەبوو (ئەردەبیل) بەجێبهێڵێت وبەدوای ئامانجەکانی داوێڵ وپەناهەندە ببێت، (شێخ جونەید) هاوسەردەم بووە لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی هەژاری و برسییەتی، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکی زیاتر دەچوونە خانەقاکان بەگشتی و خانەقای تەریقەتی سەفەوی بەتایبەت تر، چونکە دەیانتوانی لە سەقامگیری و سەروەت و سامانی بێ بەرامبەری خانەقاکان سود وەربگرن.

بەلێکدانەوەیەکی دیکە دوو هۆکاری زۆر گرنگ هەبوون لەسەردەمی (شێخ جونەید) بۆ ئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی فراوان ڕوو لە تەریقەتی سەفەوی بکەن کە هەردووکیان پەیوەندیان بە ڕەوشی سیاسییەوە هەبوو، یەکەمیان خراپی ڕەوشی سیاسی ئێران لە سەردەمی حوکمی بنەماڵەکان و شەڕە یەک لە دواییەکەکانیان، کە بەردەوام پێویستیان بە جەنگاوەری زیاتر هەبووە بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە دانیشتوانی ناوچەکە وەردەگرت، لە لایەکی دیکەوە دەستگرتنی ئەم هێزانە بەسەر بەشێک لە زەوی وزارو، سەپاندنی باجی زۆر بەسەر بەشەکەی

---

[1] زاهدی: سلسلة النسب صفویه,ص١٦،

[2]مؤلف ناشناخته: عالم آرای شاه اسماعیل، ص٢٢ ؛هینتس: تشکیل دولت ملی درایران، ص١٧؛قزوینی: تاریخ جهان آرا, مقدمه: حسن نراقی، انتشارات کتابفروشی حافظ، تهران، ص٢٦١.

دیکەی خەڵکیدا، ئەمەش بارگرانی و هەژاری دروستکردبوو، لە ڕەوشی وەهادا خەڵکی سۆفیبوون و شوێنکەوتنی (شێخ جونەید)یان بە چارەسەرزانیووە.

هۆکاری دووەمیان پەیوەندی بە ڕەوشی (ئاناتولیا) و دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبوو، (سوڵتان بایەزیدی یەکەم١٣٤٥_١٤٠٣ز) سیاسەتێکی نوێی فیودالّی پەیڕەوکرد، کاتێک بەڕێوەبردنی زەوییەکانی ڕاستەوخۆ پەیوەستکرد بە بڕیارەکانی دەوڵەتەوە، و بنەماڵەکانی دەرکرد و کۆیلە و خزمەتکارەکانی لە جێگەی ئەودانا، ئەمەش شتێکی نوێ بوو سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی و پێشتر ڕەوشی لەوجۆرە ڕوینەدابوو، تەنانەت لەگەڵ نەریتی دەوڵەتی عوسمانی یەکی نەدەگرتەوە، هەرئەوەش بووە یەکێک لە هۆکارەکان شکستی (شەڕی ئەنقەرە) لە ساڵی(٨٠٤ک/١٤٠٢)[١]، لەبەرئەوە لەگەڵ لکاندنی میرنشینەکانی (سیڤاس و توقان) لە (ئاناتولیا)، ئەنجامدا ئەمکارەی هیچ سودێکی ئەوتۆی نەبوو، جوتیار و کۆیلە و هەژارەکانیش لە دەسەلآت هەڵگەڕانەوە و بەشێکیان ڕوویان لە (ئەردەبیل) کرد، ئەم ئاڕاستەیەش لە سەردەمی سوڵتان (موحەمەدی فاتیح ٨٣٥ -٨٨٦ک/١٤٣٢-١٤٨١ز) بەردەوام بوو، چونکە ئەمیش لە نیوەی دووەمی سەدەی (٩ک /١٥ز) بەرامبەر بنەماڵە تورکییە ئەرسۆکراتییەکانی ناودەسەلآتەکەی سیاسەتێکی ناوەندی توندی بەکار هێنا[٢]، لەوانە بنەماڵەی (جندرلی)، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ناو دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لەکاتی گرتنی (کەستەنتینیە) لە ساڵی(٨٥٧ک/ ١٤٥٣ز)، و جگە لەوەی کە ئەم بنەماڵەیە ماوەی یەک سەدە پێگە (سەدری ئەعزەم-سەرۆک وەزیران) لەدەستدا بووە، وئەم پلەیان لێ وەرگیرایەوە، ودەست بەسەر زەوییەکانییاندا گیرا، وخرایە سەر موڵکی دەوڵەت[٣]، ئامانجی ئەم ڕێوشوێنانەی بۆ ڕازیکردنی زانایانی ئاینی و بەدیهێنانی دادپەروەری بو بۆ ئەم خەڵکانەی پێشتر دەست بەسەر موڵکەکانیاندا گیرابوو[٤]، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی هۆزەکانی (ئاناتولیا) بەدوادا هات، کەڕەوشی خەڵکی بەرەو خراپتر دەڕۆشیت لەو ناوچانەدا و بەدوای پەناگە و چارەسەردا دەگەڕان، بۆ ئەمەش ئەوانەی توانیان ناوچەکە بەجێبهێڵن چونە (ئەردەبیل) و ئەوانەشی نەیانتوانی لەناوچەی خۆیان مانەوە، و دواتر بونە شوێنکەوتەی (شێخ جونەید)[٥].

---

[١] محيبس حسن الوائيلي: اغقشى في عهد الشاه اسماعيل الاول(٩٠٦-٩٣٠ه/١٥٠١-١٥٢٤ م),اطروحة دكتوره قدمت الى جامعة بغداد- كلية الاداب، ٢٠٠٦م، ص٥٤.

[٢] محمد جميل بهيم: فلسفة التاريخ العثماني، اسباب انحطاط الدولة العثمانيه وزوالها، بيروت، ١٩٥٤م، ص٦٧.

[٣] داود دورسون: دين و سياست در دولت عثماني، ترجمه: منصور حسيني و داود وفائى، تهران، ١٣٨١ه/٢٠٠٣م، ص٢٠٣.

[٤] يلماز اوزتوتا: تاريخ دولة العثمانيه، ترجمة: عدنان محمود سليمان، ج١، استنبول، ١٩٨٨م، ص٢٠٣.

[٥]محيبس حسن الوائيلي: اغقشى في عهد الشاه اسماعيل الاول ...,ص٥٤.

ئەم هۆکارانە وایکردوە ئەردەبیل بۆتە ناوەندێکی گرنگ بۆ کۆبونەوەی موریدێکی زۆر، بەڵام لەبەرئەوەی لەم کاتەدا ئاژاوەی ناوخۆ لە ناو بنەماڵەی سەفەوی سەریهەڵداوە، لەنێوان (شێخ جونەید) و (شێخ جەعفەری) مامیدا، تەریقەتی سەفەوی نەیتوانی وەک پێشتر ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، و لەجیاتی ئەوەی زیاتر بەرەو پێش بچێت، تەریقەتەکە دابەشکرا و بەشێکی لەژێر سەرپەرشتی شێخ جەعفەردا بوو کە پێک هاتبوو لە ژمارەیەک مورید لە ناو(ئەردەبیل) و لەوناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی (جیهان شای قەرەقۆینلو)دا نیشتەجێ بوون، کە ئەم بەشەخاوەنی ناوەندی تەریقەتەکەش بوو، پێکهاتبوو لە مەزاری شێخەکانی سەفەوی و خانەقاکەی (ئەردەبیل)، بەشێکی دیکەی تەریقەتەکە لەژێر سەرپەرشتی (شێخ جونەید)دا بوو لە ئاوارەییدا، کە ئەم بەشەی لە داهاتوودا بووە بە کاریگەرترین بەشی تەریقەتەکە.

پاش ماوەیەک (شێخ جونەید) بڕیاری چونەدەرەوەی داوە لە (ئەردەبیل)، هەرچەندە مێژوونوسەکان هۆکاری دەرچونی (شێخ جونەید)یان لە (ئەردەبیل) گەڕاندوەتەوە بۆ دەسەڵاتی (جیهان شای قەرەقۆینلو)، لەبەرئەوەی (شێخ جونەید) بە ئاشکرا بانگەشەی ئایینزای شیعەی کردوە، لە ژێر چەتری ئەم ئایینزایەشدا بانگەشەی غەزای کردووە، ئەم بانگەشانە وایکردوە کە ژمارەیەکی زۆر لە سۆفی دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەمەش هۆکار بووە بۆئەوەی ڕۆژبەڕۆژ (شێخ جونەید) لە ناوچەکەدا پێگەی گەورەتر بێت، (جیهان شای قەرەقۆینلو) لەم پێگەیەی (شێخ جونەید) ترسی لێ نیشتووە[1].ئەمەش وایکردوە کە (جیهان شا) لە ساڵی (٨٥٢ ک/١٤٤٨ز) بڕیاری دەرکردنی (شێخ جونەید)شاری (ئەردەبیل)دەربکات، ئەو هۆکارەش وایکردوە (شێخ جونەید) و هەندێک لە موریدانی (ئەردەبیل) بە جێبهێڵن[2]، جگە لەم هۆکارەش دەوترێت وەک پێشتر باسمانکرد لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان شێخ جەعفەری مامی (شێخ جونەید) لەگەڵ (جیهان شا) باش بووە، تەنانەت دواتر گەیشتوەتە ئاستی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا، وایکردوە (جیهان شا)زیاتر لە سەر ئەوبڕیارەی پێداگر بێت[3]، تەنانەت ئاماژە بەوە دراوە کە سوڵتانی (جیهان شا) بۆ ئەوەی (شێخ جونەید) ناچار بکات (ئەردەبیل) بەجێ بهێڵێت، هەڕەشەی کوشتن و تاڵانکردنی شاری (ئەردەبیل)ی کردووە [4].

---

[1] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٥ ؛مؤلف ناشناخته: عالم آرای صفوی ,ص٢٨ ؛ سید حسن آسترابادی: از شیخ صفی تا شاه صفی، ص٢٥ ؛مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٨١-٨٢.

[2]خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ,ص٤٢٤ ؛ زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٦٥ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص١٥-٢٢ ؛ مؤلف ناشناخته:جهانگشای خاقان، ص٨٣.

[3] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١ ,ص١٨.

[4] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان, ص٨٢.

ئەم بابەتە هەندێک نارونی تێدایە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی بەهێز بەرچاو ناکەوێت، دەرخەری ئەوەبێت کە (جیهان شا) ترسی لە (شێخ جونەید) هەبووبێت، گەشتبێتە ئاستی ئەوەی ململانێی لە نێوانیاندا رووی دابێت، تەنها ئەوەنەبێت کە ئاماژە دراوە بەوەی لەوسەردەمەدا شوێنکەوتوەکانی (شێخ جونەید) بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە (شێخ جونەید) ئیمامی چاوەڕوانکراوە و دەرکەوتووە، (شێخ جونەید) لە وەڵامدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندوون کە ئەو ئیمامی چاوەڕوانکراونیە، بەڵکو لە داهاتودا لەناو نەوەکانی ئەودا دەر دەکەوێت[1].

لەبەرئەوەی کاتێک کە (شێخ جونەید) لە (ئەردەبیل) لە پاش باوکی بوبە شێخی تەریقەتەکەی هەتا ئەوکاتەی لە ئەردەبیل دەرچوو لەساڵی (٨٥٣ ک/١٤٤٩ز) ماوەیەکی ئەوەندە زۆرنیە کە (شێخ جونەید) بتوانێت لە ڕێگەی چالاکیەکانیەوە مەترسی لەسەردەسەڵاتەکەی (جیهان شا) دروست بکات، بەتایبەت لە ڕەوشێکی نالەباروسەردەمێکی لاوازی ئەوکاتەی تەریقەتی سەفەوی، چونکە زۆربەی سەرچاوکاندا ئاماژە بەوەدراوە، کە سەردەمی پێش (شێخ جونەید)، واتە سەردەمی (شێخ ئیبراهیم) سەردەمێکی لاواز وبێ چالاکی بووەسەبارەت بە تەریقەتی سەفەوی[2]، دەکرێ پرسیار بکرێت ئایا دەکرێت تەریقەتێک بەم لاوازیە چۆن لەماوەیەکی کەمدا دەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی قەرەقۆینلۆ، کە لەم کاتەدا لە هیچ شەڕ و ململانێیەکی تردا نەبووە[3]، ئەمە بۆخۆی شیکردنەوە و بەڵگەی پێویستی دەوێت، کە هەنوکە لەبەردەستی توێژەرەواندا نییە و شتێکی باوەڕ پێنەکراوە.

یەکێکی تر لەوبەڵگانە دەکرێت بخرێتە ڕوو سەبارەت بەوەی کە ( جیهان شا) بێلایەن بووە لە بابەتی دەرچونی (شێخ جونەید) لە (ئەردەبیل)، کاتی گەڕانەوەی بووە بۆ(ئەردەبیل) و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی (جیهان شا)، لە کاتێکدا جونید لەوسەردەمەدا ببووە زاوای (ئۆزۆن حەسەن) ی نەیاری (جیهان شا)، و لە لایەکی دیکەو ژمارەی لایەنگرانی (شێخ جونەید) زۆر تر بوون، هێزو دەسەڵاتی (شێخ جونەید) زیاتر بوو لە سەردەمی پێش جێهێشتنی شارەکە، لە جاران زیاتر دەیتوانی مەترسی دروستبکات، تەنانەت لەم کاتەشدا ئاماژە بەهیچ ڕوبە ڕوبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان (جیهان شا) و (شێخ جونەید)دا نەکراوە.

دەتوانرێت بگوترێت ڕۆیشتنی (شێخ جونەید) ئەوەندە پەیوەندی بە هەبوونی (شێخ جەعفەر)ی مامیەوە هەبووە، ئەوەندە پەیوەندی بە (جیهان شا)وە نەبووە، لەبەرئەوە دەکرێت

---

[1] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان, ص٨٢.

[2] الشیبی: تشیع وتصوف، ص٢٧٩.

[3] اسماعیل حسن زاده: حکومت ترکمانان قراقوینلو و آق قوینلو درایران، چ٤، مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران، ١٣٨٩، ص٣٥.

بوترێت جێهێشتنی (ئەردەبیل) پەیوەند بە ململانێی نێو بنەماڵەی سەفەویەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو ناکۆکیە لە نێوان (شێخ جونەید) و (شێخ جەعفەر)مامیدا هەبووە، ڕەنگە دوو هۆکار وای لە (شێخ جونەید) کردبێت کە ماوای باب و باپیرانی بەجێ بهێڵێت:

یەکەمیان / لەبەرئەوەی (شێخ جونەید) نەیوستووە ڕوبەڕووی(کەسایەتی) (شێخ جەعفەر)ببێتەوە لەبەر بەهێزی پێگە و کەسایەتیەکەی، بەواتای ئەوەی (شێخ جونەید) شکستی هێنا بەرامبەرپێگەی شێخ جەعفەر و ئەردەبیلی بەجێهێشت[1]، بەتایبەت پاش ئەوەی جیهان شا بووەتە پشتیوانی شێخ جەعفەر لەڕێگەی خزمایەتییەوە وەک چۆن پێشتر باسمانکرد.

دووەمیان / پەیوەستە بە کەسایەتی (شێخ جونەید)ەوە، چونکە (شێخ جونەید) کارەکتەرێکی نائارام و دەسەڵاتخواز بووە، خواستەکانی لەو ئاستەدا نەبوون لەگەڵ (شێخ جەعفەر) لە خانەقای (ئەردەبیل) بمێنێتەوە [2].

## دووەم: ڕۆڵ و پێگەی شێخ جەعفەر سەفەوی .

شێخ جەعفەری سەفەوی کوڕە گەورەی (خواجە عەلی سیا پۆش) بووە، یەکێک لە کەسە کاریگەرەکانی بنەماڵەی سەفەوی بووە، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕۆڵی باس نەکراوە، دەکرێت بەیەکێک لە شێخەکانی زنجیرەی تەریقەتی سەفەوی دابنرێت، کە ئەمە لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ نەدراوە، چونکە بە لێکۆڵینەوە لێی دە بینین ڕۆڵی کەمتر نەبووە لە شێخەکانی دەوڵەتی سەفەوی[3].

(خواجە عەلی) سەرەڕای ئەوەی (شێخ جەعفەر) کوڕە گەورەی بووە، بەڵام لەسەر وەسیەتی خۆی (ئیبراهیم)ی کوڕە بچوکی لە جێگەی خۆی داناوە، لە سەردەمی شێخایەتی (ئیبراهیم) دا واتە لەنێوان ساڵانی(٨٣٢_٨٥١ک/١٤٢٩_١٤٤٧ز) ، (شێخ جەعفەر) ئەمیندار و سەرپەرشتیاری گۆڕستان و موڵک وماڵی تەریقەتی سەفەوی بووە[4]، هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا باسی ڕۆڵی (شێخ جەعفەر) نەکراوە لەم قۆناغەدا، بەڵام دەکرێت نەخۆشی و لاوازی (شێخ ئیبراهیم) ی برای، دەرفەتێک بوبێت بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن پێگەیەکی باش لەناو تەریقەتی سەفەوی.

---

[1] فاروق سومر: اغوزهایی (ترکمان )، ترجمه: انا دردی عنصری، انتشارات حاجی طلایی، تهران، ١٣٨٠، ص٨٠.

[2] پیتر جکسون و لورنس لاکهارت: تاریخ ایران کامبریج، ج٦، ص٢٢.

[3] دەکرێت بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕۆڵی شێخ جەعفەری سەفەوی بچینەوە سەر بابەتی ( علی سالاری شادی: شیخ جحفر صفوی: شخصیتی مشهور اما گمنام درسنت صفویان، فصلنامه علمی تاریخ اسلام وایران دانشگاه الزهرا، سال سی ام، دوره جدید، شماره ٤٥، بهار ١٣٩٩/صص ٩-٣٣.)

[4] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، صص٥٠، ٩٤-٩٦ ؛هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ص١٧.

کاتێک (شێخ ئیبراهیم) کۆچی دواییکرد و لەسەر وەسیەتی خۆی (شێخ جونەید) ی کوڕە بچوکی دەکاتە میراتگری تەریقەتی سەفەوی، لەبەرئەوەی (شێخ جونەید) لەو کاتەدا تەمەنی بچوک بووە، (شێخ جەعفەر) بۆتە سەرپەرشتیاری (شێخ جونەید)[1], بەلآم پاش ماوەیەک ناکۆکی دەکەوێتە نێوان (شێخ جونەید) و (شێخ جەعفەر)ی مامی، هیچ سەرچاوەیەک باسی هۆکاری ناکۆکیەکانی نێوان بنەماڵەی سەفەوی نەکردووە کە ئایا ناکۆکیەکە لەسەر بابەتی موڵک و ماڵی تەریقەتەکە بووە یان لەسەر بابەتی سەرپەرشتی و ڕێنمایی پەیڕەوکارەکانی تەریقەتی سەفەوی بووە ؟یان لەسەر جیاوازی فیکری نێوانیان بووە.

بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئاژاوە و بەریەککەوتنێک ڕویدابێت لەنێوانیاندا، وەک ئەوەی بابەتی ناکۆکیەکەی نێوانیان بە هێمنی کۆتایی هاتبێت، (شێخ جونەید) بەرەو ئاناتۆلیا بەڕێ کەوتووە، و شێخ جەعفەریش لە (ئەردەبیل) بەردەوام بووە، لە هەمانکاتدا تەریقەتی سەفەوی بۆ دوو بەش دابەشکراوە، بەشێکی لە ژێر سەرپەرشتی (شێخ جەعفەر) لە (ئەردەبیل)، و بەشێکی لە ئاوارەیی و لە ژێر سەر پەرشتی (شێخ جونەید)دابووە.

هەرچەندە سەرچاوە ڕەسەنەکانی سەفەوی ئاماژەیەکی کەم نەبێت هیچ باسێکی تریان سەبارەت بە ڕۆڵی (شێخ جەعفەر) نەداوە لەو ماوەیەدا کە (شێخ جونەید) لە ئەردەبیل نەبووە[2]، پێدەچێت لەبەرئەوە بێت سەرچاوەکان شێخ جەعفەریان بە زەوتکەری دەسەلآتی شێخایەتی لەقەڵەم داوە، و هەر لەبەرئەوە بووە کە لە نوسینەکانیاندا گرنگیان پێنەداوە، و هیچ هەواڵێک لە نێوان سالآنی (٨٥٣_٨٧٤ک/١٤٤٩_١٤٧٠ز) لە بارەی ئەردەبیلەوە بەرچاو ناکەوێت، لە بەرامبەردا سەرچاوەکان کە تایبەتن بە سەفەوییەکان وردەکاری ڕوداوەکانی (شێخ جونەید) باس دەکەن، کە لە ناوچەکانی (ئەناتولی و شام و دیاربەکر) ژیاوە[3]، هەرچەندە نوسەری (سلسله النسب صفویه) کە زۆر بە (شێخ جەعفەر) دڵخۆش نەبووە، دان بەو ڕاستیەدا دەنێت کە (شێخ جەعفەر) لە زانستی ئاینی ڕوکەشدا(علم ظاهر)کاملبووە، بەجۆرێک هیچ کام لە شێخەکانی سەفەوی نەگەیشتونەتە ئاستی ئەو[4]، ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی پێدانی (شێخ جەعفەر) بۆ (زانستی ڕواڵەت) بە واتای ئەوەدێت کە جیاوازیەکی هەبووە لەگەڵ شێخەکانی دیکەی تەریقەتی سەفەویدا.

---

[1] قزوینی: تاریخ جهان آرا، ص٢٦١ ؛ القمی: خلاصة التواریخ، ص٣٤.

[2] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٤ ؛جنابندی: روضة الصفویه، ص٩٢؛هروی: فتوحات شاهی، ص٣٤.

[3] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٤ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی درایران، ص١٥-٢٢ ؛ مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٨٣ ؛برزگر: تاریخ تحولات اجتماعی، اقتصادی...، صص٣٧-٤٠ ؛ نوایی، غفاری فرد: تاریخ تحولات اجتماعی فرهنگی...، صص ٥١-٥٣.

[4] زاهدی، صص٤٩-٥٠.

بێگومان بێجگە لەوەی لەسەرچاوە سەفەویەکاندا پشتگوێ خراوە[١]، لە سەرچاوەکانی دیکەدا کە پەیوەستن بە بابەتی مێژووی دەسەڵاتی (تەیموری وتورکمان) ەکاندا باسکراوە، ڕۆڵی تەنیا لە چوار چێوەی سەرپەرشتیکردنی گۆڕو خانقاکانی تەریقەتی سەفەوی نیشان نەدراوە، ڕۆڵ و کاریگەری بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت ورد ببینەوە لە سەرچاوەکانی وەک (کتاب دیاربکریە و احسن التواریخ)، بۆمان دەردەکەوێت کە (شێخ جەعفەر) خاوەن کەسایەتیەکی بەرز و پێگەیەکی گرنگ بووە، مێژوو نوسێکی وەک (ئەبوبەکر تارانی) لە کتێبەکەیدا (مێژووی دیاربەکر)دا (شێخ جەعفەر)بە شێخی گەورەی ئیسلام ناو دەبات[٢]، ئەمە لەکاتێکدا جونید کە زاوای (ئۆزۆن حەسەن) بە هیچ شێوەیەک باس نەکراوە، لە جێگەیەکی دیکە بە (شیخ تقوی پەناە) ناوی بردووە[٣]، لە سەرچاوەیەکی دیکەدا (شێخ جەعفەر) بە (جناب شیخ الاسلام اعظم، مرشد طوائف الامم و....، جامع العلوم والحکم) ناوی هاتووە[٤].

بە گوێرەی ئەو پێناسانە بێت، هەمان قسەی (ئەبدال زاهد)یە کە دەڵێت ((بەهێزترین شێخی سەفەویە))[٥]، هەر لەبەر ئەمەش دەتوانین بڵێین پێگەیەکی دیاری هەبووە لە لای دەسەڵاتدارە مەزنەکانی ئەوکاتەی ناوچەکە، کە پێدەچێت ئەم پێگەیەشی لە سەردەمی شێخایەتی (ئیبراهیمی) برای بەدەستی هێنابێت یان لە سەردەمی (خواجە عەلی) باوکی ، لە چوارچێوەی پەیوەندییە سیاسییەکانیدا باس لە پتەوی پەیوەندی نێوان شێخ جەعفەرو (جیهان شا) دەکرێت، تەنانەت پەیوەندیەکەیان گەشتوەتە ئەو ئاستەی جیهان شا کچێکی خۆی بدات بە (قاسم)ی کوڕی (شێخ جەعفەر)[٦]، پێدەچێت ئەم گرنگی پێدانەی (شێخ جەعفەر)بگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی زانستی و فەرهەنگیەکەی، بەپێچەوانەی ئەو بۆچونەی کە دەڵێت (جیهان شا) بۆ دژایەتی (شێخ جونەید) پەیوەندە لەگەڵ (شێخ جەعفەر)بەستووە, چونکە پەیوەندی نێوان (شێخ جەعفەر)و (قەرقۆینلو) بە کۆچی دوایی کردنی (جیهان شا) کۆتایی نەهاتووە، کاتێک (جیهان شا) کۆچی دواییکرد کوڕەکەی کە ناوی (حەسەنعەلی) بووە، پەنای بۆ (شێخ جەعفەر) بردووە بۆئەوەی لە سەرگەردانی رزگاری بکات[٧]، (شێخ جەعفەر)بەرەو لای سوڵتان (ئەبوسەعید)ی تەیموری

---

[١] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٤ ؛جنابندی: روضة الصفویه، ص٩٢؛هروی: فتوحات شاهی، ص٣٤.

[٢] ابوبکر طهرانی: کتاب دیاربکریه، بەتصحیح واهتمام: نجاتی لوغال وفاروق سومر، انتشارات طهوری، تهران، ١٣٥٦، ص٥٢١.

[٣] هەمان سەرچاوە، ص٤٦٧.

[٤] حسن بیگ روملو: احسن التواریخ، تصحیح: عبدالحسین نوایي، چ٢، انتشارات اساطیر، تهران، ١٣٨٩، ص٦٠١.

[٥] سلسله النسب صفویه، صص٤٩-٥٠.

[٦] روملو: احسن التواریخ، ٢، ص٦٠١؛ القمی: خلاصة التواریخ، ص٩٢.

[٧] طهرانی: کتاب دیاربکریە، ص٤٦٧.

بردوه، هەتاوەکو (حەسەنعەلی) پەنابدات، هەرچەندە(ئەبوسەعید) سەرەتا قبوڵی نەکردووە، بەڵام لەسەرداوای (شێخ جەعفەر) ڕازیبووە کە پەنای بدات و بیپارێزێت[1]، و لەپاش گفتوگۆیەکی دور و درێژ پاشان (شێخ جەعفەر) بەڕێزەوە گەڕاوەتەوە (ئەردەبیل)، پاشان سوڵتان (ئەبوسەعید)ی تەیموری چووەتە (ئەردەبیل) و لەوێ چووەتە خانەقاکەی (ئەردەبیل) ومیوانی (شێخ جەعفەر)بووە و نانی لە ئەردەبیل خواردووە، و پاش ئەوەی باسی چەند بابەتێکیان کردووە[2]، ئەبو سەعید تەیموری (ئەردەبیل)ی بەجێهێشتووە، دیارە ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە کەسایەتی (شێخ جەعفەر) تەنها پاسەوان و سەرپەرشتییاری خانەقا و گۆڕستانی تەریقەتی سەفەوی نەبووە وەک ئەوەی باس دەکرێت، بەڵکو ڕۆڵی شێخێکی خاوەن پێگەی گێڕاوە.

بەگشتی (شێخ جەعفەر) کەسێکی گفتوگۆکار بووە لەو ماوەیەی کە لە (ئەردەبیل) بووە، فەرمان ڕەواکان قسەو بیرو بۆچونەکانی ئەویان قبول بووە، دیارە ئەویش کەسێکی ڕاستگۆ و خێرخوازبووە، هەلپەرست نەبووە، و بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا نەگەڕاوە، لە نێوان سێ دەسەڵاتی(تەیموری و قەرەقۆینلو وئاققۆینلو) بەڕێزەوە ژیاوە، تەنانەت دوای سەرکەوتنی ئاققۆینلو دەسبەسەردا گرتنی ناوچەی (ئەردەبیل)، (شێخ جەعفەر)هەوڵیداوە پەیوەندی باشی لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ بپارێزێت، سەرەڕای ئەوەی کە دۆست و دڵسۆزی بنەماڵەی (قەرەقۆینلو و تەیموری) بووە، بەخێرایی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ دروستکردوە، تەنانەت داوای لێخۆشبوونی بۆ (ئەمیرسولڵتان ستارە) کرد کە گەمارۆدەری (قەڵای شندان) تۆمەتبار بووە، و دوژمنی (ئۆزۆن حەسەن)بووە[3]، پاش چەسپاندنی دەسەڵات ئاققۆینلو، (شێخ جەعفەر) خاوەن پێگەو پلەو پایەی خۆیبووە لە (ئەردەبیل) ڕۆڵی خۆی گێڕاوە تاکو ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردووە سەرپەرشتی (شێخ حەیدەر) ی کوڕی جونیدی کردوە[4]، لەگەڵ هەموئەوانەشدا دەکرێت بپرسین بۆچی و چۆن (شێخ جونەید) گۆڕ و خانەقای (ئەردەبیل) بەجێ هێشت ڕوی لە ئاوارەیی کرد، ئەم بابەتەبەناڕوونی ماوەتەوە، بەڵام دەکرێت (شێخ جەعفەر) هۆکاری سەرەکی کۆچکردنەکەی بووبێت.

---

[1] قزويني: تاريخ جهان آرا، ص٢٥١؛ طهراني: كتاب دياربكريه، ص٤٦٧.

[2] طهراني: كتاب دياربكريه، ص٥٢٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ص٤٧٠.

[4] خواندمير: تاريخ حبيب السير، ج٤، ص٤٢٨،

## سێیەم: شێخ جونەید لە دەرەوەی (ئەردەبیل) لە نێوان ساڵانی (٨٥٣-٨٦٤ک/١٤٤٩-١٤٦٠ز).

دوای ئەوەی شێخ جونەید لەگەڵ ژمارەیەک لە موریدانی لەساڵی (٨٥٣ک/١٤٤٩ز) (ئەردەبیلی)بەرەو (ئاناتولیا) بەجێهێشتووە، لەوێ هەوڵی داوە سود لەوشوێنکەوتوانەی تەریقەتی سەفەوی وەربگرێت کە لە ناوخێڵەکانی (ئاناتولیا)دا هەبوون و لەسەردەمی (خواجە عەلی)ەوە ببوونە بەشێک لە تەریقەتەکە، دەتوانرێت بوترێت (شێخ جونەید) یەکەمین کەس بووە لە ناو بنەماڵەی سەفەویدا کە توانای دینی و سیاسی بە هێزی هەبووە، واتە لە پەنا دەسەڵاتە ئایینەکەیدا، هەوڵی بەدەستهێنانی پلەی سیاسی و دەسەڵاتی داوە، لەم پێناوەشدا بیروباوەڕەکانی خۆی بە ئاشکرا دەرخستووە.

دوای ئەوەی (شێخ جونەید) رویکردۆتە (ئاناتولیا) کە بەشێک لە خەڵکەکەی تورک زمان و بە ئایینزا شیعە بوون، ڕێزێکی تایبەتی سۆفییەکانیان گرتووە[1]، لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەوەی کە کە بۆچی (شێخ جونەید) (ئاناتولی) و خاکی دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژارد، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە عوسمانییەکان دەستکراوە و بەخشەندە بوون[2]، یان لەوانەیە پەیوەندی بە زیرەکی و لێهاتیووی (شێخ جونەید)ەوە هەبوبێت، چونکە (شێخ جونەید) ژینگەیەکی زۆر لە بارو گونجاوی لە(ئاناتۆلی) دۆزییەوە، کە ئاوێتەی ژمارەیەکی زۆر کەس بوو لەناو خێڵە چادرنشینەکانی ئەوناوچەیەدا، کە مەیلێکی زۆریان هەبوو بۆ قبوڵکردنی ئاینزای شیعە، پێدەچێت سەرەڕای ئەوەی بە کەسێکی خاوەن بنەماڵە وتەریقەت ناوبانگی دەرکردبێت[3]، وەک سەیدێکیش دەستی بە پڕوپاگەندە کردبێت، یان لەبەرئەوەی (شێخ جونەید) کەسێکی لێهاتوبووەو پاشخانێکی شیعەی بۆ خۆی دۆزیبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت وتاربێژێکی سەرکەوتوو بووبێت، چونکە لەماوەیەکی کەمدا توانیویەتی لەناو خێڵە دەوارنشین و کۆچەرییەکانی (ئاناتولیا) دا سوپایەکی پێنج بۆ دەهەزار کەسی پێک بهێنێت[4]، لەهەمان کاتدا چالاکی سیاسی خۆی ئاشکرا بکات, پێدەچێت تێکچونی بارەدۆخی ئابووری و سیاسی ناوچەکانی (ئێران و ئاناتولیا) یارمەتیدەرێکی گرنگ بووبن لەم کارانەی (شێخ جونەید).

---

[1]پارسادوست: شاه اسماعیل اول،، ص١٣٣.

[2] جمالی: تشکیل دولت صفوی و...، ص٤٤.

[3] رشید الدین فضل الله: جامع التواریخ، به کوشش: بهمن کریمی، انتشارات حاج محمد حسین اقبال، تهران، ١٣٢٨، ص٧١٣.

[4] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٥ ؛ نوایی، غفاری فرد: تاریخ تحولات اجتماعی فرهنگی...، ص٤٩.

سەرەتا (شێخ جونەید) لە (ئاناتولیا) بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتداران نوێنەری خۆی بە دەستەو دیارییەوە ناردوە بۆ لای سوڵتانی عوسمانی (مرادی دووەم٨٠٥_٨٥٥ک/ ١٤٠٢_١٤٥١ز)، کەلە نێوان دیارییەکاندا بەرماڵێک و قورئانێک و تەزبیحێکی هەبووە[١]، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی نۆینەرەکەیەوە (شێخ جونەید) داوایکردوە، سوڵتان مورادی دووەم ناوچەیەکی بەناوی (قرتبلی) پێدات هەتاکو بتوانێت خوداپەرەستی و کاروباری ئایینی خۆی تێدا ئەنجامبدات[٢].

ئەم نوێنەرە لەڕێگەی وەزیری گەورە (خەلیل پاشا بار) پێشوازی لێکراوە، و سپاردە وداواکاری (شێخ جونەید) ی گەیاندووەتە دەستی سوڵتان (مورادی دووەم)، سوڵتان دیارییەکانی (شێخ جونەید)ی وەرگرتووە، سەبارەت بە پێدانی ناوچەی(قرتبلی)، پرس ڕاوێژی بە وەزیرەکەی کردووە، ئەگەر ئەو ناوچەیە بدەن بە (شێخ جونەید)، لە بەرژەوەندیاندایە یاخود نا؟ وادیارە (خەلیل پاشا بار)ی وەزیری سوڵتان موراد کەسێکی زیرەک و لێهاتوو بووە، پێشبینی ئەوەی کردوە کە خواستەکانی (شێخ جونەید) تەنها بەپێدانی ئەو ناوچەیە کۆتایی نایەت، لەبەرئەوە ڕازیبوونی بەو داواکارییەی بەباش نەزانیووە، هەرچەندە سوڵتان (مورادی دووەم) بە وەزیرەکەی ڕاگەیاندووە کە شێخە گەورەو بە ناوبانگەکەیان کە مەبەستی شێخ (سەفییەدین) بووە نەماوە، هەروەها (شێخ جونەید)ی شێخێکی زۆر گەورە نیە، هەتا بتوانێت ببێتە مەترسی بۆیان، وەزیری بەپەندێکی فارسی وەڵامیدەداتەوە، بە سوڵتان دەڵێت:((حەوت دەرویش لەسەریەک بەرە جێگایان دەبێتەوە، بەڵام دووسوڵتان لەیەک وەڵاتدا جێگایان نابێتەوە)).[٣] لە پاش ئەو وەڵامەی وەزیرەکەی سوڵتان (مرادی دووەم)، بڕی (٢٠٠) (دوکاتی) کە دراوی بەکار هاتوی ئەو سەردەمە بووە، وەک بەخشیش دەداتە نوێنەرەکەی (شێخ جونەید)، لەگەڵ دیاریی تایبەت بە دەرویشەکانی، پاشان ئامۆژگاری دەکات کە (شێخ جونەید) ناوچەکە بە جێ بهێڵێت[٤].

پاش ڕەتکردنەوەی داواکەی لە لایەن سوڵتان (مورادی دووەم)ەوە، (شێخ جونەید) بەرە و باشووری خۆرئاوای (ئاناتولیا) ڕۆیشتووە، سەرەتا ماوەیەک لە (قرمان) ماوەتەوە، کە میرنشینێکی نیمچە سەربەخۆ بووە، لە نێوان ساڵانی (٨٥٣_٨٥٤ک/١٤٤٩_١٤٥٠ز) لە ناوچەی

---

[١] محمد عارف بن محمد شری اسپناقچی پاشازاده: انقلاب الاسلام بین الخواص و العوام: تاریخ زندگی و نبردهای شاه اسماعیل صفوی و شاه سلیم عثمانی وقایع سالهای ٩٠٥ - ٩٣٠ هجری، به کوشش: رسول جعفریان، انتشارات: دلیل، قم، ١٣٧٩، ص١٤٨ ؛ اسماعیل حقی اوزون چارشلی: تاریخ عثمانی، ترجمة، وهاب لی، تهران، ١٣٧٩، ص ٢٤٢ ؛هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ١٤٠٠، ص٢٠.

[٢] فضل الله: جامع التواریخ، ص٧١٣.

[٣] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ص١٩-٢١.

[٤] برزگر: تاریخ تحولات اجتماعی، اقتصادی،...، ص٣٨.

(قرمان) و (قونیا) ماوەتەوە، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی بووە، لەم ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر هەستی شیعەگەریان بۆ دروستبووە[١], پێدەچێت لەم ماوەیەدا (شێخ جونەید) بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ڕەوشی ژیانی خۆی گرێدابێتەوە بە چیرۆکی ژیانی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) بەوەی کە ئەویش مافی سەرپەرشتیکردنی تەریقەتەکەی لێ زەوتکراوە، وەک چۆن لەناو شیعەکاندا ئەوەباوە (عەلی) مافی خیلافەتی لێزەوتکراوە، پاشان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی نەیانتوانیوە بیروباوەڕەکانی (شێخ جونەید) لە بارەی سیاسەت و ئاینەوە نادیدە بگرن، ترساون ئەو بیرو بۆچونانەی (شێخ جونەید) کێشەیان بۆ دروست بکات لە داهاتودا، چەند جارێک ئاستەنگیان بۆ هێناوەتە پێش، هەتا لەکۆتاییدا لەسەر بابەتی جیاوازی ئایینزای لەگەڵ کەسێک بەناوی شێخ (عەبدولەتیف)ڕابەری ئاینزای سوننی لە ناوچەی (ئاناتولیا)، (شێخ جونەید) بەناچاری ناوچەی(قونیا) بە جێدەهێڵێت[٢].

لە پاش جێهێشتنی ناوچەی (قونیا)، ئەمجارەبەرەو کوێستانەکانی (کلیکیێ) دەڕوات لە (ئەرمینای بچوک)[٣]، لەوێ ماوەتەوە و بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی، و پاش ماوەیەک مانەوە لەوناوچەیە، کارەکانی بەدڵی خەڵکی ناوچەکە و دەسەڵاتدارەکان نەبوون، تۆمەتبار دەکرێت بە دەرچوو لە دین، هەر ئەمەش وادەکات دەسەڵاتداری ناوچەکەکە کە ناوی (ئیبراهیم بیگ قرمان ئۆغلۆ) بووە، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆدەردەکات، (شێخ جونەید)یش بەناچاری لەگەڵ شوێنکەوتوانی بەرەو (هەولێر) هەڵدێن و پاشان بەرەو (حەلەب)، دوای ئەوەی چاوی بەیەکێک لە شوێنکەوتوانی تەریقەتی سەفەوی دەکەوێت بە ناوی(محمد بن اوس الاربلی)، و پرسی ژن وژنخودازی لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات، بەڵام لەبەر جیاوازی بیروڕای ئاینی و سیاسی ئەوکارە سەرناگرێت، پاشان لە شوێنێک بەناوی (کلز) نزیک حەلەب، گەرماوێک وشوێنێک بۆ خوداپەرستی بنیاد دەنێت، وهەرلەوێ نیشتەجێ دەبێت، دووبارە موریدێکی زۆری لەدەوری کۆدەبنەوە، بەڵام بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بیرو باوەڕی (مەشەعشەعەکان) لەلایەن زانایانی ئاینی (حەلەب)ەوە ناچار کراوە ئەو ناوچەیەش بەجێ بهێڵێت[٤].

پاشان بەرەو (ئەنتاکیە) دەکەوێتە ڕێ، ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی سوڵتان (جقمقی مەمالیک٨٤٢_٨٥٧ک/١٤٣٨_١٤٥٣ز) تێدا بووە، لە کەناری نیمچە دورگەی ئەسکەندەروونە

---

[١] هەمان سەرچاوە،ص٣٩.

[٢] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٢١-٢٢.

[٣] هەمان سەرچاوە ,ص٢٢.

[4]Edward G. Browne,:A Literary. History of Persia. Vol.IV, Modern Tim (1500-1924) Cambridge, 1969.P.47.

لەچیای (ئەرسوس) قەلایەکی کۆنی سەردەمی جەنگی خاچی نیشتەجێبووە، هەر لەوێ خانەقایەکی دروستکردوە، دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی توانیویەتی ژمارەیەک لایەنگر کۆبکاتەوە، لەناو شوێنکەوتووکانیدا، توانی لایەنگرانی (شێخ بەدرەدین) کەپێشتر بزووتنەوەکەیان سەرکوتکرابوو، بۆ ناوتەریقەتەکەی ڕابکێشێت, دواتر ئەم گروپە کاریگەری قوڵیان لەسەر تەریقەتەکا بەجێهێشت[١], لەهەمان کاتدا (شێخ جونەید) لایەنگرانی تەریقەتەکەی کە ناوچەکانی ناودەوڵەتی عوسمانی و ناوچەی دەوروبەری شام وحەلەب بەرەولای خۆی ڕاکێشا، وئامادە و پرچەکی کردن[٢]، (شێخ جونەید) سۆفییەکانی هاندەدا کە بەرامبەری دەسەلاتدارانی ئەو سەردەم بووەستنەوە، لەبەر ئەوکارانەی کە ئەنجامی دەدا دەسەلاتداری حەلەب (شێخ ئەحمەد بەکری) بەناچاری نامەیەکی ناردووە بۆ سوڵتان (زاهیر جقمق) سوڵتانی دەوڵەتی (مەمالیک) لە قاهرە، لە مەترسیەکانی (شێخ جونەید) ئاگاداریکردوەتەوە، سوڵتان(زاهیر) داواکاریەکەی بە هەند وەردەگرێت و بڕیاری دەسگیر کردن بۆ شوێنکەوتوانی (شێخ جونەید) دەردەکات ، پاشان (شێخ جونەید) لە ژێر فشارەکانی سوڵتان (زاهیرجقمق) دابەرەو ناوچەی(جانیق) لە (سامسۆنگ) ڕۆیشتووە، و لە نزیک (تەرابزۆن) لە کەناری دەریای ڕەش نیشتەجێبووە، بۆماوەیەک لەوێ ماوەتەوە، جارێکی دیکە دەستیکردوەتەوە بە بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئایینیەکانی خۆی، توانیویەتی لەو ناوچەیەش ژمارەیەکی زۆر لایەنگر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

لەم کاتەدا کە (شێخ جونەید) لە ناوچەی(جانیق) بووە، ڕەوشی(ترابزۆن) ئاڵۆزبووە، لە ئەنجامی لاوازی ئەو دەسەلاتە مەسیحیەی کە حوکمڕانی (ترابزۆنی) کردووە، چونکە لە نێوان ساڵانی(٨٥٠_٨٦٢ک/١٤٤٧_١٤٥٧ز) لە ناکۆکی ناوخۆیدا بوون، لە ئەنجامی، ئەو ڕاپەرینەی کە کوڕی فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە دژی باوکی بەرپای کردبو[٣]، (شێخ جونەید) ئەمەی بەهەل زانیوە, و ویستویەتی سود لەو شێوازەی عوسمانییەکان وەربگرێت، کە لە ڕێگەی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵێک کەس لە ژێر ناوی غەزادا، بۆ هێرشکردنە سەر میرنشینە مەسیحیەکان و دەسبەسەراگرتنیان، بەم مەبەستەش دەستیکردووە بە کۆکردنەوەی لایەنگرانی و پاشان لە ساڵی (٨٦٠ک/١٤٥٦ز) هێرشی کردوەتە سەر (تەرابزۆن) و ماوەی سێ ڕۆژ گەمارۆیداوە بە مەبەستی دەست بەسەردا گرتنی، بەلام بە ئەمانجەکەی نەگەیشتووە، چونکە لەم کاتەدا لەسەر فەرمانی سوڵتان محمدی دووەمی عوسمانی، (ضفر بگ)فەرمانڕەوای ئەماسیە

---

[١] الوائيلي: اغقشى في عهد الشاه اسماعيل...,ص٥٨.

[٢] هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران, صص(٢٣-٢٤).

[٣] هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران,ص٢٥.

هێرشی کردوەتە سەر تەرابزۆن و دەستی بەسەردا گرتووە، لە دوای ئەم ڕووداوە (شێخ جونەید) بەرەو ناوچەی دەرەروبەری (ترابزۆن) هەڵهاتووە، لەساڵی (٨٦١ک/١٤٥٧ز) بەرەو قەڵای (حەسەن کێف) ڕۆیشتووە، کە لەم کاتەدا بەدەستی یەکێک لە نەوەکانی (بنەماڵەی ئەیوبی)ەوە بووە[١]، لەوێوە بریاریدا بە ختی خۆی لەلای دوژمنی دوژمنەکەی تاقی بکاتەوە، بەم مەبەستەش نامەیەکی بۆ (ئۆزۆن حەسەن)ی) ئاققۆیلۆ ناردووە[٢].

(ئۆزۆن حەسەن) لە ساڵی(٨٥٨ ک/١٤٥٣ز) دەسەڵاتی لە لە (دیاربەکر) کەوتبووە دەست، هەمیشە لە هەوڵی لاوازکردن و لەناو بردنی (جیهان شا)ی دوژمنی تورکمانیدا بوو، (شێخ جونەید) بە هەمان شێوەی (ئۆزۆن حەسەن)، دەسەڵاتی (جیهان شا)ی بەبەربەست و ئاستەنگ زانیوە لە بەردەم بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیدا، هەر لەم چوارچێوەیەشدا هەرچەندە پێشتر لە نێوان (ئۆزۆن حەسەن) و (شێخ جونەید) دا ناکۆکیەک هەبووە لەسەر بابەتی داگیرکردنی (ترابزۆن)، بەڵام پێشوازیکردوە لە(شێخ جونەید) بۆناو چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی لە (دیاربەکر)[٣]، ئۆزۆن حەسەن بیری لەوە کردوەتەوە، کە سود لە (شێخ جونەید) ولایەنگرانی وەربگرێت بۆ ململانێکانی لەگەڵ (جیهان شا)، دەکرێت ئەم کارەی (ئۆزۆن حەسەن) بەکارێکی سیاسی گرنگ، و بە لێبوردەی و دوربینی سیاسی هەژمار بکرێت, (ئۆزۆن حەسەن) گەورە زانایان و سەردارانی سوپاکەی بۆ پێشوازی لە (شێخ جونەید) و موریدەکانی ناردووە، خودی (ئۆزۆن حەسەن) خۆی ڕۆژەرێیەک بۆ پێشوازی لە (شێخ جونەید)ڕۆیشتووە.[٤]لەکاتی دەرکەوتنی (شێخ جونەید)، (ئۆزۆن حەسەن) لەسەر ئەسپەکەی دابەزیووە و یەکتریان لە ئامێزگرتووە[٥]. ئەم شێوازە پێشوازیکردنە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە (شێخ جونەید) چەند، کەسایەتییەکی گرنگ و تایبەت بووە لە لای (ئۆزۆن حەسەن).

سەرەڕای ئەوەی کە (شێخ جونەید) خێزانی هەبووە، بەڵام (ئۆزۆن حەسەن) خوشکێکی خۆی دەدات بە (شێخ جونەید) و لە ساڵی (٨٦٢ک/١٤٥٨ز) هاوسەرگیری دەکەن [٦].ئەم

---

[١] لەم کاتەدا قەڵای حەسەنکێف لەژێر دەسەڵاتی مەلیک خەلیل ( ٨٢٤- ٨٦٢ک/١٤٢١_١٤٥٧ز )دابوو کەیەکێک بوو لە نەوەکانی بنەماڵەی ئەیوبی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: - میر شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە (مێژوی ماڵەمیرانی کوردستان )، و: هەژار موکریانی، چ٢، پانیز، تهران، ١٣٨٨، ل٢١٤.

[٢] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ص٢٦-٢٨ ؛ولی قلی بن داود قلی شاملو: قصص الخاقانی، تصحیح: سید حسن سادات ناصری، کتابخانه مرکزی، تهران، ١٣٢٧ ج١،، ص٣١.

[٣] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٣٦.

[٤] مؤلف ناشناس: عالم ارای شاه اسماعیل، ص٢٤.

[٥] ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٣ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٣٤.

[٦] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ,ص٤٢٦ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٣٨.

هاوسەرگیرییەی (شێخ جونەید) لەگەڵ (خدیجە بێگم) خۆشکی (ئۆزۆن حەسەن)، خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان بووە بۆ شوێنکەوتوانی شێخ (شێخ جونەید) چونکە ئەمە پشتیوانێکی سیاسی گرنگ بووە، بۆخۆی و شوێنکەوتوانی، لێرە بەدواوە بە ئاشکرا بانگە وازیان بۆ بیروباوەڕەکانیان دەکرد و مورید و شوێنکەوتەیەکی زیاتریان پەیدا دەکرد، هەر لەم ماوەیەدا توانی سوود لە نائارامی سیاسی ئێران وەربگرێت، کە لە ڕێگەی هەواڵنێرو کەسانی نزیکی (شێخ جونەید) ەوە، توانی ژمارەیەک بانگخوازی تایبەت بە تەریقەتەکەی بنێرێتە ناوچەکانی ئێران هەتاوەکو خەڵکی بۆناو بزووتنەوەکەی بانگهێشت بکەن، (شێخ جونەید) پاش چەند ساڵێک مانەوەی لە (دیاربەکر)، بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ (ئەردەبیل)، هەر بەم مەبەستەش لە ساڵی(٨٦٣ک/١٤٥٩ز) (دیاربەکر)ی بەجێهێشت و ڕوی لە (ئەردەبیل) کرد، بەڵام وا دیارە خۆی لە ئاستی دەسەڵاتی (جیهان شا) نەبینیوە ، و (شێخ جونەید) بەناچاری بیری لە داگیرکردنی ناوچەی (شروان[١]) کردوەتەوە [٢]. لەبەرئەوەی کە خۆی لە ئاستت (جیهان شا)دا نەدە بینی لە روی دەسەڵاتەوە، نامەیەکی بۆ (خەلیل شروان شا) نوسی، تێدا داوایکرد کە ڕێگەی پێبدات بە خاکەکەیدا تێبپەڕێت بۆئەنجامدانی غەزا بەرامبەر بەچەرکەسەکان، لە بەرامبەردا (خەلیل شروان شا)، ئامۆژگاریکردوە کەواز لەوکارەی بهێنێت، بەڵام (شێخ جونەید)ئامۆژگاریەکانی (خەلیل شروان شا) ی لەبەر چاو نەگرتووە و بە خۆی و دەهەزار لە شوێنکەوتوانی لە ساڵی (٨٦٤ک/١٤٦٠ز) بەرەو (شروان) ڕۆیشتووە[٣]. لە نزیک (شروان)، (خەلیل شروان شا) بەرویدا وەستایەوە، شەڕ لە نێوانیاندا ڕویدا و لە ئەنجامدا (شێخ جونەید) شکستی هێنا و کوژرا، پاشان لە ناوچەیەک بەناوی (قەرەویال) لە نزیک ڕوباری (کوڕ) لە (تەبەرسەران) لە لایەن شوێنکەوتوانیەوە بە

---

[١] ئەم ناوچەیە دەکەوێتە کەناری ڕوباری (کوڕ)و درێژ دەبێتەوە تا دەبەندی (باب الابواب)، لە ڕۆژ هەڵاتەوە دەیای (خەزەر) و لە باشوری خۆرئاوا ڕوباری (کوڕ) دەبێتە سنوری، لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ ناوچەکانی (کورە و تبرسران و زنجیرە چیاکانی قەفقاز)، هەرچەندە هەندێجار بە (شیروان) ناو براوە، بەڵام لە شعری شاعیرانی سەدەی شەشەم بە (شروان) ناوی هاتووە، ئەو بنەماڵەیەش کە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەی بەدەستەوە بووە، بە (شروان شاهان ) ناوبانگیان پەیدا کردووە، کە مێژووە دەسەڵات دارییان بۆ سەدەی شەشەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، و بەردەوام بووە هەتا سەدەی دەیەم، و هەمیشە دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیان هەبووە، ولەگەڵ هاتنی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان بۆ ئێران و ناوچەکە، ئەوان لە ناو نەچون ولەگەڵی بەردەوام بوون گرنگترین دەسەڵات دارەکانی( محمد شا، سولتان خەلیلی یەکەم، فرخ یسار، غازی بەگ، شێخ ابیراهیم، سولتان خەلیلی دووەم، سولتان فرخ، شولتان شاهرخ)، ئەوەی شێخ جونەیدی کوشتووە سولتان خەلیلی کوڕی ابیراهیم بووە، (عباس قلی غفاری فرد: فرهنگ تاریخ صفویە، چ١، انتشارات اطلاعات، تهران، ٣٧٩١، ص٣٧٨-٣٧٩).

[٢] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ص٢١-٤٠.

[٣] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤ ،ص٤٢٦-٤٢٨.

خاكسپێردراوه[١]، له كاتی كۆچی دوایی كردنهكهیدا، شوێنكهوتووهكانی باوهڕیان بهوه نهكردووه كه بمرێت، وتویانه ئهو خۆی خودی خوداوهنده، چۆن دهبێت بمرێت، ههمیشه زیندوو دهمێنێتهوه، كاتێک لاشهی (شێخ جونهید)یان بینیوه له ناوخۆێندا بووه، شوێنكهوتووهكانی به دهنگی بهرز وتویانه (هوالحی هو لااله الا هو) و بهم شێوهیه چهندجارێک دووبارهیانكردۆتهوه[٢].

سهردهمی (شێخ جونهید) سهردهمێكی نوێ بوو بۆ تهریقهتی سهفهوی، وهک پێشتر ساده و لهسهرخۆ نهمایهوه، بهڵكوو گۆرا بۆ تهریقهتێكی شیعی دوانزه ئیمامی توندڕهو تهریقهتهكه پهیكهرێكی سیاسی رێكخراوی به خۆوهبینی، (شێخ جونهید) لهبهرئهوهی كه پێگهیهكی گرنگی له نێو پهیرهوهكانی تهریقهتهكهیدا ههبووه، وئهم موریدانهی لهپێناوی ئامانجهكانی خۆی له بواری سیاسیدا بهكارهێناون، دهستیكردوه به دروستكردنی دهستهی شیعهی زیادهڕهو[٣]، كه ئهم زیادهڕهویه تا ئهوڕادهیه زۆر بووه، شێخ (شێخ جونهید)یان گهیاندووهته پێگهی خودا، دواتر به كوڕهكهی (شێخ حهیدهر)یان وتووه (ابن الله)[٤]، به ههردووكیان وترواره خودای زیندووه ئاماده، پهیرهوكارانیان نازناوی سولتانیان پێدا، ئهمهش یهكهمجاربوو له نێو بنهماڵهی سهفهوی، ئامانجیان دهستكهوت و پێگهی دنیایی بێت[٥]. (شێخ جونهید)یهكهمین كهس بوو له بنهماڵهی سهفهوی دین و سیاسهتی ئاوێتهی یهكتر كرد، ههرچهنده به ئامانجهكانی خۆی نهگهیشت، بهڵام بناغهی دهسهڵاتێكی بۆ سهفهوییهكان دانا، ئهم شێوازه كه (شێخ جونهید) بهكاری دههێنا، بۆته جێگهی مهترسی بۆ دهسهڵاتدارانی ناوچهكه، ههربۆیه ههمیشه بهچاوێكی پڕ مهترسییهوه له شوێنكهوتووهكانیان ڕوانیووه، تهنانهت له سهردهمی پاش مهرگی (شێخ جونهید) ئهم ترسهی دهسهڵاتدارهكان له شوێنكهوتوانی بهردهوام بووه، نهوهكانی دوای (شێخ جونهید) لهم كاره زیاتر بهرهوپێش چوون ههتا ئهوكاتهی توانیان دهسهڵاتێكی سیاسی بهێنێتهكایهوه.

---

[١] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٦٧ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٥٣ ؛ مؤلف ناشناخته:جهانگشای خاقان، ص٨٣.

[٢] فضل الله روزبهان خنجی: عالم آرای امینی شرح حکمرانی سلاطین آق قوینلوها و ظهورصفویان، تصحیح: محمد اکبر عشیق، چ١مرکز نشر میراث مکتوب، تهران، ١٣٨٢، صص(٢٧٢ –٢٩٣) ؛ برزگر:تاریخ تحولات سیاسی ،اجتماعی ...،ص٣٩.

[٣] الشیبی: تشیع و تصوف، ص٣٧٨.

[٤] روزبهان خنجی: عالم آرای امینی، ص٢٩٣.

[٥] سێیڤیری: ئێرانی سهردهمی سهفهوی، ل٥٠.

## باسی دووەم: تەریقەتی سەفەوی لە سەردەمی شێخ حەیدەر و پێشکەوتنی بزووتنەوەی سیاسی سەفەوی (٨٦٤ -٨٩٣ ک/١٤٦٠-١٤٨٨ز) .

### یەکەم/ پێگەیشتنی شێخ حەیدەر لەژێر دەسەڵاتی ئۆزۆن حەسەن (٨٦٤-٨٨٢ک/١٤٦٠-١٤٧٨ز) .

لە دوای کوژرانی (شێخ جونەید) لە ساڵی (٨٦٤ک/١٤٦٠ز) ،(حەیدەر)ی کوڕی لە شاری(ئامەد) لە دایکبووە، لەو ژنەی کە خوشکی (ئۆزۆن حەسەن) بوو، (ئۆزۆن حەسەن) سەرپەرشتیکردنی (حەیدەر)ی گرتۆتە ئەستۆ، لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا پەروەردەی کردوە، ولە(ئامەد) هێشتیەوە تاکاتی گونجاوبێت و بیگەڕێنێتەوە (ئەردەبیل) وسەرپەرشتیکردنی تەریقەتەکەی باب و باپیرانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی[1].

موریدانی (شێخ جونەید) سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیان زۆر بووە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی شێخەکەیان کوژرابوو، ورەیان دابەزیبوو، لەبەرئەوەی (حەیدەر) تەمەنی کەم بووە بەبێ سەرکردەمانەوە، لەلایەکی دیکەوە تاکو ئەو کاتەش (سوڵتان جیهان شا)ی قەرەقۆینلۆ دەسەڵاتی ئەردەبیلی بەدەستەوە بووە، کە دوژمنی (شێخ جونەید) ولایەنگرانی بووە، ئەم هۆکارانەش وای لە شوێنکەوتووەکانی کرد هیچ چالاکییەک ئەنجام نەدەن، بەڵکو لە دۆخی ئاشتی و خۆگونجاندندا بن.

کاتێک لە (ساڵی٨٧٢ک/١٤٦٧ز) (ئۆزۆن حەسەن) توانی بەسەر دەسەڵاتی (قەرقۆینلۆ) دا سەربکەوێت، لە هەمان کاتدا (تەبرێز) ی کردوەتە پایتەختی دەسەڵاتەکەی، (شێخ حەیدەر) لەوکاتەدا تەمەنی (٩) ساڵ بووە، لەسەر بڕیاری، (ئۆزۆن حەسەن) گەڕایەوە ئەردەبیل[2]، دوای ئەوەی لەڕێگەی دەشتی (موغان)ەوە، لە ژێر پارێزگاری راستەوخۆی (ئۆزۆن حەسەن) چووەتە (ئەردەبیل) وخانەقاکەی باپیرانی لە تەریقەتی سەفەوی، لەوێ چاوی کەوتووە بە (شێخ جەعفەر)، کە مامی (شێخ جونەید) بووە لە هەمان کاتدا پشتیوانی (جیهان شا)ی(قەرقۆینلۆ) بوو، هەروەها بەزەوتکەری تەریقەتی سەفەوی دانراوە لەدوای رۆیشتنی (شێخ جونەید) لە ئەردەبیل، بەڵام وادیارە ناکۆکییەکانی ناوبنەماڵەی سەفەوی وەلا نراون، لەبەرئەوە(شێخ جەعفەر)بە ناچاری پێشوازی لە (شێخ حەیدەر) کردوە[3]، و لەپاش گەڕانەوەی (شێخ حەیدەر) بۆ (ئەردەبیل)

---

[1] هینتس: تشکیل دولت ملی درایران,ص٨٦ ؛ برزگر: تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی...,ص٤٠ ؛ نوایی و غفاری فرد: تاریخ تحولات سیاسی وفرهنگی...,ص٥٠.

[2] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج١ , ص٨٤-٩٣.

[3] نوایی و غفاری فرد: تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی...، ص٥٠.

لەژێر سەرپەرشتی و پەروەردەی شێخ جەعفەری سەفەویدا بووە، هەتا کۆچی دوایی کردنی (شێخ جەعفەر)، و (شێخ حەیدەر) هەر لەلایەن ئەویشەوە فێری زانستی ئەستێرەناسی کراوە[١].

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە بۆچی (ئۆزۆن حەسەن) (شێخ حەیدەر) ی خستە ژێر دەستی شێخ جەعفەری زەوتکەری مافی شێخایەتی (شێخ جونەید)، وهاوپەیمانی جیهان شای دوژمنی ؟ ئەی چۆن دەکرێت (شێخ جەعفەر) ئەمەی قبوڵکردبێت کە (شێخ حەیدەر) ی کوڕی (شێخ جونەید) بچێتە ناو خانەقای سەفەویەکان و بەخۆی وموریدەکانی باوکی چالاکیەکانیان جێبە جێ بکەن؟.

پێدەچێت (ئۆزۆن حەسەن) ویستبێتی (شێخ حەیدەر) لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، وهەتا لە داهاتودا نەبێتە میراتگری دەسەڵاتەکەی، چونکە (شێخ حەیدەر) لەوکاتەدا خاوەن پێگەیەکی گرنگ و گەورە بووە، لەبەرئەوەی خوشکەزای (ئۆزۆن حەسەن) ی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی بووە، لە هەمان کاتدا میراتگری تەریقەتی سەفەوی بووە، ئەمەش پاش چەند ساڵێکی دیکە (شێخ حەیدەر)ی دەکردە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری گەورە لەناوچەکەدا، لەبەرئەوە (ئۆزۆن حەسەن) لەلایەک دەیویست پێگەی (شێخ حەیدەر) سنوردار بکات، لەلایەکی دیکە ویستوویەتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم کارە بکات، لەبەر ڕاگرتنی دڵی ئەوژمارە زۆرەی موریدانی (شێخ حەیدەر)، هەروەها (شێخ جەعفەر) هەرچەندە ئەگەر دوودڵ بوبێت لە (شێخ حەیدەر)، بەڵام لەبەر ڕێز و ترسی داواکاری (ئۆزۆن حەسەن) سەرپەرشتی کردنی گرتووەتە ئەستۆ، پیدەچێت (شێخ جەعفەر) زۆر گرنگی بە پەروەدە کردنی (شێخ حەیدەر) نەدابێت و تەنها سەرقاڵیکردبێت بەزانستی ئەستێرەناسیەوە[٢]، بەم شێوەیە (شێخ جەعفەر) بەردەوام بووە لە سەرپەرشتی کردنی (شێخ حەیدەر) ، هەرچەندە هیچ نازانرێت دەربارەی پەیوەندیەکانیان لەو ماوەیەدا، واتە هەتا کۆچی دوایی کردنی (شێخ جەعفەر)، بەڵام پێدەچێت (شێخ جەعفەر) کۆنترۆڵی تەواوەتی کاروبارەکانی (شێخ حەیدەر)ی کردبێت و هیچ جۆرە چالاکیەکی ئەنجام نەدابێت[٣].

پاش ماوەیەک (شێخ جەعفەر)کۆچی دوایکردووە، لە پاش ئەمە (شێخ جەعفەر) هیچ هەواڵێک لە بارەی نەوەکانی نامێنێت و لەوانەیە لە لایەن (شێخ حەیدەر) و لایەنگرانیەوە کوژرا بن یان لە ناوچەی (ئەردەبیل) دەرکرا بن، چونکە یەکێک لە نەوەکانی (شێخ جەعفەر) بەناوی (خواجە مەلا علی) لە ساڵانی پاشتر لە سەردەمی شا (ئیسماعیل) و بەدیاریکراوی لە ساڵی

---

[١] هینتس: تشکیل دولت ملی درایران,ص٨٧.

[٢] هینتس: تشکیل دولت ملی دەر ایران، ص٨٦ ؛ رویمر: ایران در عصر جدید...، ص١٢٦.

[٣] روملو: احسن التواریخ، ج٢، ص٨٥٩.

(٩٢٧ک/١٥٢٠) له ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا کۆچی دوایکردووە[1]، لەوکاتە بە دواوە (شێخ حەیدەر) بەتەنیا دەبێتەوە بە سەرپەرشتیار و ڕێنوێنیکاری تەریقەتی سەفەوی، بە گرتنەدەستی تەریقەتەکە لە لایەن (شێخ حەیدەر) ەوە، بە یارمەتی (ئۆزۆن حەسەن) دەستی کردەووە بە چالاکیەکانی، جارێکی تر(ئەردەبیل) بۆتەوە بە ناوەندی تەریقەتی سەفەوی، وپەیرەوکارانی لە ناوچەکانی (قرمان، تەکە، حمید، شام، گەیلان، تالشان)، بەرەو (ئەردەبیل) گەڕاونەتەوە[2].

له کۆچی دوایی کردنی (شێخ جەعفەر) لە ساڵی (٨٧٥ک/١٤٧٠ز) هەتا کۆچیدوایی کردنی (ئۆزۆن حەسەن) لە ساڵی (٨٨٢ک/١٤٧٨ز)، ئەو ماوەیە (شێخ حەیدەر) ، بە هەموو توانای خۆی هەوڵی بەرەو پێشبردن و سەرخستنی تەریقەتەکەیدابووە، ئەمەش بە پشتبەستن بەدوو بنەمای گرنگ بەردەوام دەسەڵاتی خۆی بەهێز دەکرد، یەکەمیان پێگەی شێخایەتی خۆی چونکە بەتەنیا خۆی میراتگری تەریقەتی سەفەوی بووە و خاوەن شوێنکەوتەیەکی زۆر بووە، و ئەم موریدانە دەبونە سامانێکی مرۆیی گرنگ بۆ (شێخ حەیدەر)، دووەمیان پێگەی (ئۆزۆن حەسەن) بوو، کە تا ئەوکاتەی لە دەسەڵاتدابووە، پشتیوانێکی مەعنەوی گرنگ بووە بۆ (شێخ حەیدەر)، توانیویەتی لە ماوەی تەمەنی (ئۆزۆن حەسەن)ی خاڵۆی، ئەو پشتیوانیەی ئەو بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و ڕێکخستنەوەی شوێنکەوتوانی تەریقەتەکەی.

(شێخ حەیدەر) کەسێک بووە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی باوەڕی بە هێز و چەک هەبووە، و تەواوی هەوڵەکانی بۆ چەکدارانی پەیرەوکارەکانی خستووەتەگەڕ، خۆی لە دروستکردنی چەکدا دەستێکی باڵای هەبووە، هەرئەمەش وایکردوە کە خانەقای (ئەردەبیل) ببێتە جێگەیەک بۆ چەک دروستکردن، و بەدەستی خۆی چەندان پارچە چەکی لە چەکە باوەکانی ئەو سەردەم وەک (شمشێر و قەڵغان و ڕم)ی دروستکردوە[3]، لە هەمان کاتدا ڕاهێنانی لەسەر بەکار هێنانی ئەم چەکانە کردوە، لەم بارەیەوە (روزبەهانی خنجی) نووسیویەتی:((شێخ حەیدەر پیاوێکی ئازاو چاو نەترس بووە، لە هونەری جەنگ شارەزا بوو وەک شمشێر بازی وتیرهەڵدان، و پیاوێکی بەهێزی جەنگاوەر بوو، وەک باوکی داواکاری زۆر بووە، وەک خاڵۆی لێزانبووە))[4]، هەروەها توانیویەتی موریدەکانی کە پێشتر دەروێش بوون، چەکدار بکات بەو چەکانەی کە لە خانەقاکەی خۆی دروستی دەکردن، پاشان ئەم چەکدارانە لە ئامانجەکانی خۆیدا بەکار بهێنێت[5]، لە پاڵ

[1] حافظ حسين الكربلايي: روضات الجنان و جنات الجنان، با مقدمة و تصحيح، جحفر سلطان القرابيی، به سحی و اهتمام محمد امين سلطان القرابی، ج١، انتشارات ستوده، تبريز، ١٣٤٣، ص٢١٦.

[2] نوايي ,غفاری فرد: تاريخ تحولات سياسی، اجتماعی...، ص٥٠.

[3] هينتس: تشكيل دولت ملی دەر ايران,ص٩٠ ؛ نوايي ,غفاری فرد: تاريخ تحولات سياسی، اجتماعی... ,ص٥١.

[4] عالم ارای امينی،، ص٢٧٠.

[5] روزبهان خنجی: عالم ارای امينی، ص٢٩٤-٢٩٦.

بیرباوەڕە ئایینزایەکانیدا، ڕێکخستنێکی جەنگی تایبەتی لە ناو موریدەکانیدا هێنایە ئاراوە، ژمارەیەک لە موریدەکانی ناردە ناوچەکانی دەرەوەی ئەردەبیل وەک (ئەناتولیا و شام)، هەر ئەمەش وایکردووە ڕۆژبەڕۆژ شوێنکەوتوانی لەزیاد بووندا بن[1]، لە سەرەتادا هەوڵیدا پەیامی خۆی بگیەنێتە موریدەکانی لە سەجەم ناوچەکان بەتایبەت ناوچە دورەدەستەکان، چونکە زۆربەی موریدەکانی لە دەرەوەی ئێران بوون، لەبەرئەوەی لە سەردەمی باوکییەوە تەریقەتەکەی ببووە دووبەشەوە، ئەم دووبەشەش پێویستی بەیەکگرتنەوە هەبوو، ئەم کارەشی لە ڕێگەی خەلیفەکانیەوە ئەنجامدا، کە دەیناردن بۆ ناوچەکان بۆ ئەوەی بانگەواز بۆ بیر و باوەڕەکانی بکەن، و لە هەمان کاتدا داهات بۆ شێخەکەیان کۆ بکەنەوە [2].

بەردەوامی بانگەشەکانی (شێخ حەیدەر) بۆ تەریقەتەکەی، بووە هۆی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی لە (ئەردەبیل)، ئەوانە زۆر بە تامزرۆییەوە بۆ سەردانی شێخەکەیان دەهاتن، کاتێک خەڵکی سونی ئایینزا ئامۆژگاریان دەکردن لەجیاتی (شێخ حەیدەر) سەردانی مەدینە بکەن بۆسەر مەزاری پێغەمبەر (د.خ) ، نەک ئازاری ئەو سەفەرە دورو درێژە بچێژن، لە وەڵامدا وتویانە ئێمە سەردانی زیندوەکان دەکەین نەک مردووەکان کردوەکان[3].

ئەم هەوڵانەی (شێخ حەیدەر)وای لە (ئۆزۆن حەسەن) کردوە لە کۆتایەکانی تەمەنیدا کچەی بکاتە هاوسەری (شێخ حەیدەر)، ئەمەش هێندەی دیکە پێگەی (شێخ حەیدەر)ی بە هێزکردوە[4]، (حەلیمەشابێگ)ناسراوە بە (مارتا) هاوتەمەنی (شێخ حەیدەر) بووە، بە نزیکەی مێژووی ئەم هاوسەرگیریە لە کۆتاییەکانی دەورانی (ئۆزۆن حەسەن) بوو، لەبەرئەوەی کاتێک (ئۆزۆن حەسەن) لە ساڵی (٨٨٢ ک/١٤٧٨ز) کۆچی دوایکردوە، (شێخ حەیدەر) تەمەنی(١٨) ساڵ بوو[5]، دەکرێت ئەم هاوسەرگیریەی کچەکەی (ئۆزۆن حەسەن) لەگەڵ (شێخ حەیدەر)بۆ ئەوە بوو بێت کە (ئۆزۆن حەسەن)، دەسەڵاتی خۆی زیاترنیشان بدات لە بەرامبەردوژمنەکانیدا[6], لە هەمان کاتدا (ئۆزۆن حەسەن) توانیویەتی جارێکی دیکە ڕاپەڕینی شێخ حیدەر و شوێنکەوتوانی دوابخات بۆ دوای کۆچی دوایی کردنی خۆی.

---

[1] نجفی: تاریخ تحولات سیاسی و اجتماعی...، ص٤٠.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٤١.

[3] روملو: احسن التوریخ، ج٢، ص١٥٤.

[4] روزبهان خنجی: عالم ارای امینی، ص٢٦٩ ؛ برزگر: تاریخ تحولات سیاسی و اجتماعی و...، ص٤٠.

[5] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ص٨٨ ؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٤ ؛ جمالی: تشکیل دولت صفوی...,ص١٠.

[6] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران، ص٨٧-٩٠.

(شێخ حەیدەر) بۆ ئەوەی پەیرەوەکانی هەماهەنگبن کارێکی جیاوازی ئەنجامداوە، ئەو کارەش بریتیبوو لە یەکپۆشکردنی لایەنگرانی لەڕێگەی کڵاوێکەوە کە دەیبەخشیە موریدەکانی هەتاکو لەسەری بکەن، ئەم کڵاوە بووە شوناس بۆ موریدەکانی (شێخ حەیدەر)، هەرچەندە ئەم کڵاوە بە(کڵاوی حەیدەر)ی ناونراوە، لە دواتردا وەک سوکایەتی و گاڵتە پێکردنەوە بە (شێخ حەیدەر) و موریدەکانیان دەوت (قزڵباش) بەواتای سەرسور[1]، ئامانجی سەرەکی لە هێنانەکایەی ئەم کڵاوە بۆ موریدەکانی ئەوەبوو، کەبتوانێت سەرجەم شوێنکەوتووەکانی لەناوچە جیاجیاکاندا رێکبخات، وسۆفییە راستەقینەکانی، لە شوێنکەوتووە ناراستەقینەکانی جیابکاتەوە.[2]چونکە باش لەوە تێگەیشتبوو بەدەستهێنانی توانای سیاسی بۆ بنەماڵەی سەفەوی تەنها بە رێکخستن و چەکدارکردنی شوێنکەوتووانی دەبێت، هەر لە بەرئەمەش ئەم کڵاوەی بەکارهێنا هەتاکو بتوانێت ببێتە شوناسی لایەنگرانی لە خەڵکانی دیکە.

هەرچەندەمێژوونووسان هەماهەنگ نین لەسەرمێژووی سەرهەڵدانی کڵاوی قزڵباش و بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکاندا، بەڵام زۆربەیان رایان وایە، کە (شێخ حەیدەر) ئەم کڵاوی هێناوەتە ئاراوە [3]، و دوایی دروستکردنی کڵاوەکە، دەینێرێت بۆ(ئۆزۆن حەسەن)، ئەویش واتە (ئۆزۆن حەسەن) داوایکرد کە مناڵەکانی ئەم کڵاوە لەسەر بکەن[4]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مێژووی دروستکردنی ئەم کڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش کۆچی دوایی کردنی ئۆزۆن حەسەن واتە پێش ساڵی (٨٨٢ک/١٤٧٨ز).

سەبارەت بە بیرۆکەی دروستکردنی کڵاوی قزڵباش، باسکراوە کە(شێخ حەیدەر) لەڕێگەی خەونیکەوە بیرۆکەی ئەوەی بۆ هاتووە بۆ دروستکردنی ئەم کڵاوە، کاتێک لە خەونەکەدا (علی کوڕی ئەبوتالیب) داوا دەکات لە (شێخ حەیدەر) لەپێناو نەهێشتنی کفر و بێباوەڕی، پێویستە شوێنکەوتووەکانی رێکبخات، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت کڵاوێک(تاجێک)ی تایبەت دروستبکات، ڕەنگی سور بێت و دوانزە تالی لێ هاتبێتە خودارەوە، کاتێک کە (شێخ حەیدەر) لە خەونەکەی بە خەبەردێت فەرماندەکات، ئەو کڵاوە دروست بکرێت و شوێنکەوتووەکانی لە سەری بکەن[5]، هەرچەندە ئەم بەسەرهاتە باسکراوە، بەڵام پێدەچێت ئەم بەسەرهاتە بۆ پیرۆز کردنی ئەم کڵاوە بێت، چونکە (شێخ حەیدەر) پێویستی بەوە هەبووکە قەناعەت بە خەڵکی بکات کە کڵاوە کە لە

---

[1] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٢٦.

[2] جمالی: تشکیل دولت صفوی....,ص٧٨.

[3] جنابندی: روضة الصفویه ,ص٩٦.؛خواندمیر: تارخ حبیب السیر، ج٤, ص٤٢٦.؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص١٩.

[4] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان, ص٨٥ ؛ ڕاجر سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی ,ص٥٥.

[5] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٨٥.؛ ڕاجر سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی ,ص٥٤.

سەر بکەن، بۆ ئەم مەبەستە بابەتی خەونەکەی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) بۆ ڕەوایەتیی دان بەم کڵاوە داهێناوە[١]، و لە هەمان کاتدا پێدانی پیرۆزی بە کارەکەی و هاندانی شوێنکەوتوانی تەریقەتەکەی.

لە سەردەمی (شێخ حەیدەر) دا گۆڕانکاری زۆر بەسەر بیروباوەڕی تەریقەتی سەفەویدا هات بە جۆرێک کە بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو بیرو باوەڕانە بوو کە تەریقەتەکە لە سەردەمی باب و باپیریدا هەبوو، ئەگەر لە بیرو باوەڕکانی ورد ببینەوە زۆر دورە لە بیرو باوڕی ئاینزاکانی ئاینی ئیسلام.

هەچەندە (شێخ حەیدەر) بە پەیڕەوکاری ئاینزای شیعە لە قەڵەم دراوە، بەڵام پێدەچێت ئەمە لە لایەن پەیڕەوکارانی ئاینزای سوننەوە بوبێت بۆ ناشیرینکردنی پەیڕەوکارانی ئایینزا شیعە، لە لایەکی دیکەوە (شێخ حەیدەر) بانگەشەکانیدا وای دەردەخست کە بە ئاینزا شیعەیە چونکە لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەونەکانیەوە، وای دەخستە پێشچاوی لایەنگرانی کە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) فەرمانی پێکردوە کارەکانی بەو شێوەیە بەڕێ بکات[٢]، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەنگاو و دروشمەکانیدا پەیڕەوی ئاینزای شیعە جێبە جێ نەکردوە، وچونکە لایەنگرانی هەڵگری کۆمەڵێک بیرو باوەڕ بوون، کە لە لایەن هیچ کام لە ئاینزاکانی ئیسلام پەسندکراونین، چونکە لەلای ئەوان نوێژ و ڕۆژ و حەج و زەکات واجب نەبوون، هەروەها گۆڕانکاریان لە یاساکانی ژنهێناندا دروستکردبوو، ئەمە جگە لەو گۆڕانکارییەی کە لە بابەتی دابەشکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ و غەزاکاندا لە بەرژەوەندی خۆیاندا ئەنجامیاندا بوو[٣]، هەر بەپێی ئاماژەکان بێت کوشتنی کەسی ئایینزا سوننی کە لە لای ئەوان بە (سەگ) ناوبراوە ڕێپێدراوە و پاداشتی کوشتنەکەی لە کوشتنی (٥) کەسی کافر زیاترە، هەروەها خواردنەوەی (کهولی) و بابەتی هاوڕەگەزخوازی ڕێگە پێدراوە[٤]، ئەمەجگە لە هەندێک بابەتی دیکەی دینی کە لە زیکرەکانیاندا لەجیاتی ناوی (الله) بەیانیان (١٠٠) جار ناوی (عەلی)ان هێناوە[٥]، هەر ئەمەش وای لە کەسێکی وەک روزبهانی خنجی کە کەسێکی بە ئایینزا سونی بووە، لە نوسینەکانیدا بەهیچ شێوەیەک شێخ (شێخ حەیدەر)

---

[١] بیروڕای دیکە هەیە سەبارەت بە بەم کڵاوەو پێی وایە بیرۆکەی کڵاوی (شێخ حەیدەر)ی لە (زێرین کلاە )وە هاتووە، وەک ئاماژەیەک بۆ فەیروزشای زێرین کڵاو کەدەکاتە باپیرەگەورەی بنەماڵەی سەفەویەکان.حسین مسرور: دەنفر قزلباش، چ١، انتشارات پر، تهران، ١٣٩٧، ص١٥.

[٢] مؤلف ناشناختە: جهانگشای خاقان, ص٨٥، جمالی: تشکیل دولت صفوی...,ص٧٩.

[٣] پاشازادە: انقلاب الاسلام بین الخواص و العوام...، ١٣٧٩، ص٣٦.

[٤] محمد کریم یوسف جمالی: تشکیل دولت صفوی و تعمیم مذهب تشیع دوازده امامی به عنوان تنها مذهب رسمی، انتشارات امیر کبیر، اصفهان، ١٣٧٢، ص١٠٠.

[٥] پاشازادە: انقلاب الاسلام بین الخواص و العوام...، ص٣٧.

و شوێکەووتووەکانی بە ئاینزای شیعە ناو نەبردوە، بەڵکو بە شەیتان پەرست و لادەر ناویان دەبات[1].

لەبەرئەوەی (شێخ حەیدەر) لەسەرەتای تەمەنیدا لەژێر دەستی کەسێکی سیاسی و سەبازی و خاوەن دەسەڵاتدا پەروەردە بووە، لە دەرباری (ئۆزۆن حەسەن) دەساڵی سەرەتای تەمەنی بە سەر بردووە، ئەمە دەبووە هۆی چاندنی خۆشەویستی چەک و سیاسەت و دەسەڵات لە ناخی (شێخ حەیدەر) دا، لە پاشاندا لەژێر سەرپەرشتی شێخ جەعفەری سەفەوی کە پەروەردەی ئاینی پشتگوێ خستووە، چونکە ئاماژە بەوە کراوە فێری زانستی ئەستێرەناسی کراوە، لەبەر ئەمە دەتوانرێت بگوترێت ڕۆڵ و کردارەکانی (شێخ حەیدەر) زیاتر لە کوڕە شازادەیەکی دور لە ئاین دەچێت کە هەوڵی دەسەڵات بدات، نەک وێنەی سەرکردەی داهاتوی ئایینزایێکی سۆفی.

لە ڕەوشێکی لەم جۆرەدا دەکرێت بوترێت (شێخ حەیدەر) هەڵگری بیروباوەڕی شیعە نەبووە ئەگەر شیعەش بوبێت بەڕووکەشبووە، چونکە (شێخ حەیدەر) لە هیچ تەمەنێدا پەروەردەیەکی شیعە یان ئاینی وەرنەگرتووە، ئەو پاساوانەی کە باسی جوڵەکانی (شێخ حەیدەر) دەکەن بە فەرمانی ئیمامی عەلی قبوڵکراو نین، تەنانەت کاتێک باسی شێوازی کڵاوی (شێخ حەیدەر)ی دەکرێت، مەرج نیە ڕاستەو خۆ پەیوەست بکرێتەوە بە ئاینزای شیعەوە، چونکە ڕنگی کڵاوەکە سور بووە، لە هیچ سەردەمێکدا ڕەنگی سور ڕەنگی دلخودازی شیعەگەراکان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە هێمای دوانزە گوڵەنگی سەر کڵاوەکە ئاماژە بێت بۆ بیرو باوەڕی شیعە یان دوانزە ئیمامەکەی شیعە، یان لە ئەگەرێکی لەوجۆرەدا هێشتا بە واتای ئەوە نایەت کە (شێخ حەیدەر) پەیڕەوکەری شیعە بوبێت، جونکە دوانزە ئیمامەکەی ئەو سەردەمە لە ناوجیهانی سۆفیگەریی پێگەیەکی باڵایان هەبووە.

لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت بوترێت زۆربەی شوێنکەوتوانی (شێخ حەیدەر) هەمان شوێنکەوتوانی باوکی بوون کە هەڵگری ئاینزای شیعە بوون [2]، پێشتر پەناهەندەی بوون، لەگەڵ تورکمانەکانی ئاناتولیا کە ئەوانیش هەڵگری ئاینزای شیعە بوون، ئازایەتی ولێهاتویی (شێخ حەیدەر) هۆکار بوون بۆ کۆبونەوەی ئەمانە، و چونکە بەنەمانی دەسەڵاتی (ئۆزۆن حەسەن) جارێکی تر پەنایان بردەوە بەر خانەقاکانی (ئەردەبیل)، و لەو بڕوایەدا بوون (شێخ حەیدەر) شیاوی ئەوەی هەیە لە دەوری کۆ ببنەوە، بە پشتبەستن بەو سەروت و سامانەی کە تەریقەتی سەفەوی خاوەنی بوو کە پێک هاتبوو لە زیاتر لە (٢٠) گوند و چەندان پارچە زەوی، ئەمە جگە لەو شەڕانەی کە (شێخ حەیدەر) لە ژێر پاساوی غەزادا ئەنجامی دەدان، کە پرۆژە سیاسیەکانی

[1] روزبهان خنجي: عالم آرای امینی,ص٢٧٣.

[2] الشیبي: تشیع و تصوف، ص٣٨٣.

(شێخ حەیدەر)ی بەرەو پێش دەبرد، تا لەورێگەیەشەوە بتوانن دەسەڵاتێک دابمەزرێنن، سەرئەنجام ئەو گروپەی کە دروستی کردوە بە (فیرقەی حەیدەر)ی ناسراون [١]، وبیرو باوەڕیان جیاواز بووە لە ئاییبزاه شیعەگەریەکەی (شێخ جونەید)، بووبونە جێگەی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئەو ناوچەیە وەک دەسەڵاتی (عوسمانی وئوزبەکەکان وئاق قۆینلوکان)، لە ڕەوشێکی لەو شێوەیەشدا (شێخ حەیدەر) توانی ڕەوشی (ئەردەبیل) بگوازرێتەوە بۆ سەردەمی چەک، وەک وتراوە لە سەردەمی (شێخ حەیدەر) لە شاری (ئەردەبیل) لە جیاتی قەڵەم دەنگی شمشێر دەبیسترا .[٢]

## دووەم: ڕەوشی تەریقەتی سەفەوی لەپاش کۆچی دوایی ئۆزۆن حەسەن هەتا کوژرانی شێخ حەیدەر(٨٨٢-٨٩٣ک/١٤٧٨-١٤٨٨ز)

کاتێک (ئۆزۆن حەسەن) لە ساڵ (٨٨٢ک/١٤٧٨ز) لەتەمەنی (٥٤) ساڵیدا کۆچی دوایکردووە، (سوڵتان خەلیل) ی کوڕی هاتوەتە جێگەکەی، پاش ساڵێک لەساڵی(٨٨٣ک/١٤٧٩ز)ئەمیش لەلایەن (یەعقوب)ی برای کوژراوە، وخودی ئەعقوب بوەتە دەسەڵاتدار لە نێوان ساڵانی (٨٨٤_ ٨٩٦ ک/١٤٧٩_-١٤٩١ز) سوڵتان (یەعقوب) کاتێک بەدەسەلات گەیشت، هیچ کات بە (شێخ حەیدەر) دڵخۆش نەبووە، سەرەڕای ئەوەی خالۆزا و پورزای یەکتر بوون و شێخ حەیدەر زاواشیان بووە، دەکرێت ئەو ڕقەی بۆ حەیدەر هەر لە منداڵییەوە هەبوبێت، چونکە کاتێک (شێخ حیدەر) کڵاوی قزڵباشی دروستکردوە و ناردویەتی بۆ (ئۆزۆن حەسەن)، لەناو منداڵەکانی ئۆزۆن حەسەن بەتەنها (یەعقوب)ی کوڕی ئامادە نەبووە ئەم کڵاوە لەسەر بکات[٣]، لەپاش ئەو روداوانەش ڕەوشی (شێخ حەیدەر) و شوێنکەوتوانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەندێک لە چالاکییەکانی یاساخ کراون، بەڵام سوڵتان (یەعقوب) بەئاشکرا دژایەتی بەرامبەر کاریگەرییەکانی سەفەویی نیشان نەداوە، و بەم مەبەستەش چەند جارێک سەردانی ئەردەبیلی کردووە[٤].

(شێخ حەیدەر) لە دوای رێکخستنەوە و چەکدار کردنی شوێنکەوتووەکانی، کەلە روکەشیاندا سوفی وموریدی بوون، بەڵام لە راستیدا یاخییبوون و ئامادەی شەڕکردن بوون، پاشان هەوڵەکانی بۆ تۆڵەکردنەوە لە بکوژانی باوکی دەستپێکرد[٥]، هەرچەند دوای کۆچی دوایی کردنی

---

[١] برزگر: تاريخ تحولات سياسى و اجتماعى و...، ص٤١.

[٢]هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران، ص٩٠.

[٣] مؤلف ناشناخته: جهانگشاى خاقان، ص٨٥ ؛ سێیڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی ,ص٥٦.

[٤] پارسا دوست: شاه اسماعيل صفوى،...، ص١٤٧.

[٥] هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران, ص٩١.

(ئۆزۆن حەسەن) ئەو پەیوەندیەی لە نێوان بنەماڵەی (ئاق قۆینلۆ) و (شێخ حەیدەر) و شوێنکەوتووەکانیدا هەبوو کەمتر دەبوو، بەڵام لەم کاتەدا (شێخ حەیدەر) تەریقەتی سەفەوی کردبووە ڕێکخراوێکی سەربازی، لەسەربنەمای هاوسەرگیری لەگەڵ بنەماڵەی (ئاق قۆینلو)ی دەسەڵاتدار، و هەروەها پشتبەستوو بەو سۆفییانەی کە لە دەوری چەند هۆزێک کۆببونەوە، و بەشێک لەو هۆزانەش پێکهاتبوون لە (ڕۆملو، شاملو، ئیستاجلو، زولقەدر، قاجار...هتد) ڕۆملوەکان (ئەوانەی لەسەر خواستی عەلی سیاپۆش) ئازادکران، خێڵی شاملوو کە نیشتەجێی شام و سوریا بوون، وە خێڵی ئوستاجلو کەوا دیارە خەلکی زنجان بوون[١]. لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک سەرکردە سەرپەرشتی ئەم گروپەیان دەکرد وەک ( حەسەن بەگی شاملوو، قرابیر بەگی قاجار)، کەدڵسۆزی تەواویان بۆ تەریقەتی سەفەوی هەبوو[٢].

(شێخ حەیدەر) لە دەرفەتێک گەڕاوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دەسەڵاتدارانی (شروان)، چونکە ئەوان بکوژی باوکی بوون، بەڵام لەبەرئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان دەسەڵاتدارانی شروان وسوڵتان (یەعقوب) هەبوو، (شێخ حەیدەر) نەیدەتوانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەریان، بۆ ئەم مەبەستە ویستی ئەوەی هەبووە بە بیانوی غەزای مەسیحییەکانی (داغستان) هێرشەکانی دەست پێبکات، و بەم مەبەستەش داوای ڕێگەپێدانی لە (سوڵتان یەعقوب) کرد، هەروەها داوایکرد کە (یەعقوب) ڕەزامەندی لە (فەرخ یەسار)ی دەسەڵاتداری (شروان) وەربگرێت، بۆئەوەی بتوانێت زەوییەکانی سنوری ئەو بەکار بهێنێت بۆگەیشتن بەئامانجەکەی، بەتایبەتی زەوییە شاخاوییەکانی دەربەندی شروان[٣].

پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لە دەسەڵاتدارانی (ئاققۆینلو) لە ساڵی(٨٨٨ک/١٤٨٣ز) (شێخ حەیدەر) لەو کاتەدا کەتەمەنی(٢٤) ساڵ بووە، بانگەوازی شەڕکردنی لەگەڵ (چەرکەس)ەکاندا ئاشکرا کردووە، و چۆەتە سنووری (داغستان) و جەنگ دەستپێکردووە، لەم جەنگەدا سەرکەوتووبووە، بڕێکی زۆر دەسکەوتی بەدەستهێناوە وبەشێک لەو دەستکەوتانەی دابەشکردوە بەسەر خەڵکی هەژاری (ئەردەبیل)دا، و بەشێکی ناردووە بۆ (سوڵتان ئەعقوب) لە (تەبریز)[٤]، هەتاکو بتوانێت دڵی ڕابگرێت لەسەر ئەوکارانەی ئەنجامیان دەدات لە ساڵی (٨٩٢ک_١٤٨٣ز) جارێکی دیکە هێرشی کردووەتەوە سەر ناوچەکانی هەرێمی (داغستان)، و

---

[١] نوایی، غفاری: تاریخ تحولات سیاسی...، ص٥١ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٩٤-٩٦.

[٢] روملو: احسن التوارخ، ج٣، ص ١٥٤.

[٣] خورشا بن قباد الحسینی: (تاریخ صفویه از آغاز تا سال ٩٧٢ه، تصحیح: محمد رضا نصیری، چ١، انتشارات انجمن اثارو مفاخر فرنگی، تهران، ١٣٧٩ه ، ص٣.

[٤] روزبهان خنجي: عالم آرای امینی، ص٢٩٧ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص٩٩ ؛ نوایی و غفاری فرد: تاریخ تحولات سیاسی...، ص٥١.

دوباره سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، دەستکەوتێکی جەنگی زۆری بەدەستهێناوە، و لە ناویاندا ژمارەیەک دیل هەبوون، ئەو دوو هێرشە هۆکاربوون بۆبەهێزکردنی پێگەی سەفەوییەکان بەوپێیەی دەبوونە هاندەرێک بۆ هەژاران و چەوساوەکان کە زیاتر لە سەفەوییەکان نزیک ببنەوە، هەرئەم سەرکەوتنانە دەبوونە مەترسی لەلای (سوڵتان یەعقوب)، لەبەرئەوە (شیخ حەیدەر)ی بانگهێشتکردووە بچیتە (تەبرێز)، ئەویش بەدەم داواکاری (سوڵتان یەعقوب)ەوە چووە[1]، پاش ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەک لە موریدەکانی بەجلی سۆفیانەوە چوونەتە (تەبرێز) و بەڵێنی دڵسۆزی بۆ (سوڵتان یەعقوب) دوپاتکردووەتەوە، لە هەمانکاتدا پەیمانیانداوە واز لە چالاکی سەربازی بهێنن[2].

(شێخ حەیدەر) و شوێنکەوتوانی دوای ئەو سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکانەی کە لە (داغستان) بەدەستیانهێناوە، بونەتە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەیان, چونکە بەشێکی کەمی شوێنکەوتوانی (شێخ حەیدەر) چەکدار بوون، ژمارەیەکی زۆری سوپاکەی پێکهاتبوون خەڵکانی فەقیرو هەژارو روت و برسی، ئەمەش ناوبانگی (شێخ حەیدەر)و بزووتنەوەکەی پێ زیاد دەبوو[3]، هەربۆیە دەکرا ئەو دەسەڵاتدارانە لە هەلێک بگەڕێن بۆ کۆتاییهێنان بە مەترسیەکانی (شێخ حەیدەر).

دوای ئەو دوو سەرکەتنەی بەسەر چەرکەسەکاندا، (شێخ حەیدەر) ئەو هەستەی بەسەردا زاڵبوو کە تۆڵەی کوشتنی باوکی بکاتەوە لە کوڕەکەی ئەمیر (خەلیلی) شروان کە بکوژی باوکی بوو، بەڵام شوێنکەوتووەکانی بە بیانوی ماندوویەتیان لە جەنگ، توانیان (شێخ حەیدەر) لە هێرش کردنەسەر (شروان) پەشیمان بکەنەوە، دەکرێت ئەو دەسکەوتانەی لە شەڕەکانی پێشتر بەدەستییان هێنابوون هۆکاری سەرەکی بوبێت بۆئەوەی لەوکاتدا بیر لەتۆڵە بکاتەوە.

پاش ماوەیەک لەڕێگەی (دەشتی موغانەوە) هێرشی کردووەتە سەر ناوچەیەک بەناوی (محمود ئاوا) و تالانی کردووە، پاشان پەیامی ناردووە بۆ (فەرخ یەسار کوڕی ئەمیر خەلیلی) ی (شروان) کە نیازی غەزای (چەرکەسەکان)ی هەیە، داوایکرد کە لەڕێگەی (دەربەند) ی بۆ کراوەبێت بۆ ئەومەبەستە، بەڵام ئامانجە سەرەکی (شێخ حەیدەر) ئەوە بوو کە بزانێت

---

[1] روزبهان خنجی: عالم آرای امینی، ص٢٧١.

[2] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ،ص١٠٠-١٠١ ؛ روزبهان خنجی: عالم آرای امینی، ص١٤٢-١٤٥ ؛ نوایی و غفاری فرد: تاریخ تحولات سیاسی...،ص٥١.

[3] فاروق سومەر: نقش ترکانی اناطولی در تشکیل توسعه دولت صفوی، ترجمه، احسان اشراقی و محمد تقی امامی، چ١، چاپخانه حبیبی، تهران، ١٣٧١، ص١٩.

دەسەڵاتی(فەرخ یەسار) لە چ ئاستێکدایە[١]، (فەرخ یەسار) فەرمانڕەوای (شروان) لە نیەتی (شێخ حەیدەر) ئاگادار بوو، بێدواکەوتن ماڵ و منداڵەکەی خۆی ناردووە بۆقەڵای (شروان) هەتا لەوێ پارێزراو بن، (فەرخ یەسار) خۆی لەگەڵ ژمارەیەک لەجەنگاوەرەکانی ئامادەی بەرگری بوون، لەڕۆژی دووەمدا (شێخ حەیدەر) گەمارۆی (شماخی) داوە، (فەرخ یەسار) بەرەو قەڵای (گوڵستان) هەڵاتووە، (شێخ حەیدەر) و موریدەکانی دەستیان بەسەر (شەماخدا) گرتووەو ئاگریان لە شارەکە بەرداوە، کوشتارێکی زۆریان کردوە[٢].

پاشان هێرشیانکردووەتە سەرقەڵای (گوڵستان) وگەمارۆیانداوە و(فەرخ یەسار) بە ناچاری داوای یارمەتی لە (سوڵتان یەعقوب) کردووە، هەروەها پێی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر (شێخ حەیدەر) دەستبگرێت بەسەر (شروان)دا، دواتر بیر لە داگیرکردنی ناوچەکانی دیکە دەکاتەوە، (سوڵتان یەعقوب) کە بە کردارەکانی (شێخ حەیدەر) دڵخۆش نەبووە، داوایکردووە کۆتایی بە (شێخ حەیدەر) بهێنێت و بیکوژێت، لە لایەکی دیکەوە کچی (فەرخ یەسار) ژنی (بایسنقر) کوڕی (سوڵتان یەعقوب) بووە، هەر ئەوەش وایکردوە بەزویی بەدەم داواکاریی (فەرخ یەسار)ەوە بچێت[٣]، بۆ ئەم مەبەستە (سوڵتان یەعقوب) چوار هەزار سەربازی لە ژێر سەرکردایەتی یەکێک لە فەرماندە ئازاکانی بە ناوی (سلیمان بیگ بیجن[٤]) کە بە رزگارکەری قەڵای (بەدلیس) بەناوبانگ بووە، ناردووە بۆیارمەتی (فەرخ یەسار) وەی (شێخ حەیدەر) وشوێنکەوتوانی[٥]، (فەرخ یەسار) لە لایەکی ترەوە لە دەسەڵاتداری (تەبەرستان)، کە ناوی (مەعسوم خان) بووە داوای یارمەتی کرد، لە دژی (شێخ حەیدەر)، (مەعسوم خان) سوپایەکی پێنج هەزار کەسی بۆناردووە، و لەهەمان کاتدا (بێژەن) سوڵتان و (ئۆغلی) سوڵتانی تورکمانی بە دەهەزار کەس ئامادە بوون بۆ جەنگ دژی (شێخ حەیدەر) و دەروێشە قزڵباشەکان[٦]، ئەگەر لەم ڕوداوانە بڕوانین بۆمان ڕون دەبێتەوە کە (شێخ حەیدەر) و شوێنکەوتوانی چەندەمایەی ئاژاوە و ئاڵۆزی بوون بۆ ناوچەکە، چەند بوونەتە مەترسی بۆ تەواوی دەسەڵاتەکانی چواردەوریان، هەر لەبەرئەوەش ئەم دەسەڵاتانە تێکڕا یەکێتی یەکیان پێکهێناوە بۆ کۆتاییهێنان بە چالاکییەکانی (شێخ حەیدەر).

---

[١] روملو: احسن التوارخ، ج٣، ص ١٥٢ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ،ص١٠٢ ؛ روزبهان خنجی: عالم آرای امینی، ص١٤٣.

[٢] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ،ص١٠٤؛ نوایی و غفاری فرد: تاریخ تحولات سیاسی...، ص٥١.

[٣] مستوفی: زبدة التواریخ، ص٤٥.

[٤] ملا کمال: پخش صفویان از کتاب خلاصة التواریخ، کتابخانه تحضیر تاریخ اسلام، ١٣٧٤، ص٢.

[٥] هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ،ص١٠٥-١٠٧.

[٦] مؤلف ناشناخته: عالم آرای صفوی, ص٣٢.

کاتێک (شێخ حەیدەر) بەم یەکگرتوییەی دوژمنەکانی زانی، بڕیاریدا لە گەمارۆی (قەڵای گوڵستان) پاشەکشەبکات وبەرەو (دەربەند) بڕوات وجێگەیەک بەناوی (تەبەرسەران)بارگەی شەڕی دانا، لەنزیک چیای (ئەلبورز) لە (تبرسران)، ساڵی (٨٩٣ک/١٤٨٨ز) شەر لە نێوان قزڵباشەکانی سەفەوی بە سەرکردایەتی ( شێخ حەیدەر) ،سوپای(ئاققۆینلۆ) و (شروان) و بەسەرکردایەتی (سلێمان بەگ) ڕوویداوە[١]، (شێخ حەیدەر) خۆی بەشداریکردووە لە شەڕەکەدا، و ئازایەتی و چاونەترسی خۆی نیشانداوە، و سەرکردەی سوپای بەرامبەریان (سلێمان بەگ) بەلێدانی (ڕم) لە ئەسپەکەی خستووتە خودارەوە، بەڵام نەمردووە، لە هەمان شەودا تێرێک بەر (شێخ حەیدەر) کەوتووە و بەسەختی برینداربووە، بە برینداری قزڵباشەکان هەوڵیانداوە ڕێبەرەکەیان بەرەو جێگەیەکی ئارام و پارێزراو بیگوازنەوە، بەڵام (شێخ حەیدەر) کەوتووەتە دەستی سوپای (ئاققۆینلۆ) پاش کوشتنی لە ساڵی (٨٩٣ک/١٤٨٨ز)[٢]، دەرگاوانی سوڵتان (یەعقوب) کە ناوی (علی ئاغای قاپونچی) بوو، کەللەسەری (شێخ حەیدەر)ی لە لاشەکەی جیاکردوەتەوە، و پێشکەشی (سوڵتان یەعقوبی) کردووە[٣]، بەفەرمانی (سوڵتان یەعقوب) ماوەی چەند ڕۆژێک کەللە سەری (شێخ حەیدەر) یان بە کۆچە و کۆڵانەکانی شاری (تەبرێز) دا گەڕاندووە و سووکایەتیان پێکردووە، هەتا ئەوکاتەی کەسێک پەیدا بووە کەللە سەری شێخ (شێخ حەیدەر)ی دزیوە و لە جێگەیەکی نهێنی شاردویەتیەوە[٤].

(سوڵتان یەعقوب) پاش ئەوەی سەرکەوت بەسەر حەیدەردا، پەیوەنی نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سوڵتان بایەزیدی دووەمی عوسمانی ئەنجام دەدات، تێیدا موژدانەی سەکەوتنی بەسەر (شێخ حەیدەر) وکۆمەڵێک لە لایەنگرانی بێ دینی پێدەدات لەم نامانەدا سوڵتان (یەعقوب) (شێخ حەیدەر) تاوانبار دەکات بەوەی بیرو باوەڕێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، بەناوی ئاینی (حەیدەری)[٥].

قزڵباشەکان لە کۆتاییدا بەبێ ئۆمێدی و بە دڵی شکاوەوە بەردەوامبوون لە شەرکردن، بە شێوەیەک جەنگاون کە هیچ لە شکرێک لە دوای کۆچی دوایی کردنی سەرکردەکەیەوە بەو

---

[١] روزبهان خنجی: عالم آرای امینی، ص١٥٢.

[٢] بوداق منشی قزوینی: جواهر الاخبار(پخش تاریخ ایران از اقوینلو تا ٩٨٢ ه.ق)، تصحیح: محسن بهرام، مرکز نشر میراث مکتوب، تهران، ١٣٧٨، ص١١٠.

[٣] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٣٢-٤٣٤ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ،ص١٠٩.

[٤] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٥٠٤ ؛ روملو: احسن التواریخ، ج٢، ص٨٦٩ ؛ روزبهان خنجی: عالم آرای امینی، ص١٥٧.

[٥] عبدالحسین نوایی: اسناد ومکاتبات تاریخی ایران از تیمور تا شا اسماعیل، ص٦١٥ -٦٢٣ ؛ پاشازاده: انقلاب اسلام بین خواص و العوام...، ص٣١.

شێوەیە نەجەنگاون[١]، لاشەی (شێخ حەیدەر)یان لە گوندی (الفندیار) لە قەزای (دهکند)ی لە ناوچەی (تبرسران) ناشت[٢]، لاشەکەی (شێخ حەیدەر) هەر لەوێ مایەوە بەبێ کەللەسەرەکەی هەتا ئەوکاتەی کە (شا (ئیسماعیل) )ی کوڕی (شێخ حەیدەر) دەوڵەتەکەی دامەزراند، بریاری دەرکرد کە گۆرەکەی (شێخ حەیدەر) هەڵبدەنەوە تەرمەکەی بیگوازنەوە(ئەردەبیل) و پاشان داوایکرد کەللەسەری بدۆزنەوە و لەگەڵ لاشەکەیدا بەخاک بسپێرێت، دواتر کەسێک هات و کەللەسەری شێخ (شێخ حەیدەر)ی هێنایەوە بۆ (ئیسماعیل) و دوای ئەوەی کەپاداشتی دایەوە، کەللەسەرکەی لەگەڵ لاشەی (شێخ حەیدەر) لە نزیک گۆری باپیرانی لە(ئەردەبیل)بەخاک سپێردرا[٣].

## سێیەم: تەریقەتی سەفەوی پاش کوژرانی شێخ حەیدەر(٨٩٣-٨٩٩ک/١٤٨٨-١٤٩٤ز).

لەپاش کوژرانی (شێخ حەیدەر) ئەو شکستە سەختە بەسەر سوپای قزڵباشەکاندا هات، سۆفییەکانی تەریقەتی سەفەوی لە ئەردەبیل کۆبونەوە، و سوڵتان (عەلی) کە کوڕە گەورەی شێخ حیدەر بوو، بە جێنشینی باوکی دیاری کرا، لەبەرئەوەی کاتێک (شێخ حەیدەر) دەچوو بۆ جەنگ و غەزاکانی (عەلی) کوڕی لە جێگەی خۆی دادەنا[٤]، لە ماوەیەکی کەمدا سۆفییەکانی سەفەوی لە ئەردەبیل ژمارەیان زیادی کردەوە[٥]، لەدوای (شێخ جونید)، دەسەڵاتدارەکانی ئازەربایجان زۆر ترسیان لە توانای روحانی سەفەویەکان هەبوو، لەهەموو دەرفەتێکدا هەوڵی سەرکوتکردنی ئەوانیان دەدا، هەر لەم چوارچێوەیەشدا (سوڵتان یەعقوب)ی ئاققۆینلو، تەنها بەکوشتنی (شێخ حەیدەر) وازی نەهێنا، بەڵکو فەرمانیکرد (حەلیمە بێگم) خێزانی (شێخ حەیدەر) و کە خوشکی سوڵتان (یەعقوب) بوو، لەگەڵ سێ کوڕەکەی (شێخ حەیدەر) (عەلی، ئیبراهیم، (ئیسماعیل) ڕەوانەی (شیراز) بکرێن، هەتاکو (مەنسور بەگ)ی شیراز ئەوان لە قەڵای (ئەستەخر) زیندانی بکات، ماوەی چوار ساڵ و نیو لە زیندان مانەوە[٦]، کەس لە پەیڕەوکارانی سەفەوی لەو باوەڕەدا نەبوو جارێکیتر ئازاد بکرێن، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیا پێچەوانە گۆڕا کاتێک لە ساڵی

---

[١] روزبهان خنجي: عالم آراى امينى، ص١٥٦؛ هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران ،ص١٠٨.

[٢] هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران، ١٤٠٠، ص١٠٩.

[٣] خواندمير: تاريخ حبيب السير، ج٤، ص٥٣٧ ؛ تركمان: تاريخ عالم آراى عباسى, ج١، ص١٩.

[٤] مؤلف ناشناخە: عالم آراى صفوى، ص٣١.

[٥] خواندەمير: تاريخ حبيب السير، ج٤، ص٤٣٥.

[٦] راجر مروين سيورى: تحقيقاتى در تاريخ ايران عصر صفوى(مجموعة مقالات)، ترجمة: عباس قلى غفارى فرد، چ١، انتشارات اميركبير، تهران، ١٣٨٢، ص٥٥.

(٨٩٦ك/١٤٩٠ز) سوڵتان (یەعقوب) کۆچی دوایی کرد، بە کۆچی دوایی کردنی سەرۆکەکەیان ناکۆکی ناوخۆیی کەوتە نێو بنەماڵەی (ئاققۆینلۆ)وە[1].

پاش کۆچی دواییکردنی سوڵتان (یەعقوب) کوڕەکەی (بایسنقر) بەیارمەتی هەندێک لە سەرکردەکانی ئاققۆینلو، چووە سەر تەختی دەسەڵات، بەڵام ژمارەیەکی دیکە لە سەرکردەکان تر (مەسیح میرزا)ی برای (سوڵتان یەعقوب) یان بە شایەنی ئەو پلە دەزانی، ئەم ململانێیە سەری کێشا بۆ شەڕو ڕوو بە ڕوبونەوە، لە ئاکامدا لە ناوچەی (قەرەباغ) شەڕ رویداو (مەسیح میرزا)و لایەنگرانی شکستیان هێنا و (مەسیح میرزا) کوژرا[2]، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی (بایسنقر) جێگیر نەبووبوو، (ڕۆستەم بەگ)کە ئامۆزای بوو، یەکێک بو لە لایەنگرانی (مەسیح میرزا) لەپاش ئازادبوونی لە زیندان، بووە دوژمنی (بایسنقر) و شەڕ لە نێوانیاندا سەریهەڵدا و (ڕۆستەم بەگ) سەرکەوت و (بایسنقر) شکستیهێنا و هەڵات، بەم کارەش لە ساڵی (٨٩٧ ک/١٤٩١ز) (ڕۆستەم بەگ) لە (تەبرێز) هاتەسەر دەسەڵات[3].

(بایسنقر) بەردەوام دەیویست بگەڕێتەوە دەسەڵات، هەر بەم مەبەستەش لەگەڵ دەسەڵاتداری ناوچەی (شروان) کە (فەرخ یەسار)بوو هاوپەیمانیتیەکی پێکهێنا، و دەستیان بە ئامادەکاریکرد دژ بە (ڕۆستەم بەگ)، (ڕۆستەم بەگ) توانای ڕووبەڕو بونەوەی ئەو هاوپەیمانێ تەی نەبوو، بڕیاریدا کە هاوسەرو منداڵەکانی (شێخ حەیدەر) ئازاد بکات، هەتاکو لەم ڕێگەیەوە بتوانێت سود لە سۆفیە قزڵباشەکانی تەریقەتی سەفەوی وەر بگرێت[4].

(عەلی) کوڕی (شێخ حەیدەر)، کە سەرکردەی قزڵباشەکان وشوێنکەوتووانی تەریقەتی سەفەوی بوو کرا بە فەرماندەری هێزەکانی (ئاق قۆینلو) کە ژمارەیەکی زۆر سۆفی تەریقەتی سەفەوی چووبوونە پاڵ ئەم سوپایە، لە شەڕێکی یەکلایی کەرەوەدا سوپای (ئاققۆینلۆ)، بەسەرکردایەتی (عەلی کوڕ شیخ حەیدەر)ی سەفەوی سەرکەوت بەسەر سوپاکەی (بایسنقر) و خودی (بایسنقڕ) کوژرا، بەم شێوەیە دەسەڵاتی (ڕۆستەم بەگ) زاڵبوو بەسەر ناوچەکانی عراق و فارس و کرمان و ئازەربایجان و ئاران[5]، (ڕۆستەم بەگ)لە دوای ئەم سەرکەوتنە خۆی و دەسەڵاتەکەی بە قەرزاری تەریقەتی سەفەوی و شوێنکەوتوانی دەزانی، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕێگەیدا عەلی و براکانی بگەڕێنەوە (ئەردەبیل).

---

(1) حسن پیرانیان و دیگران: تاریخ ایران، ص٨٤٣.

(2) حسن زادە: حکومت ترکمانان...، ص١٣٢.

(3) حسن پیرانیان و دیگران: تاریخ ایران، ص٨٤٣-٨٤٤ .

(4) القمی: خلاصة التواریخ، ج١، ص٤٢-٤٣ ؛ جنابندی: روضە الصفویە، ص٧٩.

(5) نوایی: تاریخ تحولات سیاسی اجتماعی....، ص٥٤.

لەگەڵ گەڕانەوەی عەلی و براکانی بۆ (ئەردەبیل) ژمارەیەکی زۆە مورید و لایەنگرانی تەریقەتی سەفەوی لە دەوری کوڕانی (شێخ حەیدەر) کۆ بوونەوە، ئەمە ترسی لە دڵی (ڕۆستەم بەگ) دروستکردوە، کە نابێت دەسەڵاتی(عەلی کوڕی شێخ حەیدەر) لەوە زیاتر گەورەتر بێت [١]، هەر لەبەر ئەم مەبەستەش عەلی و دووبراکەی بانگهێشتی (تەبرێز) کردووە بە بیانوی میواندارێکردن، بەڵام پلانی کوشتنی بۆدانا بوون، کاتێکیش لەم پلانە ئاگاداربونەتەوە بەشەو لە (تەبرێز)ەوە گەڕانەوە (ئەردەبیل)[٢]، (ڕۆستەم بەگ) بڕیاریداوە دوایان بکەوێت، و سوپایەکی بەم مەبەستەئامادە کردووە و لە نزیک (ئەردەبیل) گەیشتووە بە عەلی و ژمارەیەک لە لایەنگرانی [٣].

(عەلی کوڕی شێخ حەیدەر) بڕیاری بەرەنگار بونەوەی دا، و وەسیەتیکردوە لە ئەگەری کۆچی دوایی کردنی ((ئیسماعیل) )ی برای ببێتە جێگرەوەی، بەڵێنی لە سۆفییەکان وەرگرت، بەوەی پێویستە پارێزگاری لە (ئیسماعیل) بکەن، بەگەیشتنی سوپای (ئاققۆینلو) بەگوندی (شماسی) لە ساڵی (٨٩٩ک/١٤٩٤ز) (عەلی کوڕی شێخ حەیدەر) لەگەڵ (٣٠٠) کەس لە لایەنگرانی ڕوبەڕویان بوونەوە، لە ئەنجامدا (عەلی) و لایەنگرانی توشی شکستبوون، وخودی (عەلی) کوژرا، پاشان تەرمەکەیان گەڕاندەوە (ئەردەبیل) و لەوێ بەخاک سپێردرا [٤].

لەژێر چاودێری سۆفییەکاندا هەردوو کوڕەکەی (شێخ حەیدەر) کە ئەوانیش(ئیبراهیم و (ئیسماعیل) ) بوون، گەڕێنرانەوە (ئەردەبیل) و پاشان بەشێوەیەکی نهێنی گەیەنرانە (گیلان)، و پاش ماوەیەک لەکاتی گەڕانەوەی (ئیبراهیم) لە نزیک (ئەردەبیل) دەکوژرێت[٥]، وبەڵام (ئیسماعیل) لە ناوچەی (گیلان) دەمێنێتەوە چاوەڕێی کاتی گونجاو دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ (ئەردەبیل).

لەم کاتەدا تەریقەتی سەفەوی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە ببێتە بزووتنەوەیەکی ئاینی سیاسی ئەوەندە بەهێز کە بەکوژرانی یەک لە دوای یەکی سەرکردەکانی لەناو نەچوو، بەڵکو زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست[٦]، لەلایەکی ترەوە ڕەووشەکە

---

[١] قاضی احمد تتوی و اصف خان فزدینی: تاریخ الفی تاریخ ایران و کیشورهای همسایه درسال های ٨٥٠-٩٨٤، بەکوشش: سید علی ال داود، انتشارات فکرروز، تهران، ١٣٧٨، ص٣١٩ ؛هروی: فتوحات شاهی ص٦٦-٧٠.

[٢] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٣، ص ٤٤١ ؛ مولف ناشناخته، عالم ارای صفوی، ص ٣٦.

[٣] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٢٣ ؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص ٤١.

[٤] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٣، ص ٤٤١ ؛ مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص٢٤.

[٥] ابوالحسن بن ابراهیم قزوینی: فوائید الصفویه ؛تاریخ سلاطین وامرای صفوی پس از سقوط دولت صفویه، تصحیح: مریم میر احمدی، چ١، مؤسسة مطالعات وتحقیقات فرنگی، تهران، ١٣٦٧، ص٦.

[٦] نەوشروان مستەفا ئەمین: کوڕدو عەجەم مێژوی سیاسی کوڕدەکانی ئێران، چ٣، چاپخانەیێ ڕون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ص١٥.

بواری رەخساند بۆ شا (ئیسماعیل)دوای کوژرانی عەلی برای ببێتە ڕێبەری تەریقەتی سەفەوی، لەلایەکی دیکە نەبوونی دەسەلاتێکی ناوەندی بەهێز لە ئێراندا لەئەنجامی ململانێی ناوخۆیی ناو بنەماڵەی (ئاققۆینلۆ) وهەبوونی دەسەلاتی عوسمانی لە خۆرئاوا و دەسەلاتی ئۆزبەکی لە خۆرهەلات، کە دوو دەسەلاتی بەئاینزا سوننی بوون، لە هەر ڕەوشێکدا ئەگەری هێرشکردنیان بۆسەر ئەوناوچانە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو بوو، لە ڕەوشێکی لەم جۆرەدا ناوچەکانی ئێران پێویستیان بە دەسەلاتێکی بەهێز بوو تاکو بتوانێت سنورەکانی پارێزراو بکات.

## باسی سێیەم: (ئیسماعیل)و گەیاندنی بنەماڵەی سەفەوی بە دەسەڵات (٨٩٢-٩٠٧ک/١٤٨٧-١٥٠١ز).

### یەکەم: پێگەیشتنی (ئیسماعیل)لە (لاهیجان) (٨٩٩-٩٠٥ک/١٤٩٣-١٤٩٩ز).

لەپاش کوژانی (شێخ حەیدەر) و دووان لە کوڕەکانی، ئەوەی مایەوە تەنها (ئیسماعیل) کوڕە بچوکی (شێخ حەیدەر) بوو، (ئیسماعیل) ساڵێک پێش کۆچی دوایی باوکی و لە ساڵی (٨٩٢ ک /١٤٨٧ز) لەدایکبووە[١]، لە ڕەوشێکی خراپی لەوجۆرەدا کە بەسەر بنەماڵەی سەفەوی و کوڕەکانی شێخ (شێخ حەیدەر) دا هات (ئیسماعیل) )ی کوڕی لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بووە سەرپەرشتیاری گشتی و شێخی تەریقەتی سەفەوی[٢].

لەدوای ئەوەی لەسەردەستی موریدەکانی باوکی، کە لە شێوەی ڕێکخراوێکی ئاینی تایبەت بوون، گەیەنرایە (لاهیجان) کە وەک پەناگەیەکی نهێنی بوو بۆ پەنادانی (ئیسماعیل)، ئەمانە ئەندامەکانی بەشێوەیەکی گشتی لە حەوت هۆزی تورکمانی ناوچەکە پێکهاتبوون، ئەوکاتە کە (ئیسماعیل) گەیەنرایە (لاهیجان) تەمەنی تەنها (٧)ساڵبووە، ماوەی (٦)ساڵ لە(لاهیجان) مایەوە، لە ژێر سەرپەرشتی (شێخ شەمسەدین لاهیجی[٣])، فێری زانستی قورئان و یاساکانی دین و زمانەکانی فارسی و عەرەبی بووە [٤]، و هەرلەو تەمەنەدا بنەماکانی بیرکاری و ئەستێرەناسی و حیکمەتی فێرکراوە[٥]، لەسەر دەستیان پەروەردەیەکی باش کرا لە بوارەکانی بنەماو حوکمەکانی ئایینزای شیعە، هەروەها لە ژێر دەستیاندا فێری هونەری جەنگی و ڕاوکردن و بەکارهێنانی چەک کراوە، ئەو مامۆستایانەی (ئیسماعیل) ڕۆڵێکی گرنگیان بینیووە لە گەورە نیشاندانی پێگەی دینی (ئیسماعیل) لە ناو خەڵکیدا، لە ڕێگەی دروستکردنی چیرۆکی جۆراوجۆر، جارێک ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە ئاژەڵێکی زەبەلاحی کوشتووە، جارێکی دیکە باسی ئەوەیان دەکرد

---

[١] زاهدی: سلسلة النسب صفویه، ص٦٧ ؛ خواندمیر: تاریخ شاه ایسماعیل و شاه طهماسب صفوی(ذیل تاریخ حبیب السیر)، تصحیح: محمد علی جراحی، چ١، انتشار نقش جهان، تهران، ١٣٧٥، ص٣٠.

[٢]ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١,ص٢٥، هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص١٢١.

[٣] شێخ شەمسەدین لاهیجی سۆفی و فەقێ بوە لە تەریقەتی نوربەخشی، لە(لاهیجان) لەدایک بوە، یەکێک بوە لە مامۆستاکانی شاسماعیل، زیاتر لە ٩٠ ساڵ تەمەنیکردوە، و لەساڵی ٩٥٧ ک/١٥٥٠ز لە شیراز کۆچیدوایکردوە، خاوەنی چەند بەرهەمێکی نوسراو بوە، کریگەری هەبوە لەسەر ئەودەسەڵات دارانەی لەپاش کۆچی شاه اسماعیل هاتوون. جورج طرابیشی: معجم الفلاسفة(الفلاسة-المناطقة-المتكلمون-الاهوتیون- المطصوفون)، بیروت، ١٩٨٧، ص٥٢٢-٥٢٣.

[٤] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٠١ ؛ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی, ج١، ص ٢٦.

[٥] روملو: احسن التواریخ، ج٢، ص١٩٠ ؛ هینتس: تشکیل دولت ملی در ایران ,ص١٠٨.

پەیوەندی ڕوحی نێوان (ئیسماعیل) و ئیمامی عەلیدا هەیە [1]، هەتا بتوانن لەم ڕێگەیەوە خەڵکانێکی زیاتر لە دەوری کۆبکەنەوە و پیرۆزی بکەن .

لەم ماوەیەدا بەردەوام خەڵکی سەردانیان دەکرد، تا چاویان بە شێخەکەیان بەکەوێت، بەڵام بەشێوەی نهێنی و ژمارەی کەم، هەتاوەکو (ڕۆستەم بەگ) ی ئاققۆینلو هەست نەکات بە گرنگی پێگەی لە نێو لایەنگرانیدا، هەرچەندە (ڕۆستەم بەگ)دەیزانی (ئیسماعیل) خۆی لە کوێ حەشار داوە، بەڵام (کارکیان عەلی) ی دەسەڵاتداری (لاهیجان) ڕەتی کردووتەوە کە لە لای ئەوەوە پەنا درابێت[2].

پاش شەش مانگ ڕۆستەم بەگ لە ڕێگەی سیخوڕکانیەوە جارێکی دیکە هەواڵی ئەوەی پێگەشت کە لە لای (کارکیان عەلی) داڵدە دراوە، لەبەر ئەم هۆکارە (ڕۆستەم بەگ) هەڕەشەی لە (کارکیان عەلی) کردووە، و پێیڕاگەیاندووە پێویستە (ئیسماعیل) ڕادەست بکات، و بۆ ئەم کارە (کارکیان عەلی) ڕەتیکردوەتەوە[3]، لە بەرامبەردا (ڕۆستەم بەگ) بڕیاریداوە، سوپایەکی (٣٠٠) کەسی ڕەوانەی (لاهیجان) بکات کە لە لایەن (قاسم بەگ برناک ترکمان) سەرکردایەتی کراوە، ئەم هێرشە بۆ سەر (گیلان) بووەتە هۆی کوشتنی ژمارەیەک کەس ، سەرەنجام (کارکیان عەلی) بیری لە فێڵێکی کۆن کردووەتەوە، و(ئیسماعیل) خستووەتە ناو سەبەتەیەک و بەدارێکەوە هەڵیواسیووە، تا بتوانێت سوێند بخوات لەسەر خاکی (گیلان) نیە[4]، بەڵام (ڕۆستەم بەگ) باوەڕ بە (کارکیان عەلی) ناکات ، و بڕیار دەدات خۆی هێرش بکاتە سەر (لاهیجان)، بەڵام (ڕۆستەم بەگ) ئەم کارەی بۆ ناچێتە سەر، دوای ماوەیەک لەساڵی (٩٠٢ک/١٤٩٦ز) (ڕۆستەم بەگ) مردووە[5]، ئەمەش بواری لە بەردەم (ئیسماعیل) کردووەتەوە کە بکەوێتە ڕەوشێکی ئارامترەوە و پاش شەش ساڵ دوای کۆچی دوایی کردنی (ڕۆستەم بەگ) دەوڵەتەکەی ڕابگەیەنێت.

ماوەی مانەوەی لە (لاهیجان) بەگرنگترین سەردەمەکانی (ئیسماعیل) دێتە هەژمار بۆ بنیاتنانی کەسایەتی لە داهاتوودا، چونکە بەشێک لەو کارانەی ئەنجامی دەدا بۆ چەسپاندنی

---

[1] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٠٣-١٠٧ ؛ حسن الامين: مستدركات اعيان الشيعيه، ج٦، بيروت ,ص٣٦.

[2] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٠٣-١٠٥؛ نوايى و غفارى فرد: تاريخ تحولات سياسى اجتماعى...، ص٥٧.

[3] مؤلف ناشناخته: عالم ارای صفوی، ص٤٢.

[4] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص ١٠٦؛ هينتس: تشكيل دولت ملى در ايران ,ص١٢٥؛نوايى و غفارى فرد: تاريخ تحولات سياسى اجتماعى...، ص٥٨.

[5] روملو: احسن التواريخ، ج٢، ص٩٠٧.

دەسەڵاتەکەی لە ژێرکاریگەری پەروەدەی(لاهیجان)دا بوون[١]، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین کاریگەری ڕەوشی خێزانی (ئیسماعیل) پشتگوێ بخەین لە دروست کردنی کەسایەتی.

دایکی (ئیسماعیل) کە ناوی حەلیمە بێگم (مارتا) کچی (ئۆزۆن حەسەن) و(کاترینا ترابزۆن)ی بوو[٢]، کاترینا نەنکی شا (ئیسماعیل) ) بەمەرجی ئەوە شوی بە (ئۆزۆن حەسەن) کردووە کە ئازادبێت لە پەیڕەوکردنی ئاینەکەی خۆی کە (مەسیحی) بوو، بەم مەبەستەش کاتێک وەک خێزانی (ئۆزۆن حەسەن) هاتە جیهانی ئیسلامی، چەند قەشە و موژدەدەرێکی ئاینی مەسیحی لەگەڵ خۆی هێناوە، لەوێ کڵێسای دروست کردوە و پیڕەوی ئاینی خۆیکردوە، کاتێک کە (ئۆزۆن حەسەن) دەستی بەسەر (تەبرێز)داگرت و گەورەترین بەشی ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، (کاترینا) کەنسەیەکی لە (تەبرێز) دروست کردووە، و قەشە و موژدەدەری لەگەڵ خۆی هێناوەتە (تەبرێز)، ئەو ئایندارێکی مەسیحی لێهاتو زیرەک بووە، کاتێک کوڕەکەی لەدایکبووە ناویناوە، (مەقسود) بەهیوای ئەوەی کە ئەم کوڕەی لەداهاتودا ببێتە شای ئێران [٣]، و لەگەڵ خۆیدا (مارتا)ی کچی فێری ڕێوڕەسمە ئاینداریەکانی مەسیحی کردوە و هەموو ڕۆژانی یەک شەممەیەک لەگەڵ خۆیدا بردوەتە کڵێسە بۆ خوداپەرستی [٤].

مارتای هێشتا منداڵبووە کە عوسمانیەکان دەستیان بەسەر (تەرابزۆن)دا گرتوەو خانەوادەی دایکیان لە (تەرابزۆن) کۆمەڵکوژ کردووە، دواتر باوکی مردووە و براکەشی کوژراوە، و پاش چەند ساڵێک هاوسەرەکەی کە دەکاتە (شێخ حەیدەر) دەکوژرێت و سەرەبڕاوەکەی بە کۆڵانەکانی (تەبرێز)دا هەڵواسراوە[٥]، دواتر هەریەک لە کوڕەکان (عەلی و ئیبراهیم) کوژراون[٦]، دوای ئەو چەند ساڵەی زیندانی و ڕاکردنە خۆی و(ئیسماعیل)ی کوڕی بەتەنها ماونەتەوە، شتێکی سروشتیە ئەم ڕوداوە تاڵانە کاریگەریان لە سەر (مارتا) هەبوبێت، گیانی تۆڵەسەندنەوەیان تێدا چاندبێت، پەروەردەی (ئیسماعیل) )ی بەشێوەیەک کردبێت، کە تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە ئەوڕەوشانە یان بەسەر بنەماڵەکەیدا هێناوە.

دیارە ئەو دەسەڵاتانەش بونە هۆی ئەوەی کە باوک و باپیرانی (ئیسماعیل) بەرەو ئەو چارەنوسە بەرن، دەوڵەتی عوسمانی و ئاققۆینلوەکان بوون، کە هەردوکیان دەسەڵاتی سوننی بوون، و بنەماڵەی (ئاق قۆینلو)خزمی نزیکی (ئیسماعیل) بوون کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی

---

(١) پیتەر جکسون ولۆرنست لاکهارت:، ج٦، قسمت ٢، چ١، ص١٨-١٩.

(٢) ا هروی: فتوحات شاهی، ص٤٨.

(٣) امیر حسین خنجی: تاریخ شاه اسماعیل صفوی (ارمغان واوران تشیع)، ص٥٨.

(٤) هەمان سەرچاوە،ص٥٨.

(5) Douglas E.Streusand: Islamic Gunpowder Empires, Westview Press,2011, P.123.

(٦) قزوینی: فواید الصفویه، ص٦.

سرینەوەی ئاسەواری (شێخ حەیدەر) یان دەدا، دەکرێت ئەمە وایکردبێت کە (ئیسماعیل) هیچ متمانیەکی بەکەس نەبووبێت وببێتە کەسێکی دڵڕەق.

هەر بۆیە دەکرێت لەنێوان ساڵانی (٨٩٩_٩٠٥ک /١٤٩٣_-١٤٩٩ز) کە سەردەمی پەروەردەو پێگەیشتنی (ئیسماعیل) بووە لە (لاهیجان)[١]، بەردەوام گوێبیستی چیرۆکی ڕوداوی کوژرانی (حوسەین کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالیب) لە کەربەلا و چەوساندنەوەی ئیمامەکان لە لایەن دەسەڵاتدارە سوننەکان، لە هەمان کاتدا ئاگاداری چیرۆکی باوک و باپیرانی بوبێت، ئەمەش جۆرێک لە هاوشێوە بوون هێناوەتە ئاراوە کە نێوان ئەم دوو چیرۆکەدا، و کە ئەمەش دێرێکی درێژی لە مێشکی منداڵیدا دروست کردووە کە سوننەکان ڕوبەڕوی کەسانی وەک (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) و (حوسەین) و (شێخ جونەید) و (شێخ حەیدەر) بونەتەوە، هەستی شەڕنگێزی و تۆڵەسەندنەوەی (ئیسماعیل) بەرامبەر سوننە لێرەوە سەرچاوە گرتبێت[٢]، ئەمەش وایکردوە لەسەراتاکانی تەمەنی ئارەزوی بۆ چەک و ڕاوکردن بۆ دروست ببێت و سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەماڵی (کارکیان عەلی) بەردەوام تیرو کەوانی بەدەستەوەگرتووە[٣].

سەرچاوە سەفەویەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە چەند جارێک (ئیسماعیل) داوای ئەوەیکردوە کە پێویستە شۆڕشەکەی ئاشکرا بکات و لە (لاهیجان) و (گیلان) دەربچێت، بەڵام (کارکیان عەلی) ڕێگری لێکردوە بەبیانوی ئەوەی کاتی گونجاو بۆ ئەوکارەی نەهاتووە، (ئیسماعیل) تەمەنی کەمە، پێویستە چاوەڕێ بکات تاکو قۆناغێکی گونجاو دێتە پێشەوە [٤].

یەکەم کاری بریتی بو لە ناساندنی ئاینزای دوانزە ئیمامی شیعە، و دەستی کردووە بە بانگەشە لەم پێناوەدا، و هەوڵیداوە خۆی بە جێگری ئیمامی زەمان بناسێنێت، لە ناوچەی (گیلان)ەوە ئەوە بڵاو کراوەتەوە، کە (ئیسماعیل)بە ئیمام زەمان گەیشتووە، لە لایەن ئەوەوە فەرمانی ئەوەی پێکراوە کە ئاینزای دوانزە ئیمامی شیعە پەیڕەو بکات و شۆڕشەکەی بەرپا بکات[٥].

ناوەڕاستی مانگی (موحەڕەمی٩٠٥ ک/ ئابی ١٤٩٩ز) ئەو کاتە گونجاوە بوو کە چاوەڕێ دەکرا، (کارکیان عەلی) ڕازی بووە بەوەی (ئیسماعیل) بچێتە دەرەوەی (لاهیجان)، ئەوکاتە

---

[١] علي مؤيد: الدولة الصفوية دور المذهب في العلاقات الدولية، انكى للنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٢٠، ص٦٢.

[٢] ملكم: تاريخ كامل ايران، ص٣٣٩-٣٤١.

[٣] مؤلف ناشناختە: عالم آراى صفوى، ص٤٥.

[٤]. روملو: احسن التواريخ، ج٢، ص٩٣٤، مؤلف ناشناختە: عالم آراى صفوى، ص٤٥، برزگر: تاريخ تحولات سياسى اجتماعى...، ص٤٩.

[٥] خواندمير: تاريخ حبيب السير، ج٤، ص٤٤٨.

(ئیسماعیل) تەمەنی کەمتر لە (١٤) ساڵ بوو[١]، بەم مەبەستە لە سەرەتا ڕوی کردە (طارم) ، پاشان چووە (خاڵخاڵ)، دواتر ڕۆشتوەتە (گیو)،کە ئەمانە ناوچەی هاوسنوری خۆرئاوای گیلان بوون،بەڕوی تەبریز و شرواندا، لەوێ بۆ ماوەی مانگێک لەماڵی کەسێک بەناوی (موزەفەرشا)ماوەتەوە[٢]، دوای ئەوەی خۆی ئامادە کردووە بۆ شۆڕشەکەی لەناوچەی (گیلان)، لەو باوارەدا بوو کە ناتوانێت ڕاستەو خۆ بڕوواتە (ئەردەبیل) چونکە هێشتا ئەوەندە بەهێز نەبو بتوانێت ئەم کارە بکات.

پاشان (محمد بەگی تورکمان)ی ئامۆژگاری کردووە کە بەرە و ناوچەی (تالش) لە کەناری دەیای (خەزەر) بچێت، و لەوێ بمێنیتەوە، بەڵام بەنزیکبوونەوەی لەو ناوچەیە هەواڵی پێگەیشتووە کە پلانی دەستگیرکردنی لە ئارادایە، چونکە (ئەلوەند میرزا)ی ئاق قۆینلو، بە دەسەڵاتداری( تالش و خالخال و ئەردەبیلی) ڕاگەیاندبوو، پێوەستە ڕادەستی بکەن، لەبەرامبەردا (فەرخ یەسار)ی (شروان) شا بڕی (١٠٠٠) تمەن پاداشتی بۆ تەرخان کردوون [٣].

پاشان ڕوی لە ئەرزنجان کردووە[٤]، بەرەو ناوچەکانی ئاسیای بچوک ڕۆیشت، چونکە لەوێ ژمارەیەکی باش، لە پەیڕەوکارانی تەریقەتی سەفەوی هەبوون، وەدەی توانی لەشکرێکی بەهێزتر پێکبهێنێت، بەگەیشتنی (ئیسماعیل) لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە پێشوازی لێکراوە، کەسێک بەناوی (قاسم شا) نزیکەی (٤٠) سەر لە مەڕکانی بۆ پێشوازی(ئیسماعیل) سەردبڕێت، ئەمەش دەرخەری گەورەیی پێگە وپلەی (ئیسماعیل) بووە[٥].

(ئیسماعیل) ویستوویەتی بگەڕێتەوە (ئەردەبیل)، بەڵام بۆ ئەم کارە پرسیاری لە دایکی کردووە، و دایکی ئامۆژگاریکردووە، لەم کاتەدا ژمارەیەکی زۆری موریدەکانیان بە بۆنەی زستانەوە، گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، و لەم بارەشدا سەرکەوتوو نابێت[٦].

---

[١] عبدالعظیم رضائی: تاریخ ده هزار ساله ایران، ج١، چ١٠، انتشارات اقبال، تهران، ١٣٧٨، ص٣١٠.

[٢] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٢٠.

[٣] مؤلف ناشناخته: عالم آرای صفوی، ص٥٤ ؛ مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٢٢ ؛ خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٣، ص ٤٤١

[٤] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٢٤.

[٥] روملو: احسن التواریخ، ج٢، ص٩٣٥؛ مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٢٢.

[٦] مؤلف ناشناخته: عالم آرای شاه اسماعیل، ص١١٤.

## دووەم: پێکهێنانی سوپا و دەستپێکردنی هەنگاوەکانی دامەزراندنی دەوڵەت.

(ئیسماعیل) بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر (شروان) بەهۆکاری ئەوەی دەسەڵاتی (شروان) لاوازتر بوو، دەیتوانی هێزی خۆی تاقی بکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە دەویست تۆڵەی باوک و باپیری بکاتەوە کە بەدەستی فەرمانڕەواکانی ئەم ناوچەیە کوژرابون، ئەمە بێجگە لەوەی دەبوونە خاوەن هێزێکی ئابووری گرنگ لەو غەنیمەتەی دەستیان دەکەوت، دەبووە هۆی بەهێزکردن بزووتنەوەکەی [1]،بەڵام ئەو هێزەی لەگەڵیدا بوو کەم بوو، چونکە ئەو ماوەیەی لە گوندی (ئەرجوان) بەسەری بردبوو لە زستاندا، تەنها (٣٠٠ )سەربازی بۆ هێشتبووەوە، لە بەرئەوەش کە گەیشتە بەهار ناچار بوو داواکاری بنێرێت بۆ تەواوی ناوچەکانی (ئاناتولیا) و شام و ناوچەکانی دیکە تاکو بتوانێ موریدەکانی کۆبکاتەوە[2]، ماوەیەک چاوەڕێیکرد تاکو ئەو کاتە زۆرینەی موریدەکانی پەیوەندیان پێوەکرد، لەم ماوەیەدا بەنهێنی سەردانی (ئەردەبیل) و سەردانی خانەقای باب و باپیرانیکرد، لەوێش چاوی بە دایکی کەوتووە و مۆڵەتی لێوەر گرتووە بۆ ئەوەی هێرشی سەر (شروان) بکات [3].

لە پاش پێکهێنانی لەشکرێکی گەورە، پاشان بۆ ئەوەی دیدگای خۆی بەسەر شوێنکەوتووەکانیدا بسەپێنێت شەوی پێش هێرشەکە پەنای بردە بەر نوێژی (ئیستیخارە)، و ڕایگەیاندووە کە خودا ئیلهام بەخشە بۆ ئەوەی بۆ ئامانجەکانی هەنگاو بنێت[4]، پاشان بە (٧) هەزار کەس کە لەسەر خواستی خۆیان بەشدار بوون، بەمەبەستی شەڕکردن لەگەڵ فەرمانڕەوای (شروان) کەوتنەڕێ، بۆ گەیشتن بە ناوچەی مەبەست پێویستبوو، سوپاکەی ڕوباری (کوڕ) بپەڕێتەوە ، بەڵام وادیارە سوپاکەی ترساون لە تیژڕەوی و خێرایی ڕوبارەکە، (ئیسماعیل) خۆی بە ئەسپەکەی چووە ناو ڕوبارەکە تا هەموو سوپاکەی بەبێ هیچ قوربانیدانێک لەمانگی جمادی ئەوەلی لەساڵی (٩٠٦ ک/ ئۆکتۆبەری١٥٠٠ز) ڕوبارەکە پەڕیونەتەوە[5].

پاشان (ئیسماعیل) بە خۆیی و سوپاکەیەوە ڕویان لە ناوچەی (شەماخی) کرد، لەڕێگادا زانی کە (فەرخ یەسار) لە ناوچەکە خۆی ئامادەی شەڕ کردووە بە خۆیی و سوپایەکی (٢٠)هەزار سوارەو (٧) هەزار پیادەوە، پاشان (فەرخ یەسار) لەوێوە پاشەکشەیکرد بۆقەڵای گوڵستان [6]،

---

[1] خواندمیر: ذیل تاریخ حبیب السیر، ص٥٤ ؛ روملو: احسن التواریخ، ج٢، ص٩٥٥.

[2] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٣٩.

[3] غلام سرور: تاریخ شاه اسماعیل صفوی، ترجمە: محمد باقر ارام و عباس قلی غفاری فرد، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، ١٣٧٤، ص٣٥.

[4] روملو: احسن التواریخ، ج٢، ص٩٥٥؛ خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٥٥.

[5] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٥٦. روملو: احسن التواریخ، ج٣، ص٩٥٥.

[6] خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، ص٤٥٧.

(ئیسماعیل) به سوپایەک کە زۆرینەیان پیادەبوون گەمارۆی قەڵاکەیانداوە، و سوپاکەی دابەشکرد، بەشی لای ڕاست بەسەرکردایەتی (خێڵی شاملو) و بەشی لای چەپ بەسەرکردایەتی (ئیستاجلو) لە ناوەڕاست و پێشەوە خۆی سەرکردایەتی هۆزەکانی (تکلو، ڕوملو و زیلقەدر)ی کردووە[1].(ئیسماعیل) و لایەنگرانی بۆ ماوەیەکی درێژ شەڕیانکرد، بەشداریکردنی (ئیسماعیل) لەمەیدانی جەنگدا هۆکارێکبوو بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سوپاکەی ، توانیان ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی (فرخ یەسار) بکوژێت، و ناچار بە هەڵاتنی بکات و قزڵباشەکان دوایکەوتن و (فرخ یەسار) یان کوشت و کەللە سەرەکەیان بردە بەردەم شا (ئیسماعیل)و فەرمانیکرد کە لاشەی (فرخ یەسار) بسوتێنن[2]، (ئیسماعیل) فەرمانی کرد ئەو غەنیمەتانەی کە قزل باشەکان کۆیان کردوەتەوە فڕێ بدەنە ناو ڕوباری (کوڕ) لە ناویشیاندا ئاژەڵی سواری وەک ئەسپ و هێستر و حوشتر هەبون[3]، دیارە دواتریش (ئیسماعیل) بەردەوامبووە لەم کارە، چونکە دەیزانی زۆربەی شوێنکەوتوانی فەقیر و هەژارن، ئەگەر ئەم غەنیمەتانە دابەشبکرێت ئامانجەکانیان بیە دەچێتەوە، تا ئەم دەسکەوتانە نەبنە هۆکاری شکست بۆ سوپاکەی، دەیتوانی لەم ڕێگەیەوە وا لە قزلباشەکان بکات بەردەوام بن لە هێرشکردنە سەر دەسەڵاتدارەکانی دیکە.

هۆکاری شکستی (فەرخ یەسار) بەرامبەر (ئیسماعیل) بۆ ئەو بێ سەروبەرەی و نارێکخراوی سوپاکەی (فەرخ یەسار) دەگەڕێتەوە[4]، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بوترێت قزلباشەکان لە سەردەمی (شێخ جونەید) و (شێخ حەیدەر) و (عەلی) کوڕی (شێخ حەیدەر)، شەڕیان کردبوو، ببووە ئەزمونێکی باش بۆیان، دەیانزانی دەبێت بە وریایەوە شەڕ بکەن و مامەڵە لەگەڵ ڕەووشەکە بکەن.

دوای ئەوە توانی سەربکەوێت بەسەریدا، (ئیسماعیل) توانی بە کوشتنی (فەرخ یەسار) تۆڵەی باوک و با پیری وەربگرێتەوە لە هەنگاوەکانیدا زۆر بە دڵڕەقی هەڵسوکەوتی کردووە، تەرمی فروخ یەساری سوتاندووە و گۆڕی دەسەڵاتدارەکانی شروانیی تێکداوە و پاشان تەرمی (خەلیلی) باوکی (فەرخ یەسار)ی دەرهێناوە لە گۆڕکەی و سوتاندوویەتی و تاوەرێکێشی لە کەللەسەری کوژراوەکان دروستکردووە[5]، پاشان هەواڵی پێگەیشت کە (ئیبراهیم)ی کوڕی (فرخ یەسار) ماوە لە ناوچەی(شەماخ)، هێرشی کردە سەری و ناچاری کردووە بە هەڵاتن بەرەو

---

[1] مؤلف ناشناختە: عالم آرای شاه ایسماعیل، ص٥٢ ؛ مؤلف ناشناختە: جهانگشای خاقان، ص١٢٦..

[2] مؤلف ناشناختە: جهانگشای خاقان، ص١٤٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ص١٤١.

[4] محمد جمالی: تشکیل دولت صفوی...، ص١٢٥.

[5] مؤلف ناشناختە: جهانگشای خاقان، ص١٤١.

(گیلان)، پاشان یەک لەدوای یەک قەلاَکانی(مەحمود ئاباد و باکۆی) دەستبەسەردا گرتووە و گەنجینە پرداهاتەکانی (فەرخ یەسار)ی بە تالاَنبردووە[1].

سەرکەوتنی (ئیسماعیل)لە (شروان) دەسپێکێکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت دەست بەسەر ناوچەکانی دیکەدا بگرێت، چونکە توانی هێزی خۆی تاقی بکاتەوەو نیشانی نەیارەکانی بدات بەوەی کە خاوەن هێزێکی کاریگەرە، لە هەمانکاتدا لەو قۆناغە تێپەڕیکرد کە باوک و باپیری لە ناوچەی (شروان) پێشتر شکستیان خواردبوو.

## سێیەم: دامەزراندنی دەوڵەت و سەپاندنی ئایینزای دوانزە ئیمامی.

لە پاش سەرکەوتنی (ئیسماعیل)بەسەر دەسەلاَتداری ناوچەی (شروان)دا، (ئەلوەند میرزا) دەسەلاَتداری (ئاق قۆینلو) لە ناوچەی (ئازەربایجان) پیرۆزبایی لێکرد، پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و بەناوی ئەوانەوە ناوچەکە بەڕێوە بەرێت، بەلاَم (ئیسماعیل) لە وەلاَمدا بۆی نوسیووە ((هەتا گیانم هەبێت و بتوانم لە ڕێگەی دیندا شمشێر هەڵ بگرم، و حەق بگەڕێنمەوە جێگەی خۆی، بەردەوام دەبم، داواتان لێ دەکەم زمانتان بە زیکری کەلیمەی پاکی (علی ولی الله) ڕابهێنن، تا بتوانن دەسەلاَتەکەتان سەرکەوتو بەردەوام بکەن)) [2].

ئەم وەلاَمەی (ئیسماعیل) بە دڵی (ئەلوەند میرزا) نەبووە، ئەمەش وایکردووە ململانێی بکەوێتە نێوانیان، ئەم ململانێیەش بەردەوامبووە، (ئەلوەند میرزا) سوپایەکی لە دو قۆڵەوە ناردووە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە دەستی (ئیسماعیل) و لایەنگرانی هەتاکو لە کۆتاییدا لە ساڵی (٩٠٦ک/١٥٠٠ز) لە شەڕێکدا لە ناوچەی (شروان) (ئیسماعیل)سەرکەوت بەسەر (ئەلوەند میرزا) [3].

(ئیسماعیل) ) بڕیاریدا کە بەدەم داواکاری خەڵکی (تەبرێز)ەو بچێت کە داوایان کردبوو لە ژێر ستەم وزۆری دەسەلاَتی (ئەڵوەند میرزا)ڕزگارییان بکات[4]، لەپاش ئەوەی کە (ئەلوەند میرزا) لاسەنگی سوپاکەی بینی لە ئاستی بەهێزیی ((ئیسماعیل) )دا، ویستی ئەوەی هەبووە لە ڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵی ڕێکبکەوێت، بەلاَم (ئیسماعیل) وەلاَمی داوەتەوە بەوەی کە مەرجی

---

[1] نظام الدین مجیر شیبانی: تشکیل شاهنشاهی صفوی، احیاء وحدة ملی، انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٤٥، ص٨٦.

[2] مؤلف ناشناخته: جهانگشای خاقان، ص١٣٥-١٣٦ ؛اسماعیل وکیلی آذربایجان پیش از تاریخ وپس ازآن، از پش از تاریخ تا انقراض صفویه، کتاب خانه تخصص انتساب، تهران، ١٣٤٢، ص٢٧٧.

[3] حمید رضا صفاکیش: صفویان درگزرگاه تاریخ، چ١، انتشارات سخن، تهران، ١٣٩٠، ص٥٨.

[4] روملو: احسن التواریخ، ص٩٧٤.

سەرەکی ئەوەیە باوەڕ بە ئاینزای شیعە بهێنێت و لە هەموو مزگەوتەکان وتار بەناوی ئەوەوە بخوێنرێتەوە و دراویش هەر بەناوی ئەوەوە لێبدرێت، ئەگەر وانەکات مەیدانی جەنگ چاوەڕوانیان دەکات[١].

ئەگەر لەم وەڵامەی (ئیسماعیل) وورد ببینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە هیچ شێوەیەک ئامادەی ڕێکەوتن نەبووە، بەڵکو تەنها ویستویەتی دوژمنەکەی ناچار بکات بچێتە شەڕەوە، ئەگەر نا ئەو مەرجانە بەواتای ملکەچبوون دێن لە ڕوی سیاسی و ئاینیەوە.

بەدڵنیایەوە لە ڕەوشێکی لەم شێوەدا (ئەلوەند میرزا) مەیدانی شەڕ هەڵدەبژێرێت، دواتر هەردوولا سوپایان پێکهێنا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی یەکتر، و سەرەنجام سوپاکەی (ئیسماعیل)سەرکەوت و (ئەلوەند میرزا) ناچار بە هەڵاتنکرا بۆ دیاربەکر، هەر ئەم سەرکەوتنەش وایکرد (ئیسماعیل) لە ساڵی (٩٠٧ک/١٥٠١ز) هاتە سەر تەختی دەسەڵات ئێران[٢].

ئەم سەرکەوتنانەی شا (ئیسماعیل)بە ڕێژەیەکی زۆر پەیوەست بوو بە بەژداریکردنی خودی خۆی میدانی جەنگەکاندا، تەنانەت دەوترێت یەکەمجار لە شەری بەرامبەر (ئەلوەند میرزا) تفەنگی بەکارهێناوە[٣]، و لە تەکنیکی شەڕەکانیشدا زۆر سودی لە ئەزموونی شکستی باوک و باپیری وەر گرتووە و بەوردی پلانەکانی جێبەجێ کردوە.

کاتێک شا (ئیسماعیل)دەسەڵاتی (تەبرێز)ی گرتەدەست، تەواوی ناوچەکانی دیکە پارچە پارچەو لە ژێردەسەڵاتی بنەماڵە جیاجیاکاندا بوون، هەمویان سەبەخۆییان ڕاگەیاندبوو، شا (ئیسماعیل)بەتەنها (تەبرێز) وچەند ناوچەیەکی بەدەستەوە بوو، ناوچەکانی خۆرئاوا باشوری خۆرئاوا (سوڵتان مراد)ی (ئاق قۆینلو) بەشێکی فراوانی ناوچەکانی عراقی عەجەمی بەدەستەوە بوو، لە ناوچەکانی عیراقی عەرەبی (باریک بەگ برناک) دەسەڵاتدار بوو، (کازم بەگ) ناوچەی (دیاربەکر)ی بەدەستەوە بوو، لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئێران و خۆراسان، (سوڵتان میرزا ) تەیموری، لە کرمان (ئەبولفەتح بایندەر) حکومڕانی دەکرد[٤].

ناوچەکانی ناوەوەی ئێرانیش چەند دەسەڵاتێکی بچوکی تێدابوو، بەڵام دوژمنی سەرەکی شا (ئیسماعیل)(سوڵتان موورادی) ئاق قۆینلو بوو کە لە ناوچەکانی فارس دەسەڵاتدار بوو، پاشان شا (ئیسماعیل)لە ساڵی(٩٠٨ ک/١٥٠٢ز) هێرشیکرد سەر شاری (شیراز)[٥]، و (سوڵتان موراد)ی

---

[١] غفاری: تاریخ جیهان آرا، ص٦٨.

[٢] عبدالله رازی: تاریخ کامل ایران از تاسیس سلسه ماد تا عصر حاضر، چ٤، چاپخانه اقبال، تهران، ١٣٤٧، ص١١٣.

[٣] الحسینی: تاریخ الچی نظام شاه، ص١٧-٤٨.

[٤]برزگر: تاریخ تحولات سیاسی...، ص٥١.

[٥] القمی: خلاصة التواریخ ,ص٧٧.

ناچار بەهەڵاتن کرد بۆ (بەغداد)، پاشان شا (ئیسماعیل)بەرەو (کاشان) و دواتر (قوم) و ڕۆیشت و تاکو بەهاریساڵی ٩٠٩ ک لە(قوم) مایەوە [١]، هەر لە هەمان ساڵدا بەرەو(مازەندەران) هێرشی برد و پاش گەمارۆدانی قەڵاکانی (گلخندان و فیروزکو)، دەستی بەسریانداگرت [٢].

شا (ئیسماعیل)لە نێوان ساڵانی(٩٠٩_٩١٢ک/١٥٠٣_ ١٥٠٦ز) سەرقاڵبوو بە سەرکوت کردنی دوژمنەکانی و سەپاندنی دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکانی وەک (یەزد و طبس، ئیسفهان، رشت، طارم، کوردستان) لەم کاتەدا (سوڵتان موراد)ی (ئاق قۆینلو) لە (دیاربەکر) خەریکی پێکهێنانی هاوپەیمانیەک بۆ ئەوەی ڕوبەروی شا (ئیسماعیل) ببنەوە، بەڵام ئەم کارەی سەرینەگرت، (سوڵتان موراد) بەناچاری ڕوی کردووەتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (عوسمانی) و دواتر لەوێ کوژراوە[٣].

لەم کاتەدا لە خۆرئاوای دەسەڵاتەکەی شا (ئیسماعیل)تەنها (بەغداد) مابوو لە دەستی (باریک بەگ پرناگ) دابووە، لەبەرئەوەی شا (ئیسماعیل)ویستوویەتی بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی(ئاق قۆینلو) بهێنێت کۆتا پێگەی ئەو دەسەڵاتەش لە عیراقدا بووە[٤]، لەمەش گرنگتر دەمارگیری شا (ئیسماعیل)بۆ ئاینزای شیعە، لەڕێگەی دەستگرتن بەسەر بەغداد دەیتوانی هەژمونی هەبێت بەسەر هەردو شاری نەجەف و کەربەلا، کە دووشاری پیرۆزی شیعەکان بوون و لەم ڕێگەیەشەوە سودی زیاتری لەشیعەکان وەردەگرت.

سەرەتا شا (ئیسماعیل)ویستی بەبێ شەڕ دەست بەسەر بەغدادا بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە نوێنەری خۆی ناردە لای (باریک بەگ پرناگ) تا ئەوەی بەناوی شا (ئیسماعیل)حوکمڕانی بکات، بەڵام دەسەڵاتداری بەغداد بە داواکەی قایل نەبوو، لەبەرئەوە شا (ئیسماعیل)سوپایەکی نارد بۆ دەستبەسەردا گرتنی بەغداد، و خودی شا (ئیسماعیل)لە دوای سوپاکە بەرەو بەغداد کەوتەڕێ، لەساڵی(٩١٤ک/١٥٠٨ز) بەبێ هیچ شەڕ و ڕووبەڕو و بوونەوەیەکی سەخت چووە ناو بەغداد، و (باریک بەگ پرناگ) هەڵات بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی[٥].

پاشان بەرەو (نەجەف) و (کەربەلا) و (سامەڕا) کەووتوەتەڕێ بۆسەردانی گۆڕی ئیمامەکانی شیعە، و دەستە و دیاری خۆی پێشکەشی مەزارگەی ئیمامەکان کردووە، و پاشان بەرە و (بەغداد) گەڕاوەتەوە و سەردانی (تاقی کیسرا)ی کردووە، کە یەکێکە لە کۆشکە بەناوبانگەکانی

---

[١] مؤلف ناشناختە: عالم آرای صفوی، ص٩٠.

[٢] واله اصفهانی: خلدبرین, ص٩٠-٩٢.

[٣] دونفر از درباریان شاه عباس دوم: تاریخ صفویان(خلاصة التوریخ –تاریخ ملا کمال)، تصحیح: ابراهیم دهگان، فروەردین- اراک، ١٣٧٤، ص٥.

[٤] مستوفی: زبده التواریخ، ص٤٩.

[٥] مؤلف ناشناختە: عالم آرای صفوی، ص١٢٤.

سەردەمی پاشاکانی (ساسانی)، پاش ئەوەی نوێنەری خۆی لە (بەغداد) داناوە، پاشان بۆ ناوچەی (لوڕستان) ڕۆیشتووە تا بیکاتە بەشێک لە دەسەڵاتەکە[1].

شا (ئیسماعیل)پاش گەڕانەوەی لە ناوچەکانی (عیراق) لە ساڵی (٩١٦ک/١٥١٠ز) بەرەو ناوچەی (قەرەباغ )و (دزفول) و (تەبەرسەران) ڕۆیشتووە و فەرمانیکردووە تەرمی باوکی واتە (شێخ حەیدەر) کە لەوێ لەگۆڕ نرابوو، بگوازنەوە بۆ خانەقاکەی (ئەردەبیل)و لەگەڵ کەللە سەرەکەی بەخاک بسپێردرێت[2].

سەرکەوتنانە شا (ئیسماعیل)توانی ڕووبەرێکی فراوان لە ناوچەکانی عیراق و ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، و دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز بهێنێە کایەوە کە بتوانێت پارێزگاری لە سنورەکانی ئێران بکات و بەڕوی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بووەستێتەوە،پایەکانی دەسەڵاتەکەی لە سەر چوارپایە دامەزراند بوو، کە بریتی بوون لە[3]: -

١- سیادەت، شا (ئیسماعیل)بە گوێرەی ئەو شەجەرەیەی کە دروستی کردبوو بنەچەی خۆی گرێدەدایەوە بە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب.

٢- تەریقەتی کامل (ئیسماعیل) خۆی بە (مرشدی کامل) ی تەریقەتی سەفەوی دادەناو، لەم بارەوە نەوەی شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی دامەزرێنەری تەریقەتی سەفەوی بوو.

٣- تەشەیوع، (ئیسماعیل) لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندی شاهێتی خۆیەوە، شیعەیکرد بە ئایینزای ڕەسمی دەوڵەت، فەرمانیکرد بانگ لە مزگەوتەکاندا بەشێوەی شیعە بدرێت، و لە وتاری ڕۆژی هەینیدا ناوی دوانزە ئیمامەکە ببرێت، لە هەمانکاتدا نەفرەت لە سێ خەلیفەکەی ڕاشیدین (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان) بکرێت.

٤- ئێرانی بوون، شا (ئیسماعیل)هەوڵی دەدا سەرزەمینی ئێران یەک بخات لە دەوڵەتێکی یەکگرتودا، وفەرهەنگ ئێران زیندوو بکاتەوە.

شا (ئیسماعیل)لە هێرشکانیدا ئەوپەڕی دڕندەیی و توندو تیژی بەرامبەر دوژمنەکانی بەکار هێناوە، دەکرێ ئەوکارانەی دەیکردن بۆ چاوترساندنی بەرهەڵستکارەکانی بوبێت، ئەو کارەی کە لە (شروان) کردی و دوای کوشتنی (فەرخ یەسار) ئێسک و پروسکی باوکی دەرهێنایەوە و سوتاندی، لە (تەبرێز)یش بەهەمانشێوە ئێسک و پروسکی باوکی نەیارەکانی لە گۆڕەکانیان دەرهێنایەوە و سوتاندی، سەران و دەسەڵاتدارانی (ئیسفەهان)ی لەناو قەفەسێکدا زیندانیکرد و

---

[1] برزگر: تاریخ تحولات سیاسی...، ص٥٤.

[2] عبد الله راضی: تاریخ مفصل ایران، چ٢، انتشارات شرکت نسبی حاج محمد حسین اقبال و شرکا، تهران، ١٣٣٥، ص٣٩٢.

[3] نەوشروان مستەفا: کوردو عەجەم...، ل١٦.

لەپاشاندا لە مەیدانێکی گشتی (ئیسفەهان)دا ئاگری تێبەردان و سوتاندنی، لەدوای گرتنی (بەدلیس) لاشەی شێخ (ئەمیر بلباس) و کوژراوەکانی دیکەی لە مەیدانێکی گشتی ئەوشارە ئاگرتێبەردا [١].

بەفەرمانی شا (ئیسماعیل)موریدەکانی گۆشتی (مراد بەگی شاملویان) کردە کەباب و گۆشتی (شبیک خان)ی ئۆزبەکیان بەکاڵی خوادرد، و پێستی سەریان پڕکرد لەکاو بۆ سوڵتانی عوسمانییان نارد، هەر پەلێکی لاشەکەیان بۆ یەکێک لە حوکمڕانی ناوچەکان نارد، کاسە سەرەکەشیان لە زێڕ گرت و شا ئیسماعیل خۆی لەبەزمی بادە نۆشیندا شەرابی لەناودا دەخواردەوە [٢].

لەنامەیاکدا (سوڵتان حسێین بیقرا) کە بۆ (شا (ئیسماعیل) )ی نوسیبوو، وەکو پێویست بەڕێزەوە ناوی نەبردووە، شا (ئیسماعیل)هێرشی کردووەتە سەریان و ( ٧ )هەزار کەسی لێ کوشتوون، باوەڕنی لەسەر ئەوەی کە شوی بە یەکێک لە نەیارەکانی باوکی کردووە لە ناوەڕاستی بازاری تەورێزدا دونیمەی کردووە [٣].

دوای شا (ئیسماعیل)هاتە سەرتەختی دەسەڵاتەکەی هەرچەندە خەڵکی ئێران سونی ئاییزا بون، بەڵام بە پشتیوانی سۆفیە قزلباشەکان هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ سەپاندنی ئاییزای دوانزە ئیمامی شیعی، لەم پێناوەدا فەرمانی کردووە پێویستە وتار بەناوی ئیمامەکانی شیعە بخوێنرێتەوە، لە ئاکامدا خەڵکی سوننی ئاییزا لە ترسی ژیانیان ئاییزاکەی خۆیان شاردووەتەوە [٤].

پاشان شا (ئیسماعیل)بەردەوام بوو لە گۆرانکاریکرن، و توانی (اشهد ان علی ولی لله) و (حی علی خیر العمل) زیاد بکات بۆ بانگدانی ناومزگەوتەکان، و لە پاش بانگ پێویست بوو نەفرەت لە سێ خەلیفەکەی ڕاشیدین (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان) بکرێت ، و بڕیاریدا ناوی ئیمامەکانی شیعە لەسەر دراو بنوسرێت[٥]، فەرمانیکرد هەرکەس لەسەر ئاییزای دوانزە ئیمامی شیعی نوێژ نەکات سەری لە لاشەی جیابکرێتەوە[٦].

---

